حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی گەرمیان

کۆلێژی پەروەردە

بەشی زمانی کوردی

# ململانێی زارەکان

## (زاری ناوەڕاست و ژورو) وەك نمونە

نامەیەکە خوێندکار

**محەمەد حوسێن ئەحمەد**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەدەی زانکۆی گەرمیانی کردوە ،

وەك بەشێك لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا .

به سەرپەرشتی :

پرۆفیسۆر د. بەکر عومەر عەلی

(٢٧١٦) ی کوردی (١٤٣٧) ی کۆچی (٢٠١٦) ی زاینی

## ڕاسپاردەی سەرپەرشت

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی گەرمیان ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی (پلەی ماستەر) لە زمانی کوردیدا .

**پ.د. بەکر عومەر عەلی**

٢٠١٦ /   /

بەپێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

**د. دارا حەمید محەمەد**

**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**

٢٠١٦ /   /

## بڕیاری لیژنەی هەڵسەنگاندن

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکار (محەمەد حوسێن ئەحمەد)دا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا ، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت .

ناو : پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ :    /    / ٢٠١٦

ناو : د. دارا حەمید محەمەد
ئەندام
ڕۆژ :    /    / ٢٠١٦

ناو : پ.ی.د. ئومێد بەرزان برزۆ
ئەندام
ڕۆژ :    /    / ٢٠١٦

ناو : پ.د. بەکر عومەر عەلی
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ :    /    / ٢٠١٦

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەوە پەسەندکرا .

پ.د. عزالدین جمعه درویش
ڕاگری کۆلێژی پەروەردە
/    / ٢٠١٦

# پێشکەشکردن

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە :**

- **بینایی هەردو چاوم ، دایك و باوکی خۆشەویستم .**
- **خوشك و برا ئازیزەکانم .**
- **هاوسەرو هاورێی ژینم ( ئاسودە خان ) .**

# سوپاس و پێزانین

سـوپـاسی بێ کۆتــا بۆ بەدیـهێنـەری هەمـوان .

**پاشان زۆر سوپاسی:**

- ◊ سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان و ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەو سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی ، کە ئەم دەرفەتەیان بۆ ڕەخساندین.
- ◊ مامۆستای بەڕێزو ئـازیـز ( پ.د. بەکـر عومەر ) ، کە بە دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆو بە تێبینی و بۆچونە زانستییەکانی نامەکەی دەوڵەمەند کرد .
- ◊ مامۆستای بەڕێزو خۆشەویســت ( د.دارا حـەمید ) ، کە بـە درێژایــی ماوەی نوسینی نامەکە بە هەمو شێوەیەك هاوکاری کردوم .
- ◊ هاوکارو هاوخەمم ( ئـاسـودە خـان ) ، کە ئەرکی تایپکردنی هەمو نامەکەی گرتەئەستۆ .
- ◊ هەمو ئەوانەی، کە لە بەدەستهێنانی سەرچاوەدا هاوکارییان کردوم، بەتایبەتی مامۆستایان ( د.ئومێد بەرزان ، د.چالاك ، م.کاوە ) .
- ◊ مامۆستایان ( م.ئیدریس مەحمود ، م.پشتیوان ) ، کە لە وەرگێڕانی دەقەکاندا هاوکارییان کردوم .
- ◊ هەر کەسێك شتێکی بەسودی فێرکردبێتم .

# ناوەرۆك



| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ — ٢ | **پێشەکی** |
| ١ | **١/٠- ناونیشان و بواری نامەکە** |
| ١ | **٢/٠- هۆ و ئامانجی هەڵبژاردنی بابەتەکە** |
| ١ | **٣/٠- ڕێبازو سنوری توێژینەوەکە** |
| ١ | **٤/٠- گیروگرفت و ئاستەنگەکانی نوسینی توێژینەوەکە** |
| ٢ | **٥/٠- ناوەرۆکی توێژینەوەکە** |
| ٣- ٢٥ | **١- بەشی یەکەم : زمان و زار** |
| ٣-١٢ | ١- ١- **تەوەری یەکەم** : زمان |
| ٣ | **١- ١- ١- چەمك و پێناسەی زمان** |
| ٤ | **١- ١- ٢- جۆرەکانی زمان** |
| ٧ | **١- ١- ٣- گۆڕان و گەشەی زمان** |
| ٩ | **١- ١- ٤- هۆکارەکانی گۆڕانی زمان** |
| ١٢-١٩ | ١- ٢- **تەوەری دووەم** : زار |
| ١٢ | **١- ٢- ١- چەمك و پێناسەی زار** |
| ١٤ | **١- ٢- ٢- هۆکارەکانی پەیدابونی زار** |
| ١٦ | **١- ٢- ٣- پێوەرەکانی سنوردانان لە نێوان زمان و زاردا** |
| ٢٠- ٢٥ | ١- ٣- **تەوەری سێیەم** : |
| ٢٠ | **١- ٣- ١- زارەکانی زمانی کوردی** |
| ٢٤ | **١- ٣- ٢- سنوری جوگرافی زارە کوردییەکان** |
| ٢٦-٦٩ | **بەشی دوەم : ململانێی زارەکان و هۆکارەکانی** |
| ٢٦-٣٨ | ٢- ١- **تەوەری یەکەم** : |
| ٢٦ | **٢- ١- ١- زاراوەو چەمك و پێناسەی ململانێی زار** |
| ٢٩ | **٢- ١- ٢- کۆمەڵ و بەکارهێنانی زار** |
| ٢٩ | **٢- ١- ٢- ١- کۆمەڵی تاکزار** |
| ٢٩ | **٢- ١- ٢- ٢- کۆمەڵی جوتزار** |
| ٣٢ | **٢- ١- ٢- ٣- کۆمەڵی فرەزار** |
| ٣٤ | **٢- ١- ٣- قۆناغەکانی ململانێی زارەکان** |
| ٣٦ | **٢- ١- ٤- ئەنجامی ململانێی زارەکان** |
| ٣٩-٦٩ | ٢- ٢- **تەوەری دووەم** : هۆکارەکانی ململانێی زار |
| ٣٩ | **٢- ٢- ١- هۆکاری فرەزاری** |
| ٣٩ | **٢- ٢- ٢- هۆکاری سیاسی** |

| | |
|---|---|
| ٢- ٢- ٢- ١- سیاسەتی دەرەوە | ٤٠ |
| ٢- ١- ٢- ٢- سیاسەتی ناوخۆ | ٤٥ |
| ٢- ٢- ٣- هۆکاری ئاینی | ٤٨ |
| ٢- ٢- ٤- هۆکاری جوگرافی | ٥٠ |
| ٢- ٢- ٥- هۆکاری ئایدۆلۆجی و دەرونی | ٥٢ |
| ٢- ٢- ٦- هۆکاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری | ٥٥ |
| ٢- ٢- ٧- هۆکاری خوێندن و پەروەردە | ٦٠ |
| ٢- ٢- ٨- هۆکاری ڕاگەیاندن | ٦٦ |
| **بەشی سێیەم** : ململانێی نێوان زاری ناوەڕاست و ژورو لە هەرێمی کوردستان و ڕێگەچارەکانی | ١٢١-٧٠ |
| ٣- ١- **تەوەری یەکەم** : جیاوازییەکانی نێوان هەردو زار | ٩٤-٧٠ |
| ٣- ١- ١- ژینگەو سروشتی جوگرافی هەردو زار | ٧٠ |
| ٣- ١-٢- جیاوازییە زمانییەکانی نێوان هەردو زار | ٧١ |
| ٣- ١-٢- ١- جیاوازی لە ئاستی دەنگسازیدا | ٧٢ |
| ٣- ١-٢- ٢- جیاوازی لە ئاستی وشەسازیدا | ٧٨ |
| ٣- ١-٢- ٣- جیاوازی لە ئاستی ڕستەسازیدا | ٨٥ |
| ٣- ١-٢- ٤- جیاوازی لێکسیکی (فەرهەنگی) | ٩٠ |
| ٣- ١-٣- ئاستی جیاوازییە زمانییەکانی نێوان هەردو زار و هۆکارەکانی | ٩٣ |
| ٣- ٢-**تەوەری دووەم**: سیاسەت و پلانی زمان وەك چارەسەری سەرەکی ململانێی هەردو زار لە هەرێمی کوردستان | ١٢١-٩٥ |
| ٣- ٢- ١- چەمك و پێناسەی سیاسەتی زمان و پلانی زمان | ٩٥ |
| ٣- ٢-٢- ئەزمونی وڵاتان و پلانی چارەسەرکردنی ململانێی زمان و زارەکان | ٩٧ |
| ٣- ٢- ٢- ١- چین | ٩٧ |
| ٣- ٢- ٢-٢- هیندستان | ١٠٣ |
| ٣- ٢- ٢- ٣- جەزائیر | ١٠٥ |
| ٣-٢-٣- سیاسەت و پلانی زمان لە هەرێمی کوردستان | ١١٠ |
| ٣-٢-٣-١- چۆنێتی سودوەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتان | ١١٠ |
| ٣-٢-٣-٢- بڕیاری سیاسی بۆ بەستانداردکردنی زمانی کوردی وەك چارەسەری ململانێی هەردو زار | ١١٤ |
| ٣-٢-٣-٣- داڕشتنی سیاسەت و پلانی زمان | ١١٦ |
| ئەنجامەکان | ١٢٣-١٢٢ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٣٧-١٢٤ |
| پاشکۆکان | ١٤٥-١٣٨ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | ١٤٦ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | ١٤٧ |

# پێشەکی

## ١/٠- ناونیشان و بواری نامەکە

ئەم نامەیە بە ناونیشانی "ململانێی زارەکان (زاری ناوەڕاست و ژورو) وەك نمونە" ، تویژینەوەیەکی زمانەوانی کارەکییە ، دەچێتە خانەی زمانەوانی بەریەککەوتنەوە ، تێیدا هەمو لایەنە تیۆرییەکانی "ململانێی زار" وەك زاراوەیەکی نوێی بواری زمانەوانی خراوەتە ڕو ، دواتر هەمو ئەو لایەنە تیۆرییانە بەسەر دۆخی ململانێی هەردو زاری ناوەڕاست و ژورودا بە چڕی پراکتیك کراوە ، هاوکات سیاسەت و پلانی زمانی گونجاویش بۆ چارەسەرکردنی ململانێی نێوان هەردو زار پێشنیازکراوە .

## ٢/٠- هۆ و ئامانجی هەڵبژاردنی بابەتەکە

زاراوەی(ململانێی زار) وەك بابەتێکی نوێ و سەربەخۆ ، تا ئێستا هیچ نامەیەکی ئەکادیمی لەسەر نەنوسراوە ، هەروەها بابەتەکە بۆ دۆخی ئێستای زمانی کوردی تەواو گونجاوە ، چونکە هەنوکە زمانی کوردی بە هۆی ململانێی زارەکانییەوە ڕوبەڕوی چەندین گرفت بۆتەوە ، بەتایبەتی گرفتی نەبونی زمانی ستاندارد. لەم تویژینەوەیەدا هەوڵدراوە هەمو لایەنەکانی ململانێی هەردو زار بخرێتەڕو ، بەو ئامانجەی یەك بە یەکی هۆکارەکانی ململانێکە دەستنیشان بکرێت و لەبەر ڕۆشنایی ئەزمونی گەلان و سیاسەت و پلانی زماندا هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکان بدرێت، ئەو کارەش بە تەواوی زەمینە خۆشدەکات بۆ هەڵبژاردنی زمانی ستانداردی کوردی، چونکە تا ململانێ لە ئارادا بێت مەحاڵە کێشەی زمانی ستانداردی کوردی بەکۆتا بێت .

## ٣/٠- ڕێبازو سنوری تویژینەوەکە

لەم تویژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی (وەسفی) شیکاری پەیڕەوکراوە، بەڵام بەپێی پێویستی تویژینەوەکە سود لە هەردو ڕێبازی مێژویی و بەراوردییش وەرگیراوە . سنوری بابەتەکە ململانێی زاری ناوەڕاست و ژورو لە هەرێمی کوردستاندا لەخۆدەگرێت ، چونکە ململانێکان لە باشوری کوردستاندا زیاتر قوڵ بونەتەوە ، هاوکات تەنها لە هەرێمیش زەمینەی چارەسەرکردنی کێشەکان لەبارە .

## ٤/٠- گیروگرفت و ئاستەنگەکانی نوسینی تویژینەوەکە

لە چەند خاڵێکدا سەرەکیترین ئاستەنگەکانی نوسینی تویژینەوەکە دەخەینەڕو:

- یەکێك لە سەرەکیترین گرفتەکانی نوسینی تویژینەوەکە، کەمی سەرچاوەو زانیاری تیۆری بو لە سەر بابەتەکە ، چونکە"ململانێ" بۆ خۆی زاراوەیەکی نوێیە لە زمانەوانیدا و بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بارەی ململانێی زمان لە کۆمەڵە جوتزمان و فرەزمانەکاندا سەری هەڵدا ، بەڵام "ململانێی زار" زۆر بەکەمی ئاماژەی پێکراوە ، تەنانەت هەندێك لە پسپۆڕان دان بە بونی ململانێی زاردا نانێن .
- کەمی ژمارەی مامۆستای پسپۆڕ لە بواری کۆزمانەوانی بەتایبەتی زمانەوانی بەریەککەوتن لە زانکۆکانی هەرێمدا .

- ئەو ڕەوش و بارودۆخە ئاڵۆزەی زمانی کوردی پێدا تێدەپەڕێت بە مێژوی هیچ زمانێکدا تێنەپەڕیوە ، بۆیە ئەنجامەکەشی ناوازەیە ، کە نەبونی زمانی ستاندارد و ململانێی زارەکان ... هەمو ئەوانە وادەکەن، نەتوانین ڕاستەوخۆ سود لە ئەزمونی زمانێکی تر وەربگرین .

**٥/٠- ناوەرۆکی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان ، لە سێ بەش پێکهاتووە :

**بەشی یەکەم** : بە ناونیشانی (زمان و زار) : لە سێ تەوەر پێکهاتووە :

- لە تەوەری یەکەمدا چەمکی زمان لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە خراوەتە ڕو ، دواتر باسی گۆڕان و گەشەی زمان کراوە و هۆکارەکانی خراوەتە بەرباس .

- تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ ناساندنی چەمك و پێناسەی زار و هۆیەکانی پەیدابونی زار لە زماندا ، هەروەها ئەو پێوەرانە خراوەتەڕو ، کە هەوڵیان داوە سنوری نێوان زمان و زار دەستنیشان بکەن .

- لە تەوەری سێیەمدا باسی دابەشکردنی زارە کوردییەکان کراوە و بۆچونە زانستییەکان پەسەندکراون ، هەروەها سنوری جوگرافی هەر چوار زارە سەرەکییەکەی زمانی کوردی دەستنیشان کراون .

**بەشی دووەم** : بە ناونیشانی (ململانێی زارەکان و هۆکارەکانی) : لە دو تەوەر پێکهاتووە :

- تەوەری یەکەم : چەمك و پێناسەی ململانێی زار و هەمو لایەنە تیۆرییەکانی خراوەتە ڕو .

- تەوەری دووەم : سەرجەم هۆکارەکانی ململانێی زار باسکراوە ، لەگەڵیدا نمونەی ململانێی زارە کوردییەکان بەتایبەتی زاری ناوەڕاست و ژورو هێنراوەتەوەو بە وردی تیشکی خراوەتە سەر .

**بەشی سێیەم**: بەناونیشانی(ململانێی نێوان زاری ناوەڕاست و ژورو و ڕێگەچارەکانی)، لە دو تەوەر پێکهاتووە:

- تەوەری یەکەم: جیاوازییەکانی نێوان هەردو زار لە ڕوی سروشتی جوگرافیی و ئاستەکانی زمانەوە خراوەتەڕو ، دواتر ئاستی جیاوازییەکان و هۆکارەکانی دور کەوتنەوەی هەردو زار دەستنیشانکراوە .

- تەوەری دووەم : چارەسەرکردنی ململانێ لە ڕێگەی پلان و سیاسەتی زمانییەوە خراوەتە بەرباس ، دواتر نمونەی وڵاتانی (چین ، هیندستان ، جەزائیر) لە چۆنێتی ڕوبەڕو بونەوەی کێشە و ململانێی زمان و زارەکانی وڵاتدا هێنراوەتەوە ، پاشان بە ڕەچاوکردنی پێکهات و دۆخی کۆمەڵایەتی هەرێم باسی چۆنێتی سودوەرگرتن لە ئەزمونی ئەو وڵاتانە کراوەو پێشنیازی داڕشتنی پلانی زمانی بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان و چەسپاندنی زمانی ستانداردی کوردی خراوەتەڕو .

لە کۆتاییدا پوختەی توێژینەوەکە بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی تۆمارکراوە .

## ١- بەشی یەکەم : زمان و زار

### ١- ١- تەوەری یەکەم :

#### ١- ١- ١- چەمك و پێناسەی زمان :

زمـان هۆیـەکی سـەرەکی گەیانـدن و دیاردەیـەکی پێویسـتی ژیـانی کۆمەڵایـەتی مرۆڤـە ، لەمێـژە هـزری بیرمەندان و فەیلەسوفانی خەریك کردووەو هـەوڵیان داوە لـە نهێنییـەکانی ئـەم دیاردەیـە بگـەن و چـەمك و تایبەتمەندییەکانی ڕون بکەنەوە .

هەرچەندە ئەمڕۆ زمان تەنها بە ئامرازێکی گەیاندنی بیرو مەبەست دانـانرێ ، چـونکە زۆرجـار ڕەفتـارە نازمانییەکان دەتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن وەك زمانی جەستە ، هێماکان و ... هتد ، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی زمان بە سەرەکیترین ئـامرازی پەیوەنـدی نێـوان مرۆڤـەکان دادەنرێـت . (جان بیرو ، ٢٠٠١ :٢-٣) زمـان ئامـادەیی ئەوەی تێدایە بە هەمو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و بیرکردنەوەکانیدا ڕۆبچێت (نعوم تشومسکی ، ٢٠٠٩: ٣٤) ، دەکرێ زمان بە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی تێکڕای فەلسەفەی ژیـان و پلـەی شارسـتانی و ئاسـتی ڕۆشـنبیری کۆمەڵگایـەك دابنـرێ ، بۆیــە دەبیــنین بــۆ لێکجیاکردنــەوەی قۆناغــەکانی مێــژوی شارســتانی کۆمــەڵگا جۆراوجۆرەکــان (کۆمەڵگای کشتوکاڵی ، بازرگانی ، پیشەسازی) کەڵك لە زمان وەردەگیرێت . (بێهزاد خۆشحاڵی ، ٢٠٠٨ : ٥)

سەرەڕای ئەوەش زمان کەرەسـتەی گوزارشـتکردنە لـە هـەمو زانسـتەکاندا ، هەریەکـە لـەو زانسـتانەش لـە ڕوانگەی خۆیەوە زمـان بـەکار دەهێنێـت ، ئـەو بـوارە فراوانـەی کـە زمـان تێیـدا بـەکاردەهێنرێت ، ئـاڵۆزی و بەیەکداچـونێکی وای بەرهـەمهێناوە ، کـە نـەتوانرێ پێناسـەیەکی گونجـاو بـۆ زمـان بکـرێ ، بۆیـە تەنانـەت زمانەوانیش بەپێی بیروبۆچون و ئـەو تیـۆرەی کـاری لەسـەر دەکـەن هەریەکـە بـەجۆرێك پێناسـەی زمانیـان کردووە . بەوێنە هەندێ لە زمانەوانان لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە لە زمان دەکۆڵنەوە و پەیوەندی نێـوان زمـان و کۆمەڵ لێکدەدەنەوە و پێیان وایە کە(زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتی هاوزمانانە و کۆمەڵە ڕەفتارێکی پێویستە ، کە کۆمەڵ دایهێناوە بۆ ئەوەی لە بەکارهێنانیدا یارمەتی تاکەکانی بدات) . (فردینان دي سوسور ، ١٩٨٥: ٢٧)

جگە لەوەش زمانەوانان لە گرنگیدانیاندا بە ئاستەکانی زمان هاوڕا نین ، بە وێنـە هـەر لـە کۆنـەوە زمـان بەوە لێکدراوەتەوە ، کە کۆمەڵە دەنگێکە بۆ دەبڕینی مەبەستەکان ... ، واتـە گرنگـی بـە لایـەنی "**دەنگی**"ی زمان دراوە ، زمانەوانی بەناوبانگی عـەرەب "ئـیبن جینـی" لـە کتـێبی "الخصائص" دا پێناسـەی زمـان بـەوە دەکـات کـە ((کۆمەڵـە دەنگێکـە ، بەهۆیـەوە هـەر کۆمـەڵ و نەتەوەیـەك گوزارشـت لـە بـیرو مەبەسـتەکانیان دەکەن)) (ابن الجني ، ٢٠٠٠: ٣٣) هەمو زمانەوانانی کۆنی عەرەب سەبارەت بەو پێناسـەیە هـاوڕا بـون ، تەنانـەت ژمارەیـەکی زۆری زمانـەوانانی ئێسـتای عـەرەبیش لـە بەرهەمەکانیانـدا هـەمان پێناسـەیان پەسـەندکردووە ، بەڵام زانایـانی کۆمەڵناسـی بەشـێوەیەکی تـر لـە زمـان دەڕوانـن و پێیـان وایـە (زمـان سیسـتەمێکە لـە هێمـای دەربڕاوی نەریتی ، کە ئەندامانی گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هاوبەشی تێدا دەکەن و بەکاری دەهێنن) . (عبدالغفار حامد هلال ، ١٩٩٣ : ٢٩)

دوای سەرهەڵدانی بیری مۆرفیم ئاراستەی بۆچونەکان گۆڕا و مۆرفیم وەك بنەمایەکی گرنگـی پێکهاتـەی زمان وەسف کرا ، مارتنیت دەڵێت : ( زمان هۆیەکە بۆ لێکترگەیشـتن ، دەکرێـت بـە چـەند دانەیـەکی وردەوە (مۆرفیم)، کە هەر یەکەیان خاوەنی واتاو فۆرمن) .(محەمـەد مـەعروف فـەتاح ، ٢٠١١ :١١) زمانـەوان و فەیلەسـوفی ئــەمریکی (چۆمسـکی) دوای بــڵاو کردنــەوەی کتێبەکــەی بــە ناونیشــانی (ڕۆنانــە سینتاکســییەکان - ١٩٥٧)

شۆڕشـێکی زمانـەوانی بـەرپاکرد و ئاراسـتەی لێکۆڵینـەوەکانی گـۆڕی ، بـەوەی کـە جـەختی لەسـەر لایـەنی مەعریفی زمان دەکردەوە و لە بواری ڕێزمانیشدا گرنگییەکی تەواوی بە دروستەی ڕستە و ڕستەسازی دەدا ، لـە دووەم بەهەمیـدا کـە سـاڵی (١٩٦٤) بـڵاوی کـردەوە ، بـەم شـێوەیە پێناسـەی زمـانی کـردووە : ( کۆمەڵـە ڕستەیەکە کە ڕێزمان دەریان دەکات). (محەمەد مەعروف ، ٢٠١١: ١١)

هەندێکی تر واتا دەکەنە سەرەکیترین هۆکاری دروستبونی زمان و پێیان وایە هەمو ئاستەکانی زمـانیش لە خزمەتی ئاستی واتاسازی دان ، هەمو یەکە زمانییەکان(فۆنیم ، مۆرفیم ، فرێز، ...) بۆ گەیاندنی واتا لێك دەدرێن ، بۆیە هەنـدێکیان بـەم شـێوەیە پێناسـەی زمانیـان کـردووە (زمـان بریتییـە لـە واتـا ، کـە بـە دەنـگ دەردەبڕدرێت) .(احمد مختار عمر ، ١٩٨٢: ٥)(دارا حەمید محەمەد ، ٢٠١٠ : ١١) .

هێماکارەکان بە شێوەیەکی جیاوازتر لە زمان دەڕوانن و پێیان وایە (زمـان سیستـەمێکە لـە نیشـانە ، کـە گوزارشت لە هزرو بیر دەکات ) (مصطفی غلفان ، ٢٠١٠: ٦١)

بە گشتی دەکرێت بڵێین زمان پێڕەوێکی دەنگییـە و تایبەتـە بـە مرۆڤـەوە ، بـۆ پەیوەنـدی و گوزارشـت کـردن لـە مەبەسـتەکان ، لـە ڕێگـەی ئاخـاوتن و نوسـیینەوە لـەنێوان ئەنـدامانی کۆمەڵـدا بـەکاردێت ، ئـەم سیستەمەش تاکەکان لەخۆوە لەسەری ڕێککەوتون . (محمد محمد یونس ، ٢٠١٠ : ٢٨)

هەنـدێك لـەو پێناسـانەی ، کـە بـۆ زمـان کـراوە تیشـك خـراوەتـە سـەر هەمـەجۆری زمـان و بـونی شـێوازە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زمان بەپێی چین و توێژو پلەی کۆمەڵایەتی و باری جوگرافی و تەمـەن و ڕەگـەز و هتـد ... ئـەم گرنگیدانـە بـە زار و شـێوە زارەکـانی زمـان و تایبەتمەندییـەکانیان بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی زانستی دیالێکتۆلۆجی ، لەم ڕوانگەیەشـەوە چـەمك و پێناسـەی زمـان بـەوە لێکدەدرێتـەوە ، کـە بریتییـە لـە کۆمــەڵێك زارو شــێوەزاری هەمــەجۆر بــەپێی شــوێن و جیــاوازی ئاخــاوتنی چــینەکانی کۆمــەڵ و پیشــە جۆراوجۆرەکـان ، چـونکە زمـان مـوڵکی تـاك نییـە بـەڵکو هـەمو ئـەو گروپـە جیاوازانـە بـەجۆرێك پێکـەوە دەبەستێتەوە ، کە بتوانن زمانی گشتی بەشێوازی جۆراوجۆر بەکاربێنن . (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ٢٠١٤ : ١٧٤)

### ١- ١- ٢- جۆرەکانی زمان :

زمانناسان چەندین جۆری زمانیان جیاکردۆتەوە و زاراوەی تایبەتیان بۆ داناون، لەوانەش (زمانی دایك ، زمانی فەرمی ، زمانی ستاندارد ، زمانی نەتەوەیی ، زمانی ئەدەبی ، زمانی دەستکرد ، زمانی زینـدو ، زمـانی مردو ، ....) . زمان و بەکارهێنانی زمان لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە و بەپێی نەتەوەو سیاسەتی وڵاتـان و زۆر و کەمی ئاخێوەران ... مامەڵـە و ڕەفتـاری لەگـەڵ دەکرێـت[1]. لـەم توێژینەوەیـەدا تـەنها ئامـاژە بـەو جۆرانـە

[1] بەوێنە (محەمەد عەلی ئەلخولی) زیاتر لە (٣٠) جۆر زمانی جیاکردۆتەوەو باسی لێوە کردون ، بڕوانە: (نەریمان خۆشناو، ٢٠١٤: ٣٢-٤٣) ، هەر لەم چوارچێوەیەدا و لەژێر کاردانەوەی ئەو جۆراوجۆرییەی زماندا ، (زانستی زمان) بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی ورد و پێویست ، چەندین لقی لێ جیابۆتەوە ، لەوانەش: (زمانەوانی کارەکی ، زمانەوانی تیۆری ، زمانەوانی مێژویی ، زمانەوانی وەسفی ، کۆزمانەوانی ، زمانەوانی ئەنترۆپۆلۆجی ، زمانەوانی ئەرکی ، زمانەوانی رۆنانی ، زمانەوانی دەماری ، زمانەوانی پێوەری ، زمانەوانی هەرێمی ، زمانەوانی بایۆلۆجی ، زمانەوانی ئامێری ، ... هتد) . بڕوانە: (یوسف شەریف سەعید ، ٢٠١١: ٦-٤٨)

دەکـەین ، کـە پەیوەنـدی بـە نـاوەرۆکی بابەتەکـەوە هەیـە . سـەرەتا پێویسـتە لـەڕوی زینـدوێتی و گەشـە و پێشکەوتنەوە ، هەردو چەمکی (زمانی زینـدو) و (زمـانی مـردو) ڕونبکرێتـەوە و سـیماو تایبەتمەندییـەکانی هەریەکەیان بخرێتەڕو :

١. زمانی زیندو (تەندروست) : قسەکردن و نوسین و زمانی جەسـتە ئـەو سـێ ڕێگایـەن ، کـە زمـان بـە هۆیانەوە دەژی و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە ، واتا دایکان و باوکان منداڵـەکانیان فێری زمانی دایك دەکەن وئەوانیش دواتر منداڵەکانیان فێری هەمان زمان دەکەنەوە ، ئەگەر ئەمـە بەردەوام بێت ئەوا زمانەکە بە زیندو دەژمێردرێت و لـە بـارێکی تەندروسـت دایـە وەکـو زمانـەکانی (ئینگلیزی ، فەرەنسی، چینی ، ...) . (ئازاد عەزیز سلێمان ، ٢٠١٤: ٣٢)

٢. زمانی مردو (زمانی لەناوچو ) : بەو زمانە دەوترێ ، کە دواکەسـی ئـاخێوەری ئـەو زمانـە بمرێـت و کەسـی دی لـە دوای خـۆی نـەبێت قسـەی پـێ بکـات ، هەرچـەن ئـەو زمانـە بەچاکی تۆمـار کرابـێ و شێوەی نوسینی پارێزراو بێت یان بەشێوەی ڤیدیۆ و دەنگ لە بەردەستدا بێت ، بەڵام کە قسـەکەری نەبێت، ئەوا بە زمانێکی مردو لە قەڵەم دەدرێت . هەروەها ئەو زمانانەی کە هێشتا لـەناو نـەچـون ، بەڵام ژمارەی بەکارهێنەرانی زۆر کەم بونەتەوە و بەردەوام لە کەمبونەوەدان مەترسی لەناوچونیان لێ دەکرێـت ، لـەم بـارەدا بـە(Endangered language) نـاو دەبـرێن ، واتـە زمانەکـە مەترسـی مـردنی لەسەرە . (سوداد ڕەسول ، ٢٠١٤ : ٣٣-٣٤)

جگە لەوەش لە وڵاتاندا زۆرجار لەلایەن دەسەڵاتەوە گرنگـی بـە زمانێـك یـان زارێـك دەدرێـت و دەکرێتـە زمانی دەوڵەت و لە دامودەزگا حکومییەکان و ناوەندەکانی خوێندن و ڕاگەیاندن و.... هتد بـەکاردەهێنرێت ، بە شێوەیەکی گشتی بەو جۆرە زمانانەش دەوترێت (زمانی فەرمی ، زمانی ستاندارد ، زمانی دایك (زکماك) ، زمانی نەتەوەیی، زمانی نیشتیمانی، زمانی ئـەدەبی ) ، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا هەریـەك لـەو چەمکانە لـە چـەند لایەنێکەوە لێك جیـاوازن، بۆیـە لـە خـوارەوە هـەوڵ دەدەیـن چـەمکی هەریەکـەیان ڕونبکەینـەوە و جیـاوازی نێوانیان بخەینەڕو:

- زمـانی سـتاندارد: بریتییـە لـە زمـانی فـەرمی میللـەتێك ، کـە لـە دامودەزگـا فـەرمی و نافەرمییـەکانی دەوڵەتدا کاری پێدەکرێت وەك:(وەزارەت و فەرمانگە و مامەڵە بازرگانییەکان و ...) هەروەها زمانی خوێنـدن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشە . (بەکر عومەر عەلی ، ٢٠١٤: ١٨٧)

- زمانی فـەرمی: ئـەو زمانەیـە کـە وێنـە و ناسـنامەیەکی یاسایی بـە وڵاتێـك یـان حکومـەتێکی هـەرێمی دەبەخشێ ، ئەم جۆرە زمانە لە کۆمەڵگای تاك زمانیدا (زمانی نەتەوە) یە (Nation's Language ) و لە کۆمەڵگای جوتزمانی و فرەزمانی دا زمانێکی نیشتیمانییە . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٠ : ٢٤-٢٥)

بـەڵام لـە ناسـاندنی (زمـانی دایـك - زگمـاکی (Langue Primaire) دا چـەند بۆچـونێکی جیـاواز دەبینرێـت ، "ولیـەم مـاکی" دەڵێت: (ئـەو زمانەیـە ، کـە منـداڵ یەکـەمجار فێـری دەبێـت و پێـی دەدوێـت ، هـەروەها ئـەو زمانەیـە کـە دەوڵـەت و کۆمـەڵ لـە هـەمو کاروبارێکـدا بـەکاری دەهێـنن و زمـانی ئاخـاوتن و نوسینە) (يمينة تومي ستيواح ،٢٠١٢: ١٨٣) ، یاخود دەوترێت ئەو زمانەیە کە تاکێك لە سەرەتای منداڵییەوە فێری بووە ، هەرچەندە لە لایەن ئەو تاکەوە وەك پێویست قسەی پێ نەکرێ ، یان یەکـەم زمانـە کـە تاکێـك فێـری

بووەو هێشتا لێی تێدەگات ، یاخود زمانی کەسێکە کە لەگەڵ لەدایکبونیدا فێری بووەو بە باشترین شێوە قسەی پێ دەکات . (ڕەحیم قادر سورخی ، ٢٠١٣: ١٠٣)

- زمانی ئەدەبی: وەك فۆرمێکی بەرزی زمان ، خاوەنی چەند خاسیەتێکە ، لەوانە: دەوڵەمەندیی وشە و زاراوەی فەرهەنگی ، پێکهاتی ڕێزمانی دروست ، ڕێنوس ، خاڵبەندی ، سیستەمی پێشکەوتوی شێواز(Style) ... هتد . زمانی ئەدەبی تەنها لە فۆرمی نوسیندا خۆی نانوێنێت ، بەڵکو لە فۆرمی ئاخاوتنیشدا دەردەکەوێت ، کەواتە تەنها (زمانی نوسین) ناگرێتەوە، بەڵکو خاوەنی دو فۆرمە . (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ٢٠١٤ :١٧٥-١٧٦)

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی دابەشکردنێکی نوێی زمان بە پێی پلەی کۆمەڵایەتی و ڕوکاری خەڵکی و میری دەخاتەڕو ، کە زیاتر بە پۆلێنێکی سیاسییانە دەژمێردرێ[1] :

١. تاکزمان : ئەو زمانەیە کە تەنیا خۆی زمانی میری و نیشتمانی وڵاتێکە ، وەك عەرەبی لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان ، فەرەنسی لە فەرەنسا ، زمانی فارسی لە ئێران ... هتد .
٢. زمانی میری هاوبەش : بەو زمانە دەوترێ کە شان بەشانی زمانی میری و نیشتیمانی بەکاردێت ، وەکو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە کامیرۆن و ئینگلیزی و ئۆردۆ لە هندستان ... هتد .
٣. زمانی میری ناوچەیی : ئەو زمانەیە کە لە ناوچەیەکدا پلەی زمانی میری و نیشتیمانی هەبێت ، یان بە ئەرکی ئەو هەڵسێت ، وەکو زمانی فەرەنسی لە کیوبێك ، لە عێراقیش بە پێی برگەی یەکەمی مادەی (٤) لە دەستوری ساڵی (٢٠٠٥) زمانی عەرەبی و کوردی بە دو زمانی فەرمی دادەنرێت لە هەمو ناوەندەکانی وەك (پەرلەمان ، پەروەردە ، ...) . (پەخشان سابیر ، ٢٠١٣: ١٧٤)
٤. زمانی هاندراو : ئەو زمانەیە ، کە هەرچەندە پلەی زمانی میری و نیشتیمانی نییە ، بەڵام دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەڵکی لێوەردەگرن و لە دیدارو چاوپێکەوتن و هەندێ بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا بەکاری دێنن ، بەوێنە لە هەرێمی کوردستاندا چەندین ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی لۆکاڵی بەزمانی تورکی و ئەرمەنی و سریانی هەیە . (تارق جامباز ، ٢٠١٣ :٦٢)
٥. زمانی چاولێپۆشراو : ئەو زمانەیە ، کە دەزگای میری نە هانی بەکارهێنانی دەدات و نە قەدەغەشی دەکات ، بەڵکو چاوی لێ دەپۆشرێ ، وەکو زمانی کۆچەرەکان لە ئینگلتەرادا .
٦. زمانی قەدەغەکراو : ئەو زمانەیە ، کە میری دانی پێدا نەناوەو حەزناکات بەکاربێت ، هەوڵی ئەوەش دەدات نەهێڵێت قسەی پێ بکرێت ، بەتایبەتی لە شوێنە گشتییەکاندا (محەمەد مەعروف فەتاح ، ٢٠١٠ : ١٥٩) ، زمانی کوردیش لە وڵاتانی تورکیاو سوریاو ئێران قەدەغەکراوە و نابێت لە شوێنە گشتییەکاندا بەکار بهێنرێت .

---

[1] ئەم پۆلێنکردنە لە (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ١٥٨-١٥٩) وەرگیراوە .

### ١- ١- ٣- گۆڕان و گەشەی زمان

گۆڕان یاسایەکی هەمیشەیی ئەم سروشتەیەو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە تێپەڕبونی کاتەوە هەیە ، بۆیە باری ئێستای هەرشتێك جیایە لە هی هەر سەردەمێکی تری . زمانیش وەك دیاردەیەکی سروشتی لەم یاسا گشتییە بەدەر نییە ، بە تێپەڕبونی کات دەگۆڕێت . باری جوگرافی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و کولتوری و پەیوەندی لەگەڵ زمانانی تر ڕۆڵ دەگێرن لەچۆنیەتی شێوەگرتنی ئەو گۆڕینە . (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٩ : ١٦٧)

مرۆڤ و بیرکردنەوەکانی هەمیشە لە گۆڕان و گەشەکردن و هەڵکشان و داکشاندان ، زمانیش ئامرازی گوزارشتکردنە لە بیری مرۆڤ ، بۆیە هەمیشە لە گەشەو گۆڕانێکی بەردەوام دایە .

زمان هەرگیز و بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت بە وەستاوی بمێنێتەوە ، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕان و گەشەکردنێکی لەسەرخۆیە ، ئەم گۆڕانەش هەمو ئاستەکانی دەگرێتەوە (فۆنۆلۆجی ، وشەسازی ، ڕستەسازی ، واتاسازی ) ، ڕێژەی گۆڕانەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی ترو بەپێی هەلومەرجی زمانەکان دەگۆڕێت . گۆڕانی زمانیش کاتێك هەستی پێ دەکرێت ، کە بەراوردی ئاستەکانی زمانێك بکرێت لە دو کاتی جیاوازدا (رمضان عبدالتواب ، ١٩٩٧: ١٠)، بۆ نمونە بەراوردی زمانی کوردی لە سالأنی (١٩٠٠ -١٩٥٠) لەگەڵ ئێستادا .

سەبارەت بە گۆڕان بەگشتی پێویستە سێ ڕاستی لە بیر نەکەین (محەمەد مەعروف فەتاح ، ٢٠١١ : ١١٨-١١٩) :

١. هەموو زمانەکانی جیهان لە گۆڕاندان و لە توانای کەس دا نییە ئەم گۆڕانە ڕاگرێت یان کەمی بکاتەوە ، یان بە تەواوی نەیهێڵێ ، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتنی زمان خۆیدایە .
٢. مەرج نیە گۆڕان زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشاندنەوەو لەناوچون ببات وەك هەندێك دەیڵێن ، بەڵکو گۆڕان لەوانەیە زمانەکە ئاسانتر بکات و زمان پارێزبێت .
٣. گۆڕان بەپێی یاسا و دەستور دەڕوات ، لە خۆوە و بە هەڕەمەکی نابێت ، هەر لەبەر ئەمەشە ، کە تەنها چەند جۆرێك لە گۆڕان لە زمانی مرۆڤدا دەبینرێت و هەر ئەوانەش بە گۆڕانی ئاسایی دادەنرێن .

دەسەلأت و ولأت بەڕێوەبردن هەمیشە پێویستی بە زمانێکی تەواو پەرەسەندو و گونجاو هەیە ، بەتایبەت لە ڕوی وشەو زاراوەوە ، تا هەمو پێویستییەکانی ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵك و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی پێ دابین بکرێت .

مەرج نییە زمان بتوانێ ڕاستەوخۆ دوای دروستبونی دەوڵەت ببێ بە زمانی دەوڵەت ، چونکە گەشەکردن و گۆڕانی زمان زۆر لەسەرخۆیە و مرۆڤ ناتوانێ هەستی پێ بکات . زۆر لەو ولأتانەی کە دەستیان گرتووە بەسەر کۆمەڵێکی زمانیدا ، بۆیان دەرکەوتووە زمانەکەیان لەو ئاستەدا نییە، کە بتوانێ پێداویستییەکانی ولأت و کاروباری دەزگا و فەرمانگەکان جێبەجێ بکات ، (عەرەبەکان کە ولأتی ساسانییان گرت ، ناچار بون تا سەردەمی عەبدولەلیکی کوڕی مەروان دەفتەری تۆماری باج و خەراج و بڕیارەکان هەر بە فەهلەوی بنوسن ، چونکە زمانی عەرەبی هێشتا لە ئاستی ئەرکەکانی بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی دامودەزگای ولأتدا نەبو) . (شاسوار هەرشەمی ، ٢٠٠٩ : ٤٠ ) ، بەلأم ئێستا دەبینین زمانی عەرەبی بەهۆی چەندین فاکتەری (ئاینی و

ڕامیاری و بازرگانی و ئابوری ، هتد ...) گەشە و پێشکەوتنێکی فراوانی بە خۆوە بینیوەو لە ئێستادا زمانی فەرمی هەمو وڵاتانی عەرەبییە .

هەمو کۆمەڵ و نەتەوەکان لەژێر کاریگەری یەکتردان ، ئەم کاریگەربونەش دەگەڕێتەوە بۆچەند هۆیەکی وەك (ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانی و تەکنەلۆژی و هۆی ئاینی ، ئابوری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هتد ...) ئەم حاڵەتە لە زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە ، هەندێ جار دەگاتە ئاستێکی وا ، کە زیان بە نەتەوەی کارتێکراو دەگەیەنێت و مەترسی دەخاتە سەر ڕەسەنایەتی زمانی زگماك ، لەبەر ئەوەیە کە زۆر لە گەلان و کۆمەڵانی پێشکەوتووی جیهان بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم شەپۆلە حەتمییەی گۆڕان و گەشەسەندن ، لە دەستوری وڵاتدا بەپێی پێویستی هەر قۆناغێك یاسای سنوردار و ناچاری دادەنێن بۆ ڕێگرتن لەو گۆڕانکاریانەی کە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری گرتۆتەوە ، ئەم یاسایانە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و تایبەتییەکانی زمانی نەتەوەییەو سزاش دانراوە بۆ هەر کەس و لایەنێك هەوڵی شێواندنی زمان و هێنانە ناوەوەی وشەی بێگانەو نامۆ بدەن بۆ ناو زمانی زگماك ، بۆ نمونە وڵاتی فەرەنسا کە یەکێکە لە پێنج وڵاتی هێزە گەورەکانی دونیا و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە ، کەچی بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی و سەربەخۆیی و تایبەتمەندی زمانەکەیان ، هەر سەردەمەو بەپێی خێرایی گۆڕانکاری و کاریگەرییەکان یاسای زۆر توند دەردەکەن ، کە ڕێگە بە هیچ لایەنێك نادات کاریگەری نەرێنی بۆ سەر زمان و کولتور و نەریت و کەلەپوری فەرەنسییەکان هەبێت (محەمەد زەهاوی ، ٢٠١٤ :١١٦) .

گومانی تێدا نییە ڕێگرتن لە کاریگەربونی زمانان بە یەکتر هەوڵێکی سەرنەکەوتووە و هەرگیز هیچ زمانێك ناتوانێت دورەپەرێز لە زمانانی پێشکەوتو و گۆڕانکارییەکانی جیهان و دراوسێ بژی . بەڵام ئەو یاساو دەستورانەی کە وڵاتان دەری دەکەن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانە، یاخود ڕێگرتنە لەو شەپۆلە بەرفراوانەی وشە و زاراوە نوێیەکان بۆ ناو زمان .

کاریگەربونی زمانەکان بەیەکتر تەنها لە بواری وەرگرتنی وشەو زاراوەدایەو هیچ زیانێك بە لایەنی ڕێزمان و دەنگسازی ناگەیەنێ ، چونکە گۆڕان لە ڕێزمان و **دەنگسازیدا**[1] زۆر سست و لەسەرخۆیەو وەرگرتنی زاراوەش کەڵکێکی گەورە بە زمان دەبەخشێ نەك زیان ، لەبەر چەند هۆیەك ، لەوانە :

١. دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبونی فەرهەنگی زمان .
٢. پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی ، کە لە زاراوەسازی هەر زمانێکدا هەیە ، وای لێدەکات کە لەگەڵ کاروانی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵاتی و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵدا هاوتەریب بێت .
٣. زیندوێتی بە زمان دەبەخشێت ، چونکە زمانەکان بەبێ یەکتر ناتوانن بەردەوامی بە ژیانی خۆیان بدەن .
٤. شارەزابوون بە زاراوە نوێیە تەکنەلۆجی و زانستییە پێشکەوتووەکانی جیهان .

---

[1] بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەم لایەنە ، دەکرێت نمونەی هەردو زمانی کوردی و فارسی بهێنینەوە ، کە ماوەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدا بون و سەدان وشەو دەستەواژەیان لێوەرگرتون، بەڵام شێوازی دەربڕین و گۆکردنی وشەکان ، هاوشێوەی دەربڕینە عەرەبییەکە نەبووە ، بەڵکو بە پێی تایبەتمەندی فۆنۆلۆجی هەردو زمانی کوردی و فارسی گونجێنراون ، بەوێنە لە زمانی کوردیدا وشەکانی ( أرض، خضر، ظلم، صابر ، ...) کوردێنراون و کراون بە (عەرد/عەرز/ ئەرز، خدر ، زوڵم ، سابیر) .

لەگەڵ ئەوانەشدا دەتوانین بڵێین (هەرکاتێك زمان بە پێی پێویستی خۆی وشەو زاراوەی لە زمانانی ترەوە خواست ئەوا دیاردەیەکی زۆر ئاساییەو بگرە سودبەخشە و هیچ زیانێك بە زمانەکە ناگەیەنێت) (ڕۆژان نوری عەبدولا ،٢٠١٣ : ١٣٧) ، بەڵام هەرکات وشەو زاراوەکان لە زمانی زگماکدا هەبو ، ئەوا خواستنەکە بێ ئاکام دەبێت و زیانێکی زۆر بە سیماو تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانە دەگەیەنێ و دەبێتە هۆی لەناوچونی زۆر وشەی بنەڕەتی و خۆماڵی (شەهاب تەیب ، ٢٠١٢: ٢٦٤) ، بە وێنە زمانی کوردی هەنوکە لە بواری زاراوەسازی و فەرهەنگدا گەشەو پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە ، بەڵام زۆرجار بەهۆی هەبونی وشەی ڕەسەنی کوردییەوە لە بەرامبەریاندا ، هێنانی ئەو زاراوانە بۆ ناو فەرهەنگ و زمانی کوردی ، زیانێکی زۆر بە زمانەکەمان دەگەیەنێ و دەبێتە هۆی دروستبونی دەیان کێشە لە بواری زاراوەسازی و فەرهەنگی نەتەوەییدا بەتایبەت پەیدابون و زۆربونی هاوواتایی ، وەك : (فۆنەتیك ، فۆنۆلۆجی ، مۆرفۆلۆجی ، سینتاکس ، مارکێت ، ڕێستۆڕانت ، ئەڵتەرناتیف ، ... هتد ) .

بەگشتی مەترسییەکانی سەر زمان کاتێك سەرهەڵدەدت ، کە سیستەمی دەنگی لە ناو سیستەمی زمانێکی تردا بتوێتەوە و فرێز و ڕستەکانیشی بەشێوەی فرێز و ڕستەکانی زمانێکی دیکە گۆبکرێن ، چونکە دەنگ و ڕێزمان هەیکەلبەندی بونیادی زمانن ، بەڵام وشە ڕوکارەکەیەتی ، بۆیە پێویستە وشە خوازراواکان بگونجێنرێت لەگەڵ سیستەمی دەنگسازی زمانە بۆ خوازراوەکەدا ، (لویس جان کالفی ، ٢٠١٢: ١٤٥) ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت ، کە وشە و زاراوەی خۆماڵی بەرامبەر بە زاراوەکە نەبێت و زمانەکەش توانای داڕشتنی زاراوەیەکی هاوچەمکی نەبێت ، یاخود زاراوەکە جیهانی بێت و هەمو زمانەکان بەبێ ترس و سڵەمینەوە وەریبگرن .

### ١- ١- ٤- هۆکارەکانی گۆڕانی زمان :

تیۆرییەکانی گۆڕانی زمان زۆرن و هەریەکەیان بۆ دۆزینەوەو وردبونەوە لە هۆکارەکانی گۆڕانی زمان و کارتێکەرەکانی سەریان هەڵداوە ، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە هەمو لایەنەکانی بە تەواوی دەستنیشان بکەن ، یاخود پاڵنەرو فاکتەرە سەرەکییەکانی گۆڕانی زمان بدۆزنەوە (جون لوینز ، ٢٠٠٩: ١٨) ئەو هۆکارانەی ، کە دەبنە مایەی گۆڕان لە زماندا (بە هەمو ئاستەکانییەوە) زۆرن ، هەندێکیان پەیوەستن بە ناوەوەی خودی زمان ، هەندێکیشیان پەیوەستن بەو بارودۆخانەی ، کە کار لە زمان دەکەن و دەیگۆڕن . بەم پێیە دەکرێ فاکتەرەکانی گۆڕان لە زماندا پۆلێن بکەین بۆ هۆی ناوەکی و دەرەکی :

١. هۆی ناوەکی( Internal ): ئەو هێزە شاراوانەیە ، کە کار لە دیاردەکانی ژینگە دەکەن و دەیانگۆڕن، ئەم هێزە هەرگیز دەستی بەسەردا ناگیرێت و کۆنتڕۆڵ ناکرێت ، گۆڕین پەیوەندی بە دینامیکییەتی ناوەوەی گەوهەری کەرەستە و سروشتی خۆیەوە هەیە ، ئەم سروشتە و هەرچییەکی تێدایە ، لە جوڵەو گۆڕانێکی بەردەوام دایە و هیچ هێزێك نییە بتوانێ ڕایگرێت . (وریا عومەر ئەمین، ٢٠١١ : ٢١) ئەم هۆکارانە بە هۆی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ زماندا دێتە ئاراوە ، کە بەگشتی لە دو فاکتەردا کۆ دەبنەوە : **کات** و **وزە** ، مەبەست لە کات ، ئەو کاتەیە کە دەنگەکانی تێدا دەردەبڕدرێت بۆ گەیاندنی

واتاو بیر ، مەبەست لە وزەیش ئەو ئەرك و ماندوبونەی ئاخێوەرە ، كە دەنگەكان دروست دەكات و واتاكانیان لێ باردەكات . ( عەبدولاّ حوسێن ڕەسول ، ٢٠٠٢ :١٠) (هیوا ئەحمەد ، ٢٠١٣: ٦٧) قسەكەر بۆ ئابوریكردن لە كات و وزەدا هەوڵ دەدات بەكەمترین كات و وزە زۆرترین واتا بگەیەنێتە گوێگر ، بێگومان ئابوریكردنیش هۆكارێكی تری گۆڕانی زمانە .

٢. هۆی دەرەكی( External ) : ئەم هۆیەش پەیوەستە بە ژینگەوە ، كە ڕۆڵی بالاّ لە ئاراستەكردنی سروشتی گۆڕینەكەدا دەگێڕێ ، گەر سیستەمێك خرایە دو ژینگەی جیاوازەوە، ئەوا پاش ماوەیەك هەریەكەیان بەگوێرەی بارودۆخی ژینگە تایبەتییەكەی خۆی دەگۆڕێت و لە ئەنجامدا دەبنە دو سیستەمی جیاواز (وریا عومەر ئەمین ، ٢٠١١ : ٢١) .

ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەكەی ئێمەوە هەبێت ، هۆكارە دەرەكییەكانە ، كە بە گشتی بریتین لە :

١. هۆی سیاسی : دەوڵەت بۆ داسەپاندنی دەسەلاّت و بەگەڕخستنی ئامرازەكانی پێویستی بە زمانی لێك گەیشتن هەیە ، زۆرجار زار(یان زمان)ی ئەو شوێنەی ناوەندی دەسەلاّتی تێدا چڕبۆتەوە، ئەو ڕۆڵەی پێ دەدرێ (شاسوار هەرشەمی ، ٢٠٠٩ : ٥٨) ، بۆیە زارو زمانەكانی تر دەكەونە ژێر كاریگەریی زمانی دەسەلاّتەوە ، زۆرجاریش بەهۆی هاوسێیەتی و هاونیشتیمانیبونەوە بەریەككەوتن و ململانێی نێوان زارو زمانەكان دروستدەبێت . دەسەلاّت بە هەمو توانایەكییەوە پشتگیری لە زمانی دیوانی خۆی دەكات و هەندێ جار لەلایەن دەسەلاّتەوە (بەتایبەتی دەسەلاّتە دیكتاتۆرەكان) بەشێوازی نادروست ڕێگە لە گەشەكردنی زارو زمانەكانی تر دەگیرێت . دەسەلاّت دەتوانێت زارێك وەك زمان بناسێنێ و بیكات بە زمانی فەرمی ولاّت ، بە پێچەوانەشەوە دەتوانێ زمانێك وەك زار بناسێنێ . بۆ نمونە زمانی كوردی لە توركیا ، كە ناسیۆنالیزمی توركی دانی بە نەتەوەو زمانی كورددا نەدەناو تاكو ئەم سالاّنەی دواییش بە توركی چیایی ناوی دەبردن . هەمو ئەوانە دەبنە مایەی داگیركاری و جەنگ و كۆچكردن ، كە هۆكارێكی تری گۆڕانی زمانن .

٢. هۆی كۆمەلاّیەتی : بۆ چونە ناو ناخی هەر نەتەوەیەكەوە ، زمان كلیلە بۆ كردنەوەی دەرگاكانی كەلتورو بیركردنەوەو پەیوەندییە كۆمەلاّیەتییەكانیان ، چونكە مرۆڤەكان بەهۆی زمانەوە پەیوەندی بە جیهانەوە دەكەن و كارو ئامانجەكانیان بنیات دەنێن ، لێرەوە تاكەكان بە شێوەی جیاجیا ڕاستییەكان دەبینن و بەشێوەی جیاوازیش گوزارشتی لێدەكەن . (بەهار زایر محەمەد ، ٢٠٠٩ : ١٤)

كاریگەری زمانەكان یان زارەكانی زمانێك لەسەر یەكتر بەهۆی تێكەلاّوی قسەكەرانەوە یاخود لێككەوتنی دو زمان یان دو زار دەبنە هۆی خواستن ، ئەمەش كار دەكاتە سەر هەمو ئاستەكانی زمانەكەو دەبێتە هۆی زمان گۆڕان .(محەمەد مەعروف ، ٢٠١١: ١٣١)

٣. هۆی جوگرافی : فاكتەری جوگرافی كاریگەرییەكی زۆری لەسەر گۆڕان و گەشەو بلاّوبونەوەی زمان و زارەكان هەیە ، ئەو نەتەوانەی لە ناوچە شاخاوییەكاندا ژیاون لەبەر سەختی شوێنی جوگرافییان ، دەستی داگیركەرانیان پێ نەگەیشتووە ، توانیویانە زمانەكەیان بپارێزن ، لە هەمان كاتدا زمانەكەیان لەو سنورە تەسكەدا ماوەتەوەو بواری گەشەو بلاّوبونەوەی بۆ نەڕەخساوە ، بەلاّم لە

ناوچە بیابان و دەشتەکاندا هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە .(حوسێن محەمەد عەزیز ، ٢٠٠٥: ١٥٢-١٥٣) هۆی جوگرافی لە جیاوازی سروشتی وڵاتاندا دەردەکەوێت ، وەك کەش و ئاووهەوا و ژینگە و شێوەو شوێنی وڵاتەکە ، کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی هەر ناوچەیەك لەیەکتر بەهۆی چیاو ڕوبارو دەشت و گرد و دۆڵ و ...هتد ، کە ئەمەش جیاوازی دەخاتە ناو سروشتی وڵاتانەوە ، لە ئەنجامیشدا گۆڕان و گەشەو جیاوازی لەنێوان زمان و زارەکاندا دروست دەبێت .(ڕەفیق شوانی ، ٢٠٠١: ٦٧)

٤. هۆی ئابوری : فاکتەری ئابوری بەگشتی و بازاڕی هاوبەش بەتایبەتی کارێکی زۆر لە بڵاوبونەوەو گۆڕان و پێشکەوتنی زمانەکان دەکەن . (حوسێن محەمەد عەزیز ، ٢٠٠٥: ١٥٣) پەیوەندی بازرگانی لەنێوان دو نەتەوەی زمان جیاواز بەهۆی ئەو کاڵایانەی (هەریەکەیان ناوی تایبەتی خۆی هەیە ) لەنێوان هەردولا ئاڵوگۆڕ دەکرێن ، ئەو وشەو ناوانە دەچنە ناو زمانی یەکترەوە ، چەند بازرگانی و ئاڵوگۆڕ زۆر بێت تێکەڵاوی زیاتر دەبێت ، هاوکات کاریگەری زیاتر دەبێت لەسەر زمان . (ئازاد عەزیز سلێمان ، ٢٠١٤: ٢٧) ڕادەی گەشەی زمان پەیوەستە بە ڕادەی گەشەی ئابوری وڵاتەوە ، چونیەك نەبونی گەشەکردنی زمانان لە جیهانی ئەمرۆدا ، ئەنجامی جیاوازی ڕادەی پێشکەوتنی ئابوری و ڕامیاری وڵاتانی جیاوازە (عەبدوڵا حوسێن ڕەسول ، ٢٠٠٢: ٦) ، بە وێنە زمانی کوردی لە عێراقدا بەهۆی ڕاپەڕینەوە کرانەوەیەکی بەرچاوی لە بوارەکانی ڕامیاری و ئابوری و ڕۆشنبیری و ... بەخۆوە بینی ، هاوکات ئەم پێشکەوتنە لە زمان و فەرهەنگیشدا ڕەنگی دایەوەو چەندین وشەو زاراوەی زانستی و هونەری و ئەدەبی و تەکنەلۆجی نوێ هاتنە ناو زمانەوە . (خوسرەو پیربال ، ٢٠٠٧ : ١١٤)

٥. هۆی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی : شارستانییەت و نۆرم و بیروباوەڕو لایەنە مەعریفییەکان و پلەی ڕۆشنبیری و چۆنییەتی ڕوانینی خەڵك بۆ ژیان و لایەنە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان و ... هتد کاریگەری لەسەر زمان دادەنێن . (بەهار زایر محەمەد ، ٢٠٠٩: ١٠) تاکو ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵ بەرزتر بێت ، وشەو زاراوەو فەرهەنگی زمان زیاتر دەوڵەمەند دەبێ و گەشەدەکات و پێشدەکەوێت . کاتێك شۆڕشێکی هزری ، یان پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژی دەردەکەوێت ، هەستانەوەو ڕێنیسانسێکی گەورە لە ناو کۆمەڵدا دروست دەکات ، دەبێتە هۆی تەقاندنەوەی زنجیرەیەك گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کولتوری ، کە ڕۆڵ دەگێڕن لە نوێکردنەوەی بوارەکانی تری وەك زمان و هونەرو ... هتد ، بۆ نمونە ئەگەر بزاڤێکی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی توانی ئاراستەی کولتوری باو بگۆڕێت ، ئەوا پەنا دەبرێت بۆ زمان، تا وشەو دەربڕین و زاراوەکان بگۆڕێت ، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم کۆمەڵە تەکنەلۆژییە نوێیەدا بگونجێت . (بەهمەن تاهیر نەریمان ، ٢٠١٣: ٣٣)

٦. هۆی ئاینی : هەر ئاینێك خاوەنی گەلێك بیروباوەڕو دروشم و چەمك و بنەمایە ، کە لە ڕێی زمانێکی تایبەتەوە دەردەبڕدرێت و گوزارشتی لێ دەکرێت ، دوای بڵاوبونەوەو گەشەکردنی ئاینەکەو زۆربونی پەیڕەوکەرانی ، کۆمەڵێك زاراوە و چەمکی نوێ دەخاتە ناو زمانەکەوەو زۆرجاریش هەمان وشەی خۆماڵی زمانەکە بۆ مەبەست و واتای نوێ لە ئاینەکەدا بەکاردێت ، (ڕێژنە مەعروف ، ٢٠١٠ ، ٣٧-٣٨) (ئومێد بەرزان ، ٢٠١٣: ١٠١-١٠٢) ئەم گۆڕانە زمانییە کاتێك زیاتر دەبێ ، کە ئەو کۆمەڵە زمانی نەتەوەو زمانی ئاینیان لێکتر جیاواز بێت ، لەم بارەدا کۆمەڵێك چەمك و زاراوەی پەیوەست بە ئاینەکە دێنە نێو زمانی نەتەوەکەوە . بە وێنە هەرسێ نەتەوەی کورد و فارس و تورك زمانی

نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان هەیە ، کە جیایە لە زمانی ئاینی (ئیسلام )کە زمانی عەرەبیە ، زۆری پەیڕەوکەرانی ئەو سێ نەتەوەیە لەلایەك و درێژی ئەو ماوەیەی کە ئاینەکەیان وەرگرتووە لەلایەکی ترەوە بونەتە هۆی ئەوەی دەیان و سەدان وشە و زاراوەی عەرەبی و ئاینی بێنە ناو ئەو سێ زمانەوە ، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا وشەکانی (جومعە ، زەکات ، سەرفترە ، واجب ، فەرز ، سونەت ، خێر ، عومرە ، حەج ، تەواف ، قیامەت ، شەفاعەت .... هتد ) لە زمانی ئاینییەوە وەرگیراون .

### ١- ٢- تەوەری دووەم : زار

### ١- ٢- ١- چەمك و پێناسەی زار :

هەر لەمێژە کۆمەڵ و نەتەوەکان بە پێی ئاستی ئاخاوتنی چین و توێژەکانی کۆمەڵ چەند زمانێکیان جیاکردۆتەوە ، (بۆ یەکەمجار گریکەکان بە شێوەی (Dialectos) ئەم زاراوەیەیان بۆ جیاکردنەوەی زمانی نوسین لە زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بەکارهێناوە ، واتە گریکەکان بە زمانی فەرمی و ئەدەبییان وتووە (Dialectos )و زاراوەی ( Patois ) یان بۆ زمانی چینەکانی خوارەوە بەکارهێناوە ) . (عەبدولەناف ڕەمەزان ئەحمەد ، ٢٠٠٩ :١٠)

ئینگلیزەکان هەردو زاراوەکەیان بە شێوەی جیاواز لە گریکەکان بەکارهێناوە و لەجیاتی زاراوەی (Dialectos) ی گریکی زاراوەی (Standard dialect) یان بەکارهێناوە و لەجیاتی (Patois)ی گریکی (Dialect) یان بەکارهێناوە ، دواتر زاراوەکان بەشێوەی بەکارهێنانە ئینگلیزییەکە جێی خۆی گرت و چەسپا . (ڕۆکان عەبدولا محەمەد ، ٢٠١٥ :٥)

ئەم زاراوەیە لە زمانی عەرەبی دا (اللحن ، ، اللغە ، اللکنە ، اللهجە ، ... )ی بۆ بەکارهاتووە . لە زمانی کوردیشدا چەندین زاراوەی وەکو (زار ، دیالێکت ، لەهجە ، زاراوە ، زاراو ، ... هتد )ی بۆ بەکارهاتووە . لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی (زار) پەسەندکراوە ، لەبەر ئەوەی زار وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە و لەناو کۆمەڵدا بەکاردێ و ڕۆیشتووە ، جگەلەوەش ژمارەی دەنگەکانی کەمە و لای قسەکەران پەسەندە ، هەروەها بەشداری دارشتنی چەند زاراوەیەکی نزیك لە خۆی دەکات وەك (بن زار ، شێوە زار ....) .

زار ئەو شێوە ئاخاوتنەیە کە زۆرجار ( لەسەر بنەمای جوگرافی یان کۆمەڵایەتی دیاری دەکرێت ، بەم شێوەیە زاری جوگرافی یان کۆمەڵایەتی دێنە ئاراوە . هەر زمانێکیش لە چەند زارێك پێکدێت ، کە هەر یەکەیان خاوەنی چەندین تایبەتمەندییە ، دەکرێت هەریەکەیان لەوی تریان لە یەکێك یان زیاتری بوارەکانی (دەنگ و دانەی فەرهەنگی و وشەسازی و ڕستەسازی) جیابکرێتەوە ، هاوکات بە تێپەڕبونی کات و بە هۆکاری سیاسی و جوگرافی و ڕۆشنبیری پەرەدەسێنن و دەگۆڕێن ، تاوەکو دەبن بە زمانی سەربەخۆ . بە واتایەکی تر زار کۆمەڵە تایبەتییەکی زمانییە ژمارەیەك تاك، لە ژینگەیەکی جوگرافی دیاریکراودا پێی دەدوێن ، ئەو تایبەتییانەش لە ئاستە جیاوازەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازیدا دەبینرێت و لە سەرجەم زارەکانی تری زمانەکە جیای دەکاتەوە ، بەلاّم دەبێت ئەو تایبەتییانە کەم بن ، بە شێوەیەك نەبن

کە زارەکە لەگەڵ زارەکانی تری زمانەکە بە نامۆ دەربخات و گرفتی لێکگەیشتن لە نێوان ئەندامانی زمانەکەدا بێنێتە ئاراوە ، چونکە کاتێك ئەو سیفەتە تایبەتییانـە بـە تێپـەڕبونی کـات زۆر دەبـن ، سـەرئەنجام زارەکـان وەك زمانێکی سەربەخۆیان لێدێت ، وەك چۆن زمانی لاتینی هەڵوەشایەوە و دابەشبو بەسەر چەند زمانێکدا ، لەوانە (ئیتاڵی و فەڕەنسی و ئیسپانی ، ... ) . (هەمان سەرچاوە ، ٢٠١٥: ٤)

سەرەکیترین ڕێگە یاخود بنچینەی جیاکردنەوەی زارەکانی زمانێك بە پلەی یەکـەم لایـەنی دەنگسازییە ، واتە زارە جیاوازەکـان لەهـەموو ڕویەکـەوە ڕێکدەکـەون ، جگـە لـە هەنـدێك سـیفەت و تایبەتمەنـدیی دەنگـی نـەبێت ، کـەوا دەکـات هەریەکـە لـەو زارانـە دەربڕینێکـی دەنگـی تایبـەت بـەخۆیان هـەبێت، یـاخود شـێوە گۆکردنێکی تایبەتییان هەبێ وەکو (تۆن ، ئاوازە) . (عبدالصبور شاهین ، ١٩٨٥ :٨٣ )

کاتێك زمانی بەکارهێنراوی کۆمەڵێك لە نێو چوارچێوەی هەمان زماندا جیاوازی ئاشکرای هەبێت ، ئەوا ئەم جیاوازیە پێی دەوترێ زار . پێناسەکردنی چەمکی زار هێندە ئاسان نییـە چـونکە چـەمکەکە بـە چـەند جـۆرو شـێوازێك بـەکاردەهێنرێت . (غـازی عـەلی خورشـید ، ٢٠١١: ٢٤) هـەروەها لـە چـەندین ڕوانگـەوە لـە زار کۆڵراوەتەوە وەك (زمانەوانی ، جوگرافی ، کۆمەڵایـەتی ، دەرونـی) . لـە ڕاسـتیدا زار پەیوەندییـەکی تونـد و تۆڵی بە هەریەك لەو لایەنانەی سەرەوە هەیە . هەر زارێك چەند تایبەتمەندییەکی هەیە ، کە لە زارەکانی تری هەمان زمان جیای دەکاتەوە، بۆیە هەندێك بەوە پێناسەی زار دەکەن کە کۆمـەڵێك جیـاوازیی زمانییـەو خاوەنی سیستەمێکی دەنگی تایبەتـەو بەسـتراوە بەژینگەیـەکی دیـایکراوەوە ، هـەمو تاکـەکانی ئـەو ژینگەیـە هاوبەشن لەو کۆمەڵە جیاوازییانەدا . (إبـراهیم السامرائی ، ١٩٩٧ :٣٤) مەبەسـت لـەو کۆمەڵـە جیاوازییـەش زارە ، ژینگەی هەر زارێکیش بەشێکە لەو ژینگەیەی ، کە هەموو جیاوازییە زمانییەکان دەگرێتەوە . (إبراهیم أنیس ، ١٩٥٢: ١٣) (عبدالله عبدالناصر جبري ، ٢٠٠٧: ١٧)

هەندێ جار تەنها لایەنی کۆمەڵایەتی و لێکگەیشتن دەکرێتە بنەمای جیاکردنەوەو ناسـینەوەی زارەکـانی زمانێـك و زار بـەو شـێوە زمانـە پێناسـە دەکرێـت ، کـە کۆمەڵـە کەسـێك لـە شـوێنێکدا بـەکاری دێـنن و هاوزمانانیش تێیان دەگەن . (محەمەد مەعروف فەتاح ، ٢٠١١ : ١٠٩)

بـەلام ئـەم بۆچـونە کـەمو کورتی زۆرە ، چـونکە بنـەمای لێکگەیشـتن نـاتوانێ سـنوری نێـوان زارەکـانی زمانێك دیاری بکات و زاری پێ بناسێنرێت ، بە وێنە لە زمانی کوردیدا هەریەك لە زارەکانی (لوڕ و ژورو) ، (گۆران و ناوەڕاست) ، (گۆران و ژورو) ... هتد ناتوانن بە ئاسانی لێکبگەن، یاخود هەنـدێ جار بـەپێی دوری زارو شێوەزارەکان لێکتر لێك گەیشتن ئەستەم دەبێت ، لەگەڵ هەمو ئەو جیاوازییانەشدا خۆیـان بـە هاوزمـان دەزانن .

لەڕوی زمانەوانییەوە زار بەو جیاوازییە زمانییانە دەوترێت ، کە لە نێوان جۆرەکانی یەك زماندا هەیـە ، وەك جیاوازیی ڕێزمانی و پێکهاتەی وشە و لایەنی دەنگسازی و چۆنێتی دەربـڕین . (سـەلام نـاوخۆش و نـەریمان خۆشناو ، ٢٠١٠: ١٧١)

بەگشتی دەتوانین بڵێین زار بەشێکە لە زمان و هەر زمانێك لە کۆمەڵێك زار پێکدێت، کەواتە پەیوەندیی نێوان زمان و زار پەیوەندی گشتە بە بەشـەوە ، هەریـەك لـەو زارانـەش خـاوەنی تایبەتمەنـدیی خۆیـەتی کـە جیای دەکاتەوە لەوانی تر ، هەمو زارەکانیش لە کۆمەڵێك سیفەتی زمانی و نەریتی ئاخاوتندا هاوبەشن ، لـە ئەنجامیشدا زمانێکی سەربەخۆ پێکدێنن . ( إبراهیم أنیس ، ١٩٥٢: ١٣)

**١- ٢- ٢- هۆکارەکانی پەیدابونی زار :**

هەر زمانێك بە پێی بەکارهێنان و شوێن و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی هەمەجۆرە ، تەنانەت ئاخێوەرانی یەك دەڤەریش بە یەك شێواز وشەیەك یاخود ڕستەیەك گۆ ناکەن ، بەڵکو بەپێی هۆکارگەلێکی جیاواز شێوازی دەربڕینی وشە و ڕستەکانیش دەگۆڕێن . (عبده الراجحی ، ٢٠١٣: ٧٤)

هەرکاتێك زمان لە ناوچەیەکی فراواندا بلاّوبویەوە و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك و چینی جیاواز قسەیان پێکرد ، ئەوا ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر یەکێتی خۆی بپارێزێ ، بەڵکو زۆری پێناچێ بەسەر چەند زارێکدا دابەش دەبێ و هەریەك لەو زارانەش بەهۆی گەشەکردن و پێشکەوتنیانەوە ڕێگەی جیاواز و تایبەت بە خۆیان دەگرنەبەر . (على عبدالواحد وافي ، ٢٠٠٤ :١٧٢)

ئیبراهیم ئەنیس پێیوایە ، کە پەیدابونی زارەکان بۆ دو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە :

ا. دورکەوتنەوە و دابڕان لە نێوان ژینگەی یەك گەل و میلەتدا .

ب. ململانێی زمانی لە ئەنجامی داگیرکاری یان کۆچکردن . (إبراهيم أنيس ، ١٩٥٢ : ١٨)

چەندین هۆکاری زمانی(وەك گۆڕان و گەشە لە هەمو ئاستەکانی زماندا) و نازمانی (وەك دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و میژویی و باری جوگرافی ... ) ڕۆڵ لە دروستبون و گەشەکردنی زارەکاندا دەگێڕن ، کە لە خوارەوە بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەین :

١. هۆکاری سیاسی : دو لایەن دەگرێتەوە :

ا - میلەتێك خاوەنی حکومەت و دەسەڵاتێکی ناوەندی سەربەخۆ نەبێت .

ب - حکومەتێکی ناوەندی بونی هەبێ ، بەلاّم لەبەر فراوانی سنوری دەسەڵاتەکەی یان هەر هۆکارێکی تر نەتوانێت دەسەڵاتی بەسەر هەمو ناوچەکاندا بسەپێنێت ، وادەکات دەسەڵاتی ناوەندی لاواز ببێت و هەر شوێن و ناوچەیەك ببێتە خاوەنی شێوە ئاخاوتنێکی تایبەت بە خۆی . (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ، ٢٠١٠: ١٧٣) ئەم هۆکارە یەکێکە لە سەرەکیترین هۆکارەکانی دروستبون و دورکەوتنەوەی زارەکانی زمانی کوردی .

٢. هۆکاری جوگرافی : کاتێك زارێك لە دو دەڤەر یان دو هەرێمدا بەکار هێنرا ، ئەوا هەریەکەیان لە چەندین تایبەتمەندیدا لەوی تر جیاواز دەبێت ، ئەم جیاوازییانە زیاتر دەبێت ئەگەر هاتو خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ ماوەیەکی زۆر لەو شوێنە بمێننەوە . (إبراهيم السامرائى ، ١٩٩٧: ٣٧-٣٨) کاتێك هاوزمانان لە ژینگەیەکی جوگرافی فراواندا دەژین ، جیاوازی سروشتی شوێنەکان وەکو بونی کێو و دۆڵەکان ، ناوچەیەك لە ناوچەیەکی تر دادەبڕێت ، ئاخێوەرانیش بەهۆیەوە لە یەکتر دادەبڕێن ، بە تێپەڕبونی کات ئەم دو ناوچە لێك دابڕاوە دو زاری جیاوازی لێ پەیدا دەبێت ، هەروەها ئەو خەڵکەی لە ناوچەیەکی کشتوکاڵی نیشتەجێن بە زارێك دەدوێن ، جیاوازە لەو زارەی دانیشتوانی بیابانەکان پێی دەدوێن . (عبده الراجحى ، ١٩٩٩ :٤٣-٤٤)

٣. هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری : پێکهاتەی کۆمەڵ دەتوانێ بڕیار لەسەر پێکهاتەی زمان بدات ، هەر ئەمەش وای کردووە زمانی منداڵ و گەنج و پیرەکان لە یەکتر جیاواز بن ، حاڵەتێکی بەڵگە نەویستە کە کۆمەڵە جیاوازەکان بە ڕێگەی جیاواز زمان بەکاردێنن . (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ، ٢٠١٠: ١٤) کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە چین وتوێژ و پلەوپایە جیاوازەکانییەوە ، کاردەکەنە سەر دروستبونی زارەکان ،

بەوێنە چینی ئەرستۆکراتی زارێك بەکاردێنن جیاوازە لە چینی ناوەند یان چینی خوارەوەی کۆمەڵ ، هەروەها لە پیشە جیاوازەکانیشدا جیاوازی زارەکان بەدی دەکرێ ، وەکو دروستبونی زاری بازرگانی و زاری پیشەسازی و زاری کشتوکاڵی ، کە ڤندریس بە (العامیات الخاصە - Lesargots ) ناوی دەبات . (عبده الراجحی ، ١٩٩٩: ٤٤)

بەهۆی جیاوازی چالاکی و کارو پیشەی خەڵکەوە لە ناو کۆمەڵدا ، کە هەریەکەیان چەندین وشەو زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە ، هەر چین و توێژو کۆمەڵە خەڵکێکی هاوکار و هاوپیشە دەبن بە خاوەنی زارێکی تایبەت و زاری بچوك بچوك دروست دەکەن . (ڕەفیق شوانی ، ٢٠٠١: ٧٠)

٤. ڕادەی ڕۆشنبیری کۆمەڵ : زۆرجار شوێنێك لەچاو شوێنێکی تری وڵاتدا لە ڕوی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندنەوە جیاوازن ، ئەم جیاوازییەش دەبێتە هۆی جیاوازی بیرکردنەوەو ئاخاوتنی تاکەکان . (نەریمان خۆشناو ، ٢٠١٤: ٥٣ ) بەگشتی ئاخاوتنی چینی ڕۆشنبیر بە هەڵبژاردنی زاراوە و وشەی تایبەت و زانستی و ڕیزکردن و دەربڕینی ڕستەکان بە شێوازێکی گونجاو و پوخت لەچینی نارۆشنبیر و نەخوێندەواران جیا دەکرێتەوە ، کە زۆرجار یاسا ڕێزمانییەکانی تێدا ڕەچاو ناکرێت .

٥. هۆکاری کەسی : دەکرێ یەك جۆر و چەند جۆرێك زمان لە یەك کاتدا هەبێت ، یەك جۆر زمان بەپێی ئەو کۆمەڵە زمانییەی قسەی پێدەکەن و خۆیان بە هاوزمان دەزانن ، بەڵام چەند جۆرێك زمان بەپێی جۆراو جۆری ئەو ئاخێوەرانەی پێی دەدوێن . (ج. ڤندریس ، ٢٠١٤ : ٢٩٥) جیاوازی دەربڕینی تاکەکان بە تێپەڕبونی کات دەبێتە هۆی گەشەکردن یان دروستبونی زارەکانی تر ، بەڵام (ساپیر) پێی وایە ویستی گشتی بۆ جیاوازی تاکەکەسی لە ئاخاوتندا دەبێتە هۆی دروستبونی زارەکان . (عبده الراجحی ، ١٩٩٩ :٤٥) یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کەسێتی تاك و ناسینەوەی بریتیە لە چەندێتی و چۆنیەتی ئاخاوتنەکەی ، سروشتی دەنگ تەمەنی ڕێژەیی ئەو کەسە دیاریدەکات ، ئایا منداڵ ، گەنجە ، یاخود پیرە ، هەروەها ڕەگەزی نێرە یان مێ ، بەگشتی ناسنامەی هەر تاکێك دەستنیشان دەکات . هاوکات پێگەی کۆمەڵایەتی و بواری پیشە و ئاستی ڕۆشنبیری لە ڕێگەی ئاخاوتنی تاکەوە دەناسرێتەوە (نایف خرما ، ١٩٧٨ : ٢٢٣-٢٢٤) ، شێوازی ئاخاوتن ( Style )ی هەرتاکێك جیاوازە لەوی تر ، کە ئەمەش لە هەڵبژاردنی وشەکان و خێرایی یان لەسەرخۆیی یاخود مامناوەندی دەربڕین و دوبارەکردنەوەی هەندێ دەستەواژەی وەك ( وایە ، بەڵێ ، تێدەگەی ، دەزانی ، ... ) و چەندین تایبەتمەندی کەسی تردا دەردەکەوێت ( Ronald Wardhaugh,1990,48) ، هەر ئەمەش وای لە زمانەوانان کردووە ، جۆرێکی تر لە زار جیابکەنەوە بە ناوی "زاری تاك" ( Idiolect ) .

٦. گۆڕانی سروشتی زمان : زمان بە تێپەڕبونی کات هەمیشە لە پێشکەوتن و گۆڕاندایە ، بەڵام ئەم گۆڕانە بەشێوەیەکی لەسەرخۆیەو بەپێی سیستەم و یاسا دەبێت . هەروەها هەمو لایەنەکان و شێوە جیاجیاکانی زمان دەکەونە بەر ئەم گۆڕانکارییانە ، لە ئەنجامیشدا چەند زارو شێوەزارێك دروست دەبێ ، کە هەر یەکەیان بە چەند تایبەتمەندییەك لە زارەکانی تر جیادەکرێتەوە ، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هاوبەشی نێوان زارەکان هاوزمانان بەیەکەوە دەبەستێتەوە . دەکرێت بڵێین هەمو هۆکارەکانی پێشو کەباسمان کردن ڕۆڵیان هەیە لە گۆڕانی زمان و گۆڕانی زمانیش دروستبونی زار و شێوەزارەکانی لێدەکەوێتەوە .

**١- ٢- ٣- پێوەرەکانی سنوردانان لە نێوان زمان و زاردا :**

هەمو زارەکان بە تێپەڕاندنی چەند قۆناغێك گەشەیان کردووەو ئەدگارەکانی زمانیان وەرگرتووە ، یاخود هەلێکیان بۆ ڕەخساوە تا بون بە زمانی فەرمی . (گۆڕانی زارێك بە زمان مەرج نییە بە هۆی سیاسەتێکی پلان بۆداڕێژراوی پێشوەختەوە بێت ، بە وێنە زمانی فەرمی ئەمڕۆی ئینگلیزی ، بەهۆی پێگەی ڕۆشنبیری و ڕامیارییەوە بەدرێژایی کات زمانی پایتەختی لەندەن بووە ، هەروەها زمانی فەرمی فەرەنسی لە ئەنجامی دەسەڵاتی پایتەختەکەی، کە پاریسە دروستبو و گەشەی کرد ، لە هەردو بارەکەدا ئەو دو زمانە لەسەر بنەمای ئاخاوتنی چینەکانی سەرەوە ، کە دانیشتوی پایتەختن دروستبون) (ڕۆکان عەبدوڵا محەمەد، ٢٠١٥: ٥) .

دەتوانین بڵێین تاکو ئێستا پێوەرێکی گشتی و چەسپاو بۆ جیاکردنەوەی زمان و زار و شێوەزارەکان دیاری نەکراوە ، تەنانەت کۆمەڵێك لە زمانەوانان لەو بڕوایەدان کە زار بونی نییە ، بەو واتایەی سنورێکی ڕونی جیاکەرەوە لە نێوان زارەکاندا (یاخود لە نێوان زارێك و زمانێکی فەرمیدا) لە ئارادا نییە و ناتوانرێ سنور و هێڵێکی دابڕ لە نێوانیاندا بکێشرێ ، "جاستۆن باری" یەکێکە لەو زمانەوانانەی کە ئەم بۆچونەی لاپەسەندە و پێیوایە هیچ سنورێکی ڕاستەقینە نییە بتوانێ فەرەنسی باکور و فەرەنسی باشور لێکجیابکاتەوە ، چونکە جیاوازییە زمانییەکان پلەییە و ناتوانرێ ئاخاوتنی هەندێ ئاخێوەر لە هەندێکی تر جودابکرێتەوە . (ج. ڤندریس ، ٢٠١٤: ٣١٢) ( رمضان عبدالتواب ، ١٩٨٧: ٧١) . هەروەها (ماریۆ پای)یش لەم بارەیەوە هاوڕایەو دەڵێت: (ئەگەر زارەکان پۆلبکرێن بۆ چەند یەکەیەکی گەورە لەسەر بنەمای ئەو (ناو)انەی ، کە خەڵکی ناویان ناون ، ئەوا توێژینەوە وردەکان (دقیق) دەیسەلمێنن ، کە ئەم جۆرە پۆلکردنە بە ڕێژەیەکی زۆر لە خەیاڵەوە سەرچاوەی گرتووە) . (محمد حسن عبدالعزیز ، ١٩٨٣: ١٦٢) بەڵام کۆمەڵێکی تر لە زمانەوانان دان بە بونی زاردا دەنێن ، لەسەر بنەمای جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی هەریەکە لەو زارانە ، "مییە" دەڵێت : (ماڤی خۆمانە قسە لەبارەی بونی زارەکان لە زماندا بکەین ، کاتێك کۆمەڵە هێڵێك دەبینین کە ئەدگارەکانی هەر زاریك جیادەکاتەوە ، ئەگەرچی بە شێوەیەکی نزیککراوەیی (تقریبی)یش بێت ، هەر ناوچەیەك کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی هاوبەشی هەبێت ، ئەوا زارێکی دیاریکراوی تێدایە ، تەنانەت لەو ناوچانەشدا کە دراوسێی یەکترن و سنورەکانیان تێکەڵاوی یەکتر بون ، هەر ناوچەیەکیان چەند سیمایەکی هەیە کە لەوی تریاندا بەدی ناکرێت . (هەمان سەرچاوەو لاپەڕە)

هەندێ لە زمانەوانان ئاماژە بەوە دەکەن کە بە زارێك یان شێوەزارێك دەگوترێت زمان لەبەر چەند سیمایەك لەوانە :

١. وەکو زمانی یەکگرتوی ئەدەبی بەکاردێت .
٢. بونێکی ڕامیاری و کارگێڕی تایبەتی هەیە .
٣. وەکو زمانی میری و دەسەڵات دانی پێدانراوە .
٤. لە ناوەندی وڵاتاندا بە زمانی هەرێمێك یان نەتەوەیەك یان وڵاتێك دەناسرێ . (یوسف شەریف سەعید ، ٢٠١٢: ٦٦)

خاڵی چوارەم جیاوازییەکی سەرەکی نێوان زمان و زار دەردەخات ، چونکە زمان ناسنامەی نەتەوەیە و هەروەها بونیادی نەتەوە پێکدەهێنێت ، هەرچی زارە ئەوا بەشێکە لە زمان و بەشێکە لە نەتەوە نەك هەمو

نەتەوە ، هەروەها زار زیاتر جوگرافییە یان کۆمەڵایەتی نەك ئەتنیکی. (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٢: ٣٩) هەر زارێك پاش چەندین گۆڕانکاری دەبێتە زمان ، سیماو ئەدگارەکانی زار لە دەست دەدات و لە زمانی خێڵ و هۆزو ناوچەیەکی جوگرافی دەربازی دەبێت و دەبێتە زمانی نوسینی هەمو نەتەوە . (هەمان سەرچاوە ، ٤٠) کەواتە زمان کۆی هەمو ئەو جیاوازییانە دەگرێتەوە ، کە لە نێوان زارەکانی زمانێکدا هەن ، بەڵام زار لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دروست دەبێت . (بەکر عومەر و شێرکۆ حەمە ئەمین ، ٢٠٠٦ : ١٤)

هەندێ لە زمانەوانان جیاوازی نێوان زمان و زار (جگە لە فراوانی و تەسکی سنوری دەسەڵاتی زمان و زار) لە چەند خاڵێکدا دەبیننەوە ، لەوانە :

١. زاراوەی تایبەت : هەریەکە لە زمان و زار زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە ، زمان زیاتر زاراوەکانی بواری پەروەردە و سیاسی و کارگێڕی و دامودەزگایی دەگرێتەوە ، بەڵام هەرچی زاراوەی ڕۆژانە هەن تایبەتن بە زار و بنزاری دەڤەرێکەوەو وەك زار مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ .
٢. زمانی ئەدەبی: زمانی نوسینی دەقەکانی ئەفسانە و فۆلکلۆر و ...هتد زیاتر دەچنە نێو بازنەی زارەوە نەك زمان ، چونکە خەسڵەتی ناوچەییان بەسەردا زاڵە ، زمانی ئەو جۆرە بەرهەمانە دەقێکی ئەدەبی - هونەری پێ نانوسرێتەوە ، وێڕای ئەوەش ناتوانێ ببێتە زمانێکی پەروەردەیی لە دامودەزگاکانی خوێندندا ، بەوێنە چەندین دەقی ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردی هەیە ، کە مێژویەکی دێرینیان هەیە و ڕەنگدانەوەی کولتور و باری ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کوردیان پێوە دیارە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی بە زارێکی ناوچەیی نوسراون نەیان توانیوە ببنە هۆی دروستبونی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتو .
٣. زمانی لێکۆڵینەوە : پێویستە لێکۆڵینەوە بە زمانی نەتەوەیی بنوسرێت نەك زار ، چونکە زار گوزارشت لە ناوچەیەك دەکات کە ناوەندی خوێندنی فەرمی تێدا کەم بێت و مەرج نییە دەڤەرەکانی تر لێی بگەن ، بە پێچەوانەوە نوسین بە زمانی ستاندارد وا دەکات تاکەکانی هەمو نەتەوە لە بابەتەکە بگەن نەك تەنها دەڤەرێك .
٤. لێکتر گەیشتن : ئەگەر بنەمای لێکترگەیشتن لەنێوان دو ئاخێوەر هەبو ، ئەوا بە دو زاری یەك زمان قسەدەکەن ، بەڵام ئەگەر لەیەکتر نەگەیشتن ، ئەوا بە دو زمانی جیاواز قسەدەکەن ، لەوانەیە ئاخێوەرانی دوو زار لەیەك نەگەن و ئاخێوەرانی دو زمانی لەیەك نزیك لەیەك بگەن ، بەڵام ئەو حاڵەتە دەگمەن و کەمە . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٢ : ٤٤-٤٨)

یەکێك لەو پێوەرە باوانەی ، کە زۆر کاری پێدەکرێ بۆ لێکجیاکردنەوەی سنوری نێوان زمان و زار بنەمای (لێکگەیشتن)ە (ڕەحیم قادر سورخی ، ٢٠١٣ : ٢٧) ، بەڵام ئەم بنەمایە سەرکەوتو نییەو بەسەر زۆرێك لە زارو زمانەکانی جیهاندا جێبەجێ نابێت (محمد حسن عبدالعزیز ، ١٩٨٣: ١٦٠) ، بەوێنە زمانە ئەسکەندەناڤییەکان (سویدی ، دانیمارکی ، نەرویجی ) تا ڕادەیەکی باش لەیەکتر دەگەن ، بەڵام بە سێ زمانی جیاواز دەژمێردرێن ، چونکە لە ڕوی دەنگسازی و ڕێزمان و بەرهەمی ئەدەبییەوە جیاوازن و لەڕوی سیاسیشەوە بە سێ نەتەوەی جیا دەژمێردرێن و هەریەکەیان خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانن ( J.K. Chambers and Peter Trudgill,1998: 4 )، هەروەها زمانی ئۆردۆ و هیندی لێکنزیکن و تاڕادەیەك ئاخێوەرانی هەردو زمان لەیەکتر دەگەن ، زمانی ئیسپانی و پرتوگالی و ئەڵمانی و هۆڵەندیش لەم ڕووەوە دەکرێ بە نمونە بهێنینەوە .

هەندێ جار ئاخێوەرانی زارەکانی زمانێکیش لەیەکتر ناگەن ، وەکو زاری مەغریبی و عێراقی و میسری . (نایف خرما ، ٢٠١٣ :٢٩٢) هەروەها لە زمانی کوردیشدا دەتوانین نمونەی زاری ژورو و ناوەڕاست بهێنینەوە ، کە بە زەحمەت لەیەك دەگەن و هیچ یەك لەو دو زارەش لە زاری گۆران ناگەن مەگەر تەنها چەند وشەو دەستەواژەیەك نەبێت .

لێرەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕون دەبێتەوە ، کە هاوسنوری و داگیرکاری و هاوسێیەتی و تێکەڵاوی و ...هتد هۆکارن بۆ ئەوەی لێکگەیشتن لەنێوان دو کۆمەڵی زمانیدا بێتە ئاراوە ، نەك لێکگەیشتن سنورو بنەمای جیاکردنەوەی زمان و زار بێت . نمونەی ئەو زمانانەی ، کە لە سەرەوە باسکران بەڵگەی ئەو ڕاستییەن و هەمو زمانەکان بە یەکێك یان زیاتر لەو هۆکارانە توانیویانە لێکبگەن . لەناو زارە کوردییەکانیشدا ، لوڕەکان بەهۆی دراوسێیەتی و هاوسنورییەوە بە ئاسانی لە زمانی فارسی دەگەن ، بەڵام ناتوانن لە زاری ژورو بگەن ، زاری ژوروش لە زاری لوڕ ناگات ، لە کاتێکدا هەمو زارەکان خۆیان بە هاوزمان دەزانن . ئەمەو چەندین نمونەی تر ئەوەمان پێدەڵێن ، کە ئەم پێوەرە ناتوانێ بە تەواوی سنوری نێوان زمان و زار لێکجیابکاتەوە .

یەکێکی تر لە پێوەرەکان (پێکهاتی زمان) یان (جیاوازی ڕێزمانی)یە ، واتە ئەگەر پێکهاتە زمانییەکە لەیەکەوە نزیك بوو یان وەکو یەك بوو ، ئەوا دو زاری زمانێکە ، ئەگەر لەیەك دور بون ئەوا دو زمانن . ئەم پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی هەندێك زمان لەیەکدی ڕاستە ، وەك کوردی و تورکی ، کوردی و عەرەبی ، یان ئینگلیزی و چینی ، کە بە پێکهاتی زمانی و بە وشە و زاراوە و ڕێنوسیش تەواو لێك دورن ، بەڵام بۆ هەندێ زمانی تر دەست نادات ، بەوێنە سویدی و نەرویجی و دانیمارکی لەڕوی پێکهاتی زمانەوە زۆر لێکنزیکن ، بەڵام ناکرێ بە زار دابنرێن ، ئەمانە زمانی سەربەخۆن ، یان کرواتی و سربی و بۆسنی لەڕوی پێکهاتی زمانەوە تەواو وەکو یەکن ، بەڵام ئەمڕۆ بەسێ زمانی سەربەخۆ دادەنرێن ، هیندی و ئۆردۆیی و پونجابی چ لەڕوی پێکهاتی زمانییەوە چ لەڕوی وشەوە زۆر لێکدەچن ، بەڵام لە ڕاستیدا زمانی جیاوازن . (سوداد ڕەسول ، ٢٠١٢: ١٠-١١)

هەروەها فاکتەری ئاینی و مەزهەبی هەندێ جار وەك پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی سنوری زمان و زارەکان ڕۆڵ دەبینێ ، بە وێنە زاری قورەیش دوای ئەوەی بو بە زمانی قورئانی پیرۆز سیمای زمانی وەرگرت و لە زارەکانی تری زمانی عەرەبی جیابویەوە و باڵی کێشا بەسەر هەموو زارە عەرەبییەکان و تەنانەت زاڵبو بەسەر هەندێ زمانی وەك قیبتی و بەربەری دا ، هەروەها (سرب و کروات و ئەوانی دیکەش یەك نەتەوە نیین کەچی زمانیان هێندە لێکەوە نزیکە پێیان دەڵێن سرب و کروات ، بەڵام ئێستا لەسەر پرسی ئاینزا کار بۆ لێك دورکەوتنەوەی ئەو زمانانە دەکرێت) . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٢: ١١٨-١١٩)

ستانداردبون یەکێکی ترە لە پێوەرەکانی جیاکردنەوەی سنوری نێوان زمان و زارەکان ، چونکە هەر شێوەزارێك بەستاندارد کرا دەبێتە زمان و سیمای زمان وەردەگرێت . (یوسف شەریف سەعید ، ٢٠١٢: ٦٦) . هەر کە زار بەرەو زمان دەچێت چیتر بە زار نامێنێتەوە ، زاری لەندەن و زاری پاریس کە بونە زمانی ئینگلیزی و زمانی فەرەنسی ئێستا ئەو دووە زار نین و زمانن . (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ، ٢٠١١: ٨٤)

هەندێك لە زمانەوانان پێیان وایە ، کە تەنها زمانی ستاندارد پێوەرە زمانییەکان دەستنیشان ناکات ، بەڵکو خودی ئەو زمانانەش لە ئەنجامی بارودۆخێکی مێژویی و سیاسییەوە دروستبون دوای ئەوەی وەکو زمانی نوسین بەکارهاتون ، زمانی عەرەبی و فارسی لە سەردەمی خەلافەتە ئیسلامییەکاندا بەکار هاتن ،

بۆیـە وەکـو زمـان وەسـفکران ، ئەگەرچـی پێشـتر ئـەوانیش یـەکێك لـە زارەکـانی (عـەرەبی ، فارسـی ) بـون . (عەبدولەناف ڕەمەزان ئەحمەد ، ٢٠٠٩: ٣١)

بەم شێوەیە بۆمان ڕون دەبێتەوە ، کە زۆر هۆکاری دیکەی نازمانی وەك بارودۆخی سیاسی و مێـژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و کولتوری ڕۆڵیان هەیە لە بڕیاردان لەسەر ناسنامەی زمان و زار .

بۆ ڕونکردنەوەی ئەوەی ، کە باسکرا دەکرێ نمونەیەك بهێنینەوە ، لە ناوچە سنوریەکانی نێوان ئەڵمانیا و هۆڵنـدا زارەکـان زۆر لێکـەوە نـزیکن ، بەشـێوەیەك کـە لـە یـەکتر دەگـەن ، ئـەم حاڵەتـە لـە زانسـتی دیالێکتۆلۆجیدا بە ( Dialect Continum )[1] ناو دەبرێ ، ئەو خەڵکەی هەردولای سنور لە دامودەزگا و قوتابخانە و زانکۆ و سیستەمی ئیداری دا زمانی ستانداردی هۆڵەندی و ئـەڵمانی بـەکاردێنن و بـەو دو زمانـە ستاندارده لەیەك ناگەن ، بەڵام بە زاری ئاخاوتنی ڕۆژانـە لەیـەك دەگـەن ، ئـەو زارە بـەلای ئەڵمانییەکانـەوە ئەڵمانیـە و بـەلای هۆڵەندییەکانـەوە زارێکـی هۆڵەندییـە . (سـوداد ڕەسـول ، ٢٠١٢: ١١-١٢) ئـەو هۆکارانـەی ئـەو دو زارەی لێکتر جیاکردۆتـەوە بنـەمای لێکگەیشـتن نییـە ، بـەڵکو جیـاوازی و پەیوەنـدی نەتـەوەیی و مێـژویی و سیاسی گەلی هۆڵەندی و ئەڵمانییە ، هەروەها جیاوازی ناسنامەی زمانی هۆڵەندی و ئەڵمانی ، ناسـنامەی ئـەو دو زارە دەستنیشان دەکەن نەك پێوەرە زمانییەکان . (سوداد ڕەسول ، ٢٠١٢: ١٢)

دوای ئەوەی هیچ یەك لە بنەماو پێوەرە زمانییەکان نەیانتوانی بەشێوەیەکی زانستی سنوری نێوان زمـان و زار دەستنیشان بکەن ، هەندێك لە زمانەوانانی سـەردەم گەیشـتونەتە ئـەو بڕوایـەی، کـە هەسـتی ئـاخێوەر بکرێتە بنەما و سەنگی مەحەك ، وەك پێوەرێکی نازمانی (محمد حسن عبـدالعزیز، ١٩٨٣: ١٦٠-١٦١) واتـە هەسـت و سۆزی بنەڕەتی ئاخێوەر بڕیار دەدات بەوەی ، کە سەر بە چ (زمان) و (زار)ێکە ، بە واتایـەکی تـر ئـاخێوەران هەست بەوە دەکەن ، کە ئەو شێوە ئاخاوتنەی پێی دەدوێن هەمان ئەو شێوە ئاخاوتنە نییە ، کـە ناوچـەکانی تری دراوسێ بەکاری دێنن ، بەوێنە پیکاردییە کۆنەکان هەسـتیان بـەوە کردبـو ، کـە ئـەو فەرەنسـییەی پێـی دەدوێن زارێکی جیاوازە لەو فەرەنسییەی "ئێل دی فـرانس" ، بـە ئەنـدازەی ئـەو جیاوازییـەی کـە لـە نێـوان هەردو زاری نۆرماندی و والۆنیدا (فەرەنسی ، بەلجیکی) هەیـە . (ج. ڤنـدریس ، ٢٠٠٤: ٣١٣) هـەروەها لـە زمـانی کوردیشدا ئاخێوەرانی زاری هەورامی هەست بەوە دەکەن ، کە بە زاری هەورامی سەر بە زمـانی کـوردی قسـە دەکەن ، هەرکاتێ هەستیان بۆ ئەوە جولا ، کە بە زارێکی زمانی فارسی (بەنمونە) قسەدەکەن و خۆیـان دایـە پاڵ زمانی فارسی ، ئەوا بـەپێی ئـەم بنەمایـە ئـاخێوەرانی هـەورامان بـە یـەکێك لـە زارەکـانی زمـانی فارسـی هەژماردەکرێت .

---

[1] (Dialect Continum)بە زنجیرە زارێك دەوترێت ، کە لە سنورێکی جوگرافیدا قسەی پـێ دەکرێـت ، زاری ئـەم ناوچـەیە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریدا جیاوازییەکی زۆر کەمی هەیە ، تاوەکو لە ناوچەکە دوربکەوینـەوە جیاوازییـەکان زیـاتر دەبـێ ، بەشێوەیەك کە یەکەم زار بە باشی لە دووەم دەگات و دووەم لە سـێیەم دەگـات و بەوشـێوەیە ، تـا وای لێـدێ زاری یەکـەم و دوا زار زۆر لێك دور دەکەونەوە و لێك ناگەن .(سوداد ڕەسول ، ٢٠١٢ : ٤٠-٤١)

**١- ٣- تەوەری سێیەم :**

**١- ٣- ١- زارەكانی زمانی كوردی :**

زمانی كوردی لە چەندین زار و شێوەزاری جۆراوجۆر پێكدێت ، كە بە سەر سنوری چەند وڵاتێكدا پەرش و بڵاو بونەتەوە . زۆری ژمارەی زار و شێوەزارە كوردییەكان وای لە زۆرێك لە توێژەران و زمانەوانان كردووە ئەم دیاردەیە بە كێشەیەكی گەورەی زمانی كوردی بزانن ، تەنانەت لەمڕۆدا بە ئاستەنگێكی گەورە دادەنرێت لەبەردەم (دروستبونی زمانی ستانداردی كوردی ، یەكخستنی زاراوەكان ، فەرهەنگی نەتەوەیی ، ... هتد) . بەڵام بونی زارو شێوەزار لە زماندا دیاردەیەكی زۆر ئاساییە و زۆرجار دەبێتە مایەی دەوڵەمەندبونی فەرهەنگی زمان . وێڕای ئەوەش چەندین هۆكاری سیاسی ، جوگرافی ، كۆمەڵایەتی ، ئابوری ، ... هتد ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە لە پەرت بون و دابەشكردنی زمانی كوردی و بەڵكو زۆرجار بە پیلانی بەرنامە بۆ داڕێژراوی سیاسی هەوڵی لاوازكردن و لەناوبردنی نەتەوەو كولتورو زمانی كوردی دراوە . یەكێك لەو هەوڵە شكستخواردوانەی ناحەزان ، بریتییە لەو سیاسەتە تاكڕەوانەیەی وڵاتی ئێران پەیڕەوی دەكات بەرامبەر بە كورد ، هەر لە كۆنەوە هەوڵیان داوە لوڕ بە زمانێكی سەربەخۆ یان زارێكی زمانی فارسی بناسێنن ، ئەمەش تەنها بۆ جیاكردنەوەو لوڕەكانە لە كورد ، وڵاتانی عێراق و سوریاو توركیاش هەر سیاسەتێكی لەو چەشنە پەیڕەو دەكەن (ڕەحیم قادر سورخی ، ٢٠١٣: ٤٥).

هەرچەندە نەتەوەی كورد خاوەنی قەوارەیەكی سیاسی و وڵاتێكی سەربەخۆ نەبووە و هەمیشە لەژێر دەستی داگیركەران و نەیارانیدا بووە ، بەڵام زۆر بەسەركەوتویی ئەو قۆناغانەی تەمەنی بڕیوە و خۆی لە هێرشی زمانی نەتەوەكانی دراوسێ و داگیركەران پاراستووە ، بەشێوەیەك كە هەر زمانێكی تر ئەو قۆناغانەی زمانی كوردی بڕیبێت ، مەحاڵە توانیبێتی پارێزگاری و بەرگرییەكی ماوەدرێژی بەو چەشنەی هەبێت .

سەبارەت بە زۆری زارو شێوەزار لە زماندا ، دیاردەیەكی تایبەت نییە بە زمانی كوردییەوە ، بەڵكو لە پێكهاتەی ناوخۆی هەمو زمانەكانی جیهاندا بەپێی جیاوازی جوگرافیاو شارو دەڤەرەكان زاری جۆراوجۆر هەیەو هیچ كات گرفتێكی ئەوتۆی دروست نەكردووە ، بەوێنە زمانی فارسی كە خوشكە زمانی كوردییەو هەر لەمێژە خاوەنی زمان و دەسەڵاتێكی تایبەت بەخۆی بووە ، كەچی چەندین زار و شێوەزاری جۆراوجۆری لێ بۆتەوە ، "د.مەعین" ((پتر لە پەنجا دیالێكتی بژاردووە )) (حوسێن محەمەد عزیز ، ٢٠٠٥: ٣١) ، لەگەڵ ئەوەشدا بە خەوش و كەموكورتی بۆ زمانی فارسی دانانرێت ، هەروەها زمانەكانی (عەرەبی ، فەرەنسی ، ئینگلیزی ، ... هتد) هەریەكەیان چەندین زارو شێوەزاری زۆرلێك جیاوازیان هەیە ، بە جۆرێك زۆرجار ئاخێوەرانی زارە جیاوازەكان لێكتر ناگەن و وەك دو زمانی جیاواز دەردەكەون .

مێژونوسان و زمانەوانانی كورد و بێگانە زمانی كوردییان بەسەر چەند زارێكی سەرەكی دابەشكردووەو هەریەكەیان بەپێی شارەزاییان لە زمانی كوردی و ئەو پێوەرانەی ، كە بەكاریان هێناون ، هەوڵیان داوە سنوری زار و شێوەزارە كوردییەكان دیاری بكەن(*) .

---

(*) یەكەم گەڕیدە كە بە فراوانی و تێروتەسەلی باسی زمانی كوردی و زارەكانی كردبێت ، بریتییە لە "ئەولیای چەلەبی" ، كە لە سیاحەتنامەكەیدا ساڵی (١٦٥٥) ، هەندێ تێبینی لەبارەی زمانی كوردییەوە نوسیوە و چەند دەقێكی (قسەی ژیانی ڕۆژانە) ی بە زمانی كوردی بۆ گواستوینەتەوە . (فەرهاد پیرباڵ ، ٢٠٠٧: ٧٣)

زمانی کوردی بەچەندین شێوازی جیاواز بەسەر زارەکانـدا دابەشـکراوە[1] ، لـەم توێژینـەوەیـەدا هـەوڵمان داوە هەندێك لە دابەشکردنە زانستییەکان بخەینە ڕو :

---

[1] هەندێك لەو دابەشکردنانە :

ـ موحەمەد مەردۆخی بە هەمان شێوەی شەرەفخان زارەکانی دابەشکردووە .(نەریمان خۆشناو، ٢٠١٢: ٢٩)

ـ ئێرانیناسی ئینگلیز د.ن. مەکەنزی زمانی کوردی دابەشکردۆتە سەر سێ زار :

١. زاری ژورو :(بایەزیدی ، هەکاری ، بادینانی ، دیاربەکر ، بۆتانی ، شەنگاری) .
٢. زاری ناوەڕاست :(موکری ، سۆرانی ، سلێمانی ، ئەردەڵانی) .
٣. زاری خوارو :(کرماشانی ، لەکی ، زەنگەنە ، ... ) . (د. زەرێ یوسوپۆڤا ، ٢٠٠٥ : ١٣-١٤) (بڕوانە : محەمەد ئەمین هەورامانی ، ١٩٧٣: ٤١)

(د. مەکەنزی) زاری گۆران - زازا و لوڕی نەخستۆتە نێو گروپەکانی زاری کوردی ، دیارە ئەم بۆچونەی ناوبراو تازە نییە ، چونکە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەلایەن هەندێك نوسەری سۆڤییەت و زانایانی ڕۆژئاوای وەك (ئۆسکارمان ، ك.هەدەنگ ، ئا.کریستنسن ، ... ) ئەم بۆچونە خراوەتە ڕو . (مەکەنزی) هەوڵی داوە ئەم بۆچونەی خۆی لە چوارچێوەی یاساو دەستوری زمانەوانیدا بچەسپێنێت ، بەڵام هەمویان توشی هەڵەی زانستی و مێژویی بون . "د. زەرێ" هەوڵی داوە وەڵامی هەندێك لە بۆچونەکانی د.مەکەنزی بداتەوە (بڕوانە : د. زەرێ یوسوپۆڤا، ٢٠٠٥: ١٣-١٧)

هەروەها ژۆیس بلۆ (کە پرۆفیسۆرە لە بەشی زمان- ئەدەبیات و شارستانیی کوردستان لە ئەنیستیتۆی نەتەوەیی زمانەکان و شارستانێتیی ڕۆژهەڵات لە پاریس) زارەکانی زمانی کوردی بەسەر سێ گروپدا دابەشکردووەو وای بۆ دەچێت ، کە زاری گۆرانی - زازایی و هەورامی سەر بە زمانی کوردی نیین:

١. گروپی زارە کوردییەکانی باکور کە پێی دەڵێن کرمانجی .
٢. گروپی زارە کوردییەکانی ناوەڕاست کە بریتییە لە سۆرانی .
٣. گروپی زارە کوردییەکانی باشور .

نوسەر پێی وایە کاتێك خێڵە ئێرانییەکانی دانیشتوی ئاسیای ناوەڕاست لە سەرەتای هەزارەی یەکەم و دووەمی پێش زاینیدا بەرەو بانی ئێرانی ئەمڕۆ و کەنارەکانی دەریای ڕەش کۆچی بە کۆمەڵیان کردووە . ئەو خەڵکە کوردزمانە ، کوردستانی ئەمڕۆیان داگیرکردووەو خەڵکە ئێرانیزمانەکان و خەڵکانی تری ناوچەکەشیان تواندۆتەوە و زمان و ناوی خۆیان بەسەریاندا سەپاندووە . ژۆیس بلۆ دەڵێت: "ئەڵبەتە هەندێك لەو خەڵکە لە بەرامبەر تواندنەوەی تەواودا خۆڕاگرییان کرد ، بۆیە دەبینین کە **هەندێ کۆمەڵی غەیرە کوردزمان لە کوردستاندا بونیان هەیە** " (فیلیپ کرینبروك ، کریستییەن ئالیسۆن ، ٢٠٠٨ : ٣٣) ناوبراو بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بۆچونەشی لە پەراوێزدا دەڵێت "لەناو ئەو خەڵکانەدا ، لەوانەیە بتوانین لە نێوان ئەوانە کە بە زمانەکانی بە بنەڕەت ئێرانی وەك گۆرانی و زازایی قسە دەکەن و مەسیحییەکان و یەهودییەکان (ئەو کەمینە ئایینیانە کە زمانەکەیان ڕەگوڕیشەی سامییان هەیە)جیاوازی دابنێن ... (فیلیپ کرینبروك ، کریستییەن ئالیسۆن ، ٢٠٠٨ : ٤٣)

ـ شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگی (خاڵ)دا ، زارە کوردییەکانی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

١. زازا .
٢. کرمانجیی دەستە چەپ (شیمالی) :(بۆتانی ، بادینی ، هەکاری ، بایەزیدی ، شەمدینانی ) .
٣. کرمانجیی دەستە ڕاست : (سۆرانی ، بابانی ، موکریانی، ئەردەڵانی ، کەلهوڕی ، گۆران) .
٤. لوڕی : ( بەختیاری ، لەکیی ، فەیلی ) .(شێخ موحەمەدی خاڵ ، ٢٠٠٥: ١٧)

ـ وریا ڕەحمانی لە کتێبی (کوردستان و کورد لەڕوانگەی نەخشەوانییەوە)دا زارە کوردییەکانی بەم شێوەیە دابەشکردووە :

أ- گروپی کرمانجی لە دو لقی سەرەکی پێکدێت :

١. بادینانی یان کرمانجیی ژورو (باکور) .
٢. سۆرانی یان کرمانجیی خوارو (باشور) . ==

شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣- ١٦٠٤) یەکەمین کەسە ، کە لە شاکارەکەیدا (شەرەفنامە) زیاتر لە چوار سەدە پێش ئێستا بەشێوەیەکی زانستی باسی لە نەتەوەی کوردو تیرە و هۆزەکانی کردووەو زارەکانی زمانی کوردی کردووە بە چوار بەشەوە :

١. کرمانج .
٢. گۆران .
٣. لوڕ .
٤. کەلهوڕ .(میر شەرەفخانی بەدلیسی ، ٢٠١٣: ٢١)

زۆریك لە زمانەوانان و مێژونوسان کەڵکیان لەم دابەشکردنەی شەرەفخان وەرگرتووە ، لەوانە تۆفیق وەهبی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەو ڕایەی شەرەفخانی کردووە بە بنچ و بنەوان بۆ دابەشکردن و دیاریکردنی زارە گەورەو بچوکەکانی زمانی کوردی . هەرچەندە ئەو دابەشکردنەی تۆفیق وەهبییش قسەی لەسەرە ، بەڵام لە نرخ و بەهای ئەو کارە زانستییە کەم ناکاتەوەو لە هەمو کات و سەردەمێکدا پشتی پێدەبەسترێت . (مارف خەزنەدار ، ٢٠١٠: ٤٨-٤٩) دابەشکردنەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە بو :

١. کرمانجی :
- کرمانجیی باکور : (بادینی ، بۆتانی ، ئاشتیانی ، هەکاری ، بایەزیدی)
- کرمانجیی باشور : (موکری ، مەهابادی ، سۆرانی ، هەولێری ، سلێمانی ، کەرکوکی ، سنەیی ، ئەردەڵانی) .
٢. لوڕی : (بەختیاری ، لەکی ، فەیلی ، کەلهوڕ ، مامەسەنی)
٣. گۆران : (باجەڵانی ، کاکەیی ، زەنگەنە ، هەورامی )
٤. زازایی : لە هەندێ ناوچەی (ئەرزڕۆم ، خەرپوت بەدلیس ، دیاربەکر) قسەی پێدەکرێ . (بێهزاد خۆشحاڵی ، ٢٠٠٨: ٢٢٧) (مارف خەزنەدار ، ٢٠١٠: ٤٩)

فوئاد حەمە خورشید لە کتێبی (زمانی کوردی دابەشبونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی) دا ، کە سودێکی زۆری بە نەخشە گرنگەکەی (ماردوڤ میرا)ی ڕوسی گەیاندووە بۆ دانانی ئەتلەسی گەلانی جیهان ، لەو کتێبەدا زارەکانی زمانی کوردی کردووە بە چوار بەشەوە :

١. کرمانجیی باکور : (بایەزیدی ، هەکاری ، بۆتانی ، شەمزینانی ، بادینانی ، زاری ڕۆژئاوا)
٢. کرمانجیی ناوەڕاست : (موکری ، سۆرانی ، ئەردەڵانی ، سلێمانی ، گەرمیانی)
٣. کرمانجیی باشور : (لوڕی ڕەسەن ، بەختیاری ، مامەسەنی ، کۆهگلۆ ، لەك ، کەلهوڕ)
٤. گۆران : (گۆرانی ڕەسەن ، هەورامانی ، باجەڵانی ، زازا ) (فوئاد حەمەخورشید ، ١٩٨٥: ٤٠) .

---

ب- گروپی پەهلەوانی (پەهلەوانیك) ، کە ئەمیش لە دو لقی سەرەکی پێکدێت :
١. دیمیلی یان زازایی .
٢. گۆرانی (هەورامانی ، لەکی ، ...هتد ) . (وریا ڕەحمانی ، ٢٠٠٩ : ٣٢٧)

ـ جەمال نەبەز لە کتێبی(زمانی یەکگرتوی کوردی)دا زارە کوردییەکانی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

ا- دو شێوە بنچینەییەکە :

١. کرمانجیی ژورو : (بۆتانی ، جەزیرەیی، هەکاری ، بادینانی ، ئاشیتەیی ، بایەزیدی) .
٢. کرمانجیی ناوەڕاست : (سلێمانی ، سنەیی ، ئەردەڵانی ، کەرکوکی ، گەرمیانی ، هەولێری ، سۆرانی ، موکری ، شارباژێڕی ، پشدەری)

ب- دولا تەنیشتەکە :

١. کرمانجیی ژێرو : (فەیلی ، کرماشانی ، لەکی ، کەلهوڕی ، خانەقینی ، لوڕی) .
٢. کۆمەڵەشێوەی گۆرانی - زازایی . (جەمال نەبەز ، ١٩٧٦: ٢٢)

سەجاد جەهانفەرد (ژیار) لە توێژینەوەییەکیدا بە ناونیشانی (زمانی کوردی و شێوەزارەکانی ) ، کە پشتی بە پێوەرە زمانەوانییەکان بەستووە لە بواری دەنگسازی - برگەیی ، سینتاکسیدا ، لە پێشەکی توێژینەوەکەدا ئاماژەی بەوەش داوە ، کە لەم دابەشکردنەدا تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی هەمو شێوەزارەکانی کردووە . بەپێی توێژینەوەکە زمانی کوردی لە دو لقی سەرەکی کرمانجی و گۆرانی - زازایی پێکدێت ، هەریەك لەو دو لقەش سێ شێوەزاری لێ دەبێتەوەو هەر شێوەزارێکیش چەند بنزارێکی هەیە :

ا- دەستەی کرمانجی :

١. کرمانجیی ژورو و بنزارەکانی: (کرمانجی، بادینی، بایەزیدی، بۆتانی، هەکاری، شەمزینانی ، ..هتد)
٢. کرمانجیی ناوەڕاست و بنزارەکانی :(سۆرانی ، موکریانی ، بابانی ، ئەردەڵانی(سنەیی) ، سەقزی ، پشدەری ، هەولێری ، جافی ، ...هتد )
٣. کرمانجیی خوارو (کەلهوڕی) و بنزارەکانی : (گێلانی(ئەیوانی و شابادی) ، کرماشانی ، خانەقینی ، ئیلامی ، گەرۆسی(بیجاڕی) ، گاوارەیی(گۆران) ، کولیایی ، سنجاوی و خزڵی ، بەیرەیی ، کوردەلی ، کرنی) .

ب- دەستەی گۆرانی :

١. هەورامی: (لهۆنی ، تەختی ، شەبەکی ، کاکەیی ، کەنولەیی ، زەردەیی ، گەورەجووی )
٢. زازاکی : (کردکی ، کرمانجی ، دملکی )
٣. لەکی : (ناوەندی(کاکەوەنی) ، کودەشتی ، هەرسینی) (سەجاد جەهانفەرد ، ٢٠١٥: ٢٧٠- ٢٧٢)

١- ٣- ٢- سنوری جوگرافی زاره كوردییەكان :

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ، تاكو ئێستا پێوەرێكی چەسپاو و سەركەوتو بۆ جیاكردنـەوەی سـنوری نێـوان زمـان و زار و شـێوەزار لـە ئـارادا نییـە ، بۆیـە لـە جیاكردنـەوەی سـنوری جـوگرافی نێـوان زار و شـێوەزارە كوردییەكانیشدا هەمان كێشەمان ڕوبەڕو دەبێتەوە ، بەڵام دەتـوانین بەشـێوەیەكی گشـتی و پشـت بەسـتن بـە چەند توێژینەوەو ژێدەرێك سنوری جوگرافی زارەكان دەستنیشان بكەین :

١. زاری ژورو : لـە هـەمو زارەكـانی تـری زمـانی كـوردی فـراوانترە و ئـاخێوەرانی زیـاترە ، چـونكە لـە بـاكوری كوردسـتاندا پارێزگاكـانی (بایەزیـدی ، وان ، جۆلـە مێـرگ ، سـیعرت ، مـوش ، مـاردین ، دیاربەكر ، خەرپوت ، ئەدیابان ، غازیان تەپە ، بەشەكانی خۆرهەڵاتی پارێزگای مەرعەش و سیواس و بەشەكانی باشـوری پارێزگـای ئـەرزەڕۆم و قـارس) هـەمو بـەم زارە دەدوێـن ، هـەروەها كوردەكـانی باشوری خۆرئاوای ئەرمەنستان ، ڕوسـیاو بـاكوری سـوریاو دانیشـتوانی پارێزگـای دهـۆك و قـەزاكانی زێبار و ئامێدی و شێخان و سنجار و ئاكرێ لە كوردستانی عێراق و كوردەكانی ئورمییە و سـەلماس و ناوچـەكانی تـری شـكاك بـەم زارە دەدوێـن . (Fuad Hamakhorshid,1983:23) (نـەریمان خۆشـناو ، ٢٠١٤: ٦٩) هــەروەها ناوچــە كوردنیشــینەكانی (ئــەرمینیا ، جۆرجیــا ، ڤیرغســتان ، كازاغســتان ، ئازەربێجان ، ئەفغانستان ، ناوچە كوردنشینەكانی لوبنان(دروزییەكان) و چیچان) بەم زارە دەدوێن . (عەبدولەناف ڕەمەزان ئەحمەد ، ٢٠٠٩: ٥٩) شێوەزارەكانی ئەم زارەش پێكهاتون لە (بایەزیدی ، هـەكاری ، بۆتانی ، شەمدینانی ، بادینانی ، شێوەزاری خۆرئاوا) . (Fuad Hamakhorshid,1983:17)

٢. زاری ناوەڕاست : ئەم زارە ئـاخێوەرانی شـارو ناوچـەكانی (سـنە ، سـەقز ، بانـە ، مـەریوان ، تیكـاب ، دیواندەرە ، جوانڕۆ ، مەهاباد ، سەردەشت ، بۆكان ، میاندۆ ، شنۆ ، نەغەدە ، ڕەوانسەر ، سـەوڵئاوا ، لـەیلاخ ، گـەڕوس ، سـایەنقەڵاو ، هەوشـار) لـە ڕۆژهـەڵاتی كوردسـتان و (ڕەوانـدوز، هـەریر، پشـدەر، كەركوك ، دوكان ، كفری ، كەلار، چەمچەماڵ ، شەقڵاوە ، كۆیە ، قەڵادزێ ، سلێمانی ، پێنجوێن) لـە باشوری كوردستان ، دەگرێتەوە . (بابان سـەقزی ، ٢٠١٢: ٣٨) شێوەزارەكانیشـی بـریتین لـە : ( سـلێمانی ، سۆرانی ، هەولێری ، سنەیی ، ئەردەڵانی ، كەركوكی ، گەرمیانی ، موكری ، شـارباژێڕی ، پشـدەری) . (عەبدولواحید موشیر ، ٢٠١١: ٩٣)

٣. زاری خوارو (باشور- لوڕ) : ئاخێوەرانی زاری خوارو لە ناوچەو مەڵبەندەكانی (ئەندیمشك ، مەلایەر، دزفول ، شاری كـورد ، چـوار مـەحاڵ ، پۆشـتكۆ ، مامەسـەنی ، خـوڕەم ئـاوا ، ئەلشـتەر، سوسـەنگرد ، كرماشان ، ئیلام ، ماهیدەشت ، قەسرشرین ، دینەوەر ، بیجار ، ئەیوان ، كەنگاوەر ، سۆمار ، موسیان ، دێهلوڕان ، ئابادان ، سوقری ، كولیای ، مێهران ، سـەرپیل زەهـاو ، كەرەنـد ، هەرسـین ، تویسـركان ، ئەسەدئاوا ، دالاهۆ ، كمیاران ، خوسرەوی ، ڕێژاو ، بروجرد ، پولدختەر ، ئـەلیگودەرز ، نـەیریز) لـە ڕۆژهەڵاتی كوردستان ، (مەندەلی ، بەدرە ، كووت ، خانەقین) لە باشوری كوردستان ، شێخ بزێنێ لـە باكوری كوردستاندا بڵاو بونەتـەوە . (بابـان سـەقزی ، ٢٠١٢: ٣٩) شـێوەزارەكانی ئـەم زارەش بـریتین لـە: (لوڕی ڕەسەن[1] ، بەختیاری ، مامەسـەنی ، كۆهگلـۆ ، لـەك ، كـەلهوڕ) (فوئـاد حەمەخورشـید، ١٩٨٥: ٤٠) .

---

[1] چەند زاراوەیەكی تریشی بۆ بەكارێت ، وەك (لوڕی ڕەسەن- لوڕی فەیلی) یاخود (لوڕی بچوك) ، هەمویان یەك واتا دەگەیەنن . (بڕوانە : ئاسۆ عەبدولڕەحمان كەریم ، ٢٠١٤: ١٥)

سنوری جوگرافی ئەم زارە لە ڕۆژهەڵاتی خانەقینەوە تا عەلی غەربی بە پانی و درێژی تا کرماشان و نەهاوەندە . بەگوێرەی ڕای زۆربەی مێژونوسان و نوسەرانی وەك (شەرەفخان ، ئەلمەسعودی ، ئیبن قوتەیبە ، تەبەری ، ڕاوڵف ، ڕیچ ، ... هتد) لوڕەکان بە کورد ناسراون ، بەڵام پێش جەنگی یەکەمی جیهانی "ئۆسکارمان" بەبێ شارەزایی و زانیاری لەبارەی زمانی کوردی و زارەکانییەوە لوڕەکانی وەك بەشێکی جیا لە کورد ناساند . ( عەبدولواحید موشیر ، ٢٠١١: ١٠٧)

٤. زاری گۆران - زازایی : ئەگەرچی هەردو دەڤەری زازا (دەملی) و گۆران لە ڕوی جوگرافییەوە لەیەکەوە دورن ، بەڵام ڕیشەی هەردوکیان یەکەو پاشماوەی ڕەسەنی زمانی ئاڤێستایین . (بابان سەقزی ، ٢٠١٢: ٣٩) سنوری ئەم زارە لە باشورەوە لە ڕێگەی نێوان قەسری شیرین - کرماشانەوە دەست پێدەکات و بەرەو باکور کشاوە تا دەگاتە کێوەکانی هەورامان ، لە خۆرئاواشەوە هەر لە سەرچاوەکانی سیروانەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی داپۆشیوە تا دەگاتە کرماشان . (فوئاد حەمە خورشید ، ١٩٨٥: ٧٠) شێوەزارەکانی ئەم زارەش بریتین لە :

ا. هەورامی : بنزارەکانی ( لهۆنی ، تەختی ، شەبەکی ، کاکەیی ، کەنولەیی ، زەردەیی ، گەورە جویی) دەگرێتەوە . ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە (هەورامی) بە ناوچەکانی ( پاوە و مەریوان ، نەوسوود ، نووشە ، گوندی کەنۆلە لە کولیایی و دو گوندی زەردە و گەورەجوو لە دالاهۆ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاو بونەتەوە ، لە باشوریشدا لە دەڤەرەکانی ( بیارە ، تەوێڵە ، بەشێك لە دانیشتوانی هەڵەبجە ، بەشێك لە ئاخێوەرانی کەرکوك (کە بە کاکەیی زیاتر ناسراون) ، شەبەکەکان لە موسڵ) نیشتەجێن .

ب. زازایی : بنزارەکانی (کردکی ، کرمانجی ، دەملکی) دەگرێتەوە . ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە لە ناوچەکانی ( دەرسیم ، ئەرزەرۆم ، ئەرزەنجان ، بەشێك لە ئامەد) نیشتەجێن .

پ. لەکی : بنزارەکانی (ناوەندی (کاکەوەنی) ، کوودەشتی ، هەرسینی) دەگرێتەوە . بەشێك لە ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە لە ناوچەکانی : (دلفان (نور ئاباد) ، کو دەشت ، ئەلشتر ، خورماوا ، بەشێك لە بروجرد ، بەشێك لە نەهاوەند ، هلێران ، بەشێکی بچوکی ئاودانان لە پارێزگای ئیلام و کرماشان ، هەرسین ، بەشێکی بچوك لە کەنگەوەر و دەوروبەری سەحنە) نیشتەجێن . (سەجاد جەهانفەرد ، ٢٠١٥: ٢٧١ -٢٧٢)

## ٢- بەشی دووەم : ململانێی نێوان زارەکان و هۆکارەکانی

### ٢- ١- تەوەری یەکەم :

### ٢- ١- ١- زاراوەو چەمك و پێناسەی ململانێی زار :

زاراوەی ململانێ لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر وشەی ( Conflict ) و لە عەرەبیدا بەرامبەر وشەی (الصراع) دێت ، هەروەها لە زمانی لاتینیشدا بنەڕەتەکەی بۆ وشەی(Confligere) دەگەڕێتەوە کە بە واتای دۆخێکی کێشەدار دێت ، بە هۆی دو تێڕوانینی پێچەوانە ، یاخود دو بەرژەوەندی دژبەیەك ، یان دو ئامانجی لێکجیا ، لە نێوان دو کەس یان دو گروپ یان دو نەتەوەی جیاواز دروست دەبێت . ( ئازاد عەزیز سلێمان ، ٢٠١٤ :٣٩ )

واتای ئەم زاراوەیە بە پێی چەند فەرهەنگێکی زمان[١] ، بە هەندێ وشەو دەستەواژەی لێکنزیکی وەك: (جەنگ، ڕقەبەرایەتی ، زۆرانێ ، ڕازی نەبون ، رکەبەری ، پێکداکێشان ، ململانێکردن ، جیاوازی ، کێشمەکێش ، بەرەنگاربونەوە ) لێکدراوەتەوە . لە فەرهەنگی "ئۆکسفۆرد" دا بەم شێوەیە پێناسەی (ململانێ) کراوە : (( بریتییە لە بارودۆخێکی دژوارو جەنگئامێز ، کە لە نێوان کۆمەڵە خەڵکێك یان چەند گروپێك یاخود چەند وڵاتێکدا ڕودەدات و زنجیرەیەك ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە ، بۆ نمونە پەیدابونی توندوتیژی و پێکدادان لە ئەنجامی ململانێ سیاسییەکانەوە )) ( A S Hornby , 2005 , 258 ) ، هەروەها لە فەرهەنگی ( الموسوعة العربية الميسرة)دا "ململانێ" بەوە لێکدراوەتەوە ، کە (( چالاکبونی دو پاڵنەرە لە یەك کاتدا ، کە هەردوکیان داخوازی جۆرە هەڵسوکەوتێکی دژبەیەك دەکەن ، ململانێکانیش لە نێوان دو ئارەزو یان دو ئامانج یاخود دو ڕێبازدا ڕودەدەن بۆ گەیشتن بە ئاکام )) (السيد حسن جلال العروس ، ١٩٨٧ : ١١٢١) .

زاراوەی"ململانێ" لە زۆر بوارو زانستی جیاوازدا بەکاردەهێنرێ ، وەك بواری (ئاینی ، سیاسی ، زمانەوانی ، کۆمەڵناسی ، ....) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زاراوەکە لێڵە و لەهەر زانستێکدا بوار و پێناسە و سنوری بەکارهێنانی خۆی هەیە و چەمکێکی دیاریکراو دەگەیەنێ . لە بواری زمانەوانیدا بابەتێکی نوێیە و (دەچێتە خانەی لقێکی دیاریکراو لە زانستی زمان ، کە بە زمانەوانیی بەریەککەوتن ناو دەبرێت ) . (پیتەر هانز نێڵدە ، ٢٠١٠ : ١٢٨)

ئەوەی لە بارەی مرۆڤ و بونەوەرانەوە دەوترێ لە بارەی زمانیشەوە دەوترێت ، چۆن مرۆڤەکان لە پێناو مانەوەدا جەنگ و ململانێ دەکەن و هەوڵی سەرکەوتن بەسەر یەکتردا دەدەن ، بە هەمانشێوە زمان و زارەکانیش هەمو ئەو چالاکییانە ئەنجامدەدەن . (عبدالصبور شاهين ، ١٩٨٠: ١٩٠) (محمد عطوات ، ٢٠٠٣: ٤٥) نەك هەر ئەوە بەڵکو زمان خۆی یەکێکە لە چالاکییەکانی مرۆڤ و هەندێك جار دەبێتە قوربانی ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان .

---

[١] بڕوانە : ا- فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە (هەژار ، ١٣٧٤ : ٨١٣) .

ب- فەرهەنگی فوئاد ( فوئاد رەشید بەکر ، ٢٠٠٥: ٨٧) .

پ- فەرهەنگی (پیشرو آریانپور ) (د. منوچهر آریانپور کاشانی ، ١٣٨٤ : ٢٧٣) .

ت- فەرهەنگی شارا (عەبدوڵلا جەبار ، ٢٠٠٧: ٣٩٨ ) .

ج- فەرهەنگی ژیر (ڕزگار کەریم ، ٢٠١١: ٣٣٠) .

ح- فەرهەنگی جاف (ئیحسان عەلی عەبدولکەریم ، ٢٠٠٩: ١٢٤) .

توێژینەوە لەبارەی بەریەککەوتنی زمان و زمانەوانی بەریەککەوتن لە ماوەیەکی کورتدا بو بەیەکێك لە بیرۆکە سەرەکییەکانی زمانەوانی جۆراوجۆری (Variation Linguistic) ، کە مێژووەکەی پتر بۆ سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە . ئەم بوارە تازەیەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ، میتۆدو ڕێبازی لێکۆڵینەوەی کۆزمانەوانی ( Sociolinguistics ) یان سۆسیۆلۆجی زمان بەکاردەهێنێت و بۆ یەکەم جاریش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەریهەڵدا ، بەتایبەتیش لە بەرهەمەکانی ڤاینرایخ ( weinreich ) و فیشمان ( Fishman ) و دواتریش لەبۆوڤ ( Labov ) ، لە ڕاستیدا بەرهەمی ئەم زمانەوانانە ژیانەوەی توێژینەوە مەیدانی و ئەزمونییەکان بو ، کە ساڵانێکی زۆر پەراوێز خرابون . (پیتەر هانز نێڵدە ، ٢٠١٠: ١٢٩-١٣٠)

چەمکی ململانێ لە زمانی کوردیدا چەندین زاراوەی بۆ بەکارهاتووە لەوانە ( ململانێ ، شەڕ ، ناکۆکی ، پێکدادان ، ....) لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی (ململانێ) پەسەند کراوە ، بەهۆی گونجانی لەگەڵ ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا .

زاراوەی (ململانێ) بۆخۆی زاراوەیەکی لێڵ و تەمومژاوییە ، جا چ لە زمانەوانی بەریەککەوتندا بەکاربێت ، چ بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەو ململانێ کۆمەڵایەتییانە بەکاربێت ، کە لە هەلومەرجی فرەزمانی و فرەزاریدان . ( هەمان سەرچاوە ، ١٤٠)

ئەگەرچی ململانێی زمان یاخود بەریەککەوتنی زمان زیاتر باس لە کێشە و ململانێی نێوان دو زمانی سەر بە دو نەتەوەی جیاواز و دو دەسەڵاتی سیاسی جیاواز دەکات و لەو پێناوەدا لێکۆڵینەوەکان ئەنجام دەدرێن ، هەروەها زمانەوانان و کۆمەڵناسانیش بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵی جوتزمان و فرەزمانەکان دەکەنە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکانیان ، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە دەکرێت لەناو چوارچێوەی یەك زمان و یەك نەتەوە و وڵاتدا ململانێ ڕوبدات کە ئەویش ململانێی نێوان زارەکانە ، هەرچەندە کەمتر توێژینەوەی لەسەرکراوە ، بەڵام لەناو زۆربەی زمانەکاندا کەم تازۆر ململانێی زارەکان دەبینرێت و بووە بە دیفاکتۆ .

تێگەیشتن لە چەمکی (ململانێی زمان) خۆی بۆخۆی لە لایەن زمانەوانانەوە بۆچونی جیاواز هەڵدەگرێت ، بە وێنە هارمان و ڤاینرایخ (Weinreich) ململانێی زمانی بەشێوەی جیاواز لێکدەدەنەوە ، هارمان دو جۆر ململانێی زمانی جیاکردۆتەوە، کە یەکێکیان لە نێوان زمانەکان ڕوودەدات و ئەوی تریان لە نێوان ئیتنیکەکان ، هەروەها ڤاینرایخ فرەزمانی (کە زیاتر مەبەستی جوتزمانییە) و ئەو دیاردانەی تێکەڵ بەو دەبن ، بەگرنگترین فۆرمی بەریەککەوتنی زمان لە قەڵەم دەدات بە بێ ڕەچاوکردنی ململانێی نێوان کۆمەڵگا زمانییەکان لەسەر بنچینەی جیاوازی و ناکۆکی ئیتنیکی و ئاینی و ڕۆشنبیری . (پیتەر هانز نێڵدە ، ٢٠١٠: ١٤٠)

لە ڕاستیدا ململانێی نێوان زارەکانی زمانێك دەچێتە خانەی ململانێی ناوەوەی زمانەوە ، هەروەك لویس جان کالفی ( Louis Jean Calvet ) لە پێناسەی (ململانێی زمان)دا دو جۆر ململانێ جیا دەکاتەوەو پێی وایە "ململانێ" لە ناوەوە و دەرەوەی زماندا ڕوودەدات ، ململانێی ناوەوەی زمان پەیوەستە بە سیستەمی ناوخۆی زمان و بونیادنان و پەرەسەندنییەوە ، لە دەرەوەی زمانیشدا پەیوەندی زمانەکانە لەگەڵ یەکتردا . (لویس جان کالفی ، ٢٠١٢: ٢٨٠) هەروەها "ماتهایەر"یش پێیوایە، دەکرێت ململانێ لە کۆمەڵی تاکزماندا ڕوبدات، واتە دەکرێ زارەکانی زمانێك لە ناوخۆی یەك کۆمەڵدا بکەونە ململانێوە . (پیتەر هانز نێڵدە ، ٢٠١٠: ١٤٢)

(عەلی عەبدولواحید وافی)یش لە کتێبی (اللغە و المجتمع) دا چەند پەڕەیەك بۆ بابەتی ململانێی نێوان زارە ناوچەییەکان تەرخان دەکات و چەندین نمونەی مێژویی لەو بارەیەوە دەهێنێتەوەو دەیکاتە کەرەستەی باسەکەی . (علی عبدالواحد وافی ، ١٩٨٣ : ١١٩-١٢٥)

هەندێ لەو کۆمەڵناسانەی لە گرفتەکانی بەریەککەوتنی زمان لەنێو گروپە ئیتنیکیەکان دەکۆڵنەوە ، پێناسەی "ململانێ" بەوە دەکەن ، کە ( بریتییە لە پێکدادانی هەندێ بەرژەوەندی و بەها بەجۆرێك ترسێکی ڕاستەقینە یان ڕوکەشانە بەرهەم بهێنێت ، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لایەنێك ، بەم پێیەش پێویستە ڕێگری لە ئامانجەکانی بەرامبەر بکات یان هیچ نەبێت کپی بکاتەوە و سنوری بۆ دابنێ ، ئەمەش زیاتر بە ململانێی بەهاکان ( Values ) دادەنرێت ، چونکە بریتییە لە پێکدادانی چەند پێوەر یان نۆرمێکی سلوکی و لەباری ئاساییشدا تەنها یەك لەو پێوەرانە بەڕەوا ( Valid ) دادەنرێت) . (پیتەر هانز نێلدە ، ٢٠١٠: ١٣٦)

ململانێی نێوان زارەکان یاخود زارە ناوچەییەکان و زمانی بالا مێژویەکی زۆر کۆنی هەیە و تا ئێستاش بەردەوامە ، بۆ نمونە لە سەردەمی گریکەکاندا دو جۆر زمان (بالا و نزم) هەبووە ، کە بریتیبون لە زمانی گریکی و زمانی بەربەری (واتە نامۆ) ، ئەم پۆلێنکردنەش گریکەکان خۆیان دایانهێنابو ، چونکە هەر کەسێك بە گریکی قسەینەکردایە ئەوە بە نامۆیان لە قەڵەم دەدا و توشی توانج و شەرمەزاری و گاڵتەجاڕی دەبووەوە و چاوپۆشی لێنەدەکرا . لاتینەکانیش بەهەمان شێوە پێیان وابو ، کە هەمو گەلان (جگە لە گریك و لاتین) بەربەرن ، گوایە کاتێ قسەیان کردووە زمانی ڕەسەنی ئەوانیان شێواندووە . بنەڕەتی ئەم بۆچونانەش لە دەمارگیری و جیاوازی زمانییەوە بۆ لاوازکردنی زارە ناوچەییەکان و زمانە کەمینەکان سەری هەڵداوە . (لویس جان کالفی ، ٢٠١٢: ٦٥-٦٦)

ئەو ڕەوشە زمانییە تاکو سەدەی شازدەیەم بەردەوام بو ، پێش ئەوە زمانی لاتینی باڵی بەسەر هەمو کیشوەری ئەوروپادا کێشابو ، زارە ناوچەییەکانی تری وەکو فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتالی و ئینگلیزی بەچاوێکی نزمەوە سەیردەکران و بە زمانی ناشارستانی دادەنران ، هەرچەندە ئەو زارانە لە ناوچەکانی خۆیاندا بەکاردەهێنران و هەر لە سەرەتای سەدەی چواردەشەوە شیعریان لە هەندێك ناوچەدا پێدەنوسرا ، بۆ نمونە "دانتی" لە سەرەتای سەدەی چواردەیەمەوە شیعری بە (زاری فلۆرنسا - ئیتالی) دەنوسی و چۆسەر لە کۆتایی سەدەی چواردەیەمدا بە (زاری لەندەنی- ئینگلیزی) شیعری دەنوسی ، ئەو دو شاعیرە ڕۆڵێکی بالأیان هەبووە لە هەڵبژاردنی زاری فلۆرەنسا و لەندەن بە زمانی نەتەوەیی و جیابونەوەیان لە زمانی لاتینی . (محەمەد معروف فەتاح ، ٢٠١٠: ٣٥٨)

لەوەی باسکرا بۆمان ڕون بویەوە، کە مەرج نییە ململانێ تەنها لە نێوان نەتەوە و زمانی جیاوازدا ڕوبدات، بەڵکو دەکرێ ململانێ لەنێوان دو زاری زمانێك (بەتایبەتی زمانی ستاندارد و زاری ناوچەیی) ، یاخود زمانی نەتەوەیەك لەگەڵ زاری نەتەوەیەکی تردا ڕوبدات ، زارەکانی زمانی کوردی باشترین نمونەی بەردەستن ، کە مێژویەکی درێژە بە ئێستاشەوە لەگەڵ هەرسێ زمانی (عەرەبی ، فارسی ، تورکی)دا لە ململانێیەکی سەختدان ، زاری ناوەڕاست و لوڕ لە ڕۆژهەلاتەوە لەگەڵ زمانی فارسی و لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ زمانی عەرەبی ، هەروەها زاری ژورو لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ هەردو زمانی تورکی و عەرەبیدا لە ململانێدان .

کۆزمانەکان کاتێك باسی زمانی کۆمەڵێك یان وڵاتێك دەکەن زاراوەی (زار) دێننەکایەوە . بۆ نمونە ، کاتێك دو زمان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بەکاردێت ، لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە ئەو وڵاتە بە کۆمەڵی جوتزار دەژمێردرێ . (محەمەد معروف فەتاح ،٢٠١٠: ١٥٠) پێویستە ئەوەش بزانین ، کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان زمان و زاردا نییە بە بەڵگەی ئەوەی تاکو ئێستا پێوانە و پێوەرێکی تەواو بۆ جیاکردنەوەی سنوری نێوان زمان و زار لە ئارادا نییە و گرفتێکی گەورەی چارەسەر نەکراوی کۆزمانەوانەکانە ، وەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا .

## ٢- ١- ٢- کۆمەڵ و بەکارهێنانی زار

### ٢- ١- ٢- ١- کۆمەڵی تاکزار

ئەوەی تا ئێستا زانراوە کۆمەڵی تاکزار بونی نییە ، یاخود کەم و دەگمەنە (محەمەدی مەحوی ، ٢٠٠٨: ١١١) (شێرکۆ حەمەئەمین و بڕوا ڕەسول ئەحمەد ، ٢٠١٤: ٨٢) ، مەگەر تەنها قۆناغی دوای جیابونەوە لە زمانی دایك ، کە قۆناغێکی کورت و کەم خایەنە و زۆری پێناچێ شێوەزارەکانی ئەم زارەش هەریەك بە ئاراستەیەك گەشەو گۆڕانیان تێدا ڕودەدات و جیاوازی نێوانیان زۆر دەبێت ، چونکە ئەو زنجیرە گۆڕانکارییانە وەك یاسایەکی سروشتی ژیانی زمان هەمیشە بەردەوام دەبن .

کۆمەڵی تاکزار دەبێ کۆمەڵێکی بچوك بێت ، بە شێوەیەك کە هەمو ئاخێوەرانی کۆمەڵەکە لێکبگەن ، ئەمەش زیاتر لەناو ئەو گەلانەدا سەرهەڵدەدات کە لە شێوەی تیرە و هۆزو خێڵدا دەژین ، لە باری وا سادەشدا زۆر هۆکار دەبنە مایەی جیاوازی لە زمانی خەڵکەکەدا وەك ژن هێنان لە دەرەوەی هۆزەکە و پەیوەندی کڕین و فرۆشتن و کۆچکردن و چەندین هۆکاری تر ، ئەمەش دەبێتە هەنگاوێکی گەورە بۆ دروستبونی کۆمەڵی جوتزار لە ماوەیەکی کورتدا ، دواتریش بە تێپەڕبونی کات کۆمەڵی فرەزار دێتە ئاراوە . (محەمەد مەعروف فەتاح ، ٢٠١٠: ١٥٣-١٥٤) هەروەك "ماریۆ پای" دەڵێت : ((لەنێو هەر کۆمەڵێکی زمانیدا بونی زاری جیاواز شتێکی ئاساییە ، مەگەر تەنها لەنێو کۆمەڵە بچوکەکاندا ئەم دیاردەیە نەبینرێت ، تەنانەت لەو بارەشدا ، جیاوازی لە شێوازی دەربڕینی تاکەکەسدا هەر بەدی دەکرێت . زمان ئەگەر دەستی تێوەر نەدرێت ئەوا بە پێی جیاوازی شوێن و کات دەگۆڕێت و دابەشدەبێت)) . (ماریو بای ، ١٩٩٨: ٢١٥)

### ٢- ١- ٢- ٢- کۆمەڵی جوتزار

هەمو زمانێك لە ڕوی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەوە لەشێوەی دو جۆر زاردا خۆی دەنوێنێ ، کە یەکێکیان سەرەکی و گشتییەو ئەوی تریان ناوچەیی و سنوردار و تایبەتە . زاری سەرەکی بەڕادەیەکی زۆر هەمو سیما و خاسیەتەکانی زمانەکەی تێدا بەدی دەکرێت ، بۆیە هەندێك جار زمانەوانان بەیەك ئاست لەگەڵ زمانەکەدا پۆلێنی دەکەن ، ئەم زارە سەرەکییە لەگەڵ ڕەوتی زمانەکەدا دەڕوات، تاوەکو لەقۆناغێکدا بارێکی ( سیاسی ، ئابوری ، ڕۆشنبیری ، ....) بۆ هەڵدەکەوێ و سیمای زمانی پێدەدرێت و لە پلەی زارەوە بۆ پلەی زمان بەرز دەکرێتەوە ، بەڵام زاری تایبەتی زیاتر زارە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە . (یوسف شەریف سەعید ،

٢٠١٢: ٧٠-٧١) كە گرنگی بەجیاوازی ئاخاوتنی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەدات بەپێی (پیشە و ناوچە و ڕەگەز و ئاستی ڕۆشنبیری و ....) باشترین نمونە زارەکانی زمانی عەرەبییە لە وڵاتانی عەرەبیدا ، کە هەریەکە لەو وڵاتانە بە دو زمان یاخود بە دو زار دەدوێن ، زارێك کە زمانی فەرمی هەمو وڵاتانی عەرەبییەو لە دامودەزگا حکومییەکان و ناوەندەکانی خوێندندا بەکاردێت ، زاری ناوچەیی هەریەك لەو وڵاتانەش لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و هەندێ کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و کاری هونەریدا بەکاردێت ، ئەم زارانە لەلایەن دەسەڵاتەوە پەسەندن و قەدەغە ناکرێن ، بەڵام ناشتوانن جێگەی زمانە فەرمییەکە بگرنەوە . جگە لەوەش زمانە فەرمییەکە و زارە ناوچەییەکان لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە بەیەك چاو سەیر ناکرێن . (محەمەد مەعروف فەتاح ، ٢٠١٠: ١٥١)

بونی دو شێوە ئاخاوتن لە زمانێکدا لە میانی گفتوگۆکردنی کۆمەڵایەتیدا بووە هۆی سەرهەڵدانی زاراوەی (دایگلۆسیا) لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا ، ئەم چەمکە ئاماژە بە ڕەوشێکی زمانی دەکات ، کە دو جۆری جیاوازی زمان پێکەوە دەبینرێن (شێوەی باڵا- variété baute) و (شێوەی نزم- variété blass) کە هەر جۆرێکیان بۆ بوارێکی جیاواز و بارێکی کۆمەڵایەتی دەست دەدات . (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٠: ٧-٨) (فاطمة حجاري، ٢٠١٢: ٢٤٤) زۆرجار شێوەی باڵا بە زمانی بەهێز و شێوەی نزم بە زمانی لاواز ناو دەبرێت . (يمينة تومی ستيواح ، ٢٠١٢: ١٨١)

لە هەلومەرجی کوردستاندا زمانی کوردی زمانێکی دایگلۆسیایە[*](کامیار سابیر ، ٢٠٠٩: ٩١) . شێوەزاری سلێمانی بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی ، کە ماوەی سەدە و نیوێکە لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری و پەروەردەییدا هەیبووە ، توانیویەتی وەك زمانی ئەدەبی لە باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی بچەسپێنێت ، ئەمەش بە لەدەستدانی سیما و تایبەتمەندییەکانی شێوەزار بەرهەم دێت، کە لە ئێستادا ئەو زمانە ئەدەبییە توانیویەتی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاست و تەنانەت خودی شێوەزاری سلێمانییش تاڕادەیەك جیاواز بێت ، هەروەها بەکارهێنانی ئەم زمانە ئەدەبییە لە دامودەزگا حکومی و کارگێڕییەکان و ناوەندەکانی خوێندندا وایکردووە ، کە دیاردەی دایگلۆسیا بە ڕونی دەربکەوێت و ئاخێوەران بەگشتی هەست بە بونی زمانی باڵا و زمانی نزم بکەن و بواری بەکارهێنانی هەریەکەیان بزانن .

سەبارەت بە زاری ژورو ئەوا کەمتر لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پەروەردەییدا بەکارهاتووە ، ئەگەرچی لەم چەند ساڵەی دوایدا شێوەزاری بادینی وەك زمانی فەرمی دامودەزگا حکومی و ناوەندەکانی خوێندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسنوری پارێزگای دهۆك بەکاردەهێنرێت ، بەڵام بەهۆی کورتی ماوەی بەکارهێنانییەوە وەك زمانی فەرمی و پەروەردەیی جیاوازییەکی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێت لەگەڵ زاری ڕۆژانەی دەڤەری بادیناندا ، ئەمەش وای کردووە دایگلۆسیا لە زاری ژورودا کەمتر دەربکەوێت ، واتە کەمتر هەست بە بونی شێوەی باڵاو نزم بکرێت ، بە بەراورد لەگەڵ زاری ناوەڕاستدا . زارو زمانەکان تا لە ئاخاوتندا بەکاربهێنرێن زیاتر گۆڕانیان تێدا ڕو دەدات ، بەڵام کاتێك دەبن بە زمانی نوسین و کتێب ، تا ڕادەیەك چەقبەستو دەبن و زۆر بەکەمی گۆڕانیان بەسەردا دێت ، ئەمەش وا دەکات بە تێپەڕبونی کات زمانی نوسین لە زمانی ئاخاوتن دور بکەوێتەوە .

لە خوارەوە چەند نمونەیەکی دایگلۆسیا لە هەردو زاری ناوەڕاست و ژورودا دەخەینە ڕو:

---

[*] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی چەمك و پێناسەو بنەماو تیۆرییەکانی (دایگلۆسیا) و دەرکەوتنی ئەو دیاردەیە لە زمانی کوردیدا ، بڕوانە نامەی ماستەرەکەی (بێستون ئەبوبەکر عەلی ، ٢٠١٥) .

**نمونە بۆ زاری ناوەڕاست :**

**ا- لە ڕوی فۆنۆلۆجییەوە**

| شێوەی بالاَ | شێوەی نزم |
| --- | --- |
| بەڵێ | بەرێ |
| ماڵ | مار |
| دەچێت | ئەچێ |
| بو | بی |
| تۆ | تو |

**ب- لە ڕوی فەرهەنگییەوە:**

| شێوەی بالاَ | شێوەی نزم |
| --- | --- |
| ئۆتۆمبیل | سەیارە |
| سوپاس | مەمنون |
| ئێوە | ئەنگۆ |
| کچ | کیژ ، کەنیشك ، دوێت |

**پ- لەڕوی ڕێزمانییەوە :**

| شێوەی بالاَ | شێوەی نزم |
| --- | --- |
| تۆ دەچیتە ماڵەوە . | ئەتو دەچییە مارێ . |
| بۆ کوێ دەچیت . | ڕا کورە چید . |
| ئازاد لە خوێندنگەیە . | ئازاد هالە مەکتەب . |

**جیاوازی شێوەی بالاَ و شێوەی نزم لە زاری ژورودا کەمترە ، بەلاَم بە بەراوردکردنی شێوەی بالاَ لەگەڵ ئاخاوتنی شێوەزارەکانی زاخۆ و ئامێدی و ئاکرێت و ... تەنانەت شێوەزاری بادینی خۆیشیدا بۆمان دەردەکەوێت ، کە تا ڕادەیەك بۆشایی و لێکدورکەوتنەوە لە نێوانیان هەردو شێوەکەدا هەیە :**

**نمونە بۆ شێوەی بالاَ**

**- ئەڤرۆ ئەز دێچمە بازاری و دێ هندەك تشتان کرم ، پاشی دێ خوارنێ ل مال خوم و ژ نوی دێ هێمە مالاَ هەوە ، دا پێکڤە شتی بخۆین .**

**نمونە بۆ شێوەی نزم**

**- ئەڤرۆکە ئەز دێچمە سیکێ و دێ هندەك تشتان کرم ، پاشی دێ خوارنێ ل مال خوم ، پاشی دێ هێمە مالاَ هەوە ، دا شتی بخۆین .          (دەڤۆکا ڤەزا دهۆکێ /ناڤەندا باژێری)**

**- ئیرۆکه دێچم سیکێ و دێ هندەك تشت و مشتا کرم، پاشی دێ خوارنێ ل مالێ خوەم ، پاشی دێ ئێم مالا وە، دا زەبەشی و بخوەین . (دەڤۆکا ڤەزا زاخۆ /هۆزا سندی)**

**- ئەڤرو ئەز دێچمە سیکێ و هندەك تشتان دێ کرم ، پاشی دێ زادی ل مال خۆم ، پاشی دێ هیمە مالا هەوە ، دا شتی بخۆین .                (دەڤۆکا ڤەزا ئامێدیێ /ناڤەندا باژێری)** (ارا علی احمد ، ٢٠١٥: ١٥٩)

**دور لـه چـەمکی دایگلۆسـیا لـه ئێسـتادا هـەرێمی کوردسـتان وەك کۆمـەڵێکی جـوتزار دەردەکـەوێت ، ئەگەرچی دو زاری (گۆران و لوڕ) له هەرێمدا بونیان هەیـه ، بـەلاّم نـەیانتوانییوە هـەمان ڕۆڵـی زاری ژورو و ناوەڕاست بگێڕن و کـەمتر گرنگییـان پێـدراوە ، ئەمـه لەلایـەك لەلایـەکی تریشـەوە ئـاخێوەرانی ئـەو دو زارە بەگشـتی دانیـان بـه زاری ناوەڕاسـتدا نـاوە و ئامـادەن لـه خوێنـدن و نوسـیندا بـەکاری بهێـنن . هەنـدێك لـه زمانەوانان زاری ناوەڕاست و ژورو به دو زاری سەرەکی هەرێم و بگرە هەمو پارچەکانی کوردستانی لەقەڵەم دەدەن ، (جەمال نەبەز) له دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردیدا جۆری سەرەکی و ناسەرەکی جیاکردۆتەوە ، زاری ناوەڕاست و ژورو به (دو شێوە بنچینەییەکە) و زاری (باشور و گۆران)ی (به دو شێوە لاتەنیشتەکە) ناو بردووە . هۆکاری ئەم پۆلکردنەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە که هەردو زاری ناوەڕاسـت و ژورو لـه ئێسـتادا وەك زمانی ئەدەبی خۆیان چەسپاندووە، بەلاّم هەردو زاری لوڕ و گۆران ماوەیەکی زۆرە ناتوانن ئەو ڕۆڵه بگێڕن .** (جەمال نەبەز ، ١٩٧٦: ٢١-٢٢)

## ٢- ١- ٢- ٣- کۆمەڵی فرەزار

**له ژیانی زماندا دو ئاراسـته هـەن ، (یـەکێکیان بـەرەو دابەشـبونه بـۆ زار و زمـانی تـر ، دووەمیـان بـەرەو یـەکگرتنی پـتر و فـراوانتره . هـەردو ئاراسـتەکەش بەرهـەمی ئـەو ڕوداوانـەن ، کـه کـار لـه کۆمـەڵ دەکـەن . کۆمەڵێك له زمانەوانان وای دەبینن ، که ئاراستەی دابەشبون له یەکگرتن بەهێزترە ، چـونکه پەیوەسـته بـه گەشەکردن و پەرەسەندنی زمانەوە ، بەوێنه (وێڵد) پێی وایه ئاراستەی زمان بەرەو جۆراوجۆری نەبڕاوەیه ، به بەڵگەی ئەوەی زمانێکی گشتی نەبووە لـه مێـژودا ، کـه دابـەش نـەبوبێت) .** (ابـراهیم السامرائی ، ١٩٩٧: ٣١-٣٢) (هۆگر مەحمود فەرەج ، ٢٠١٥: ٦٧-٦٨)

**ژینگەی کۆمەلاّیەتی شارو شارۆچکه و گوند و ناوچه جیاجیاکان جیـاوازی لـه نێـوان ئاخێوەرانـدا دێننـه کایەوە . لەم پێودانگەوە پێویسته بزانین تا ناوچه جوگرافییەکانی کۆمەلێکی زمانی لێکنـزیکتربن ، ئەوەنـدە جیاوازی زمانییان کەمتر دەبێت ، به پێچەوانەشەوە چەند لێکدوربن جیاوازی زمانی زیاتر دەبێت ، بۆ نمونه ئەگەر ناوچـەکانی کۆمـەڵێکی زمـانی وەکـو (ا - ب - پ - ت) لێکـەوە نـزیکبن ، ئـەوا دەبیـنین ناوچـەی (ا) بـه تەواوی له (ب) دەگات ، هەروەها (ب) له (پ) دەگات و به هەمانشێوە (پ) له (ت) دەگـات . ئەگـەر ئـەم چـوار ناوچەیه به تەواوی له یـەکتر بگـەن جیـاوازی زمانیـان تیـادا بـەدی ناکرێـت ، بـەلاّم ئەگـەر ناوچـەی (ت) لـه ناوچەی (ا) به تەواوی نەگەیشت ، یـان ناوچـەی (ب) لـه ناوچـەی (ت) نەگەیشـت ئـەوا جیـاوازی ئاخاوتنیـان تێدا دەردەکەوێت . تاکو سنوری نێوانیان دور بێت له یەکەوە لێکگەیشتیان کـەمتر دەبێتـەوە .** (یوسف شـریف سعید ، ٢٠١٢: ٦٨-٦٩) **بەمەش زار و شێوەزارەکان هەریەکەیان به ئاراستەیەکدا گەشـەدەکەن و لەئەنجامیشـدا یـان**

دەبن بە چەند زمانێکی سەربەخۆ (لەپاڵ فاکتەری سیاسیدا) یان کۆمەڵێك زاری لێکترازاویان لێ بەرهەم دێت ، کە بەهیچ شێوەیەك لەیەك ناگەن یاخود بە زەحمەت لێکدەگەن ، لەم بارەشدا یان بەهۆی دەوڵەتێکی نەتەوەییەوە (زمانێکی ستاندارد و ئەلفوبێیەکی یەکگرتو) پێکەوە دەلێکنرێن[1] ، یاخود بەهێزی هەستی نەتەوەیی ، جیاوازییە زمانییەکان (زار و شێوەزار) وەلا دەنێ و بەهۆیەوە هەموو تاکەکان خۆیان بە هاونەتەوە و هاوزمان دەزانن ، هەرچەندە لە ڕوی جوگرافیشەوە لێکەوە دوربن[2] .

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین هەمو وڵاتانی جیهان فرەزمانن ، بەو واتایەی کە دانیشتوانیان بە زیاتر لە زمانێك دەدوێن ، بەڵام لە هەمو وڵاتاندا ڕەنگە ژمارەیەکی کەمیان لەیەك زمانی فەرمی زیاتریان هەبێت ، بۆ نمونە زمانی فەرەنسی لە ساڵی (١٥٣٩)وە تاکو ئێستا تاکە زمانی فەرمییە لە فەرەنسادا ، ئەگەرچی زۆر زمانی دیکەی کەمینە لە وڵاتەکەدا هەن وەك : (ئۆکسیتانی ، برێتونی ، باسکی ، ئیلساسی ، کۆرسیکانی) ، سەرەڕای کۆمەڵێك زمانی تریش ، کە بە زاری زمانی فەرەنسی دادەنرێن . (فەرهاد شاکەلی ، ٢٠١١: ١٣٨-١٣٩) ، وێڕای ئەوانەش بەپێی کۆمەڵێك توێژینەوە دەرکەوتووە ، کە هەمو وڵاتانی ئەوروپا (جگە لە ئایسلەند) فرەزمان و فرەزارن ، ئەمە جگە لە بونی شێوەی جۆراوجۆری دایگلۆسیا ( Diglossia ) و ترایگۆسیا[*] (Triglossia) لەو وڵاتانەدا (پیتەر هانز نێڵدە، ٢٠١٠: ١٣٠-١٣١) .

لەڕوی زانستی زمانیشەوە هەر زمانێك لە کۆمەڵێك زار پێکدێت و ئاخێوەرانیشی بە پێی ژینگە و شوێنی جوگرافی و باری کۆمەلأیەتی جیاواز بەیەکێك لەو زارانە دەدوێن .(ڕەحیم قادر سورخی ،٢٠١٣: ٢٧)

ئەو وڵاتانەی ، کە فرەزمان و فرەزارن لە پێشترن بۆ ململانێ و بەریەککەوتنی زمان و زارەکان وەك ئەو کۆمەڵانەی کە تاکزمانن و بەرژەوەندی و پلەو پایەی هەریەك لە زارەکانیان پارێزراوە و لەلایەن دەسەڵاتەوە دانیان پێدانراوەو قەدەغە نەکراون ، بەڵام ئەو کۆمەڵانەی کە سەقامگیری و پێکەوە سازان و گونجانیان تێدا نییە ململانێی نێوان گروپە ئیتنیکەکان بەشێوەیەکی فراوان بەرچاو دەکەوێت ، ، بۆیە گرژی و ڕق و جیاوازی بیرو بۆچونەکان سیمای دیاری ئەو کۆمەڵانەن ، کە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی پڕ لە ململانێیان هەیە . ئەم ململانێ گرژانە دەشێ سەر بکێشن بۆ ململانێی توند و لە خراپترین باریشدا ، دەشێ بە توندوتیژی کۆتاییان بێت ، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ئێستادا گەلێك گروپی ئیتنیکی بە ئاشتییانەو بێ کێشە پێکەوە دەژین ، بۆیە ئەو بۆچونەی هەندێك لە کۆمەڵناسان هەیانە گوایە بەریەککەوتنی ئیتنیکی بەشێوەیەکی حەتمی ململانێی لێ دەکەوێتەوە ، بۆچونێکە زیادەڕۆیی تێدایە ، چونکە جیاوازی نێوان

---

[1] وەك وڵاتی چین ، کە چەندین زاری سەرەکی و شێوەزاری جۆراوجۆری تێدایە ، ڕێژەی جیاوازی نێوانیان هەندێك جار دەگاتە ڕێژەی جیاوازی نێوان دو زمانی جیاواز ئەمەش وای کردووە کە لێکگەیشتنی نێوان زارەکان ئەستەم بێت ، هەندێك جاریش لێکتر ناگەن (بڕوانە: بەشی سێیەم – تەوەری دووەمی ئەم نامەیە)

[2] وەکو زمانی کوردی ، کە لە چەندین زار و شێوەزاری جیاواز پێکدێت و لەڕوی جوگرافییەوە بەسەر چوار وڵاتدا دابەشبووە ، بەڵام هەستی نەتەوەیی پێکەوەیان دەبەستێتەوە . (بڕوانە : شێرکۆ حەمەئەمین و بڕوا ڕەسول ئەحمەد ، ٢٠١٤: ٨٢) تەنانەت لە ئێستادا کۆنگرەی نەتەوەیی دەبەسترێت بۆ لێك نزیککردنەوەی پارچەکانی کوردستان .

[*] ترایگلۆسیا : ئەم زاراوەیە ئاماژە بۆ هەلەومەرجێکی زمانی دیاریکراو دەکات ، کە هاوکات سێ جۆر زمان یان زار بەکاردەهێنرێت ، هەریەکەیان بۆ بەجێهێنانی ئەرکێکی دیاریکراو ، بۆ نمونە لە تونس فەرەنسی و عەرەبی ستاندارد و عەرەبی تونسی لەیەك کاتداو بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاردەهێنرێت . (پیتەر هانز نێڵدە ، ٢٠١٠: ١٥٨)

گروپەکان جۆرێك لە هەستکردن بە نادڵنیایی لە بارەی پایە و پێگەیان دروستدەکات ، بۆیە ئەگەری ململانێ دێتە کایەوە . (پیتەر هانز نێلدە ، ٢٠١٠ : ١٣٥-١٣٦) هەندێك جار زارە ناوچەییەکانی زمانێکیش هاوشێوەی گروپە ئیتنیکییەکان دەکەونە ململانێوە ، ئەم جۆرە ململانێیانە لەباری ئاسایدا کێشەو گرفت دروست ناکات ، چونکە بەشێوەیەکی هێمنانە کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن . بەڵام هەندێك جار لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان ململانێی توند لە نێوان زارەکانی زمانێکدا ڕوودەدات ، کە (هیچی لە ململانێی نێوان زمانەکان کەمتر نییە) . (علی عبدالواحد وافی ، ٢٠٠٧: ٢٠٠)

پێویستە بزانین هەستی ناوچەگەری و دەرونی و دۆخی سیاسی وڵات و جیاوازی ئایدۆلۆجیا و دورکەوتنەوەی زارەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دروستبون و قوڵکردنەوەی ململانێی زارەکان .

### ٢- ١- ٣- قۆناغەکانی ململانێی زارەکان

**قۆناغی یەکەم :**

لەم قۆناغەدا زاری سەردەست ژمارەیەکی زۆر وشە و زاراوە دەخاتە نێو زاری بندەستەوە ، بەتایبەتی ئەو وشە و زاراوانەی ، کە پەیوەستن بە ژیار و داهێنان و ناوی ئامێر و دابونەریتە جیاوازەکانەوە هەروەها زاراوە زانستییەکان ، کە لە زاری بندەستدا نییە ، بەمەش کاریگەرییەکی زۆر دەکەوێتە سەر زاری بندەست و دەبێتە هۆی لە ناوچونی چەندین وشەی خۆماڵی ، کە سیمای زارەکەی هەڵگرتووە . بەڵام لە ڕوی ڕێزمان و چۆنێتی گۆکردنی دەنگەکانەوە لەسەر شێوازی خۆیان دەمێننەوەو وشە خوازراوەکانیش بەشێوازی دەنگی خۆیان دەردەبڕن . (عبدالصبور شاهین ، ١٩٨٠: ٢٠٨-٢٠٩)

**قۆناغی دووەم :**

لەم قۆناغەدا دەنگەکان و چۆنیەتی دەربڕین و گۆکردنی وشە خوازراوەکان لای ئاخێوەرانی زاری بندەست ئاسان دەبێت ، واتە ئاخێوەرانی زاری بندەست هاوشێوەی ئاخێوەرانی زاری سەردەست وشەو زاراوەکان گۆدەکەن ، ئەگەرچی ئەو دەنگەش لە زارەکەی خۆیاندا نەبێت . (سەرچاوەی پێشو، ٢١٠) بەم شێوەیە خواستنی وشەکان دەبێتە هۆی پەیدابونی فۆنیمی نوێ لە زارە بندەستەکە ، بۆ نمونە بەهۆی خواستنی ژمارەیەکی زۆر وشە لە زمانی عەرەبی و زاری عێراقییەوە ، دەکرێت هۆکاری دروستبونی چەند دەنگێکی وەك (ط ، ص ، ظ)بێت، لە هەندێ شێوەزاری زاری ژورودا . (محەمەد مەعروف فەتاح ، ٢٠١١: ١٣٤)

هەمو زارەکانی زمانی کوردی بەهۆی هاوسنوری و هاوئاینییەوە بۆ ماوەیەکی زۆر جۆرە تێکەڵییەکی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا هەبووە و هەیە ، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی و ناسیۆنالیستی عەرەب لە وڵاتانی سوریا و عێراق دۆخەکەی خراپتر کردووەو هەوڵی لەناوبردن و لاوازکردنی زمانی کوردیان داوە ، ئەمەش وای کردووە ململانێیەکی سەخت بکەوێتە نێوان هەردو لایەنەوەو تا ئێستاش شارە کوردنشینەکانی سوریا و ناوچە جێناکۆکەکانی عێراق لە پێناو ناسنامە و زماندا ململانێیەکی سەخت دەکەن . (بڕوانە : ئازاد عەزیز سلێمان،٢٠١٤ :١٠١-١٢٤)

قۆناغی سێیەم :

لەم قۆناغەدا زارە سەردەستەکە ڕێزمان و دەستورو یاساکانی دەسەپێنێتە سەر زاری بندەست ، چۆنێتی داڕشتنی وشەو ڕستەکانی پێدەگۆڕێ و پاشان بەرەبەرە واتاکانی ڕەوانبێژی و ئیدیۆمەکانی سەقامگیر دەکات. (عەبدولا حسێن ڕەسول ، ٢٠١٥: ٣٨٢) بەوێنە بەربەرەکانێ و ململانێی ماوەدرێژی نێوان زارە کوردییەکان و زمانی عەرەبی - زاری عێراقی (هاوکات هاوسنوری و تێکەڵبونی ئاخێوەرانی هەردو لایەن)، بۆتە هۆی ئەوەی ، کە زمانی عەرەبی لە هەندێ لایەنی ڕێزمانی و دەنگسازیدا کار لە زارو شێوەزارە کوردییەکان بکات ، ئەم کارگەرییەش بە ئاشکرا (لە سەرەوریزبونی کەرەستەکانی دروستەی فرێزی فراوانکراودا دەردەکەوێت ، بۆ نمونە:

- فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی = مطار أربيل الدولي .
- جەنگی جیهانی یەکەم = الحرب العالمية الأولى .

لەم نمونانەوە ئەوە ڕون دەبێتەوە ، کە زمانی کوردی لە ڕیزبونی کەرەستەکاندا یاسا ڕستەسازییەکانی زمانی عەرەبی پەیڕەوکردووە ، ئەگەرچی ئاخێوەری کورد بە بێ کێشە لەو دەربڕینانە دەگات ، بەڵام لە ڕستەسازیی کوردیدا بەپێی یاسای ڕیزبونی کەرەستە فراوانکراوەکان ، پێویستە ناوە دەستنیشانکراوەکە بکەوێتە کۆتایی فرێزەکەوە ، واتە ئەگەر کەرەستەکان بەم شێوەیە ڕیزبکرێن:

- جەنگی یەکەمی جیهانی
- فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر

لە ڕوی ڕێزمانەوە دروستتر دەبن (ئومێد بەرزان برزۆ، ٢٠١٣: ١١٢-١١٣) .

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرنەکەوتنی زمانی عەرەبی بەسەر زاری لوڕ بەتایبەتی و زمانی کوردی بەگشتی ئەوەیە ، کە سەر بە دو خێزانە زمانی جیاوازن ، کە ئەمەش مەرجی سەرنەکەوتنەکەیە ، ئەگەرچی زمانی سەردەست لەڕوی دەسەڵاتی سیاسییەوە بەهێزتر بێت و لەڕوی ژمارەی ئاخێوەرانیشەوە زۆرتر بێت . (عبدالصبور شاهين ، ١٩٨٠ : ١٩٤)

لە هەر ململانێیەکی زمان و زارەکاندا بەیەکجار سەرکەوتن یان بەزین ڕو نادات ، بەڵکو بە چەند قۆناغێك پرۆسەکە ئەنجام دەدرێت و لە هەر قۆناغێکدا بە جۆرێك کاریگەری لەسەر زاری بندەست دەردەکەوێت . زاری بندەستیش لە ململانێکەدا دەستەوسان نابێت ، بەڵکو بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەریی خۆی لەسەر زاری باڵادەست بەجێ دەهێڵێت و کۆمەڵێك وشە و هەندێ یاسای ڕێزمانی و لایەنی واتایی دەخاتە نێو زاری سەردەستەوە ، ڕێژەی کاریگەرییەکەش بەپێی درێژی ماوەی ململانێکە و ڕادەی نزیکی هەردو زارەکە (لە ڕوی زمانییەوە) دەگۆڕێت .

### ٢- ١- ٤- ئەنجامی ململانێی زارەکان :

لەهەر کۆمەڵێکدا ڕادەی تێکەڵبونی ئاخێوەرانی دو گوند لەگەڵ یەکتردا هاوکێشەیەکی هاوڕێك لەگەڵ ڕادەی ئاڵوگۆڕبونی کەرەستەکانی زماندا پەیدادەکات ، بەتایبەتی وشەو دەنگ پاشان ڕستە ، واتە تا ڕادەی تێکەڵبونی ئاخێوەرانی دو گوند زۆرتر بێت ، ڕادەی جیاوازی نێوانیان کەمتر دەبێتەوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ، تاکو ڕادەی تێکەڵبونی نێوان زارو شێوەزارەکانی هەر زمانێك زیاتر بێت ، ڕادەی لێکگەیشتن و لێك نزیکبونەوەیان زیاتر دەبێت و بەمەش پتر یەکگرتویی زمانەکە فەراهەم دەبێت . (عەبدوڵا حسێن ڕەسول ، ٢٠١٥: ٣٧٩) هاوکات ئەگەری بەریەککەوتن و ململانێی نێوان زارەکان کەمتر دەبێت ، چونکە هەرکاتێ ئاخێوەرانی هەمو زارەکان هەستیان بەوە کرد کە کێشەی لێگەیشتنیان لەگەڵ یەکتردا نییە ، ئیتر بەلایانەوە گرنگ نییە بەکام شێوەزار بخوێنن یان بنوسن ، یاخود کام زار ببێتە زمانی فەرمی و ستانداردی وڵات . (یوسف شەریف سەعید، ٢٠١٢: ٧٦) بەڵام کاتێك زارەکانی زمان (بەهەر هۆیەك بێت) لێك دور کەوتنەوە بەڕادەیەکی وا ، کە لێکگەیشتن لە نێوانیاندا زەحمەت بێت ، یاخود لێکنەگەن ، لەو بارەدا ئەگەری ململانێ و بەریەککەوتنی لێدەکەوێتەوە و هەر زارێك بە ئاراستەی زمانێکی سەربەخۆ هەنگاودەنێت و گەشەدەکات . بەوێنە زمانی لاتینی کە یەکێکە لە لقەکانی زمانی ئیتالی و لە کۆمەڵەی هیندۆئەوروپییەوە هاتووە ، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دابەشبو بەسەر چەندین زاردا ، هەریەك لەو زارانەش بە سیستەم و پرۆگرامێکی جیاواز و سەربەخۆدا گەشەیان کرد ، تاکو بە تەواوی لەیەکتر جیابونەوە و هەریەکەیان بونە زمانێکی سەربەخۆ و جیاواز ، کە تەنها هاوزمانان لێی دەگەیشتن ، هەرچەندە زمانی لاتینی بۆ ماوەی چەند سەدەیەك زمانی ئەدەب و نوسینی هەمو ئەو لقانە بو ، کە لێی جیابوبونەوە (فەرەنسی ، ئیتالی ، ئیسپانی ، پرتوگالی ، ڕۆما، ...) ، بەڵام تا سەر نەیتوانی بەو شێوەیە بمێنێتەوە ، بەڵکو دوای سەربەخۆبونی لقە زمانەکانی ئیتر بەکارنەدەهێنرا و بەرە بەرە لەناوچو . (علی عبدالواحد وافی ،٢٠٠٤: ٧٣)

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین ململانێی نێوان زارەکان بە دو ئەنجام کۆتایی دێت :

<u>یەکەم</u>: هیچیان بەسەر ئەوی تریاندا سەرناکەوێت، بەمەرجێك ئاخێوەرانی هەردو زار لە ڕوی ڕادەی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە لەیەك ئاستدابن یان لێکنزیکبن ، لەڕوی هێز و دەسەڵاتی سیاسیشەوە یەکسان بن .

پێویستە ئەوەش بڵێین ، کە ئەگەر ئەو ململانێیانە لەنێوان زارەکانی دو زمان و لە سنوری دو دەسەڵاتی جیاوازدا بو ، سەرئەنجامێکی جیاوازی هەیە ، لەوەی کە لە نێوان زارەکانی هەمان زمان و لە سنوری یەك دەسەڵاتدا ڕو بدات . لە جۆری یەکەمدا دۆخەکە ئاسایی دەبێت و بە شێوەیەکی سروشتی کاریگەری لە سەر یەکتر دادەنێن ، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت یان دەسەڵاتدارانی هەردولا پشتگیری زمان و زارەکانی خۆیان دەکەن ، ئەم حاڵەتەش زۆرجار لە نێوان زاری ناوچە سنورییەکان دەبینرێت . بەڵام لە جۆری دووەمدا کاتێك زارەکانی یەك زمان لە سنوری یەك دەسەڵاتدا دەکەونە ململانێوە ، ئاسایشی زمان دەکەوێتە مەترسییەوە ، بەجۆرێك لێکترازان و جیابونەوەی وڵات لە سەر بنەمای زار دەبێتە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو ، چونکە ئەو دۆخە زۆرجار کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دێنێ و هەڕەشە لە ئاسایشی وڵات و کۆمەڵیش دەکات[1]. باشترین نمونەش لەم بارەیەوە زمانی کوردییە ، لە ئێستادا بەهۆی ململانێی

---

[1] لە تەوەری دووەمی ئەم بەشەدا چەندین نمونەی مێژویی سەرئەنجامی ململانێی زارەکان لەو بارەیەوە دەخەینەڕو .

زارەكانییەوە (بەتایبەتی هەردو زاری ناوەڕاست و ژورو) زیانێكی زۆری بەركەوتووەو تا ئێستا زمانێكی فەرمیی كوردی نییە ، هەمو هاوزمانان لە دەوری خۆیدا كۆ بكاتەوە ، زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی كورد[1] پێیان وایە ، گەر ئەم دۆخە چارەسەر نەكرێت ، ئەوا چارەنوسی زمان و نەتەوەی كورد زو بێت یان درەنگ ، پەرتبون و لێكترازانی لێدەكەوێتەوەو دو زمان و دو نەتەوەی جیاواز لە داهاتودا پەیدا دەبێت .

دووەم : یەكێكیان دەكەوێتە ژێر كاریگەری ئەوی تریان و بە (بندەست) ناو دەبرێت ، ئەمەش كاتێك ڕودەدات كە زارە سەردەستەكە لە ڕوی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و ژیارەوە پیشكەوتوتر بێت لە زارە بندەستەكە . لەم بارەشدا هەندێك جار كارتێكردنەكە زۆر نییە و لە هەندێ ڕواڵەتدا دەردەكەوێت ، بە مەرجێ لەڕوی ڕۆشنبیری و ژمارەی ئاخێوەرانەوە جیاوازییەكی زۆر لەنێوانیاندا نەبێ ، بەمشێوەیە كێشەكە ئاسان دەبێ ، وەكو كاریگەری زاری شارەكان بەسەر زار و شێوەزاری گوندەكانی دەوروبەریانەوە ، لەم بارەدا كارتێكردنەكە تەنها لە ڕوی وەرگرتنی وشەو هەندێ لایەنی واتا وەكو (میتافۆر و ئیدیەم ، ...) دەردەكەوێت ، بەلام شێوەی دەنگەكان و ڕێگای دەربڕینی وشەكان وەك خۆیان دەمێننەوە و ناكەونە ژێر كاریگەریی گۆڕانەوە ، بەوێنە گوندەكانی دەوروبەری هەندێك لە پارێزگاكانی میسر زۆر وشە و لایەنی واتایی لە زاری پارێزگاكەی نزیكیانەوە وەردەگرن ، بەلام لەڕوی دەربڕین و گۆكردنی دەنگەكانەوە (فۆنەتیك) ئەوا تایبەتمەندیی خۆیان پاراستووە ، بۆ نمونە زاری گوندەكان زۆرجار دەنگی (ق) بە (ج) گۆدەكەن و بە (قلنا) دەڵێن (جلنا) ، بەلام ئاخێوەری پارێزگاكان هەمان دەنگ بە (أ) دەخوێننەوەو وشەی (قلنا) دەكەن بە( ألنا ) . (علی عبدالواحد وافی، ٢٠٠٧: ٢٠٠-٢٠١)

ئەگەر لەڕوی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و شارستانییەتەوە جیاوازییەكی زۆر لە نێوان هەردو زاردا هەبو ، ئەوا كاریگەریی ململانێكە زۆر قوڵدەبێتەوە و ، زارێك بەسەر زارەكانی تردا بە تەواوی زاڵ دەبێت ، ئەم زاڵبونەش بە دو ڕێگە دەبێت :

ڕێگەی یەكەم : ئاخێوەرانی زارێك بكەونە ژێر دەسەڵاتی سیاسیی ناوچەیەكی تر ، لەم بارەدا سەركەوتن بۆ ئاخێوەرانی زاری خاوەن دەسەڵاتە ، بەمەرجێ زارەكەی تر لەڕوی دەسەڵات و ڕوشنبیری و ژیارەوە لاواز بێت یان لە ئاستی زارە بەدەسەڵاتەكەدا نەبێت ، نمونەی ئەم جۆرە ململانێیەش لە مێژوی كۆن و نوێدا بەزۆری بەرچاودەكەوێت ، بەوێنە زاری پاریس كە بنكەی حكومەت و دەسەڵات بو خۆی بەسەر زۆر لە زارەكانی هەرێمی پاریسدا سەپاند . هەروەها زاری لەندەنیش توانی بەسەر زۆربەی زارە ئینگلیزیەكاندا زاڵ ببێت . بەهەمان شێوە مەدریدیش بەهۆی پێگە و دەسەڵاتەكەیەوە توانی ململانێ و بەربەرەكانێی هەمو زارە ئیسپانییەكان بكات ، تا ڕادەیەكی باشیش سەركەوت بەرسەیاندا.

ڕێگەی دووەم : سەركەوتنی زارێك بەسەر زارێكی تردا بەهۆی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە ، ئەگەرچی دەسەڵاتی سیاسی نەبێت و ژمارەی ئاخێوەرانیشی كەم بێت ، زاری سەكسۆنی لە ئەڵمانیای نوێ ململانێی لەگەڵ زارەكانی تری ئەڵمانیادا كردو زاڵبو بەسەریاندا ، بە هەمان شێوە زاری ( Toscan ) لە ئیتالیا لە سەدەی چواردەیەمەوە (واتە پێش پەیدابونی دەوڵەتی ئیتاڵی نوێ و دەسەڵاتی ڕۆما) بەربەرەكانێی زارەكانی تری ئیتالیای دەكرد و ئەنجام سەركەوت بەسەریاندا . سەركەوتنی هەردو زاری

---

[1] لەوانەش : سەلام ناوخۆش (٢٠١٠: ١٠٤-١٠٦) ، دارا حەمید (٢٠١٣: ١١٦-١١٧) ، كامیار سابیر(٢٠٠٩: ١٢٠-١٢٣) ، ئەمجەد شاكەلی(٢٠١١: ١٠) ، ڕەفیق شوانی(٢٠٠٩: ٢١٨) ، عەبدوڵا حوسێن(٢٠١٥: ٤٢٠-٤٢١) ، هۆگر مەحمود (٢٠١٥: ٧٠-٧١) ، ....

تۆسكانی ئیتالی و سەكسۆنی ئەڵمانی بەهۆی دەوڵەمەندی بەرهەمی ئەدەبی و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیرییەوە بو ، بە بەراورد لەگەڵ زارەكانی تری ئەو دو زمانە . (علی عبدالواحد وافی ، ٢٠٠٠: ٨٨)

ئەو بارودۆخانەی باسمانكردن لە بارەی پێكدادانی زارەكان و ئەنجامی ململانێكانی نێوانیان ، بۆمان دەردەخەن كە سێ خاڵی گەوهەری ڕۆڵدەگێڕن لە سەركەوتنی زارێك بەسەر زارێكی تردا :

١. بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و ژیاری و ئەدەبی .
٢. هێز و دەسەڵاتی سیاسی .
٣. زۆری ژمارەی ئاخێوەران .

لە نمونەكانی پێشودا بۆمان دەركەوت ، كە بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و پێشكەوتنی شارستانی بەپلەی یەكەم دەبنە هۆی سەركەوتنی زارێك بەسەر زارێكی تردا ئەگەرچی لەڕوی دەسەڵاتەوە لاواز بن و ژمارەی ئاخێوەرانیشیان كەم بێت . ئەگەر لەم ڕوەوە یەكسانبن ئەوا هێز و دەسەلات ڕۆڵ دەگێڕێت لە ئەنجامی ململانێكەدا ، هەرچەندە ژمارەی ئاخێوەرانی زاری بەدەسەلات كەمیش بێت . ئەگەر هەردو زار لە خاڵی یەكەم و دووەمدا یەكسانبن ئەوا زۆری ژمارەی ئاخێوەران ئەنجامی ململانێكە یەكلایی دەكاتەوە .

سەرەڕای ئەوانەش سەركەوتنی زارێك بەسەر زارێكی تردا (یان زارەكانی تردا) كاتێكی زۆری دەوێت و ماوەیەكی درێژ دەخایەنێت ، بەتایبەتی ئەگەر هاتو هەردو زارەكە لە ڕوی (دەنگسازی و ڕێزمانەوە) لێكجیاواز بن یاخود لە روی ڕۆشنبیرییەوە مەودایەكی زۆر لە نێوانیاندا هەبێت . (بەهمەن تاهیر ، ٢٠١٣: ٣٩) زاری مەدرید نەیتوانی بە تەواوی بەسەر زارەكانی تری ئیسپانیادا سەركەوێت و تا ئێستاش بە توندی بەرهەڵستی دەكرێت ، ئەمەش بەهۆی بڵاونەبونەوەی خوێندەواری لای ئاخێوەرانی زارەكانی تر ، (علی عبدالواحد وافی ، ٢٠٠٧: ٢٠٣) هەروەها زاری ناوەڕاستی زمانی كوردیش لەبەر هەمان هۆكار نەیتوانیوە بەسەر زارەكانی تری زمانی كوردیدا بە تەواوی سەربكەوێت و ببێت بە زمانی ئەدەبی یەكگرتو .

ئەگەر لێكنزیكبونەوەو تێكەڵبونی زارەكان ململانێی لێنەكەوێتەوە ، ئەوا لە هەمو ئاستەكاندا (دەنگسازی ، وشەسازی ، ڕستەسازی ، واتاسازی ، ...) كار لەیەكتر دەكەن و ئەم كارتێكردنەش زیاتر دەچێتە خانەی گەشە و گۆڕان لە زماندا ، بۆ نمونە زاری ناوەڕاست دەنگی (ڤ ، ت)ی قەڵەو (ر)ی سوكی لە زاری ژورو وەرگرتووە ، هەروەها وشەكانی (دەڤەر ، ئارێشە ، ڕاڤە ، ڤیان ، ئەڤین ، ...) یش بەهەمان شێوە ، لە ئاستی ڕێزمانیشدا دەبینین لاوازبونی كەیسەكان یان جیا نەكردنەوەی تەواوی ڕەگەز لە زاری ژورودا بە كارتێكردنی زاری ناوەڕاست بووە . زۆرجار لێكنزیكبونەوەی زارەكان و تێكەڵبونیان بەیەكتر دەبێتە مایەی دەركەوتنی زارێك یان شێوەزارێك لەو ناوەڕاستەدا ، كە هەڵگری سیمای هەردو زارەكەیە ، ئەمەش زیاتر دەچێتە ناو شێوەی تێكەڵكردن لە زماندا . ئەم حاڵەتە لە زۆربەی پایتەختەكانی جیهاندا ڕودەدات ، مێژوی دروستبونی زمانی (ئەسینا) باشترین نمونەیە . (فەرەیدون عەبدول و سەباح ڕەشید ، ٢٠١٣: ٢٥-٢٦) لە باشوری كوردستانیشدا ئاخێوەرانــی پارێزگای هەولێر هەرچەنـدە سـەر بـە زاری ناوەڕاستن ، بەڵام بەهۆی نزیكی شوێنی جوگرافییانەوە لەدەڤەری بادینان ، جیاوازییەكی ئەوتۆیان لەگەڵ شێوەزاری بادینیدا نییە ، تەنانەت لە هەندێ گەڕەكی هەولێردا (جێندەر)یش هەیە . جگە لەوەش بەشێك لەخێڵی هەركی و سورچی و بارزان و برادۆست و مزورییەكان لەناو پارێزگای هەولێردا دەژین و هەمویان بە تەواوی لە هەولێری دەگەن . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٠: ١٤٢)

## ٢- ٢- تەوەری دووەم : هۆكارەكانی ململانێی زار

### ٢- ٢- ١- هۆكاری فرەزاری

زۆری ژمارەی زارەكانی زمانێك هۆكارە بۆ دروستبونی ململانێ ، بەتایبەتی كاتێك هەمو زارەكان یان چەند زارێكیان لەڕوی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسی و پلەی كۆمەڵایەتییەوە لەیەك ئاستدابن ، هەروەها لەڕوی ژمارەی ئاخێوەرانیشەوە وەك یەكبن یان لێكنزیكبن ، لەم كاتەدا ململانێ دەبێتە ئاكامێكی حەتمی . زاری پاریس ، كە ناوەندی دەسەڵات بو لەهەمان كاتدا پێگەیەكی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی بەهێزی هەبو ، بۆیە توانی بەسەر زارەكانی تری زمانی فەرەنسیدا سەربكەوێت .

بەشێوەیەكی گشتی ململانێی زار كاتێك سەرهەڵدەدات یان زیاتر پەرەدەسێنێ ، كە پرسی زمانی ستاندارد لە وڵاتدا بێتەكایەوەو زارێك لە ناو زارەكانی تردا لەو ڕوانەی ، كە باسمانكردن زیاترپێشكەوتبێت . لەم بارەشدا ئەگەرچی دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێ زارێك وەك ستاندارد بناسێنێ و لە دامودەزگا حكومییەكان و ناوەندەكانی خوێندن و ... بەكاری بهێنێت ، بەڵام ململانێی زار و زمانەكانی وڵاتەكە بەردەوام دەبێت و بگرە زیاتر تەشەنە دەكات ، بۆ نمونە مستەفا ئەتاتورك بە بڕیاری سیاسی توانی وا لە تورك و كوردەكان بكات نەك هەر دەستبەرداری زمان و كولتوری عوسمانی ببن ، بەڵكو ئەلفوبێی لاتینیشی بەسەر توركیای نوێدا سەپاند ، بەڵام ئەم پرۆسەیە نەیتوانی كێشە زمانییەكان چارەسەربكات . هەروەها ئەزمونی بڕیاری سیاسی لە سۆڤیەتیش هەرەسی هێنا و لەپاش نەمانی سۆڤیەت گەلانی ناو ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی جارێكی تر زمانی خۆیان كردەوە بە زمانی خوێندن ، هەتا هەندێكیان دەستبەرداری ئەلفوبێی سلاڤییش بون . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٠: ١٠٠-١٠١)

ئەو دۆخانە ڕونی دەكاتەوە كە بونی چەند زارێك لە زمانێكدا دەبێتە هۆكارێك بۆ دروستبونی ململانێ ، بەڵام هۆكارێكی سەرەكی و گەوهەری نییە ، چونكە هەمو زمانەكانی جیهان زیاتر لە زارێك و بگرە چەندین زاریان تێدایە ، بەڵام مەرج نییە ململانێی زارەكان لەو زمانانەدا ڕوبدات . نكۆڵی لەوە ناكرێت ، كە هەندێك زار لە هەندێ زاری تر دەوڵەمەندترن و زیاتر خزمەتكراون و كاریگەری لەسەر زارەكانی تر دادەنێن ، بەڵام ئەو ڕەوشە نەبۆتە هۆی دروستبونی بەریەككەوتن و ململانێ و هاوكات گرژی و ئاڵۆزی لێ نەكەوتۆتەوە ، جگە لەوەش زمانەوانی بەریەككەوتن و چەمكی (ململانێ) بۆلێكۆڵینەوە و دیراسەكردنی ململانێی نێوان زمانەكان سەریهەڵدا (بە پلەی یەكەم) نەك ململانێی زارەكان ، بۆیە ئەم چەمكە زۆرجار دەبەسترێتەوە بە كۆمەڵی فرەزمانەوە ، كەواتە ئەگەر ململانێی زارەكان دیاردەیەكی زمانەوانی بوایە ، یاخود كێشەیەكی ناوخۆی زمانەكان بوایە ، دەبو لێكۆڵینەوەیەكی فراوان یاخود لقێكی زمانەوانی بەناوی (ململانێی زار) سەریهەڵبدایە .

### ٢- ٢- ٢- هۆكاری سیاسی

دەسەڵاتی سیاسی ڕۆڵێكی باڵای گێڕاوە و دەیگێڕێت لە پێدانی پایەی زمان و زار ، بە واتایەكی تر دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێ زمانێك وەك زار بناسێنێ و بە پێچەوانەشەوە ، هەروەها كاتێك بارودۆخی سیاسی زەمینە خۆش دەكات بۆ دروستبونی وڵاتێك ، ئیتر زاری ئەو وڵاتەش پایەی زمانی پێدەدرێت ، بۆ نمونە زمانی مەكدۆنی تا چەند ساڵێك پێش ئێستا بە زارێكی ڕۆژئاوای زمانی بولگاری دادەنرا ، كەچی ئەمڕۆ

دەوڵەتێك و زمانێك بە ناوی مەكدۆنیا هەن . جیاوازی نێوان ئەم زمانە نوێیە لەگەڵ زمانی بولگارییدا هێندە كەمە ، كە بەبێ هیچ گرفتێك لێكتر دەگەن . (ڕەفیق سابیر ، ٢٠١٤ : ٢٨)

فاكتەری سیاسی دەتوانێت تەنانەت نەتەوەیەك و زمانێك بگۆڕێت بۆ چەند نەتەوە و چەند زمانێكی سەربەخۆ بێ ئەوەی هیچ جیاوازییەكی بنەڕەتی لە نێوانیاندا هەبێت ، بەپێچەوانەشەوە هەمان فاكتەر دەتوانێ كۆمەڵێك خەڵكی سەر بە زاری جیاوازی زمانێك لە سایەی ئازادی و دیموكراسی و پاراستنی مافی هاوڵاتیبوندا پێكەوە بهێڵێتەوە ، بێ ئەوەی زارەكان ململانێی یەكتر بكەن یان شەڕی زمانی ستاندارد بكەن ، بەتایبەتی لە وڵاتە دیكتاتۆرەكان . (هەمان سەرچاوە ، ل ٢٩) بەوێنە شێوەزاری دەری لە كۆتایی سەردەمی ساسانییەكاندا لە پایەتەختی ئێران بەكاردەهات و جیاوازییەكی تەواوی لەگەڵ پەهلەویدا هەبو ، بەڵام بەهۆی قەڵەمڕەوی فەرمانداری و دەسەڵاتی سەربازی و بەكارهێنانی لە كاروباری میریدا بو بە زمانی ستانداردی فارسی . (عەبدوڵا حوسێن ڕەسول ، ٢٠١٥: ٤١٢)

هەندێك جار كێشە سیاسی و ئابورییەكان لە ژێر ناوی ململانێی زمان و زاردا دەخرێتە بەرباس ، بۆ نمونە هەندێك لەو كێشانەی لە بوارەكانی ڕامیاری و ئابوری و كارگێڕی و پەروەردەدا دروستدەبن ، سیاسەتمەداران و شارەزایانی ئابوری ، بیرۆكەی ململانێی زار و زمان دەقۆزنەوە و وەك هۆكارێكی سەرەكی پیشانی دەدەن و ئاگری ململانێ لە كۆمەڵدا خۆشدەكەن ، ئەنجامەكەشی وادەكەوێتەوە كە وردە وردە زمان گرنگی و ڕوبەرێكی فراوانتر داگیردەكات لەوەی لە سەرەتای ململانێكەدا هەیبووە ، واتە زمان كە هۆكارێكی ڕوكەشە دەكرێتە قوربانی هۆكارە بنەڕەتییەكان ، كە ململانێی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتییە . (پیتەر هانز نێڵدە ، ٢٠١٠ : ١٣٩) بەگشتی ململانێی سیاسی نێوان زارەكانی زمان یان لەڕێی دەسەڵاتی ناوخۆی وڵاتەوە دروست دەبێت ، یان وڵاتانی نەیار و دوژمن كێشە و گرفت لە نێوان یەكێتی نەتەوە و زمانی نەتەوەییدا دروستدەكەن و هەوڵی پەرتەوازەكردنیان دەدەن .

سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە بۆ زمانی كوردی و زارەكانی بە درێژایی مێژو بە ئێستاشەوە لە قازانجی یەكگرتویی زمان و یەكخستنی زارەكانیدا نەبووە ، بەڵكو بەپێچەوانەوە سیاسەت ڕێگەیەك بووە بۆ لێكترازان و دورخستنەوەی ناوچەكان و چاندنی تۆوی ڕق و كینە و ململانێ لە نێوان ئاخێوەرانی زارە ناوچەییەكاندا ، بۆ ڕونكردنەوەی ئەم لایەنە بەجیا باسی هەردو سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی كوردستان دەكەین :

٢- ٢- ٢- ١- **سیاسەتی دەرەوە :**

زمانی كوردی لە خاك زیاتر تایبەتمەندی نەتەوەی كوردی پاراستووە ، ئەگەر كورد زمانەكەی لەدەست بدایە و تەنانەت وەك ئێستا لەسەر خاك و زێدی خۆی بمایەتەوە ، ئەوا لەمێژبو لەنێو نەتەوە سەردەستەكانی تورك ، فارس و عەرەبدا توابویەوە ، چونكە كورد جگە لە زمان هیچ فاكتەرێكی دیكەی كولتوری (ئاین) یان بایۆلۆجی (ڕەنگی پێست و فۆرمی ڕوخسار) لەو نەتەوانەی جیا ناكاتەوە ، كەچی زمان دەشێت بۆ هەندێك گەل و نەتەوەی تر بەو جۆرە گرنگی نەبێت ، بەڵكو زمان تەنها توخمێكی كولتوری بێت ، فاكتەری تری كولتوری (ئاین ، ئاینزا) یان ڕابردوی مێژویی هاوبەش ، ئەو ڕۆڵە بنەڕەتییەی لە پێكهێنانی پێناسە و چارەنوسی نەتەوەكەدا هەبێت . (ڕەفیق سابیر ، ٢٠١١: ٩-١٠) (بەخشان سابیر ، ٢٠١٣: ١٥٣-١٥٤)

هەستکردن بەو ڕاستییە وای لە دوژمنان و داگیرکەران کردووە هەمیشە هەوڵی لاوازکردن و توانەوەی زمانی کوردی بدەن ، یەکێك لەو کارە نابەجێیانەش ، دابەشکردنی کوردستان بو بەسەر چوار وڵاتی جیاوازدا ، ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی زۆری لەسەر نەتەوە و زمانی کورد بەجێهێشت و دو زیانی گەورەی لە زمانی کوردی داوە :

یەکەم : لێکدابڕانی ناوچەکانی کوردستان ، ڕادەی تێکەڵی نێوان ناوچەکانی کەمکردۆتەوە ، بەمەش پەیتا پەیتا جیاوازی دەکەوێتە نێوان پارچەکان . چەندین شێوەزار ، کە ئێستا هەن پێشتر نەبون ، ئەگەر ڕەوشەکە بەردەوام بێت ، زارێك دەبێت بە دو زار و شێوەزارێك دەبێت بە دو شێوەزار .

دووەم : ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە هەریەکەیان بە زمانێکی جیاواز دەدوێن (عەرەبی، فارسی ، تورکی) بۆیە زمانی کوردیش لەهەر پارچەیەکدا ڕووەو زمانی فەرمانڕەواکەی دەگۆڕێت ، لە ئەنجامدا ئاخاوتنی ناوچەکان پتر لێکتر دادەبڕێن . جگە لەوەش هەریەك لەو دەسەلاتدارانە بۆ لاوازکردن و تواندنەوەی کورد و زمانەکەی بەرێژەی جیاواز توانای خۆیان خستۆتەگەڕ و پیلانی جۆراوجۆریان بۆ ئەو مەبەستە داڕێژاوە ، وەك (قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایك ، گۆڕینی ڕەگەزنامە ، ڕامیاری بە تورك و عەرەب و فارسکردن ، ... هتد) ، بەمەش کارێکی زۆریان کردۆتە سەر گۆڕانی زمانی کوردی و لێکدابڕانی زارەکانی بەتایبەتی لە ناوچە هاوسنورییەکاندا . (عبدولاَ حوسێن ڕەسول ، ٢٠١٥: ٣٨٧)

ناحەزانی کورد هەمیشە لە پابەندبونی کورد بەزمانەکەیانەوە ترساون، لەم ڕوانگەیەوە دەوڵەتانی داگیرکەر ئەوەی بەرامبەر کورد کردویانە هەمیشە جیاواز بووە تەنانەت لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکانی تریشیاندا ، بۆ نمونە ڕژێمی سوریا ئەوەی بەرامبەر بە کورد دەیکات بەرامبەر بە هیچ یەك لە زمانی نەتەوەکانی تری وەك ئەرمەنی و ئاشوری و جولەکە نەیکردووە ، چونکە ئەو نەتەوانە لەلایەن ڕژێمەوە ڕێگەپێدراون ، کە بە زمانی خۆیان لە خوێندنگە تایبەتییەکانیان بخوێنن و لە یانە و کۆمەڵە کولتورییەکانیاندا بە کولتور و دابونەریتەکانیان ئاشناببن ، لەگەڵ ئەوانەشدا ژمارەیەکی زۆر خوێندنگە و پەیمانگای تایبەتی فەرەنسی و بەریتانی و ڕوسی و چەندین زمانی تری ئەوروپی هەن ، کە خوێندن تێیاندا بەخۆڕاییە . کەچی بۆ زمانی کوردی نەك خوێندن و خوێندنگە بونیان نییە ، بەڵکو ناوی شوێنەکان ، کە کوردین کراون بە عەرەبی و بە ئاشکرا ڕێگە نادرێت لە لە ئاهەنگەکاندا گۆرانی کوردی هەبێت ، تەنانەت ناونانی منداڵ بەپێی یاسا پێویستی بە بەڵگەی بەشی ئاسایشی ناوخۆ هەبووە .

وڵاتی ئێرانیش بە ڕێگەیەکی تر و سیاسەتێکی پیلان بۆ داڕێژراوی پێشینە کاردەکات ، بۆ توانەوە و لێکترازاندنی یەکڕیزی نەتەوە و زمانی کوردی . بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی و فارسی خوشکە زمانی یەکترن و لە ڕوی پێکهاتی زمان و ڕێزمانەوە نزیکن لەیەکترەوە ، زۆرجار بەناو زمانەوان و ڕۆشنبیرانی فارس ، زمانی کوردییان بە لقێك یان زارێکی زمانی فارسی داناوە و پێشنیازی ئەوەیان کردووە ڕێگە نەدرێت خوێندن و نوسین بە زمانی کوردی هەبێت ، بەڵکو هەر هەوڵێك بۆ نوسینی کوردی لە ئارادا بوبێ ، ڕاستەوخۆ هێرشیان بۆ هێناوە و قەدەغەیانکردووە بە بیانوی ئەوەی دەبێتە هۆی شێواندن و هەڵوەشاندنەوەی زمانی فارسی و یەکڕیزی ئێرانییەکان ، لەم بارەیەوە (سادق کیا) لە کتێبی (ڕێبەری زارەکان)دا ، کە ساڵی (١٩٦٢) بڵاوی کردۆتەوە ، وێڕای ئەوەی حاشا لەوە دەکات زمانی کوردی و کەمینە زمانییەکانی تر ئەدەبیات و نەریت و کولتوری کۆنی خۆیان هەبێت (جگە لە فۆلکلۆر) ، لە بارەی زمانی

کوردیـەوە دەڵـێ : (لـە سـەردەمی ئێمـەدا هـەوڵی زۆر دەدرێـت ، کـە هەنـدێك زاری وەك (بـەلوجی ، پەشـتو ، زارێك لە باکوری عێراق بەکاردێت و بە "کوردی" ناو دەبرێ لە نوسیندا ، هەوڵ بۆ پاراستنی زارەکـە نییـە ، بـەڵکو بـۆ هەڵتەکانـدنی زمـانی فارسـییە لـە نێـوان قسـەکەرانیاندا و جیـاوازی خسـتنەوەیە لـە نێـوان ئێرانییەکاندا ) . (ڕەحیم قادر سورخی ، ٢٠١٣: ٣١-٣٢)

سیاسەتی دەوڵەتی ئێران زۆرجار بە سودوەرگرتن لە فرەزاری زمانی کوردی هەوڵی ئەوەیان داوە ، کێشە و دژایـەتی لـە نێـوان زارەکانـدا دروسـتبکەن . کردنـەوەی ڕادیـۆ بـە زمـانی کـوردی یـەکێك بـو لـەو هەوڵـە نەزۆکانەی کە سیاسەتێکی پـیلان بۆداڕێـژراوی لـە پشـتەوە بـو ، بەرنامـەکانی ڕادیۆکـە بـە زارێـك پێشکەش دەکرا و پاشان دەیان گۆڕی بۆ زارە کوردییەکانی تر . (سەلام نـاوخۆش ، ٢٠١٢: ١٢٩) ئایدۆلۆجیسـتێکی ئێرانـی بـە ناوی (پـەرویز نیکخـواه) لـە سـاڵی (١٩٧٤)دا نامەیـەکی فـەرمی بـۆ سەرپەرشـتیارانی ڕاگەیانـدن دەنێرێـت بـۆ ئـەوەی وەك سیاسـەتی فـەرمی حکومـەتی پاشـایەتی لـە پـەخش و ڕاگەیانـدنی خۆیانـدا ڕەچـاوی بکـەن ، لـە نامەکەدا هاتووە : ((بە هەمو دیالێکتە کوردییەکان پەخشمان هەیە بـۆ ئـەوەی هـەمو بـزانن و تێبگـەن ، کـە (کورد(ی)) یەکێکە لە دیالێکتەکانی زمانی فارسی ! یەکنەگرتنی نێوان ئەو دیالێکتانـە دەبێتـە هـۆی ونبـونی دیالێکتی خودی زمانی کوردی خۆی)) . (ڕەحیم قادر سورخی ، ٢٠١٣: ٣٤)

ئەگەر باسی بـاکوری کوردسـتانیش بکـەین ئـەوا هـەمان بـارودۆخ و هـەمان پیلانـی سیاسـی بەرامبـەر بـە زمانی کوردی بەرچاو دەکەوێت . دوای ئەوەی "کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی" لە ساڵی (١٩٠٨) دادەمـەزرێت و دواتـــریش کەمالیســـتەکان لـــە ســـاڵی (١٩٢٣) دێنـــە ســـەرکار ، هـــەر لەســـەرەتاوە زۆر بـــە تونـــدی هـــەوڵی ڕیشەکێشکردنی زمانی کوردی دەدەن و لە هەمو بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کولتوری و پـەروەردەیی قەدەغەی دەکەن . هەمو حکومەتەکانی دواتری تورکیاش لەسەر هـەمان بەرنامـە ڕۆیشـتون ، تـاکو ئـەمڕۆش زمانی کوردی بە فەرمی لە دەستور و دامودەزگاکانی ئەو وڵاتەدا دانـی پێـدا نـەنراوە ، ئەگەرچـی لـەم چـەند ساڵەی دوایدا چەند مافێکی سەرەتایی لە بـواری سیاسـی و زمانـدا بەدەسـت هـاتووە ، بـەڵام زۆرێـك لـە مافـە سەرەتاییەکانی کورد لە تورکیادا هێشتا پشتگوێ خراون .

هەوڵی لاوازکردن و لەناوبردنی زمانی کوردی تەنها بە قەدەغەکردنی چاپەمەنی و نوسینەوە نەوەستاوە بەڵکو بە شێوازی تـری وەك پاکتـاوکردنی ڕەگـەزی و کوشـتنی بەکۆمـەڵ و ڕاگـوێزانی زۆرەملـێ و ... هـەوڵی توانەوەی نەتەوەو زمانی کوردی لەناو تورکدا دراوە ، بۆ نمونـە لـە سـاڵی (١٩١٥) لەلایـەن دەسـەڵاتەوە حـەوت هەزار کورد بۆ ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ ڕاگوێزراون ، بەشێوەیەك پەرتـەوازە کـراون کـە لـەنێوان (١٠٠) تورکـدا (١٠) کوردیان داناوە بۆ ئەوەی کوردەکان ناچاربن فێری تورکی بـبن و نـەوەی داهاتوشـیان بـبن بـە تـورك . (سوداد ڕەسول ، ٢٠١٤ : ٥٠-٥١)

بـە ڕای هەنـدێك لـە ڕۆشـنبیران (بـەکارهێنانی ئـەلفوبێی لاتینـی بـۆ نوسـینی زمـانی کـوردی پرۆژەیـەکی ئیمپریالیستییە بۆ دورخستنەوەی ئـەو بەشـەی کوردسـتان لـە هـەمو ڕابـردو و مێـژوی خـۆی (کـە ئێسـتا لـە کوردستانی عێراقیشدا هەوڵی نوسین بەو ئەلفوبێیە لەئارادایە) ، بۆیە دەبینین هیچ لێکۆڵینەوە و نوسینێك لەسەر شـاکارەکانی مـەلای جـەزیری و ئـەحمـەدی خـانی و ... لەلایـەن لێکۆڵـەرە کوردەکـانی ئـەو پارچـەیەوە ئەنجام نەدراوە ، ئەمەش وای کردووە ڕۆشنبیرانی کورد لە تورکیا شارەزای ئـەدەبی کلاسـیکی کـوردی نـەبن ،

بـەڵکو تەنانـەت کلاسـیکی کرمـانجیش نەناسـن ، کـە بـە ڕاسـتی گەنجینیـەکی بـەنرخ و دەوڵەمەنـدی زمـان و ئەدەب و هزری کوردن) . ( فەرهاد شاکەلی ، ٢٠١١: ٣٤-٣٦)

ئەو بارودۆخە وای کردووە  ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ماوەی سەدەی ڕابردودا زۆر بـەخێرایی دابەزێت ، بە جۆرێك لە زۆربـەی شـارە گـەورەکانی بـاکوری کوردسـتاندا بـەکوردی قسـە ناکرێـت ، تـەنها لـە گوندەکانـدا نـەبێت ، ئەمـەش وادەکـات دۆخـی زمـانی کـوردی ئـەو پارچـەیە لـە مەترسـیدا بێـت و ئەگـەری لەناوچونی دور نەبێت . (سوداد ڕەسول ، ٢٠١٢ : ٥١)

باشوری کوردستان پێش ڕاگەیاندنی حکومدارییەکەی شـێخ مـەحمود ، زمـانی کـوردی زمـانی حکومـەت و کارگێڕی نەبو ، بەڵکو تەنها زمانی ئەدەب و خوێندنی ئاینی (حوجرە) بو ، بەڵام دواتر شێخ مـەحمود خـۆی وەك (مەلیکی کوردستان) ڕاگەیاند و زمانی کوردی -زاری ناوەڕاست- ی بە زمانی فەرمی ناساند .

دوای لکـانی باشـوری کوردسـتان بـە عێراقـەوە حکومـەتی عێـراق سـاڵی (١٩٢٥) یەکـەم دەسـتوری عێراقـی پەسەند کرد هەرچەندە لە دەستورەکەدا ، هـیچ ئاماژەیـەك بـە نەتـەوەو زمـانی کـوردی نـەکرابو ، بـەڵام لـە بەنــدەکانی یاســاکەدا دان بــەوەدا دەنێــت ، کــە عێــراق دەوڵەتێکــی فرەنەتــەوە و فرەزمــان و فرەئاینــە و عێراقییەکان لە بەردەم یاسادا جیاوازییان نییە ، لایەنە جیاوازەکانیش مافی ئەوەیان هەیە بە زمانی خۆیـان بخوێنن . (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ، ٢٠١١: ٩١-٩٣)

دەرچونی یاسای زمانە ناوچەییەکان ( Local Language Low ) یەکەم بەڵگەی یاساییە ، کە تێیـدا حکومـەتی عێراقـی و "شافەیسـەڵ" شـای عێـراق بـە فـەرمی دان بـە زمـانی کـوردی لـە باشـوری کوردسـتاندا دەنێن. ئەم یاسایە بە یاسای ژمارە (٧٤) ناسراوە ، لە ڕۆژی (٦ /١/ ١٩٣١) بڵاوکراوەتەوە . (هەمان سەرچاوە: ٩٣)

دیارە مەبەست لە زمانی کوردی تەنها زاری ناوەڕاست بو ، کە لە سلێمانی پێی دەخوێنرا و لە هەولێریش تا ڕادەیەك بەکاردەهێنرا ، بەڵام لە دهۆك خوێندن هەر بە زمانی عەرەبی بو تـا سـاڵی (١٩٧٠) . (هەرچـەندە لە یاساکەدا هـاتووە ، کـە لیـوای موسـڵ (پارێزگـای دهۆکیشـی دەگرتـەوە) ئـازادن لـەوەی چ شـێوەیەکی زمـانی کـوردی هەڵدەبـژێرن ، واتـە حکومـەتی عێـراق مـافی ئـەوەی بـە پارێزگـای دهـۆك داوە ، کـە زاری ژورو لـە ناوەندی خوێندن و دامودەزگاکانـدا بەکاربهێنن ، بـە واتایـەکی تـر لـەم یاسـایەدا بەشـێوەیەکی تیـۆری زمـانی کوردی دابەشکرا بەسـەر دو زاردا (ناوەڕاسـت و ژورو) ، ئەمـەش هـەوڵێك بـو بـۆ لـەتکردنی زمـانی کـوردی و زەقکردنەوەی کێشەی ناوچەگەری لە ڕێگەی زارەکانەوە) . (نەریمان خۆشناو ، ٢٠١٣: ٢٣٨-٢٤٠)

یـەکێك لـە هۆکارەکـانی دەرکردنـی یاسـاکە پـەرتکردنی نەتـەوە و زمـانی کـوردی بـو ، هـەر لـە ناونیشـانی یاساکەوە (یاسای زمانە ناوچەییەکان) دەردەکەوێت ، بەوەی دانپێدانانی تەواو نییە بـە ناسـنامەی نەتـەوەیی زمانی کوردیدا ، بەڵکو ناوهێنانێتی بە زمانی ناوچەیی (محلي) ، ئەمـەش بچوککردنەوەی زمـانی کوردییـە ، نەك هەر ئەوەش بەڵکو دانانە بەوەی کە کورد چەند زمانێکی هەیـە یـاخود بـە چـەند شـێوازێك دەدوێـت ، وەك لـە دەقـی بەنـدی هەشـتەمی یاسـاکەدا هـاتووە : (لـە قـەزاکانی سـلێمانی و هـەولێر و کـەرکوك کـە لـەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە "شێوە"ی زمانی کوردی ئەو شێوەیەی ئێستا دەبێت (واتە زاری ناوەڕاسـت) ، بـەڵام لە قەزاکانی لیوای موسڵ (ئامێدی ، ئاکرێ ، دهۆك ، زاخۆ ، زێبار)، ئەوا خەڵکی ئەو ناوچانە ئازادن لەوەی چ "شێوە"یەکی زمانی کوردی بەکاردێنن ) ، ئەو هۆکارانە وای کرد زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی کورد بەرامبـەر بـەو یاسایە هەڵوێست وەربگرن ، بەتایبەتی هەریەك لە "تۆفیق وەهبی" و "محەمەد ئەمین زەکـی" ، هەرچـەندە

ئەم دو کەسایەتییە لە دامودەزگای حکومەتدا کاریان دەکرد ، بەلاّم دەرکیان بە مەترسییەکانی ئەو بڕیارە سیاسییە کردبو (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٢: ٦٢-٦٤) . تۆفیق وەهبی لە یاداشتێکیدا بۆ کۆمەڵەی گەلان دەڵێت:

((دەتوانرێ بگوترێ زمانی کوردی ڕەسمی لە سلێمانی فەتیسکراوە ، زمانی ڕەسمی لە لیوای موسڵ عەرەبییە ، ئەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی عەرەب نین لە کەرکوك تورکی و عەرەبی بە کاردەهێنرێت ، لە هەولێر زۆر کەم کوردی بەکاردەهێنرێت ، لە قەزا کوردییەکانی کووتدا زمانی عەرەبی ڕەسمییە ، یاسای زمانی ناوچەیی بە ئاشکرا مەبەستی دروستکردنی ئاژاوەی زمانە)) . (نەریمان خۆشناو ،٢٠١٢: ١٤١-١٤٢)

ئەو ئاژاوەیەی تۆفیق وەهبی باسی لێوە دەکات ، هەمان ئەو کێشەو ململانێیەیە کە تا ئێستاش لە نێوان هەر چوار زاری (ناوەڕاست و ژورو و لوڕ و هەورامی- زازا) دا بەردەوامی هەیەو هەر یەکەیان بەجۆرێك خۆیان جیادەکەنەوە و بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن ، کە پلەی زمانی فەرمی لە ناوچەکانی خۆیاندا وەربگرن و بە زاری خۆیان بنوسن و بخوێنن[1] . وردبینی و دوربینی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ ئەم پرسە گرنگە هەر زو مایەی دڵەڕاوکێ و مەترسی بووە ، محەمەد ئەمین زەکی لە نامیلکەی (دو تەقەلای بێسود – ١٩٣٥)دا زۆر ڕەخنەی موکوڕ لە یاساکە دەگرێت و ئەو ڕەخنانەش لە یاداشتێکدا بۆ کۆمیسیاری بالاّ دەنوسێت و دەڵێت : ((دەقەکانی ئەم بڕیارە ، پێچەوانەی ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی گەلانە)) ، هەروەها لە هەموی گرنگتر دەڵێت : ((بەندی هەشتەم ماڵی کورد پەرت دەکات و یەکێتی زمانی کوردی وێران دەکات)) . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٢: ٦٥)

یەکێك لە دەستکەوتە مەزنەکانی باشوری کوردستان لە سەدەی بیستدا وەرگرتنی خود موختاری (حوکمی زاتی) بو ، کە ماوەی چوار ساڵی خایاند (١٩٧٠-١٩٧٤) و تێیدا زمان و فەرهەنگی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و زمانی ستانداردی کوردی لە سەرتاسەری کوردستانی عێراقدا چەسپا و لە سەرجەم بوارەکانی خوێندن و کارگێڕی و چاپەمەنیدا بەکاردەهات . هەروەها هۆشیاری نەتەوەیی پەرەی سەندو تاڕادەیەك بیری تاکی کوردی لە هەستی خێڵەکی و هۆزو ناوچەییەوە بۆ هەستی هاونەتەوەیی و هاوزمانی گۆڕی . (فەرهاد شاکەلی ، ٢٠١١: ٥٤)

ڕژێمی بەعس هەمیشە لەهەلێك دەگەڕا بۆ ئەوەی یەکێتی نەتەوە و زمانی کوردی بشێوێنێ ، دوای ئەوەی دەسەلاّتی ڕەهای پەیداکردەوە ، جارێکی تر هەوڵی زیندوکردنەوەی یاسای زمانە ناوچەییەکانیدا ، پارەیەکی زۆری تەرخانکرد بۆ دەرکردنی هەردو ڕۆژنامەی (ئاسۆ) بە زاری ناوەڕاست (بزاڤ) بە زاری ژورو ، ئەم هەوڵەش کاریگەری خۆی هەبو (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ، ٢٠١١: ٦٣) ، چونکە جۆرە دژایەتییەکی وای لە نێوان ئاخێوەرانی ئەو دو زارەدا چاندووە ، کە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی دڵسۆزی کوردیش نەیانتوانیوە چارەسەری گونجاو بۆ کێشە و ململانێی نێوان ئەو دو زارە بدۆزنەوە .

---

[1] ئەو دۆخە ناهەموارەی زمانی کوردی وای لە "فێرگوسۆن" کرد کە زمانی کوردی بخاتە نێو بازنەی (ئاستی ستانداردی سفر) واتە زمانێکی پەرتەوازەیەو چەندین زاری جیاوازی هەیەو هیچ یەك لەو زارانە پرۆسەی بەستاندردبونی تێنەپەڕاندووە، هەروەها هیچیان لەلایەن کۆمەڵەوە پەسەند نەکراون . ئەو بۆچونانەی ناوبراو لە میانی وتارێکیدا بو کە ساڵی (١٩٦٢) دا بلاّوی کردبووەوە و تێیدا چەند ئاستێکی زمانی ستانداردی دەستنیشان کردبو . بۆ بینینی پوختەی باسەکە ، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١) ، کە لە"ڕەهبەر مەحمودزادە" (شەریف فەلاح، ٢٠١٢:٢٠٣-٢٠٥)ەوە وەرگیراوە .

**٢- ٢- ٢- ٢- سیاسەتی ناوخۆ :**

سیاسەتی ناوخۆش چ لە كۆندا و چ لە ئێستادا سودی بۆ لایەنی یەكگرتنەوەی زمان نەبووە . میرنشینە كوردییەكان بیریان لە یەكخستنی زمان نەكردۆتەوە ، هەر میرنشینەی زاری ناوچەكەی خۆی پەرەپێداوە و كردویەتی بە زمانی ئەدەبی میرنشینەكەی ، ئەم كارەش پتر زارەكانی لێكترازاندووە . (عەبدولا حوسێن ڕەسول، ٢٠١٥ : ٣٨٨) تا وای لێهاتووە زمانیش كەوتۆتە نێو بازنەی ململانێ سیاسی و ناوچەییەكانەوە . ئەگەر بمانەوێ باسی مێژو و زمانی هەر میرنشینێك بكەین دەبێت ئاماژە بە زاری ئەو ناوچەیەش بكەین ، كە میرنشینەكەی تێدا دامەزراوە ، (هیچ یەك لەو میرنشینانە بیری لەوە نەكردۆتەوە لەڕێی زمانەوە هەستی نەتەوەیی لای تاكی كورد دروستبكات و بە زمانێكی نەتەوەیی هاوبەش ڕۆڵەكانی كورد یەكبخات ، بەڵكو بە پێچەوانەوە ، هەر میرنشینێك زاری ناوچەكەی لە حكومڕانییەكەی خۆیدا كردۆتە زمانی فەرمی ، بەبێ ئەوەی ناوچەكانی تر پەیڕەوی ئەو شێوە زمانە بكەن ، بە وێنە لە میرنشینی سۆراندا شێوەزاری سۆرانی بو بە زمانی نوسین و كاروباری كارگێڕی میرنشینەكە ، لە میرنشینی بۆتاندا شێوەزاری بۆتانی و، لە میرنشینی بادینانـدا شێوەزاری بادینی و لە سنوری میرنشینی باباندا شێوەزاری سلێمانی و لە سنوری میرنشینی ئەردەڵانیشدا شێوەزاری گۆرانی ببونە زمانی فەرمی میرنشینەكانیان) . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٤: ٣)

دوای جەنگی یەكەمی جیهانی و ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (١٩١٨ -١٩٢٢) ، كە بەشێكی زۆری كوردستانی لە ژێر دەسەڵاتدا بو ، كوردستان بەسەر هەرچوار وڵاتی عێراق و ئێران و سوریا و كۆماری توركیادا دابەشكرا ، ئەم دابەشكردنەی خاكی كوردستان پەیوەندی نێوان زارەكانی گۆڕی ، چونكە پێش جەنگەكە زمانی كوردی بەهەمو زارەكانییەوە بەشێوەیەكی خۆڕسك هەنگاوی بەرەو ستاندارد بون دەهاویشت ، بەبێ ئەوەی سیاسەتێكی زمانی یاخود دەسەڵات و ئەكادیمیایەك پلانی بۆ دابڕێژێ .

لە ساڵی (١٨٩٨)دا رۆژنامەی كوردستان لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانییەكانەوە بڵاوكرایەوە ، (ئەوكات زاری ژورو زیاتر لە كوردستاندا بەكاردەهات . لە ساڵی (١٩٠٨)ەوە ڕۆژنامەگەری بە هەردو زاری ژورو و ناوەڕاست پەرەی سەند ، بەڵام زاری ژورو زاڵتربو ، چونكە ڕۆشنبیران و خوێنەواران زیاتر سەر بە زاری ژورو بون ، گەشەكردن و بڵاوبونەوەی زاری ژورو بەردەوام نەبو ، بەتایبەتی دوای دروستبونی كۆماری توركیا ساڵی (١٩٢٥) زاری ژورو بەشێوەیەكی دڕندانە لە لایەن توركیاوە سەركوتكرا ، لە سوریاش كە فەرەنسا دایمەزراندبو (١٩١٨-١٩٤٦) ڕێگە نەدرا زاری ژورو لە خوێندندا بەكاربهێنرێت ، لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا تەنها لە نێوان ساڵانی (١٩٢٣-١٩٣٥) بەكاردەهات . تەنها كوردستانی عێراق نەبێت ، كە لەدوای ساڵی (١٩٢١)ەوە زاری ناوەڕاست لە خوێندن و نوسین و چاپەمەنی و ڕادیۆدا بەكاردەهات و وەك زمانی فەرمی خۆی ناساند . بەو پێیەی شاری سلێمانی ناوەندی سیاسی و ڕۆشنبیری بو هاوكات ناوەندی بزوتنەوەی نەتەوەییش بو ، بۆیە هەرزو ئەو زارە بڵاوبویەوە و وەك زمانی ئەدەبی یەكگرتو جێگەی خۆی كردەوە) . (شەریف فەلاح ، ٢٠١٢: ٢٧٤-٢٧٥)

دوای دەرچونی یاسای زمانە ناوچەییەكان دەرفەتێكی باش بۆ نەتەوەی كورد لە باشوری كوردستان ڕەخسا تاكو بتوانن بە زمانی كوردی بخوێنن و بنوسن ، بەڵام دەڤەری بادینان داوای زمانی عەرەبییان كرد لەبری زمانی كوردی - زاری ناوەڕاست ، هەروەك "محەمەد ڕەسول هاوار" لەسەر زاری "تۆفیق وەهبی"یەوە دەیگێڕێتەوەو دەڵێت : (( كە بڕیاردرا زمانی كوردی لە ناوچە كوردییەكاندا لە قوتابخانەكان بخوێنرێت ، لە بادینان هەندێك كەسی بێ مێشكی ناوچەگەری خۆپەرست بۆ ئەوەی خۆیان لە موسڵاویە عەرەبەكان نزیك

بکەنەوە ، کە وەفدێك چو بۆ ئەم ناوچانە بۆ ئەوەی بزانرێ ، ئایا دەیانەوێ بە کوردی بخوێنن یان نا ، تاقمێکیان دروشمێکیان هەلگرتبو بە عەرەبی نوسیبویان ، نامانەوێ منداڵەکانمان بە کوردی بخوێنن)) . (نەریمان خۆشناو ، ٢٠١٣: ٢٤٠-٢٤١)

دوای تێکشکانی بزاڤی چەکداری ئەیلول ، (لە بەهاری ساڵی (١٩٧٥)دا دەستەیەك پیاوی ڕژێمی بەعس و زارپەرستی دەڤەری بادینان چەند هەزار واژۆیەکیان کۆکردەوە و داوایانکرد کە زمانی عەرەبی لە جێگەی زمانی کوردی لە ناوەندەکانی خوێندندا بەکاربێت ، دیارە دەسەڵاتی شۆڤێنی بەعس پشتگیری ئەو داواکارییەی کرد ، چونکە دابڕینی بادینان لە ناوچەکانی تری باشوری کوردستان هەمیشە بەشێکی گرنگی ستراتیژیی بەعس بووە . دەڤەری بادینان بە درێژایی دەیان ساڵ لە کۆمەڵ و کولتور و ناوچەکانی تری باشوری کوردستان دابڕاوە و بەر پەلاماری کولتوری عەرەب کەوتووە ، لە بەرامبەر ئەمەشدا هیچ دەرفەتێکی بۆ نەڕەخساوە تا بە جۆرێکی سروشتی پەیوەندی کولتوری و سیاسی و کۆمەلآیەتی لەگەڵ کوردی باکوری کوردستاندا ببەستێت ، چونکە لەلایەك بە دو شێوەزاری جیاواز دەنوسن ، لەلایەکی تریشەوە بە دو ئەلفوبێی جیاواز دەنوسن و ناتوانن سود لەبەرهەم و نوسینەکانی یەکتر وەربگرن) . (ڕەفیق سابیر ، ٢٠١٤: ٤٤-٤٥)

ئەم ڕەوشە زمانییە بەردەوام بو تا پاش ڕاپەڕین ، بە ڕزگاربونی باشوری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی شۆڤینی بەعس ، لە ساڵی (١٩٩٢)دا پەرلەمان دامەزرێنرا و یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا . لەم ماوەیەدا هەرێمی کوردستان دەسکەوتی باشی لەڕوی سیاسی و نەتەوییەوە بەدەستهێنا ، بەلآم هەلگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لە مایسی (١٩٩٤) و دابەشکردنی هەرێم بۆ دو ناوچەی سەوز و زەرد بووە هۆی سەرهەڵدانی دو ئیدارەیی و دواتر بوو بە مایەی ئەوەی ئاخێوەرانی سەر بەهەریەك لەو دو ئیدارەیە ببنە خاوەنی دو ئایدۆلۆجیای سیاسی ، بۆیە کێشە سیاسی و ئایدۆلۆجییەکان کێشەو ململانێی نێوان زارەکانیشی لێکەوتەوە .

پرسی زمانی ستاندارد لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە دوای شەڕی ناوخۆ کێشە و ململانێی نێوان زاری (ناوەڕاست و ژورو)ی گەیاندۆتە لوتکە و تا ئێستاش بەردەوامە . لە ڕاستیدا زاری ناوەڕاست زیاتر لە دو سەدەیە وەك زمانی ئەدەبی یەکگرتوی کوردی دەرکەوتووە و بووە بە زمانی ئەدەبیات و نوسین و دواتریش خوێندن و ڕۆژنامەگەری ، بە شێوەیەك بلآوبۆتەوە کە (سنوری هەرێم و زارەکانی بڕیوە و بە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بلآوبۆتەوە . سەرجەم ئاخێوەرانی هەورامی و لوڕ و نزیکەی هەمو ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران و زۆرینەی خوێندەوارانی بادینانیش بەو زمانە ئەدەبییە ئاشنان و دەتوانن لە ئاخاوتن و خوێندنەوە و نوسیندا بەکاریبهێنن . هەمو ئەوانەش وایان کردووە ، کە زاری ناوەڕاست لە ڕەوشی بلآوبونەوەیدا سروشتی زار لەدەست بدات و لە ڕوی دەنگ و واتا و وشەسازییەوە سروشتی گشتی زمانی کوردی وەربگرێت ، لە هەمان کاتدا بە سەدان وشە و زاراوەی زار و شێوەزارەکانی تر دەوڵەمەندبووە ، بۆیە هەمو تایبەتمەندییەکانی زمانی ستانداردی پێوەدیارە) . (ڕەفیق سابیر ، ٢٠١٤: ٣٤-٣٥)

ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی دەڤەری بادینان بەوە ڕازی نابن ، کە زاری ناوەڕاست بەتەنها ببێتە زمانی ستاندارد و فەرمی ، بەڵکو بانگەشەی جوتستانداردی دەکەن و چەندین بیانو بۆ کەمکردنەوەی پایەی زاری ناوەڕاست دەهێننەوە ، لەوانەش:

- زاری ناوەڕاست زاری ناوچەیەکی بچوکی وەك سلێمانییەو ئینگلیزەکان دروستیان کردووە .

- زاری ناوەڕاست بە (سۆرانی)[1] ناودەبەن .
- ژمارەی ئاخێوەرانی زاری ژورو زۆر زیاترە لە زاری ناوەڕست ، کەواتە نابێت زاری ناوەڕاست ببێتە زمانی ستانداردی کوردی ، چونکە لەگەڵ بنەماکانی ئازادی و دیموکراسیدا ناگونجێت .
- زمانی کوردی وەك وڵاتی نەرویج جوتستانداردە و پێویستە کورد دو زمانی فەرمی و ستانداردی هەبێت .
- ئەلفوبێی عەرەبی ناتوانێت دەنگەکانی زاری ناوەڕاست دەربڕێت .

ئەمەو چەندین دروشم و بیروبۆچونی تر ، کە دەکرێتە بەربەست لە پێش بە ستانداردکردنی زاری ناوەڕاست لە هەرێمی کوردستاندا . (فەرهاد شاکەلی ، ٢٠١١: ١٥٤)

لە ئەنجامی ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی لە دوای شەڕی ناوخۆوە "ململانێی وشە"یش هاتۆتە ئاراوە ، هەریەك لە پارتەکان کۆمەڵێك وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و حزبییاندا خۆیان ، هەمان واتای ئەو وشانە بە فۆرمێکی تر سیمای حزبێکی تری وەرگرتووە و هیچ یەك لەو حزبانە فۆرم و وشەی یەکتر بەکارناهێنن ، ئەمەش بۆتە هۆی دروستبونی چەندین وشە و فۆرمی جیاواز بۆ یەك واتا و مەبەست (ئازاد سلێمان ، ٢٠١٤: ٤٧) ، وەك :

| | | |
|---|---|---|
| خوێندکار | قوتابی | فێرخواز |
| ژنان | ئافرەتان | خوشکان |
| مەڵبەند | لق | |
| کۆمیتە | ناوچە | |
| بەڕێز | ڕێزدار | |

هەریەك لەو وشانە بونەتە ناسنامەی حزبی و ناوچەیی ، بە وێنە لە سەرەتادا وشەی قوتابی لە سەرانسەری کوردستانی عێراقدا بەکاردەهات ، بەڵام دوای هەرەسی (١٩٧٥) و دروستبونی (ی . ن . ك) وشەی خوێندکار وەك جێگرەوەی (قوتابی) بەکارهات و تائێستاش ئەو دو وشەیە لە تەنیشت یەکەوە (قوتابی/ خوێندکار) لە هەندێك نوسراوی وەزاریدا دەنوسرێت . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٢: ١٣٧-١٣٨)

---

[1] ناونانی زاری ناوەڕاست (زمانی ئەدەبی یەکگرتو) بە سۆرانی پەیوەندی بە میرنشینی سۆرانەوە نییە ، چونکە ئەم زمانە ئەدەبییە (وەك زمانی نوسین) سەرەتا لە ناوچەی سلێمانی و لە سایەی میرنشینی بابانـدا دەرکەوت . دواتر بە ناوچە و هەرێمەکانی (گەرمیان ، سۆران ، هەورامان ، موکریان، سنە)دا بڵاو بویەوە . وشە یان زاراوەی "سۆرانی" کە بەسەر زاری ناوەڕاست و ئاخێوەرانیدا بڕاوە ، سەرەتا لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردودا و لە کاتی شەڕی ناوخۆدا لە زاری بادینانییەکانەوە کەوتە سەر زمانی خەڵك ، ناوچەی سۆران کە خەڵکەکەی بە زاری ناوەڕاست دەدوێن سنوری لەگەڵ بادیناندایە ، بۆیە وشەی سۆرانی لای هەندێك خوێندەوار و نەخوێندەواری بادینان ، وەك پێناسەیەك بۆ ئەو کوردانە بەکارهاتووە ، کە بە شێوەزاری بادینی نادوێن . بەکورتی وشەی (سۆرانی) وەك پێناسەی کۆمەڵە خەڵکێك لە بەرامبەر پێناسەی بادیناندا دروستکراوە ، چونکە ئەوانەی بە زاری ناوەڕاست دەدوێن ، نەخۆیان بە سۆرانی دادەنێن ، نە زارەکەشیان بە سۆرانی ناودەبەن ، وشەی (سۆرانی) دواتر لەگەڵ بەردەوام بونی شەڕی ناوخۆدا مانایەکی نەرێنی وەرگرت . بۆیە ناوبردنی زمانی ئەدەبی کوردی و ئەو خەڵکەی پێی دەدوێن و دەنوسن بە سۆرانی ، بە مەبەست بێت یان بێمەبەست تەنیا هەڵە نییە ، بەڵکو سوکایەتی کردنیشە . (ڕەفیق سابیر ، ٢٠١٤: ٦٤-٦٥)

ململانێی زارە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا تەنها بە زاری (ژورو و ناوەڕاست)ەوە نەوەستاوە ، بەڵکو هەندێك جار هەردو زاری زازا و هەورامیش تێوەدەگلێن ، بەتایبەتی سالآنێکە بۆچونی لەم جۆرە لەناو هەورامییەکان و ئێزیدییەکانی باشوری کوردستان و زازاییەکانی باکوری کوردستاندا (کە سەر بە ئاینزای عەلەوین) دەرکەتووە ، بەلآم لایەنگرانی ئەو دەنگۆیانە ژمارەیەکی یەکجار کەمی ئاخێوەرانی ئەو دو زارە پێکدێنن و بەشێوەیەکی گشتی ئاخێوەرانیان خۆیان بە کورد دەزانن و زارەکەشیان بە زارێکی کوردی لەقەڵەم دەدەن ، جگە لەوەش لەڕوی زانستی زمان و ئەنسرۆپۆلۆجییەوە زارەکانی هیچ زمانێك بەتەنیا ناتوانن بنەما و بنچینەیەك بۆ خۆجیاکردنەوەی نەتەوەیی پێکبهێنن ، بە واتایەکی تر زاری جیاواز نەتەوەی جیاواز ناگەیەنێت . (ڕەفیق سابیر ، ٢٠١٤: ٣٧) (کامیار سابیر ، ٢٠١١: ٥٥-٥٦)

### ٢- ٢- ٣- هۆکاری ئاینی

هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ، بەشێوەیەکی ئاشکرا زمانی ئاین و زمانی نەتەوەیی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر یەکتر هەبووە ، هاوکات کارگەرییان لەسەر پێشکەوتن یان دواکەوتنی نەتەوەکان هەبووە . زمانی ئاین و زمانی نەتەوە یان شانبەشانی یەکتر گەشەیان کردووە و پێشکەوتون و برەویان بە یەکتر داوە ، یان یەکێکیان زیانی بەوی تر گەیاندووەو ڕێگەی گەشەسەندنی لێگرتووە و دوای خستووە . هەردو زمانەکەش پەیوەندییەکی زۆریان بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالەوە هەیە . (حوسێن محەمەد عەزیز ، ٢٠٠٥: ٨١)

ئاین پەیوەندییەکی تونددوتۆڵی بە بیروباوەڕی تاکەوە هەیە و جۆرە پیرۆزییەکی وەرگرتووە ، پەیڕەوکەران هەست و سۆزو خۆشەویستیان بۆ ئاین زیاترە لە هەر دیاردە و مادە و هەر شتێکی ژینگە و دەوروبەر ، بە جۆرێك زۆرجار پەیڕەوکەرانی ئاین یان ئاینزاکە ئامادەن زۆرشت ببەخشن لە پێناو پاراستن و سەرخستنی ئاینەکەیاندا . بۆیە فاکتەری ئاین و ئاینزا لە هەر وڵاتێکدا (دەتوانێت بە ئاسانی نەك هەر زارێکی زمان بگۆڕێت بە زمانێکی سەربەخۆ ، بەڵکو دەشێت تەنانەت نەتەوەیەکیش بکاتە دو نەتەوە ، یان دو گەلی جیاوازی خاوەن دو قەوارەی سیاسی سەربەخۆ . بۆ نمونە زمانی سیربوکرواتی ، تا هەڵوەشاندنەوەی یۆگۆسلاڤیا لەسەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردودا ، زمانی هاوبەش و ستانداردی گەلانی (سێرب ، کروات ، بۆسنی و مۆنتینیگرییەکان) بو ، بەلآم کاتێك سیرب و کروات کە یەکەمیان سەر بە ئاینزای "ئەرسەدۆکس"ە و دووەمیان سەر بە ئاینزای "کاتۆلیك"ە ، شەڕ و ململانێ کەوتە نێوانیانەوە ، کرواتیا بو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و زمانە هاوبەشەکەشیان (سێربۆ کرواتی) بو بە دو زمانی سەربەخۆ : زمانی سێربی و زمانی کرواتی . کاتێکیش بۆسنییەکان (کە گروپێکی ئێتنیکی سلاڤی - موسوڵمانن) لە دەوڵەتی یۆگۆسلاڤیا جیابونەوە ، زارەکەی خۆیان ناونا (زمانی بۆسنی) و ڕایانگەیاند کە زمانی بۆسنی زمانێکی سەربەخۆیە و زمانی سلاڤی باشورییە موسڵمانەکانی تەواوی یۆگۆسلاڤیایە) . (ڕەفیق سابیر ، ٢٠١٤: ٢٧-٢٨)

ئەگەر لە مێژوی دروستبونی زمانی ئەڵمانیا و وڵاتی ئەڵمانیا ورد ببینەوە ، بۆمان دەردەکەوێت کە ئاین ڕۆڵێکی سەرەکی لەو بوارەدا گێڕاوە ، "مارتین لۆتەر"ی ئەڵمانی (١٤٨٣-١٥٤٩) ، کە داهێنەری ئاینزای پرۆتستانت و پێشەوای بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی کاتۆلیکییە ، پاش ئەوەی (ئینجیل)ی لە لاتینییەوە

وەرگێڕایە سەر زاری ئەڵمانی - شێوەزاری سەکسۆنی ، کە تا ئەو کاتە تەنها لە دیوەخانەکانی کاربەدەستانی ساکسدا بەکاردەهێنرا ، توانی سەرنجی خەڵکێکی زۆر بۆلای ئەو ئینجیلە ڕابکێشێت و هەر بەو هۆیەوە شێوەزاری سەکسۆنی بو بە زمانی هەمو ئەوانەی کە ئەمڕۆ بە ئەڵمانی دەدوێن ، هەر لە ئەڵمانیاوە بیگرە تا دەگاتە سوئیس و نەمسا و ... هتد . (شەریف فەلاح ، ٢٠١٢: ٢٧٩)

ئاین و ئاینزا یەکێتی بیروباوەڕ (عقیدة) لە نێوان پەیڕەوکەرانیدا پێکدەهێنێت و پێکەوەیان دەبەستێتەوە ، بۆیە زۆرجار لە پێناو ئایندا زمان و نەتەوەی کۆمەڵێك یان وڵاتێك توشی کێشە و ململانێ و دابەشبون و جیابونەوە دەبن ، ئەم بارودۆخە بە درێژایی مێژو لەوەتەی ئاین لەسەر گۆی زەوی دەرکەوتووە هەبووە و تا ئێستاش بەردەوامە . بۆ نمونە سریانەکان زمانێکی ئەدەبی یەکگرتویان هەبو تا سەدەی پێنجەمی زاینی . لەم سەدەیەدا کێشە کەوتە نێو کڵێسەی ئاینەکانی ڕۆژهەڵاتەوە و بە هۆیەوە خەڵکەکە بون بە دو بەشەوە ، هەر لەمەشەوە "ئاینزای یاقوبی" و "ئاینزای نەستوری" پەیدابون ، هەریەکە لەو دو ئاینزایە وردە وردە شێوەنوسینی خۆیان پاراست و ململانێ و ڕق و کینە و تێکەڵنەبون کارێکی وایکرد زیاتر لێکدوربکەونەوە و پەیوەندییەکانیان بە تەواوی بپچڕێت . لە ئێستادا سریانەکان دو زمانی ئەدەبییان هەیە . (حوسێن محەمەد عەزیز ، ٢٠٠٥: ١١٢) ئارییایە کۆنەکانیش (واتە هیندۆ ئێرانییە کۆنەکان) لە سەرەتاوە بەیەك زمان دەدوان و یەك ئاینیشیان هەبو ، بەڵام پاش ئەوەی خەڵکی هندستان ئاینی خۆیان جیاکردەوە و نزیکی ساڵانی (٣٠٠٠ پ ز) کتێبی (ڤیدا)یان بەشێوەی سانسکریتی بۆ نوسرایەوە ، دواتریش ئارییاییەکان ئاینی زەردەشتیان پەسەندکرد و کتێبەکەیان بەناوی (ئاڤێستا) بڵاوکردەوە ، لەمەوە زمانی ئاریایی وردە وردە بو بە دو زمان ، هیندی و ئێرانی ، هەریەك لەو دو زمانەش دواتر چەند زمانێکی تری لێ بویەوە . (شەریف فەلاح ، ٢٠١٢: ٢٧٩)

هیندستان تا ئێستاش وڵاتێکی فرەزمان و فرەنەتەوە و فرەئاینە ، زۆرجار کێشەی ئاینی نەك هەر ململانێی زمانی لێدەکەوێتەوە ، بەڵکو هەندێك جار ململانێی سیاسی و جەنگ و پێکدادان و کوشتاریش لە نێوان پەیڕەوکەرانی ئاینە جیاوازەکاندا سەرهەڵدەدات و دەبێتە ئاکامێکی حەتمی .

کەمینەی موسڵمانی هیندستان تا هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ئەو وڵاتە ، دەسەڵاتداری هەمو هیندستان بون ، دەسەڵاتدارانی موسڵمان لە ئۆردوی سەربازیدا سەربازەکانیان فێری خوێندن و نوسینی هیندی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەکرد ، بەڵام دواتر ناسیۆنالیستە هیندۆسەکان شێوە نوسینی کۆن و مێژویی (سانسکریتی)یان زیندوکردەوە بۆ نوسینی زمانی هیندی . دوای سەربەخۆیی هیندستان لە ساڵی (١٩٤٧) کەمینەی موسڵمان نەیانویست ململانێی نابەرامبەری لەگەڵ ئاینەکانی تردا درێژبکەنەوە ، هەروەها بۆ ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی زۆرداری هاوڕەگەزەکانیان نەمێننەوە ، وڵاتێکی سەربەخۆیان بەناوی (پاکستان)ەوە دروستکرد . لەو ساڵەوە شێوەنوسینی ئۆردۆیی بو بە زمانی ئوردۆ ، پاکستانییەکان لەو (٥٠) ساڵەی ڕابردودا هەمیشە هەوڵیانداوە وشەی زمانی فارسی و عەرەبی وەرگرن ، ئەوەش زیاتر زمانی ئۆردۆی لە هیندی دورخستەوە . هیندیەکانیش هەمیشە زمانەکەیان بە وشە و زاراوەی سانسکریتی کۆن دەوڵەمەند دەکرد . (شاسوار هەرشەمی ، ٢٠٠٩: ٣٠)

وڵاتی بەلجیکاش لەئەنجامی ململانێی نێوان ئاینزاکانەوە دروستبووە ، ئەو خاکە بچوکەی کە ئەمڕۆ وڵاتی بەلجیکای لەسەرە ، سەرەتا دو گەلی هاوسێی خاوەن دو زمانی جیا ، بەڵام هاوئاینزای تێدا دەژیا ، فلامانەکان (فلاندەرەکان) کە بە زارێکی باشوری هۆڵەندا دەدوێن ، (ڤالۆنەکانیش) کە ژمارەیان کەمترە ، بە

زارێکی فەرەنسی دەدوان . لە سەدەکانی ڕابردودا کاتێك گەلانی ئەوروپا ئاینزایان لە کاتۆلیکییەوە بۆ پرۆتستانت گۆڕی ، شەڕ و ململانێ لە نێوان هەردو ئاینزاکە هەلگیرسا . فلامانە هۆڵەندییەکان پرۆتستانتیان وەرنەگرت ، بەپێچەوانەی زۆرینەی هاوزمانەکانیان لە هۆڵەندا ، ڤالۆنەکانی هاوسێی باشوریان کە کاتۆلیك بون کەوتنە پشتگیری فلامانەکان ، دوای چەندین گۆڕانکاری بەسەر ناوچەکەدا ، لە کۆتایدا ئەوروپییەکان ساڵی (١٨٣٠) سەربەخۆیی بەلجیکایان ڕاگەیاند . لەو کاتەدا زمانی فەرەنسی لە لوتکەی پایە و پێشکەوتندا بو ، ئەمە وایکرد زمانی فەرەنسی بێ هیچ گرفتێك ببێتە زمانی دیوانی بەلجیکا ، سەرەڕای ئەوەی کە فلامانەکان زۆرینەش بون . (شاسوار هەرشەمی ، ٢٠٠٩: ٣٢) فلامانەکان لە پێناو ئاینزای کاتۆلیکدا ئامادەبون دەستبەرداری زمان و نەتەوەی خۆیان ببن و دەوڵەتێکی نوێ لەگەڵ هاوبیر و هاوئاینزایانی خۆیاندا پێکبهێنن .

وڵاتی ئێران جگە لە زمانی فارسی دان بە هیچ زمانێکی تردا نانێت و هەمو زمانەکانی تر بە زاری زمانی فارسی ناودەبەن ، جگە لەوەش پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩)وە ، وەك بنەمایەکی سەرەکی سیاسی وڵاتی ئێران زمانی فارسی و ئاینزای شیعە (شیعەگەری)لە پێکهێنەرەکانی ناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێن ، ئاینزا و ئاینەکانی تری وەك (سونی ، یارسانی ، مەسیحی ، جو ، بەهاییەکان) لە بەشداری سیاسی ئەو وڵاتەدا پەراوێزخراون . (ڕەحیم قادر سورخی ، ٢٠١٣: ٣٥)

هەرێمی کوردستان چەندین کەمە نەتەوەی تێدا دەژین و زمانی نەتەوەیی خۆیان هەیە ، کە لە ماڵەوە و لەگەڵ هاوزمانەکانی خۆیاندا بەکاریدەهێنن ، بەڵام لەسەر ئاستی زمانی فەرمی ئەوا بێ کێشەوگرفت زمانی کوردی لە دامودەزگا حکومییەکان و ناوەندەکانی خوێندن بەکاردەهێنن (جگە لەو خوێندنگایانەی کە تایبەتن بەو کەمە نەتەوەییانەوە) . کەچی زاری ناوەڕاست و ژورو ئەگەرچی جیاوازی ئاینی ، ئاینزا ، نەتەوەیی ، ئیتنیکی ، لە نێوانیاندا نییە و لەڕوی ڕێزمان و دەنگسازی و واتاسازییەوە تاڕادەیەکی لێکەوە نزیکن ، بەڵام لەسەر یەك زمانی فەرمی و ستانداردی کوردی ڕێکناکەون و لە ململانێیەکی قوڵدان . ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە مەرج نییە سەرئەنجامی جیاوازی ئاین و ئاینزا هەمیشە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێ و پەرتبون و جیابونەوەی نەتەوەو زمان لەسەر بنەمای ئاینی ، هەروەها مەرج نییە فرەئاینی هەموکاتێك ببێتە مایەی پێکدادان و دروستبونی ململانێ .

### ٢- ٢- ٤- هۆکاری جوگرافی

زۆربەی زمانەوانەکان لەو باوەڕەدان کە هۆکارە جوگرافییەکانی وەك جیاوازی ئاو و هەوا و سروشتی وڵات و ژینگە و پێگەی ناوچەکەو بەربەستە سروشتییەکان ، هەروەها دابڕانی ناوچەکان لەیەکتر بەهۆی ڕوبار و چیا و دەریاکان و ... هتد زوبێت یان درەنگ دەبنە هۆی جیاوازی دابڕانی زمانەکان لەیەکتر و پەیدابونی زار و شێوەزارەکان . (عەبدوڵا حوسێن ڕەسول ، ٢٠٠٢: ٩)

گرنگی پێگەی سروشتی جوگرافی لە زانستی زماندا بووە هۆی سەرهەڵدانی لقێکی زمانەوانی بەناوی (زمانەوانی جوگرافی) ، ئەم زانستە لە زمان دەکۆڵێتەوە لە ڕوانگەی دابەشکردنی جوگرافی ئاخێوەرانی ، هەروەها کاریگەری زمانەکان یان زارەکانی زمان بەسەر یەکەوە دەخاتەڕو .(یوسف شەریف سەعید ،٢٠١١ : ٣٠)

باری جوگرافی هەر لەکۆنەوە هۆیەکی سەرەکی دابەشبونی زمان و پەیدابون و گەشەکردنی زارەکان بووە . ڕادەی پاراوی زارەکانی زمان لەگەڵ سەختی باری جوگرافی هاوکێشەیەکی ڕاستەوانەیە ، واتە تا باری جوگرافی ناوچەکان سەختتر بێت ڕادەی پاراوی زمان و زارەکان زۆرتر دەبێت و هاوکات ئەگەری ململانێی نێوان زارەکان کەمتر دەبێتەوە ، بە پێچەوانەشەوە تا باری جوگرافی ناوچەکان بێبەربەست بێت (بەربەستی جوگرافی) ، پاراوی زمان و زارەکان کەمتر دەبنەوە و ڕادەی تێکەڵبونیان زیاتر دەبێت . (عەبدوڵا حوسێن ڕەسول ، ٢٠١٥: ٣٩١) هاوکات ئەگەری ململانێی نێوان زارەکان زیاتر دەبێت .

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری ناوچەی هەورامان بکەین دەبینین بەهۆی سروشتی شاخاوی ناوچەکەوە کەمترین گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، بەڵام ناوچەی گەرمیان بە هۆی ئەوەی ، کە بەربەستی سروشتی لە ناوچەکانی تری دانەبڕیوە ، بۆیە کەوتۆتە بەر لێشاوی گۆڕانکاری و لە هەمو سنورەکانییەوە توشی پێکدادان و ململانێ هاتووە و دەیان ساڵە لەگەڵ زمانی عەرەبیدا ململانێ دەکات .

زۆرجار ململانێی نێوان زارەکان بەهۆی نزیکی سنوری جوگرافی لە یەکترەوە دێتەکایەوە ، ململانێکانیش بەزۆری لە پێناو وەرگرتنی پایەی زمان و لە دەستدانی ئادگارەکانی زارەوە سەرهەڵدەدات ، بە واتایەکی تر کاتێك وڵاتێك یان هەرێمێك سەربەخۆیی وەردەگرێت پێویستی بە زمانێکی فەرمی دەبێت بۆ ڕاپەڕندنی کاروباری حکومەت و دامودەزگاکانی ، ئەو زمانەش ناسنامەی نەتەوەکە وەردەگرێت و پایەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەیدادەکات ، لەم بارەدا زۆرجار زاری ناوەندی دەسەڵات یاخود پایتەخت دەبێتە زمانی فەرمی .

لە تایبەتمەندییەکانی زاری سەرکەوتو ئەوەیە ، کە بتوانێت بە وشە و زاراوەکانی زارەکانی تر فەرهەنگی خۆی دەوڵەمەند بکات . ناوچەی جوگرافی خودی ئەو زارە هەلێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ سودمەندبون لە زار و شێوەزارەکانی تر ، واتە ئەگەر شوێنی جوگرافی زارەکە بکەوێتە ناوەندی زار و شێوەزارەکانی ترەوە ، ئەوا زیاتر کاریگەری بەسەر زارەکانی ترەوە دەبێت ، هاوکات هەلێکی باشی بۆ هەڵدەکەوێت بۆ بلاوبونەوە و سەرکەوتن بەسەر زارەکانی تردا . لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بڵێین زاری ناوەڕاست لە هەرێمی کوردستاندا ناوەندی زارەکانە ، دیارە ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە بۆ زارەکە و پەیوەندی بە زارەکانی ترەوە ، هاوکات هەلی کارلێکردنیان زیاتر دەبێت . (هۆگر مەحمود فەرەج ، ٢٠١٥: ٧٨)

نەبون یان کەمی پەیوەندی لە نێوان زارەکانی زماندا ڕەنگە ببێتە هۆی لێکترازانی زمان و مەترسی لەناوچونی بۆ دروستبکات ، چونکە ئەگەر وڵات یان نەتەوە خاوەنی زمانێکی یەکگرتو نەبێت ئەگەری ئەوە هەیە ، کە دوای چەند سەدەیەك هەریەك لەو زارانە ببنە زمانێکی سەربەخۆ و زمانی ڕەسەن لەناو بچێت . (دارا حەمید محەمەد ، ٢٠١٣: ١١١)

فاکتەری جوگرافی وەك هۆیەکی گرنگی لێکترازانی زار و شێوەزارەکان ، ڕۆژ بە ڕۆژ کاریگەرییەکانی کەمتر دەبێتەوە ، دیارە بەهۆی بلاوبونەوە و زۆربونی هۆیەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندنەوە ئەو بەربەستە جوگرافیيانەی نەهێشتووە یان بە تەواوی کەمیکردۆتەوە ، بۆ نمونە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان ڕێگەنادەن جیاوازی لە نێوان ئینگلیزی ئەمریکی و ئینگلیزی بەریتانیدا وەك دو زمانی جیاواز ، یان زمانی فەرەنسی لە وڵاتی فەرەنسا و کیبیکدا هەبێت. (لویس جان کالفی ، ٢٠١٢: ٣٢)

زار و شێوەزارە کوردییەکانیش لەدوای ڕاپەڕینەوە تاکو ئێستا جۆرە تێکەلاوی و پەیوەندییەکیان لە نێواندا دروستبووە ، بۆ نمونە ئەو پەیوەندییەی کە ئێستا لە نێوان شێوەزاری هەورامی و زاری ناوەڕاستدا

هەیە ، ئەو پەیوەندییە نییە کە پێش ڕاپەڕین هەبووە ، تەنانەت لە ڕوی هاتوچۆ و ئاڵوگۆڕی ئابوری و ئەو چاپکراوانەی کە لەو ناوچەیەوە دەردەچن ، هەروەها ئەو میدیا و کەناڵانەی کە هەن ، تا ڕادەیەك توانیویانە ئەو لێڵییەی نێوانیان برەوێننەوە . (یوسف شەریف سەعید ، ٢٠١٢: ٦٩) پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەو ئامرازانەی کاریگەری بەربەستە جوگرافییەکان کەم دەکەنەوە یان نایهێڵن لە هەرێمی کوردستاندا وەك پێویست نین ، چونکە تائێستاش ناوچە دابڕاوەکان بە هۆیەکانی گواستنەوەی ئاسمانی و زەمینی بەیەکترەوە نە بەستراونەتەوە ، هەروەها ڕێگاوبان و شەقامی قیرتاو بەپێی ستانداردی جیهانی لە نێوان زۆربەی گوندەکانی کوردستاندا نییە ، ئەو ڕێگا تەسك و باریکانەش کە هەن ، کۆمەڵێکیان ڕێگای سەربازین و ڕژێمی بەعس بەنیازی دەست بەسەراگرتنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی و قەلاچۆکردنی کورد لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان دروستی کردون ، تا ئێستا هێڵی شەمەندەفەر لە هەرێمدا بونی نییە ، هەروەها تائێستاش پردێکی گونجاو لەسەر زێی سەرو ناسراو بە (زێی بادینان) بونی نییە ، کە هەردو زاری ناوەڕاست و ژوروی لەیەکتر دابڕیوە . (عەبدوڵا حوسێن ڕەسول ، ٢٠١٥: ٤١٢)

هەمو ئەوانە وایانکردووە زارەکان بەگوێرەی پێویست لێکنزیك نەبنەوە[1] ، ئەم لێکدابڕانە وادەکات هەر زارێك بەسەربەخۆیی گەشەبکات و ببێتە خاوەنی زمانی ئەدەبیی خۆی ، بەمەش چەند زمانێکی ئەدەبی دروستدەبێت و لە داهاتوشدا گەورەترین گرفت لە هەڵبژاردنی زمانی ستاندارددا دروستدەکات ، چونکە زمانی ئەدەبی بناغەی دروستبونی زمانی ئەدەبی یەکگرتو (ستاندارد)ە . ئەو بارودۆخە زمانییەی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت ، گەواهی ئەو ڕاستییەن ، چونکە لە ئێستادا دو زمانی ئەدەبی لە هەرێمدا هەیە و لە پراکتیکیشدا دو زمانی فەرمی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا بەکاردەهێنرێت .

## ٢- ٢- ٥- هۆکاری ئایدۆلۆجی و دەرونی

لەسەردەمی ئێستادا شارستانیترین گەل و وڵات ئەو گەل و وڵاتەیە ، کە ئاپۆڕەی جەماوەری بەشێوەیەکی دەرونی و شێوازێکی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و بەڵێنی مەدەنی پێکهاتبێت ، بە بڕوای **"رۆسۆ"** کۆمەڵی شارستانی ڕێکەوتنێکە لەلایەن دەستەیەك لە خەڵکەوە ، بەجۆرێك کە هەریەکە بتوانن ببنە بەشێك لە ئیرادەی گشتی . (شەریف فەلاح ،٢٠١٢ : ٢٥٥)

هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکان لە جیاوازییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و ڕادەی ڕۆشنبیری و لایەنەکانی بیرکردنەوە و ویژدان ... هتد خۆیان دەنوێنن ، هەڵبەتە جیاوازییش لەم لایەنانە لە ئامرازی دەربڕیندا ڕەنگدەداتەوە . مەبەستمان لە هۆکارە دەرونی و ئایدۆلۆجییەکان ، ئەو کاردانەوە دەرونی و ئایدۆلۆجییانەیە کە لای ئاخێوەرانی زارێك لە ئەنجامی ڕوداوەکانی ژیان (چ ئەرێنی بێت یان نەرێنی) بەرامبەر زمان یان زارێکی تر دروستدەبێت . کەواتە ئەگەر دەرونمان بەرامبەر زارێك یان شێوەزارێك یان زمانێك ئاسودە بێت ، ئەوا تێکەڵی دەبین و لە بەکارهێنانی سڵناکەینەوە ، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر لەبەر

[1] پێشبینی دەکرێت لە چەند ساڵی داهاتودا بەهۆی بواری ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەوە زیاتر زارەکان لێکنزیك ببنەوە ، بەمەرجێ دەسەڵاتی سیاسی هاوکاربێت یان بەلانی کەمەوە بێلایەن بێت و نەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەم پرۆژەیەدا .

هـەر هۆیـەکی مێـژویی ، ڕامیـاری ، کۆمەڵایـەتی یـان ئـاینی ... هەڵوێست لـە ناوچـەیەك یـان نەتەوەیـەك وەرگـرین ، ئـەوا ڕقمـان لێدەبێتـەوە و حـەز لـە زارەکـە یـان زمانەکەشـی ناکـەین و ئـارەزو دەکـەین وشـە و زاراوەکانیان بەکارنەهێنین و لە بەرامبەردا وشەی خۆماڵی یان وشەی ئەو زار و زمانانـەی، کـە دۆسـتایەتی و نزیکییان لەگەڵمانـدا هەیـە وەربگـرین . (عەبدوڵا حوسێن ڕەسول ، ٢٠٠٢، ٨) ، چـونکە مـرۆڤ ڕوبـەڕوی چـەندین بـارودۆخ و ڕەوشـی دیـاریکراو دەبێتـەوە و هەریەکـەیان بـە جۆرێـك شـوێنەواری خۆیـان بەسـەر هەسـت و نەستەکانەوە بەجێدەهێڵن و کاردەکەنە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان . (هیوا ئەحمەد عەصاف، ٢٠١٣: ٧١)

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان زمانی کوردی و ئایدۆلۆجیا (بەختیار سەجادی)(*) دەڵێت :

((ڕاستە هەمو زمانەکان ڕەهەنـد و لایـەن و مـۆرکی ئایـدۆلۆجیکیان تێدایـە ، بـەڵام لەوانەیـە زمـانی کـوردی یەکێك بێت لەو زمانانەی کە زیاتر لە هەر زمانێکی تر ڕەهەندی ئایدۆلۆجیکی تێـدا بەرجەسـتە بوبێتـەوە ، کـورد لـە ڕابـردودا و بەتایبـەتی لـە سـەد سـاڵی ڕابـردودا بەسـەر چـەندین دەوڵـەت و نەتـەوەی جیاجیـادا دابەشـبووە بـەحوکمی ئـەوەی خـاوەنی چـەندین حـزب و جـەریان و ڕێکخـراوی سیاسـی جیاجیـا و تەنانـەت هەندێك ڕێبازی ئاینی جیاوازیش بووە ، کەواتە ئاساییە زمـانی کـوردی نـەك هـەر لایـەنی ئایـدۆلۆجیکبونی زەقبێتەوە ، بەڵکو لە ڕوبەڕو بونەوەی بەردەوامیشدا بێت لەگەڵ چەندین گوتاری ئایـدۆلۆجیکی جیاجیـادا ، ئـــەو گوتارانـــەی تەنانـــەت ئەمرۆکـــەش هەســـتپێدەکرێن . زمـــانی کـــوردی بـــەم چەشـــنە بۆتـــە مەیـــدانی ڕوبەڕوبونەوەی ئایدۆلۆجییەکان)) . (شەریف فەلاح ، ٢٠١٢: ٥٩)

سادەترین ڕێگە بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان ئایدۆلۆجی و زمانی کوردی ، ئاوڕدانەوەیە لـە وشـە و واژە ئایدۆلۆجییـەکانی زمـانی کـوردی و بەکارهێنـەرانی ئـەو واژانـە . بـۆ نمونـە ئەگەرچـی لـە زمـانی کوردیـدا (پێشمەرگەی شاخ) و (گەریلای چیا) خاوەنی یەك واتان ، بەڵام ئەم دو دەستەواژەیە سەر بـە دو ئایـدۆلۆجیا و دو حزبی جیاوازن و هیچ یەك لەو دو دەستەواژانە لەجێی یەکتر بەکارناهێنرێن . (شەریف فەلاح ، ٢٠١٢: ٦١)

ئـاخێوەرانی زارەکـانی زمـانی کـوردی (بەتایبـەتی زاری ناوەڕاسـت و ژورو) بـە هـۆی ئـەوەی هەریەکـەیان بەزۆری لایەنگر و هەواداری لایەنێکی سیاسین ، بۆیە ئایدۆلۆجیای ئەو لایەنەیان بەسەردا زاڵبـووە ، هاوکـات پەیوەندی دۆستایەتی و هەستی دژایەتی نێوان پارتە سیاسییەکان ، لەناو لایەنگرانیشیاندا ڕەنگی داوەتەوە .

سـەرەڕای ئەوانـەش هەسـتی ناوچـەگەری لـەلای تـاکی کـورد بەشـێوەیەکی ئاشـکرا دەبینرێـت ، ئەمـەش دیاردەیـەکی فـراوان و سروشـتییە ، کـە زۆرجـار ئـاخێوەرانی زار و شـێوەزارەکان گاڵتـە بەیـەك دەکـەن ، ئـەم دیاردەیە لە هەمو وڵاتانی جیهانـدا بـەدی دەکرێـت ، لـە کوردستانیشـدا نمونـەی زۆر لـەم بـوارەدا هەیـە ، کـە هەنـدێك جـار دەگاتـە ڕادەی سـوکایەتی کـردن و برینـدار کردنـی هەسـتی یـەکتر ، تەنانـەت لـە نـاو چـینی خوێندەوارانیشدا ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی نەشیاو هەیە و دەپارێزرێت، کە ئەمەش بیرکردنـەوە و هەسـتی ناوچەگەری پیشان دەدات . (فەرهاد شاکەلی ، ٢٠١١: ١٤٣)

هەستی ناوچەگەری لە هەڵبژاردنی زمانی ستانداردا بۆتـە بەربەسـتێکی سـەخت ، چـونکە هەریـەك لـە ئاخێوەرانی ئەو دو زارە خۆیان بـە شایسـتەی ئـەو پایـە زمانییـە دەزانـن ، ئەمـەش ململانێـی نێـوان ئـەو دو

---

(*) بەختیار سەجادی مامۆستای زمان و ئەدەبی ئینگلیزییە لە زانکۆی کوردستان لـە سـنە . خـاوەنی دو بڕوانامـەی دکتۆرایـە : یەکەمیان لـە سـاڵی (٢٠٠٧) لـە زانکـۆی پونـا لـە هینـد دکتـۆرای فەلسـەفەی وەرگرتـووە . دووەمیـان لـە سـاڵی (٢٠١٠) لـە زانکـۆی ئێکسێتێر لە بەریتانیا دکتۆرای زمان و ئەدەبی ئینگلیزی تەواوکردووە . (شەریف فەلاح ، ٢٠١٢: ٧٥)

زارەی زیاتر قوڵکردۆتەوە . هەندێ لە زمانەوان و ڕۆشنبیرانی کورد پێیان وایە ، پرسی زمانی ستانداردی کوردی تەنها پێویستی بە بڕیارێکی سیاسییە لەلایەن دەسەڵاتەوە ، چونکە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی هەمو قۆناغەکانی ستانداردبونی بڕیوە[1] ، لە بەرامبەریشدا ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران و ئاخێوەرانی دەڤەری بادینان بەگشتی پێیانوایە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە جوتستاندارد بێت ، بۆ ئەم بۆچونەش چەندین بەهانەو بیانو دەهێننەوە . لە ڕاستیدا داواکردنی جوتستاندارد لەلایەن ئاخێوەرانی بادینانەوە خۆی لە خۆیدا ڕازیبون و داننانە بە زاری ناوەڕاست و ئاگاداربونی ئەو گەشە و پێشکەوتن و سەروەرییەیە ، کە زیاتر لە سەدە و نیویێکە ئەو زارە بە دەستی هێناوە ، بەڵام قبوڵ نەکردنی زاری ناوەڕاست وەك زمانی فەرمی زیاتر پەیوەستە بە هەستی ناوچەگەرییەوە ، هاوکات تێنەگەیشتنە لە چەمکی زمانی ستاندارد ، چونکە زمانی ستاندارد واتای لە ناوچونی زارەکانی تر نییە ، هاوکات پەیوەست نییە بە ئاستی چینایەتییەوە ، کە ئاخێوەرانی زارەکانی تر بە پلە دو دابنرێن ، بەڵکو زمانی فەرمی و ستاندارد زمانی خوێندن و دامودەزگاکانی حکومەتە ، چونکە خەڵك بە زمانی فەرمی نادوێن ، هەروەها کەسایەتی و ناسنامەی مرۆڤ لە ئاخاوتندا دەردەکەوێت ، چونکە تاکەکان بە زمانی دایك دەدوێن نەك زمانی فەرمی . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٠: ٣٠)

هەستی نەتەوەیی و زمانی نەتەوەیی ئەو دو فاکتەرەن ، کە ئاخێوەرانی هەمو زارەکان بەیەکەوە دەبەستنەوەو پێچەوانەکەشی ڕاستە ، واتە هەستی ناوچەگەری و زاری ناوچەیی ئەو دو دوفاکتەرە سەرەکییەن کە یەکێتی نەتەوە و یەکێتی زمان لێکتر دەترازێنن و بەریەککەوتن و ململانێی نێوان زارەکان دروستدەکەن و لە ئەنجامیشدا چ زوبێت یان درەنگ ، دو زمان و دو نەتەوەی جیاواز پەیدا دەبێت .

بڕیاری سیاسی بۆ بە فەرمی ناساندنی زاری ناوەڕاست لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ئەفسانەوە نزیکە! چونکە هیچ لایەنێکی سیاسی ئامادە نییە لە پێناو زمانەکەیدا ، پشتگیری پرۆژەی بە فەرمی ناساندنی زاری ناوەڕاست بکات ، جگە لەوەش بەلای ئەو لایەنانەوە زمان جێی گرنگی نییە (تارق جامباز ، ٢٠١٢: ٣٥٤) ، هەروەها بەم کارە ئاخێوەرانی دەڤەری بادینان زویر دەبن و لە ئەنجامیشدا زیان بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەو لایەنە سیاسییانە دەگات . کەواتە ئەم پرسە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەستی ناوچەگەری و

---

[1] لەم بارەیەشەوە لە بەرواری (٢٠٠٨/٤/١٥)دا کۆمەڵێك نوسەر و ئەدیب و ئەکادیمیستی کورد پەیامێکییان بە ناونیشانی (ستاندەرایزی زمانی کوردی) ئاراستەی هەمو لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان : (سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) و (سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان) و (سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان) و (وەزیری پەروەردە و خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری) ، هەروەها (ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك و پ.د.ك ، یەکگرتوی ئیسلامی و حزبە کوردستانییەکان) کرد . تێیدا ئەوەیان ڕاگەیاند کە لە ئێستادا زاری ناوەڕاست بە هەمو پێوەرە مێژویی و ڕۆشنبیری و دێمۆگرافییەکان بۆتە زمانی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی لە هەرسێ پارێزگا گەورەکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر ، کەرکوك ، سلێمانی ) ، زاری ناوەڕاست چیتر زارێکی خۆماڵی و میلی نییە ، بەڵکو زمانی هەزاران کتێب و ڕۆژنامە و .... .

لە کۆتایی پەیامەکەدا دەڵێن : (بۆیە پێشنیاز دەکەین بە یاسایەك بڕیار بدرێت لەسەر بە فەرمی ناسینی شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست وەك بەردی بناغەی زمانی ستانداردی خوێندن و مامەڵەی نێوان دەزگا حکومییەکان و ... ) . لەدوای بڵاوبونەوەی ئەم داواکارییە هەندێك لە ئاخێوەرانی زاری ژورو کاردانەوەی توندیان لە بەرامبەردا نیشاندا ، هاوکات چەند زمانەوانێکی کوردیش بۆچونی خۆیان لەسەر ئەم بابەتە دەربڕی . (کامیار سابیر ، ٢٠٠٩: ١٣-١٨) (بڕوانە : هاشم ئەحمەد زادە ، ٢٠١٢: ٢٤٠)

یەکتر قبوڵنەکردنەوە هەیە ، ئەگەرنا هیچ نەتەوەیەك لە جیهاندا نییە ئارەزوی ئەوە نەکات ، کە زمانێکی نەتەوەیی یەکگرتوی دەوڵەمەندی هەبێ ، بەڵکو زۆر نەتەوە هەیە قوربانی گەورەی لە پێناودا داوە ، ئەگەرچی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانە ، بەڵام لە ئێستادا هەستی ناوچەگەری هەمو ئاستێکی تێپەڕاندووە ، تەنانەت لایەنگرانی هەردو زاری (ناوەڕاست و ژورو)یش هەریەك بەجیا لە هەڵبژاردنی شێوەزارێکی ستانداردا ڕێکناکەون ، بەوێنە هەرچەندە شێوەزاری سلێمانی نزیکەی سەدەیەکە بەتەواوی وەك زمانی ئەدەبی چەسپاوە ، کەچی تازە بە تازە هەندێك بانگەشەی ئەوە دەکەن ، کە شێوەزاری هەولێری (بڕوانە : سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٠: ٣١-٥٠) یا شێوەزاری موکری (مەزن عوسمان ، ٢٠٠٨: ٨٤-٨٦) بکرێتە بنەمای دروستبونی زمانی ستاندارد . کێشەی لەوە قوڵتر و گەورەتریش ئەو دەنگۆیانەیە ، کە باس لە پەیڕەوکردنی ئەزمونی زمانەوانی هیندستان دەکەن بەو هیوایەی کێشەی ناوچەگەری و یەکتر قوبوڵنەکردن و هەڵبژاردنی زمانی ستاندارد کۆتایی پێ بێت و زمانی ئینگلیزی بکرێتە زمانی ستاندارد بۆ نەتەوەی کورد . (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ، ٢٠١٠: ٧١-٧٢) (تارا سەعید عەبدولا ، ٢٠١٤ : ـ) لە ڕاستیدا هەرکەسێك شارەزای پێکهاتی نەتەوەیی و ئاینی و زمانی وڵاتی هیندستان بێت ، ئەوا بەهیچ شێوەیەك هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتی هیندستاندا بەراورد ناکات ، چونکە هیندستان چەندین نەتەوە و ئاینی جیاوازی تێدایە کە بە درێژایی مێژو لە ناکۆکیدا بون ، ئەم جیاوازییانەش لە زماندا بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە[1] ، تەنانەت بەگوێرەی ئاماری ساڵی (١٩٥١) نزیکەی (٧٨٢) زمان و زاری جیاجیا لە هیندستاندا هەن ، کە ئەمەش ژمارەیەکی خەیاڵییە . (لویس جان کالفی ، ٢٠١٢: ١٦٦) بەڵام هەرێمی کوردستان زۆرینەی دانیشتوانی هاونەتەوە و هاوئاین و هاوزمانن و تەنها چوار زاری هەیە ، هەروەها کێشە و ناکۆکییەکی ئەوتۆش لە نێوان کەمەئاین و کەمە نەتەوەکاندا نەبووە و نییە ، کەواتە بۆچی بمانەوێ ئەزمونی وڵاتێك تاقی بکەینەوە ، کە هیچ خاڵێکی هاوبەش لە نێوانماندا نییە!! جگە لەوەش تائێستا ئەو ئەزمونە بە تەواوی سەرنەکەوتووە و نەیتوانیوە کێشەی زمان لەو وڵاتە چارەسەر بکات .

### ٢- ٢- ٦- هۆکاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری

دەوڵەمەندی بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیری یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی زارێك بەسەر زارەکانی تردا ، هاوکات یەکێکە لە ڕێگا سەرەکییەکانی ستانداردبون . (بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین ، ٢٠٠٦، ١٦) . کاتێك یەکێك لە زارەکانی زمان گەشە و پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێ و دەبێتە زمانێکی ئەدەبی و سنوری زارەکەی خۆی تێدەپەڕێنێ ، ئیتر سیمای زاری ناوچەیی لە دەست دەدات و ئەدگارەکانی زاری نەتەوەیی وەردەگرێت ، چونکە زمانی ئەدەبی هەمیشە سنوری بوارەکەی خۆی (بواری ئەدەب) تێدەپەڕێنێ . (فردینان دی سوسور ، ١٩٨٥: ٣٩) بەم پێیە زمانی ئەدەبی بریتییە لە فۆرمی خۆشکراوی پێکهاتنی نەتەوەیی ، کە وەك فۆرمێکی بەرزی زمان دەبێتە خاوەنی خاسییەتی دەوڵەمەندی وشەی فەرهەنگی و سیستەمی پێکهاتنی ڕێزمانی و پەیڕەوی پێشکەوتوی شێواز . (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ٢٠١٤: ١٧٥) .

---

[1] بۆ بینینی دۆخی زمانی لە هیندستان و کێشەی فرەزمانی و فرەزاری ، بڕوانە بەشی سێیەم- تەوەری دووەمی ئەم نامەیە .

بەبۆچونی پسپۆڕانی بواری ئەدەب و ناسنامە ، (گوتاری ئەدەبی بەتایبەتی ئەدەبی داستانی ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە لە ئافراندنی ئەو بنەمایانەی ، کە ئەندامانی نەتەوەیەك دەكاتە خاوەنی ئەو هێزەی ، کە بتوانن ئەندامانی تری نەتەوە لە هزری خۆیاندا وێنا بکەن و هاوڕێیەتییەکی ئاسۆیی قوڵ بەدی بهێنن ، ئەم کارەش بە باوەڕی "بێنێدیکت ئاندێرسۆن" ڕۆمان توانیویەتی بیکات ، "ئالدۆس هاکسلی" جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان نەتەوە و گوتاری ئەدەبی دەکاتەوە و پێیوایە ڕۆماننوسان ئافرێنەری نەتەوەی خۆیانن) (هاشم ئەحمەد زادە ، ۲۰۱۲: ۲۳) .

مێژوی دروستبونی زمانی ستانداردی ئیتالی بە تەواوی پەیوەستە بە بلاوبونەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی هونەرمەندی گەورەی ئیتالی (دانتی) ، کە لەسەدەی چواردەیەمدا ژیاوە ، پەیامی ئەو بەرهەمانە بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و خەبات لە پێناو زمان و نەتەوە و سەربەخۆیی لەخۆ گرتبو . (حوسێن محەمەد عەزیز ، ۲۰۰۵: ۳۸۵)

هەندێك باوەڕیان وایە تائێستا لەناو نەتەوەی کورددا نوسەر یان شاعرێکی مەزنی وای تێدا هەڵنەکەوتووە ، کە بتوانێ بەرهەمێکی ئەدەبی بەرز و بەنرخ (لەڕوی ناوەرۆکەوە) بنوسێ ، (بەمەرجێك شێوازی نوسینەکەی هێندە (کاریگەر و ڕەوان و ئاسان و پەتی)بێت ، شێوە زمانێکی یەکگرتوی نوسین دروستبکات ، ئەگەرچی شاکارەکەی نوسەرو شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی "مەم و زین" (۱٦۹٤-۱٦۹٥) ، کە لەنێو گەلانی جیهاندا بە (ڕۆمیۆ و جولێت)ی کوردی ناسراوە ، بەلام کورد خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبووە و لە ژێر دەسەڵاتی هەردو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا بووە ، جگە لەوەش دەقی (مەم و زین) بە کوردییەکی پەتی و ڕەوان نەنوسراوە ، تاکو بتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەری لە دروستبونی زمانی ئەدەبی یەکگرتودا هەبێت) . (حوسێن محەمەد عەزیز ، ۲۰۰۵: ۳۸٤)

زارە کوردییەکان هەریەکەیان لە چەند قۆناغێکدا هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە ڕۆڵی زمانی ئەدەبی بگێڕن ، بۆ نمونە (زاری ژورو لە سایەی میرنشینی بۆتاندا وەك زمانی ئەدەبی دەرکەوت و گەشەیکرد ، هەروەها زاری ناوەڕاست لە سەردەمی بابان و زاری گۆران لە سەردەمی میرنشینی ئەردەلاندا ڕۆڵی زمانی ئەدەبییان گێڕاوە ، لە پێش هەموشیاندا شیعرەکانی "بابا تاهیری هەمەدانی" بە زاری لوڕ نوسراوە و بۆ ماوەیەك زمانی ئەدەبی بووە) . (عزەدین مستەفا ڕەسول ، ۲۰۰٥ : ۱۰۲)

(ئەگەر ئەو زارەی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی پێیان دەنوسی ببوایە بە زمانی ئەدەبی هەمو کورد ، ئەوا ئێستا زاری ژورو زمانی ستانداردی کوردی بو ، بە هەمانشێوە ئەو زارەی کە نالی و سالم و کوردی پێیان دەنوسی ئەگەر لەناو هەمو کورددا بلاو ببایەتەوە ، ئەوا ئێستا زاری ناوەڕاست دەبووە زمانی یەکگرتوی کورد ، هەروەها ئەو زمانە ئەدەبییەی کە مەولەوی پێی دەنوسی ئەگەر ببوایە بە زمانی هەمو کورد ئێستا زاری گۆران دەبووە زمانی ستاندارد و یەکگرتوی کوردی) (ئەمجەد شاکەلی ، ۲۰۱۱: ۷۰-۷۱) (ڕۆژان نوری ، ۲۰۱۳ : ۳۳۱-۳۳۲) .

زاری گۆران (هەورامی) بەهۆی ئاین و ئاینزا و فراوانی بەرهەمی ئەدەبییەوە ماوەیەکی زۆر توانیویەتی ڕۆڵی زمانی ئەدەبی بگێڕێت ، تا ئەو کاتەی (نالی) توانی زمانی شیعری لە شێوەی باوی هەورامییەوە بگوێزێتەوە بۆ شێوەزاری سلێمانی، ئیتر وردە وردە ئەو زمانە ئەدەبییە نوێیە پەرەیسەند و بەرەو ستاندارد چو ، ئەوەبو شاعیرانی سەردەمی نالی دەستیان دایە شیعرنوسین بەو شێوە تازەیە. (ئەمین موتابچی ، ۲۰۱۲: ٥۲)

نوسـەر و شـاعیرە هەورامییـەکانیش ، دەسـتیان دایـە نوسـین بـەو زارە و دەیـان داهێنـەر و کەڵەنوسـەر و شاعیریان تێدا هەڵکەوت (وریا عومەر ئەمین ، ٢٠١١: ١٧٠) .

زاری ناوەڕاست لە سایەی میرنشینی باباندا وەك زمـانێکی ئـەدەبی دەرکـەوت و گەشـەیکرد و تـا ئـەمڕۆش بەردەوامە ، ئەم زمانە ئەدەبییە بە شێوەیەکی سروشتی بۆتە زمانی ئەدەبی یەکگرتوی کـورد ، لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم بـەدواوە لـەڕێی نوسـین و چـاپەمەنی و خوێندنـەوە بـە فراوانـی لـە باشـور و ڕۆژهـەڵاتی کوردستاندا بلاّو بۆتەوە و چەسپیوە . (ڕەفیق سابیر ، ٢٠١٤: ٣٣)

ئەو هۆکارانەی زارێـك بەسـەر زارەکـانی تـری زمانێکدا زاڵ دەکـەن و دەیکەنـە زمـانی سـتاندارد بەگشـتی بریتین لە ( هۆی ئاینی ، باری ئابوری و بازرگانی ، هۆی ڕۆشـنبیری ، بـارودۆخی سیاسـی) هـۆی ڕۆشـنبیری و ئەدەبی تاکە هۆکاری دروستبونی زمانی ستانداردی کوردییە .

دروسـتبونی میرنشـینی بۆتـان و دەرکـەوتنی شـاعیرانی وەك مـەلای جـەزیری و ئەحمـەدی خـانی ڕۆڵێکـی سـەرەکی و کاریگـەرییان هـەبوە لـە دروسـتبونی زمـانێکی ئـەدەبی بـە شـێوەزاری بۆتـانی ، کـە تـا سـەدەی بیستەمیش دەرفەتی لە پێشبو بۆ ئەوەی ببێتـە زمـانی ئـەدەبی یـەکگرتو ، بـەلاّم داگیرکـردن و دابەشـکردنی کوردستان بەپێی ڕێکەوتننامەی سایکسبیکۆ و سانریمۆ و لۆزان ، لە ئەنجامیشدا دروستبونی دەوڵـەتی عێـراق و تورکیـا و سـوریا ، لەسـەر بنـەمای داگیرکـاری و سیاسـی و دواتـر قەدەغـەکردنی زمـانی کـوردی (بـە هـەمو شێوەیەك) لە تورکیا ، بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەم زمانـە ئەدەبییـە وردە وردە لاواز ببێـت و پـەکی بکـەوێت (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ، ٢٠١١: ٦١-٦٢) . سـەبارەت بـە زاری ناوەڕاسـتیش ، ئـەوا نزیکـەی دو سـەدەیە بـە بەردەوامی لە چالاکی نەکەوتووە و توانیویەتی ڕۆڵی زمانی ئەدەبی بگێڕێت ، هەر ئەمەش لە زارەکانی تـری جیادەکاتەوە . بارودۆخی سیاسی کوردسـتان لەگـەڵ بـواری ڕۆشـنبیری و ئەدەبیـدا تـا ڕادەیـەك لـە خزمـەتی یەکتردا بونە، بۆ پێشخستنی ئەم زارە ، تا بتوانێ لە بـواری چاپەمەنی و خوێنـدن و ... دا بـەکاربێت (ڕەفیـق شوانی ، ٢٠٠٩: ٢١٤-٢١٧) .

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا زاری ژورو جارێکی تر وەك زمانی ئـەدەبی سـەریهەڵدایەوە و لـە سوید دەرکەوتەوە و هەندێك لە نوسەر و ڕوناکبیرانی باکوری کوردستان برەویان پێدا ، بـەلاّم ئـەم هەوڵـەش لەسایەی خراپی بارودۆخی سیاسیدا تەمەن کورت و بێ بەرهەم بو .

لـەدوای ڕاپەڕینـەوە جموجـۆڵێکی ڕۆشـنبیری و ئـەدەبی زۆر بـە زاری ژورو سـەریهەڵداوە هەڵبەتـە لـەم بوارەشدا ڕەوشی سیاسی نەك هەر تەگەرە ناخاتە پێشیانەوە بـەڵکو هاوکارییـەکی زۆری مـادی و مەعنـەویش دەکرێن ، بۆیە بە دەیان کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بەو زارە بلاّودەکرێنەوە ، هەروەها چەندین کـەناڵی ڕادیـۆ و تەلەفزۆین بەم زارە هاوشانی زاری ناوەڕاست بەرنامـەکانیان پێشکەشـدەکەن (وریا عومـەر ئـەمین ، ٢٠١١: ١٧١) . بە کورتی دەکرێت بڵێین لە مێژوی کوردا سێ زمانی ئەدەبی دروستبووە ، کە هەریەکەیان بـەپێی بـارودۆخی سیاسی تەمەنیان درێژ یا کـورت بـووە و هەریەکـەیان لـە ناوچـەیەکی کوردسـتان دەرکـەوتون و ڕۆڵـی زمـانی یەکگرتویان بینیوە . (هەمان سەرچاوە : ١٧٠-١٧١) ئـەم بارودۆخـەی زمـانی کـوردی لەگـەڵ بۆچـونی کۆمەڵناسـانی ئەدەبیاتدا یەکدەگرێتەوە ، کـە پێیانوایـە (لەهـەر شـوێنێك زمـان و زاری جیـاواز هـەبن ، ئـەدەب و سـەرنجی جیاوازیش سەرهەڵدەدەن ، لە دەستنیشانکردنی شێواز و ڕێبازی نوسینی هەر نوسـەرێکدا ، جیـا لـە خـەون و خەیاڵ و هەستە تاکەکەسی و دەرونییەکان ، کۆمەڵێك توخم و گەوهەری پەیوەست بەژینگەی کۆمەلاّیەتی و

جوگرافی هەمیشە کاریگەری و ڕۆڵیان هەیە . ژینگەی کۆمەلأیەتی ، سیاسی ، فەرهەنگی ، ئابوری ، مێژویی هەر نوسەرێك جیا لە کاریگەرییە بەرینە جیهانییەکان ، لەهزر و پێشینەی خۆیدا جێگەی بۆ کردونەتەوە و بیەوێت یان نەیەوێت لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا پەرچەکرداری هاوچەشن لەگەڵ نوسەرانی هاودەڤەری خۆیدا دەخاتەڕو . فراوانی ئەو خاڵە هاوبەشانە دەتوانێت شێواز و ڕەوتی ئەدەبی ناوچە و هەرێمێك لە ناوچەیەکی تر جیابکاتەوە) . (شەریف فەلاح ، ٢٠١٥: ١٨-١٩)

شاعیرانی کورد ئەگەرچی بە زاری جیاواز شیعریان نوسیوە ، بەلأم هەموویان لەوەدا یەکدەگرنەوە کە زمانی کوردی بە زمانی خۆیان (زمانی دایك) دەزانن و بە چەندین شێوازی جیاواز هەوڵی یەکبونی نەتەوە و زمانی کوردییان داوە و خەمخۆریی خۆیان دەرخستووە ، لەوانەش (خانی ، مەلای جەزیری ، نالی ، مەحوی ، سافی ، هەژار ، شێخ سەلام ، دڵدار ، حاجی قادری کۆیی ، قانع ، هێمن ، گۆران ... هتد) (پەخشان سابیر ، ٢٠١٣: ١٥٦- ١٦٨) .

عەبدولاّ گۆران (١٩٠٢- ١٩٦٤) ، لە شیعرێکیدا بە ناوی (بە ڕێگادا ... بەرەو کۆنفرانس) گەشبینی خۆی سەبارەت بەو کۆنفرانسانەی مامۆستایان (کە پرسی گیروگرفتەکانی خوێندن و نوسینی کوردی تێدا تاوتوێ دەکرا) دەردەبڕێت ، هیوا و ئاواتی خۆی سەبارەت بە دروستبونی زمانی یەکگرتوی کوردی دەردەخات . پێشبینی گەشبینانەی ناوبراو بۆ داهاتو ئەوەیە ، کە ئەو شیعرە بالاّ و شاکارە مەزنانەی لە مێژوی ئەدەبی کوردیدا بەشێوەزاری جیاواز تۆمارکراون ، لەم سەردەمەشدا شاعیرە لێهاتووەکانمان هەمان ئەو بەرهەمە بەرزانە لە سایەی یەك زمانی یەکگرتوی کوردیدا بنوسنەوە و گەلی کورد لەم پەرتەوازەیی و جیاوازییە زمانییانە ڕزگاربکەن . ئەمەش ئاواتێکی گەورەی تاکی کورد بەگشتی و ڕۆشنبیران و مامۆستایانە بەتایبەتی ، کە بە پەرۆشییەوە کۆنگرەو کۆبونەوەی بۆ ساز دەدەن ، بۆیە دەڵێت :

ئەوسا بەستەی بێ خەمیمان
چ هی پێنوس ، چ دەمیمان
**بە تاقە یەك زاری شیرین**
شاخ پڕ ئەکا لە پێکەنین
ئەوسا (خانی) خانی سەردەم
بە زمانێك ئەنوسێ (مەم)
کە پێی ئەدون (نالی) و (مەحوی)
وەك (قوبادی) وەك (مەولەوی)

* * *

ئا بۆ گەیشتن بەو کاتە ،
بەو ئاواتە ،
لە کورتترین ڕێی ڕونەوە
مامۆستایان کۆبونەوە (دیوانی گۆران ، ٢٠٠٥: ٢٣٢-٢٣٣)

ئەمە ئەو خەونەی شاعیرانی کلاسیك و سەردەمە ، کە تا ئێستاش نەهاتۆتە دی ، دۆخی ڕابردو و ئێستاش پێمان دەڵێت مەحاڵە بێتە دی . تەنانەت لە باشوری کوردستاندا کە بارودۆخی سیاسی لە هەمو

پارچەکانی تر زۆر گونجاوترە ، بەلاّم لە ئێستادا و دوای سەربەخۆبونی هەرێمی کوردستان ، هێشتا زمانێکی یەکگرتو لە هەمو پارێزگاکاندا بەکارناهێنرێت ، ئەوەتا لە پارێزگای دهۆك خوێندن و نوسین و بەرهەمی ئەدەبی بە شێوەزاری بادینییە و لە پارێزگاکانی تری کوردستان بە زاری ناوەڕاستە ، ئەمەش ململانێی نێوان هەردو زاری سەختترکردۆتەوە . بەپێی بنەماو هۆکارەکانی سەرکەوتنی زارێك بەسەر زارێکی تردا دەردەکەوێت ، کە ئەم دو زارە هیچیان ناتوانن بەسەر ئەویتردا سەربکەون ، چونکە هەردو زارەکە بەرهەمێکی فراوانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری پێ بلاّودەکرێتەوە و دەسەلاّتێکی سیاسی بەهێزیش پشتگیری هەردو لایەن دەکات ، هەروەها لەم چەند سالّەی دواییدا شێوەزاری بادینی کرایە زمانی خوێندن لە سەرجەم پارێزگای دهۆکدا ، ئەم هەنگاوە هەردو زاری هاوسەنگ کرد ، پاش ئەو دۆخە سەرکەوتنی زاری ناوەڕاست بەسەر زاری ژورودا ئەگەر مەحالّ نەبێت زۆر ئەستەمە .

ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا دو زمانی ئەدەبی یاخود دو زمانی فەرمی هەیە . هەرچەندە هەندێك لە بیرمەندان و زمانەوانانی تر دان بەو ڕاستییەدا نانێن ، لەوانە (عزەدین مستەفا ڕەسول) پێی وایە ، کە کورد هەریەك زمانی ئەدەبی هەیە و سەبارەت بە شێوەزاری بادینی دەلّێت : ((هەرچەندە هەندێ شاعیر و نوسەری ناوچەی (بادینان)یش ئێستا هەولّی ئەوە دەدەن ، کە بە بەشی بادینانی کرمانجی ژورو (بۆتان نا) بنوسن . بەلاّم ئەو چەند نوسینە ئەو بەشە شێوەیەی نەکردووە بە زمانی ئەدەبی نەك هەر لە کوردستانی عێراق ، تەنانەت لە بادینانیشدا ، چونکە ئەو شێوەیە تا ئێستا نەبووە بە زمانی ڕەسمی دەولّەت و زمانی خوێندن و نوسین ، بەشە شێوەی بادینان تا ئێستا هەر شێوەی ئاخافتنی خەلّکی بادینانە و دیارە هەر لە شێوەی ئاخافتنیشدا دەمێنێتەوە ، هەر وەکو شێوەی فۆلکلۆرێکی دەولّەمەندیشە ، ئەگەر هەولّی ئەوە بدرێت بە بەشە شێوەی بادینان نوسین پەرەی پێبدرێ و بلاّوبکرێتەوە ، چەند کۆسپ و ئەنجامێکی سەیر لە بەردەمی ئەو هەولّەدا دەبینرێ)) . (عزەدین مستەفا ڕەسول ، ٢٠٠٥: ١١٨) ، دیارە مێژوی ئەم وتەیەی "د. عزەدین" وەك لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی پێداوە دەگەڕێتەوە بۆ سالّی (٢٠٠٣) ، ئەو هەولّەی ناوبراو باسی دەکات بەزیادیشەوە پەرەی پێدەدرێت و لە ڕاستیدا ئەنجامێکی سەیریشی هەیە ، وەك لە ئێستادا دەیبینین .

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە باشور و ڕۆژهەلاّتی کوردستان نزیکەی سەدەیەکە زمانی ئەدەبی یەکگرتویان هەیە و پێی دەنوسن و دەخوێنن ، بەلاّم لەم (١٥-٢٠) سالّەی دواییدا هەمو ئامادەکارییەك (لە ڕوی سیاسییەوە) کراوە و (بەتەواوی ڕێگە خۆشکراوە بۆ پەرتبونی زمانی کوردی و بەریەککەوتن و ململانێی نێوان زاری ناوەڕاست (زمانی ئەدەبی) و زاری ژورو ، لە ئەنجامیشیدا سەرکەوتن و زالّبون بۆ هیچ یەك لەو دو زارە نابێت و چ زوبێت یان درەنگ ئەو دو زارە بەرەو دو زمان و نەتەوەی کوردیش بەرەو دو نەتەوە هەنگاو دەنێت ، چونکە زمانی کوردی تەوەری سەرەکی بون و مانەوەی نەتەوەی کوردە ، دابەشبونی زمان دابەشبونی نەتەوەش دەگەیەنێت) . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٠: ٨١-٨٤)

## ٢- ٢- ٧- هۆكاری خوێندن و پەروەردە

سیستەمی خوێندن و پەروەردە یەكێكە لەو بوارە گرنگانەی ، كە پەرە بە زمانی نەتەوەیی دەدات و بەهێزی دەكات و دەیچەسپێنێت . (فەرهاد شاكەلی ، ٢٠١١: ١٠٧)

پرۆسەی خوێندن لە خوێندنگاكاندا باشترین كەناڵە بۆ دروستبونی زمانی نەتەوەیی و ستاندارد ، بونی یەك زمانی خوێندن و یەك ئەلفوبێ ئەزمونێكی سەركەوتووە لە وڵاتاندا ، بۆنمونە توركە كەمالییەكان لەڕێگەی خوێندنەوە توانییان بەتەواوی نەوەی نوێ لە ڕابردو دابڕن و زمانی توركی بكەنە زمانی فەرمی و ستاندارد و لە زۆرێك وشەی عەرەبی و تەنانەت عوسمانیش پاكی بكەنەوە ، گەر ئەمە لەڕێگەی خوێندنەوە نەبوایە ، كەمالییەكان هەرگیز نەیاندەتوانی بەو شێوازە زمانەكەیان پەرەپێبدەن . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٠: ٨٠) بەهەمان ڕێگە زمانەكانی ئیتالی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیسپانی ... لە قەڵەمڕەوی "لاتینی" دەرچون و لە ئاكامدا بونە خاوەنی زمانی سەربەخۆ ، بەجۆرێك هەریەك لەو زمانانە ئەدگار و خەسڵەتی خۆی وەرگرت ، پێشتر تاكەكانی هەمو ئەو نەتەوانە بە لاتینی دەیانخوێند و لە ئاخاوتن و نوسیندا لەیەك دەگەیشتن ، بەلاّم بە وازهێنان لە خوێندن و نوسین بە زمانی لاتینی ، ئێستا هیچیان لەیەكتر ناگەن . (هەمان سەرچاوە : ٨١-٨٢) لەو نمونانەی باسكران دو خاڵی گرنگمان سەبارەت بە زمانی خوێندن و نوسین بۆ ڕون بویەوە :

- یەكەم : بەهۆی یەك سیستەمی خوێندنەوە دەتوانرێت یەكێتی زمان و نەتەوە بپارێزێ ، پێچەوانەكەشی هەر ڕاستە .

- دووەم : ئەو جیاوازییە زمانییانەی لە نێوان ئاخێوەرانی یەك زماندا هەیە ، (كە هەندێك جار بە ئەستەم لەیەك دەگەن) لە ڕێگای یەك زمانی خوێندنەوە دەتوانن لێكبگەن و جیاوازییەكان بڕەوێننەوە ، بۆ نمونە ژمارەی زارەكانی زمانی عەرەبی هێندە زۆرن كە ژماردنیان ئاسان نییە ، جگە لەوەش ئەو زارانە ئەوەندە لێك دور كەوتونەتەوە (لەڕوی زمان و جوگرافیاشەوە) ، ئەگەر بەهۆی زمانی خوێندن و پەروەردەوە نەبێت لێكگەیشتنیان زۆر سەخت دەبێت ، تەنانەت هەندێ لە زارەكان لێك ناگەن .

زمانی خوێندن پەیوەندییەكی تەواوی بە ئایدۆلۆژیای تاكەوە هەیە ، بە جۆرێك كە هەریەك لە زمانەوانان (Spolsky ، Cheshire ، Mcarthur ،Crystal) پێیان وایە ، ئەوانەی زمانی ئینگلیزی بەكاردێنن ، مەبەستیانە لەڕوی پێگەی كۆمەڵایەتییەوە دەسەڵات وەربگرن ، لە بەرامبەریشدا بەلایانەوە گرنگ نییە ، كە ئەمان لە پرۆسەی گۆڕینەوەی كۆدی زمانەكەیاندان بە كۆدی زمانێكی بێگانە[1] ، ئەگەر ئەم كۆد گۆڕینەوەیە بەشێوەیەكی ناهاوسەنگ و بێ پاساو بێت ئەوا بە گەورەزانینی سیاسەت ، ئابوری ، سەربازی ، زانستی ، كولتوری زمانی دووەم و بێگانەیە . (ئاڤێستا كەمال مەحمود ، ٢٠١٣: ٢٩) . بۆ زیاتر شیكردنەوەی ئەم باسە تاقیكردنەوەیەكی ( Mcka& Hornberger ) بە نمونە دەهێنینەوە ، كە بریتیبو لە ئەزمونێكی زمانی ، تێیدا چەند خوێندكارێك لە پرۆسەی فێركردندا كران بە دو گروپەوە ، گروپێكیان بە زمانی ئینگلیزی دەیانخوێند ، ئەوی تریان بە زمانی ئیسپانی . لە ئەنجامدا ئەو خوێندكارانەی بە زمانی ئینگلیزی خوێندبویان زمانەكەیان وەك ستاندارد و زمانی ئەكادیمی لەقەڵەم دەدا ، گروپی

---

[1] هەر ئەمەش دواجار دەبێتە ڕێگە خۆشكەر بۆ گەشەكردنی دەسەلآتی سیاسی ئەمریكا و بەریتانیا (ئاڤێستا كەمال مەحمود ، ٢٠١٣: ٢٩) .

دووەمیش هەمان تێڕوانینیان بۆ زمانی ئیسپانی هەبو . پاش لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی نرخاندنی هەریەك لە زمانەکان لەلایەن خوێندکارانەوە بینرا ، کە بەهۆی زمانی خوێندنەوە ئایدۆلۆجیای خوێندکارانیش گۆڕابو[1] . (هەمان سەرچاوە : ٢٩-٣٠)

سامانی کولتوری پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئایدۆلۆژیای زمانەوە هەیە ، (سۆسیۆلۆجیست و ئەنسرۆپۆلۆجیستی فەرەنسی "بۆوردیو" ( Bourdieu ) بڕوای وایە سامانی کولتوری ( Cultural Capital) لە کۆمەڵە سەرچاوەیەك پێکهاتووە ، کە بریتییە لە پەروەردە و ئەدەبی نوسراو ، هەروەها پێیوایە سامانی زمانەوانی فۆرمێکە لە سامانی کولتوری . ڕاستە کاتێك منداڵ لەماڵەوە بە زاری ناوچەیی لەگەڵ کەسوکاری دەدوێت ، سامانە کولتورییەکەی بەو زارە بنیات دەنێت ، بەڵام مەرج نییە بەهەمان زار بتوانێ دەستکەوتی ئەکادیمی و زانستی بەدەست بێنێ ، چونکە ئەگەر زمانێك یاخود زارێك بەهایەکی کولتوری و سیاسی و ڕۆشنبیری قورس و تۆکمەی لە پشتەوە نەبێت ، ناتوانێت خۆی ڕابگرێت و لەگەڵ ڕەوتی زانست و گەشەی زمانیدا هەنگاو بنێت . لەم ڕوانگەیەوە فریمان ( Freeman ) پێیوایە لە وڵاتانی فرەکولتوری وەك (ئەمریکا ، کەنەدا ، ئوستralیا ، بەریتانیا ، ... ) پێویستە یەك زمانی ستانداردی پرۆفیشناڵیان هەبێت بۆ تەواوی دامودەزگا کارگێڕی و پەروەردەیی و سیاسییەکان ، چونکە تەنیا زمانی ستانداردە نوێنەرایەتی سامانی کولتوری ئەو وڵاتانە دەکات) (کامیار سابیر، ٢٠١١: ٢٨-٣٠) .

هەمو نەتەوەیەك هەوڵدەدات بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێ ، چونکە پرۆسەی خوێندن ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی خود و ناسنامەی تاك . (بەکر عومەر ،کاروان عومەر ، ئاڤێستا کەمال ، ٢٠١٢: ٣٠٠)

سەبارەت بە دو زمانی خوێندن تەنها لە نەرویج پەیڕەودەکرێت ، ئەمەش پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و مێژویی وڵاتی نەرویجەوە هەیە ، کە (زیاتر لە حەوت سەدە لەژێر حوکمی هەردو وڵاتی دانیمارك و سویددا بو (١٣٠٠ - ١٩٠٥) ، لەو ماوەیەدا زمانی نەرویجی تەنها زمانی ئاخاوتن بووە . پاش سەربەخۆ بونی نەرویج زمانێك لە شارەکانی نەرویج هەبو ، کە پڕبو لە وشە و فرێزی دانیمارکی و سویدی ، ئەو زمانە بە زمانی (بۆکمۆك) ناسرابو ، زمانی خوێندنی نزیکەی (٧٥٪ - ٨٠٪)ی نەرویجییەکان بو ، زمانی (نینۆرسك)یش زمانی پاراوی نەرویجی بو لە گوندەکاندا بەکاردەهێنرا و بەرهەمی ناسیۆنالیستی نەرویجی بو ، زمانی خوێندنی نزیکەی (٢٠٪)ی خەڵکی نەرویج بو . ئەو دو زمانە زۆر لەیەك نزیکبون ، هەروەها بە حوکمی ئەوەی بۆکمۆڵ زمانی دەوڵەمەندان و کاربەدەستان و ڕۆشنبیرانی شار بو ، زیاتر ئەدەبیشی پێ دەنوسرا ، بۆیە لە ئێستادا نزیکەی (٨٧٪)ی خەڵکی نەرویج بە زمانی بۆکمۆڵ دەخوێنن و دەنوسن ، ئەو زمانە لە باشوری نەرویج زمانی فەرمی و ستانداردە، زمانی (نینۆرسك)یش بۆتە زمانی تەنها (١٢٪)ی خەڵکی باکوری نەرویج) (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٠: ٨٢-٨٣) (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٣: ٢٤-٣٦) . هەرچەندە نینۆرسك زمانی پاراوی لادێ و شوێنە دوردەستەکانی وڵاتی نەرویجەو بە زمانی نەتەوەیی دادەنرێت ، بەڵام بۆکمۆڵ (کە تەمەنی تەنها (٤٣٤) ساڵە) بە هۆی فراوانی بەرهەمی ئەدەبییەوە بەتەواوی بەربەرەکانێی دەکات و هەوڵی لاوازکردنی دەدات ، هەر ئەوەش شکستی بە ناسیۆنالیستە نەرویجییەکان هێنا لەوەی نینۆرسك بکەن بە زمانی نەتەوە .

---

[1] لەناو کوردانی هەندێك ناوچەی وەکو خانەقین ، کەرکوك ، جەلەولا ، ... بە ئاشکرا ئەم دیاردەیە دەبینرێت ، زمانی خوێندنی زۆرێك لە باوکان و دایکان عەرەبی بووە ، بۆیە منداڵەکانیان دەخەنە بەر خوێندنی عەرەبی و بڕوایان وایە کە عەرەبی زمانی زانست و پێشکەوتنە و زمانی کوردی ناتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت .

کریستاڵ دەڵێت : "پلان دانرا بۆ ئەوەی هەردو زمان بکرێتە یەك و ناوبنرێت (سامنۆرسك) " بەلاّم ئەم پلانەش سەری نەگرت و کێشەی نێوان ئەو دو زمانە تا دەهات ئالۆزتر دەبو ، بۆیە پەرلەمانی نەرویجی لەساڵی (٢٠٠٥)دا ، بە فەرمی پرۆژەی سامنۆرسکی هەڵوەشاندەوە و دوبارە ستانداردی بۆکمۆڵ و نینۆرسك زیندو کرایەوە . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٣: ٢٨-٣٠)

هەردو زمانی بۆکمۆڵ و نینۆرسك زیاتر لە دو زاری زمانێك دەچن ، بەتایبەتی ئەگەر بە پێوەرە زمانەوانییەکان وەك (لێکگەیشتن ، پێکهاتەی ڕێزمانی) لێیان بڕوانین ، بەلاّم بە پێوەرە مێژووییەکان و گەڕانەوە بۆ بنەڕەتی دروستبونی هەریەك لەو دو زمانە بۆمان ڕون دەبێتەوە ، کە ئەو دو زمانە دو بنەڕەتی جیاوازیان هەیە ، بۆکمۆڵ زمانی داگیرکەرانی دانیمارك بو . بە تێکەڵبون هاتە نێو زمانی شارەکانی نەرویجەوە ، نینۆرسکیش زمانی جوتیار و خەڵکانی لادێ بو ، واتە زمانی خەڵکی ڕەسەنی نەرویج بو . ئەو ڕەوشە زمانییەی وڵاتی نەرویج نمونەیەکی دەگمەن و ڕیزپەڕە و تەنها لە وڵاتی نەرویجدا دەبینرێت و بەرهەمی داگیرکاری و ڕوداوە مێژوییەکانە .

لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی تاکزماندا ناکرێت دو زار لە پرۆسەی خوێندندا بەکاربهێنرێت ، چونکە ئاسایشی وڵات و نەتەوە دەخاتە مەترسییەوە ، بۆیە (هیچ نەتەوە و دەوڵەتێك ڕێگە بەوە نادات ، کە زارێکی زمانەکەی بەرامبەر بە زمانی ستانداردد بووەستێت و بیەوێت لە ناوچەیەك جێگەی ئەو بگرێتەوە و ببێت بە زمانی خوێندن . لە هەر وڵاتێکدا هەوڵی لەو جۆرە درابێت ئەوا بەو ئامانجە سیاسییە گەیشتووە ، کە خەڵکی سەر بە زارەکە لەڕوی زمانی و کولتورییەوە خۆیان لە نەتەوەکە جیابکەنەوە و ناسنامەی جیاوازی کولتوری - نەتەوەیی بۆخۆیان پێکبهێنن) . (ڕەفیق سابیر ، ٢٠١١: ١٥١) ئەو هەوڵەش دەبێتە مایەی دروستبونی ململانێ سیاسی و زمانییەکان ، چونکە وەك پێشتر باسمانکرد زمانی خوێندن کاریگەری لەسەر ئایدۆلۆژیای تاك هەیە و لە ئەنجامدا دو کولتور و دو بیرکردنەوە و دواتر دو نەتەوە و دو زمانی جیاوزی لێدەکەوێتەوە .

سەبارەت بە خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستاندا ، لە ئێستادا تەنها لە باشوری کوردستاندا دەرفەتی خوێندن بە زمانی کوردی هەیە . بە درێژایی سەدەی ڕابردو ، هەر کاتێك دەرفەتێك ڕەخسابێت زاری ناوەڕاست زمانی خوێندنی خوێندنگاکان بووە و توانیویەتی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشە بکات و وەك زمانی ستاندارد و فەرمی خۆی بسەپێنێ ، بەلاّم لە دوای شەڕی ناوخۆ و دروستبونی دو ئیدارەیی ، وردە وردە پرسی بەکارهێنانی زاری ژورو لە دامودەزگا حکومییەکان و قۆناغەکانی خوێندندا لە دەڤەری بادینان هاتە ئاراوە ، ئەمەش سەرەتای دروستبونی ململانێ سیاسییە قوڵەکان بو ، کە تێیدا زمانی کوردی بو بە قوربانی ئەو ململانێیانە و لێرەشەوە پرسی جوتستانداردی کوردی بە هاوکاری سیاسی ڕێگەی بۆ خۆشکرا . لە کابینەی یەکەم و دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زاری ناوەڕاست وەك زمانی فەرمی لە دامودەزگا حکومییەکان و ناوەندەکانی خوێندندا بەکاردەهێنرا ، بەلاّم لە کابینەی سێیەمدا و بەتایبەتی دوای شەڕی ناوخۆ دەنگۆی گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن لە پارێزگای دهۆك لە زاری ناوەڕاستەوە بۆ زاری ژورو

سەریهەڵدا . (نەریمان خۆشناو ، ٢٠١٣: ٣٥٨) لە خوارەوە بە وردی پیلانی قۆناغەکانی گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن لە دەڤەری بادیناندا دەخەینەڕو ، لەگەڵ ژمارەو بەرواری ئەو فەرمانانەی لەو بارەیەوە دەرچون[1] :

سەرەتا وەزیری پەروەردە کە ئەوکات (جەرجیس حەسەن) بو ، لێژنەیەکی بەناوی (لێژنەی دیراسەتکردنی بەکارهێنانی شێوەی کرمانجی سەرو لە پارێزگای دهۆك) دامەزراند ، ئەو لێژنەیەش بەپێی فەرمانە وەزارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەییەکانی ژمارە (٦٠٣٦) و (٢٣٣) و (٢٣٤) لە (١٩٩٧/٩/٢٤) و ١٩٩٨/١/١٧ دامەزرا . لێژنەکەش (مستەفا حەسەن شەعبان) ڕاوێژکاری وەزارەتی پەروەردە سەرۆکایەتی دەکرد و دو کۆبونەوەیان سازدا و ، لەم دو کۆبونەوەیەدا پێشنیازی ئەوەیان کرد ، پرۆگرامی خوێندن لە سنوری ئیدارەی پارێزگای دهۆك لە قۆناغی بنەڕەتی ، پۆلی یەکەم تا پۆلی چوارەم لە زاری ناوەڕاستەوە بگۆڕدرێت بۆ زاری ژورو - شێوەزاری بادینی ، ئەم کارەش وەك خۆیان پێشنیازیان کردووە دەبێت بە قۆناغ ئەنجام بدرێت بە شێوەیەك بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٨- ١٩٩٩) دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت

پاشان (ڕۆژ نوری شاوەیس) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراوی ژمارە (٤٥٠٨) لە بەرواری (١٩٩٨/٦/٢٧) ، کە ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە - بەڕێوبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشەی پەروەردەیی کردووە ، تێیدا ڕەزامەندی لەسەر ئەوە نیشانداوە ، کە لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی کتێبەکانی دەڤەری دهۆك بخرێتە سەر زاری ژورو .

پاشان وەزارەتی پەروەردە داوای لە هەریەك لە "سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین" و "سەرۆکایەتی دیوان" لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم کردووە ، کە لە بەشە کوردییەکانی زانکۆی سەلاحەدین گرنگی بدرێت بە زاری ژورو ، تاکو لە داهاتودا ئەو خوێندکارانەی لە بەشە کوردییەکان دەردەچن و دەبنە مامۆستا ، ئاشنا و شارەزای زاری ژورو بن . کەواتە وەك دەردەکەوێت کارەکانیان زۆر بە وردی ئەنجامداوە ، لە سەرێکەوە قۆناغ بە قۆناغ کتێبی سەرەتایی دەگۆڕن و لە سەرێکی تریشەوە بەشە کوردییەکانی زانکۆی سەلاحەدین ئاگادار دەکەنەوە بۆ خوێندنی زاری ژورو .

پاشان کۆڕی زانیاری کوردستان بە نوسراوی ژمارە (٦/١٢) لە بەرواری (٢٠٠٢/١/١٦) کە ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەی کردووە و واژوی (شەفیق قەزاز)ی سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردستانی لەسەرە ، تیایدا ڕەزامەندی لەسەر ئەوە نیشانداوە ، کە بابەتەکانی خوێندنی پۆلی (٥ ، ٦) لە پارێزگای دهۆك بخرێتە سەر شێوەی ژوروی زمانی کوردی .

پاشان وەزارەتی پەروەردە بە نوسراوی ژمارە (٦٤) لە بەرواری (٢٠٠٢/٣/١٧) کە واژوی (محەمەد ئیسماعیل)ی بریکاری ئەوکاتەی وەزارەتی پەروەردەی لەسەرە ، تیایدا داوای پێکهێنانی چەند لێژنەیەکی کردبو لە شارەزاو پسپۆران ، بۆ ئەوەی پەرتوکەکانی پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی بخەنە سەر شێوەی زاری ژورو .

دوای ئەوەی کتێبەکانی قۆناغی سەرەتایی بۆ زاری ژورو گۆڕدران ، هەریەك لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك و پارێزگای دهۆك و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دهۆك بە نوسراوەکانی (٥٧) لە بەرواری (٢٠٠٨/٧/٢٩)

---

[1] بۆ بینینی دەقی فەرمانەکان و زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە ، بڕوانە نامەی دکتۆراکەی نەریمان خۆشناو (٢٠١٢: ٢١٨-٢٣٧) ، تێیدا بە وردی ئەم بابەتە باسکراوە ، هەروەها هەموو فەرمانەکانی بە وێنەگیراوی لە پاشکۆی نامەکەیدا تۆمارکردووە (بڕوانە ل ٢٨٥-٣٠٨) .

، و ژماره (١٠٥٧ج) له (٢٠٠٨/٩/١٥) ، و ژماره (٩) له (٢٠٠٩/٢/١٧) ، و ژماره (٢٨) له (٢٠٠٩/٣/٤) و ژماره (٣١) له (٢٠٠٩/٣/٣) داوای ئەوەیان له وەزارەتی پەروەردە کردبو ، کە کتێبی پۆلەکانی (٧ ، ٨ ، ٩)ی بنەڕەتی له پارێزگای دهۆك له زاری ناوەڕاستەوە بگۆڕدرێت بۆ سەر زاری ژورو .

ئەمەش وای کرد وەزارەتی پەروەردە بە نوسراوی ژمارە (١٠٥٧ج) لە بەرواری (٢٠٠٨/٩/١٥) کە واژوی (دڵشاد عەبدولڕەحمان)ی وەزیری پەروەردەی لەسەرە ، داوا لە ئەکادیمیای کوردی بکات ، تا بۆچونی خۆی لەسەر بە کرمانجیکردنی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنی (٧-٩) دەرببڕێت . لەهەمان کاتیشدا وەزارەتی پەروەردە نوسراوی ئاراستەی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە ، تاکو ڕای خۆیان دەرببڕن ، سەبارەت بە گۆڕینی کتێبی پۆلەکانی (٧ ، ٨ ، ٩) و ئەوەش دەخاتەڕو ، کە لە سەردانیکردنی بەرپرسیانیدا بۆ شاری دهۆك ، پێیان ڕاگەیاندووە کە خوێندکارانی پارێزگای دهۆك کێشەیەکی زۆریان لەگەڵ زاری ناوەڕاستدا هەیە ، بۆیە داوای گۆڕینی بەپەلەی کتێبەکانی ئەم قۆناغانەی خوێندن دەکەن . هەروەها وەزارەتی پەروەردە نوسراوی فەرمی ئاراستەی هەریەك لە پارێزگای دهۆك و ئەنجومەنی پارێزگای کردووەو تێیدا ئەوەی ڕون کردۆتەوە ، کە ئەوان چاوەڕێی وەڵامی ئەکادیمیای کوردی دەکەن .

پاشان ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراوی ژمارە (١٣٨٠٢) لە بەرواری (٢٠٠٩/١٠/٥) ، کە واژوی (محەمەد قەرەداغی) سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەرە ، داوا لە ئەکادیمیای کوردی دەکات دیراسەی ئەم بابەتە بکەن ، بەلام ئەکادیمیای کوردی بە نوسراوی ژمارە (١٥٩) لە بەرواری (٢٠٠٩/٤/٨) ، کە واژوی (شەفیق قەزاز)ی سەرۆکی ئەکادیمیای لەسەرە ، **ڕەزامەندی لەسەر نیشان نادات و ئەم پرسە بە ئایندە و چارەنوسی کورد دەبەستێتەوە** و ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە ئەم پرسە پێویستی بە سازدانی کۆنفرانس هەیە ، تاکو بڕیاری لەسەر بدرێت .

ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنجە ئەوەیە ، کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دهۆك بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردە و ئەکادیمیای کوردی کتێبەکانی پرۆگرامی پۆلەکانی (٧-٩)ی بنەڕەتییان گۆڕیوەتە سەر زاری ژورو ، بە جۆرێك لە ساڵی (٢٠١١ - ٢٠١٢) وە بۆ خوێندکارانی دەڤەری بادینان ئامادەکراون ، بەو واتایەی خۆیان بڕیار بە دەست بون و هەر خۆشیان کتێبەکانیان لە دهۆك گۆڕیوەتە سەر زاری ژورو و هەر لەوێش چاپیان کردون ، بەبێ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە پەسەندی بکات .

لە ئێستادا بە هەمان ڕێگە کتێبی پۆلەکانی (١٠-١٢)یش گۆڕدراوەتە سەر شێوەزاری بادینی ، بەوەش هەمو قۆناغەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە گۆڕدران بە زاری ژورو ، سەبارەت بە خوێندنی باڵا ئەوا دەمێکە لە هەردو زانکۆی دهۆك و زاخۆ خوێندن بە زاری ژوروە .

کێشە و ململانێکانی زاری ناوەڕاست و ژورو پێش ئەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن بە دو زاری زمانێك دابڕێژرێت تا ڕادەیەك تەندروست بو ، بەلام بە دروستبونی دو زمانی خوێندن بۆ نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان ، ململانێ و کێشە زمانییەکان بە تەواوی بەرەو هەڵکشان چو . تا کار گەیشتە ئەوەی پرسی جوتستاندارد بێتەکایەوە ، چونکە خوێندن بە دو زاری زمانێك هەنگاوی یەکەم و گرنگترین هەنگاوە بۆ دروستبونی دو زمانی ستاندارد ، ئەمە جگە لەوەی (زانستی زمان و ئەزمونی گەلان لەگەڵ ئەوەدانین بە دو زاری زمانێك بخوێنرێت ، بەڵکو دەکرێت بە دو زمانی دو نەتەوە لەناو وڵاتێکدا بخوێنرێت ، وەك لە عێراقدا هەردو زمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن نەتەوەی کورد و عەرەبەوە بە پێی یاسا بەکاردێن ، بەلام

بەکارهێنانی دو زاری زمانێك لە پرۆسەی خوێندندا ، دەبێتە هۆی ئەوەی دو باری دەرونی و دو جۆر کەسێتی پەروەردەیی جیاواز دروست ببێت ، لە کۆتاییشدا زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی دابڕانی نەتەوەکە) (ڕەفیق شوانی ، ٢٠٠٩: ٢١٨) ، چونکە ئاخێوەرانی هەورامان و سلێمانی بۆنمونە ، ئەگەر لە ڕێگەی خوێندنەوە نەبێت ئەستەمە بتوانن لەیەك بگەن ، بە هەمانشێوە ئاخێوەرانی لوڕ و کۆیە ، یاخود گۆران و گەرمیان و ... هتد ، هەروەك چۆن هەمو عەرەب لە هەرکوێی دنیابن و سەر بە هەر زارێك بن دەتوانن بەهۆی زمانی خوێندنەوە لەیەك بگەن . هەر ئەمەش وامان لێدەکات ، کە بە توندی یەکێتی نەتەوە و لێکترازانی بە زمانی خوێندنەوە ببەستینەوە .

پرۆگرامی خوێندن بە دو زاری زمانێك بۆ نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان مشتومڕێکی زۆری لە نێوان بیرمەندان و زمانەوانان و ڕۆشنبیرانی کورددا دروستکردووە و لەم ڕوەشەوە بۆچونی جیاوازو دژیەك خراونەتە ڕو ، گروپێك پێیان وایە زمانی کوردی زمانێکی جوتستانداردە و پێویستە دو زمانی پەروەردە و خوێندن هەبێت ، لەوانەش ئەمیری حەسەن پور(شەریف فەلاح ، ٢٠١٢: ٢٠١) ، عیسمەت شەریف وانلی (سوداد ڕەسول ، ٢٠١٥: ٣٠) و ... هتد بۆ ئەم کارەش ئەزمونی نەرویج بە نمونە دەهێننەوە ، کە یەك نەتەوەن و دو زمانی فەرمی و ستانداردیان هەیە .

گروپی دووەم پێیان وایە کە زاری ناوەڕاست نزیکەی دو سەدەیە پەیدابووە و بەردەوام لە گەشەکردن و پێشکەوتن نەوەستاوە و بۆتە زمانی ستانداردی باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بەڵام زاری ژورو نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینێت بۆیە تەنها زارێکی ناوچەییە و ناکرێت ببێتە زمانی خوێندن لە دەڤەری بادینان ، چونکە ئەگەر وابێت پێویستە ناوچەکانی تریش مافی خوێندنیان بە زاری خۆیان هەبێت ، ئەمەش زمان و نەتەوەی کورد پەرتەوازە دەکات و یەکگرتویی نەتەوە دەشێوێنێت ، چونکە زمانی پەروەردەیی زمانی هیچ خێڵ و ناوچەیەك نییە بەڵکو زمانی ستاندارد و کتێبی مەنهەجییە ، هەروەها هەمو تاکەکانی نەتەوە یەکدەخات و بەشێك لە بنیادی نەتەوە پێکدەهێنێت . (سەلام ناوخۆش ،٢٠١٣ : ١٣٢) ئەزمونی زمانەوانی نەرویجیش بۆ زمانی کوردی دەستنادات ، چونکە نمونەیەکی ڕیزپەڕە و هاوکات نەرویج دو زمانی خوێندنی هەیە نەك دو زار ، بۆیە خوێندن بە دو زار بابەتێکی ترسناکە و پێویستە لایەنی پەیوەندیدار هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە بدات و بە بڕیارێکی سیاسی زمانی ستانداردی کوردی بچەسپێنێت . لایەنگرانی ئەم بۆچونەش بریتین لە : (ڕەفیق سابیر ، سەلام ناوخۆش ، نەریمان خۆشناو، فەرهاد شاکەلی ، ئەمجەد شاکەلی ، کامیار سابیر، ڕەفیق شوانی ، ... ) .

(وریا عومەر ئەمین) پێیوایە خوێندن و نوسین بە هەردو زار زۆر ئاساییە و هیچ مەترسییەکی بۆ سەر زمانی کوردی نییە و لەو بارەیەوە دەڵێت : ((مێژو خۆی سەروبەری ئەکات و یەکلایی ئەکاتەوە ، بەمەرجێ ناوچەپەرست و دەڤەرپەرستان دەستی تێوەر نەدەن و هەوڵی لێکدورخستنەوەیان نەدەن ... )) . (وریا عومەر ئەمین ، ٢٠١١: ١٧٣) هەر ناوچەگەرەکان زمانی خوێندنیان لەتکرد بۆ دو زمان ، هەر ئەوانیش هەوڵی لێکدورخستنەوەی هەردو زارەکەیان داوە و دەیدەن ، کەواتە نابێت ئەم پرسە بدرێتە دەستی مێژو وەك "د. وریا" دەیڵێت ، بەهۆی بەجێنەهێنانی ئەو مەرجەی ناوبراو باسی دەکات .

سەلام ناوخۆش لەبارەی زمانی پەروەردەییەوە دەڵێت : ((یەکێك لە ئەدگارەکانی زمانبون ، نەك زاربون ، لە وڵاتی یەك نەتەوەدا ، بونی یەك زمانی نەتەوەییە لەنێو پەروەردەدا ... تاکەکانی نەتەوە ئینتیمایان بۆ

یـەك ولأت هەیـە و لـە قۆنـاغی عەشـیرەت و میرنشـین ڕزگاریـان بـووە ، گرنگـی یـەك زمـانی سـتاندارد لـە پـەروەردەدا دەردەکـەوێت ... لـە پـەروەردەدا دو ڕەگـەزی نەتـەوە هـەن ، لەلایـەك زمـانی سـتاندارد هەیـە ، لەلایەکی تر منداڵی کورد ئەو زمانە دەخوێنن ... )) . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٢: ٦٦)

لایەنگرانی ئەو بۆچونەی کە دەڵێت خوێنکارانی دەڤەری بادینـان ئاسـتی خوێنـدنیان دابـەزیوە و نـاتوانن بە ئاسانی لە زاری ناوەڕاست بگەن !! سەرەتا ئەمـە بانگەشـەکردنە بـۆ ئـەوەی هـەر دەڤـەرێك بـە زاری خـۆی بخوێنێت ، هاوکـات بیانویـەکی نازانسـتی و بـێ ناوەرۆکـە ، چـونکە پێشـتر خوێنـدن لـەو دەڤـەرە بـە زمـانی عـەرەبی بـووە و لـە ئێستاشـدا زۆربـەی کاربەدەسـتان و دەوڵەمەنـدان منداڵـەکانیان دەخەنـە خوێندنگـە ئەهلییەکان و بە زمانی بیانی دەخوێنن ، تەنانەت لە هەندێك باخچەی ساوایانیشدا خوێندن و فێرکردن بـە زمانی ئینگلیزییە ، کێشەشیان لەگەڵدا نییە و هەمو هەوڵێکیش دەدەن بۆ فێربونی ئەو زمانە بیانییانە !

پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە (مەرج نییە زمانی دایك و زمانی فێرکردن لە قوتابخانە وەك یەك بێت یان یەك زمان بێت ، چونکە زۆربەی ولأتان زمانی دایکیان لەگەڵ زمانی فێرکردندا جیاوازە) . (یوسف شـەریف سەعید ، ٢٠١٣: ٨٦) هەروەها پێویستە بزانین پرۆسێسی بەستانداردکردنی زارێك - زمانی ئەدەبی پێویستی بـە کاتێکی زۆر هەیەو بە چـەند قۆناغێکدا پێدەپـەڕێت تـاکو دەچەسـپێت . ئـەم پرۆسـەیە لـە هەنـدێك ولأتـدا دەیـان سـاڵی خایانـدووە ، بـۆ نمونـە لـە سـاڵی (١٧٩٠)دا تـەنها لـە ١٠٪ خـەڵکی فەرەنسـا زمـانی سـتانداردی فەرەنسییان زانیـوە . دواتـر لـە ساڵی (١٨٧٣)دا هێشـتا زیـاتر لـە چواریەکی هاوولأتییـانی فەرەنسـا لـە زمـانی ستانداردی فەرەنسـی نەگەیشـتون . (ڕەفیـق سابیر ، ٢٠١٤: ٢٠-٢١) کەچـی لـە ئێسـتادا فەرەنسـی زمـانێکی گـەورەی جیهانە و نزیکەی (٨٠) ملیۆن ئاخێوەری هەیە . (شاسوار هەرشەمی ، ٢٠٠٩: ١٥)

## ٢- ٢- ٨- هۆکاری ڕاگەیاندن

ڕاگەیانــدن هۆکارێکــە بــۆ گەشــەکردنی کۆمــەڵگا لــە هــەمو ڕویەکــەوە ، وەك کەمکردنــەوەی ئاســتی نەخوێندەواری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زانیاری و زمانی تاکەکانی کۆمەڵ . یەکێك لەو ئەرکانەی لە ئەستۆی ڕاگەیاندندایە ، پاراستن و گەشەکردن و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زمانـە . پەیوەنـدی نێـوان زمـانی ڕاگەیانـدن و زمانـەوانی پەیوەندییـەکی کـارتێکردن و کـارتێکراوە ، میـدیاکان بەشـدارن لـە دروسـتکردن و داتاشینی وشە و زاراوەی نـوێ و فەرامۆشـکردنی هەنـدێك وشـەی تـردا ، هـەروەها توانـای میـدیا فێرکـردن و گەشەسەندنی زمان تەنها لە بوارێکدا کورت هەڵنەهێنراوە ، بەڵکو گونجاوە بـۆ هـەمو بوارەکـانی زمـان وەك : نوسین (ڕێنوس و ئەلفوبێ) ، خوێندنەوە ، وشەسازی ، ڕستەسازی ... . (ئیبتسام ، ٢٠١٣: ٩٤-٩٥)

فەرەنسییەکان پێش ئینگلیزەکان کۆلۆنییان لـە کەنـەدای ئـەمرۆدا دامەزرانـد ، بـەڵام ئینگلیزەکـان تێیـدا زاڵبون و زمانی ئینگلیزی بەخێرایی بو بە زمانی بازاڕ و ئابوری . لە ئێستادا (٦٠٪)ی خـەڵکی کەنـەدا زمـانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن ، فەرەنسی زمانەکانیش ئەگەرچی زۆر بە توندی دەستیان بە زمانەکەیانەوە گرتـووە ، تـەنها (٢٧٪)ی دانیشـتوانی کەنـەدا پێکـدێنن ، سـەرکەوتنی زمـانی ئینگلیـزی و زۆربـونی بەکارهێنـەرانی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێـك ، ئـەوەی پەیوەسـتی بابەتەکـەی ئێمەیـە ئەوەیـە ، کەنـەدا هاوسـێی ولأتێکـی

بەهێزی وەك وڵاتە یەكگرتووەكانە ، دەزگاكانی ڕاگەیاندنی ئەمریكا هاندەرێكی گەورەن بۆ پاڵپشتیكردنی زمانی ئینگلیزی لە كەنەدا . (شاسوار هەرشەمی ، ٢٠٠٩: ٣٣)

دەزگاكانی ڕاگەیاندن هۆكارن بۆ بڵاوبونەوەی زمان و جێگیركردن و چەسپاندنی ، چونكە مەرج نییە هەمو كەسێك خوێندەواربێت ، بەڵام هەمو كەسێك زمان بەكاردەهێنێت بۆ تێگەیاندن و تێگەیشتن ، بەتایبەتی لە ڕێگەی دەزگاكانی بیستن و بینینەوە . بەرنامە و بابەتی سودبەخش و كاریگەر كە بە زمانێكی پاراو و بێ هەڵە لەگەڵ ڕێنوسێكی گونجاو و هاوبەشدا پەخشبكرێت ، ڕەنگە كاریگەری لە ماموستایەكی زمان كەمتر نەبێت ، بەمەرجێ كارەكانیان زانستی بێت و لەسەر بنەما زمانەوانییەكان و گەشەكردن و پێشخستنی زمان دامەزرابێت و بە یاسا رێكخرابێت ، لەو ڕێگەیەوە ڕاگەیاندنەكان دەتوانن زمانێكی ئەدەبی و پاراو بە خەڵكی ئاشنا بكەن ، بە جۆرێك لای هەموان جێگیربێت و لە نامۆیی دوربكەوێتەوە ، ئەوكات ئەو زمانە وەك زمانێكی گشتی و نەتەوەیی و فەرمی لەلایەن جەماوەرەوە پەسەند دەكرێت . (دیاكۆ هاشمی ، ٢٠١٤ : ١٢١) بەپێچەوانەشەوە ڕاگەیاندنەكان دەتوانن كاریگەری نەرێنی بكەنە سەر گەشەی زمان و ڕۆڵی تێكدانی زمان و شێواندنی ڕێنوس و ئەلفوبێ بگێڕن ، ئەگەر هاتو بەشێوەیەكی یاسایی و دەستوری لە خزمەتی زمانی نەتەوەیی و فەرمیدا بەكارنەهێنران ، هاوكات پەرەپێدان و هاندانی زارەكانی زمان لە دەزگاكانی ڕاگەیاندندا زیان بە زمانی ستاندارد دەگەیەنێت و هەستی یەكێتی نەتەوەیی و زمانی نەتەوەیی لاواز دەكات و هەستی ناوچەگەری دەبوژێنێتەوە ، زمانی عەرەبی و زارەكانی باشترین نمونەی ئەم باسەیە ، (ئامارەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە ژمارەی نەخوێندەواران لەناو گەلی عەرەبدا لە بەرزبونەوەدایە ، ئەمەش كاردەكاتە سەر لێكدورکەوتنەوەی چینی نەخوێندەواران و زمانە فەرمییەكەیان ، دەزگاكانی ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی نەرێنی دەبینن ، نەخوێندەواران زیاتر پەیوەست دەكەن بە زارە ناوچەییەكەی خۆیانەوە) (فقه اللغة ، ـــ :٣١٦-٣٢٨) ، جگە لەوەش خوێندەواران لە ناوەندەكانی خوێندندا زۆرجار زارەكەی خۆیان تێكەڵ بە زمانە ستانداردەكە دەكەن ، بەهۆی كاریگەربونیان بەو بەرنامانەی ، كە بە زاری خۆیان پێشكەش دەكرێن یان وەردەگێڕدرێن ، (انترنت ، لغة الضاد و حرب اللهجات) هەروەها زۆرجار لە وڵاتانی عەرەبی گۆڤارێك تەرخان دەكرێ بۆ بڵاوكردنەوەی ئەدەبی زارە ناوچەییەكان . هەندێك جاریش لەلایەن دەسەڵات و كاربەدەستانەوە پشتگیری لە زاری ناوچەیی دەكرێت و لە وتاردا بەرامبەر جەماوەر بەكاردەهێنرێت . (كاصد یاسر الزیدي ، ٢٠٠٤: ٣٧٣ - ٣٩١) (ابراهیم علی الدیبان ، ١٤٢٧: ١٢-١٣)

زاری میسری لە ئێستادا ململانێی زمانی فەرمی عەرەبی دەكات ، هەندێك لە نوسەر و ڕۆشنبیرە میسرییەكان پێیان وایە لە ئایندەدا زاری میسری دەبێتە زمانی ستاندارد بۆ هەمو گەلی عەرەب ، كە ئەمڕۆ زمانی گۆرانی و سینەما و شانۆگەری و زنجیرە دراماكانە و هەمو عەرەب نەك هەر لێی تێدەگەن ، بەڵكو دەتوانن قسەشی پێبكەن (بەكر عومەر عەلی ، ٢٠١٤ : ١٨٨) . بڵاوبونەوە و گەشەكردنی زاری میسری و پایەداربونی ، تەنها بەهۆی ئامراز و دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە بووە .

دەكرێت بڵێین ململانێی زارە عەرەبییەكان لەگەڵ زمانی عەرەبی فەرمیدا كێشەیەكی گەورەی بەرپاكردووە ، تەنانەت "ئەنیس فەریحە" بڕوای وایە كە (عامیە) زمانە و بەوە پێناسەی دەكات ، كە زمانێكی سەربەخۆیە لەسەر پێی خۆی وەستاوەو بەهیچ زمانێكی ترەوە نەبەستراوە ، هەروەها زیندووە و لە گەشەكردن و پێشكەوتندایە (ئەنیس فەریحە ، ١٩٨٩: ٩٧) ، ئەمە لە كاتێكدا كۆمەڵێكی زۆر لە زمانەوانی عەرەب

پێیان وایە "عامیە" زاری ڕۆژانەیەو لە نێوان خەڵکدا بۆ گوزارشتکردن لە کاروباری ڕۆژانە و پیشە جۆراوجۆرەکان بەکاردەهێنرێت . (کاصد یاسر الزیدي ، ٢٠٠٤ : ٣٧٥) ئەگەر عەرەب ئەو زمانە یەکگرتووەی ئێستا هەیانە لەدەستی بدەن ، ئەوا مەحاڵە بتوانن جارێکی تر لەسەر زمانی هاوبەش ڕێکبکەون ، بەڵکو ئەگەری زۆری هەیە کە هەریەك لە وڵاتانی عەرەبی زاری وڵاتاکەی خۆی بکاتە زمانی فەرمی و ستاندارد ، بەمەش گەورەترین زیان بە گەلی عەرەب دەگات ، چ لە ڕوی پەرتبون و جیابونەوەی یەکپارچەیی زمان و گەلی عەرەبییەوە ، چ لەڕوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و زانستییەوە ، چونکە چیتر وڵاتانی عەرەبی ناتوانن لێکبگەن و بەرهەم و کتێب و نوسراوی یەکتر بخوێننەوەو ئاگاداری یەکتربن .

زمانی کوردی کە تاکو ئێستا خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە ، لە بواری ڕاگەیاندنیشدا نەیتوانیوە خزمەتی زمانی کوردی بکات و هەوڵی لێکنزیکردنەوەی زارەکان بدات و زارێکی ئەدەبی پاراو بە خەڵك ئاشنا بکات ، لە دوای ڕاپەڕینەوە میدیای کوردی گەشەیەکی فراوانی بەخۆوە بینی و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵی ڕاگەیاندنی وەك ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە خۆماڵی و ئاسمانییەکان ، (جگە لە کەناڵە ئاسمانییەکانی دەرەوەی هەرێم) دامەزران ، ئەم پێشکەوتنەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوازێکە کە بەراورد ناکرێت لەگەڵ پێش ڕاپەڕیندا . (لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا میدیای کوردی نەیتوانیوە خزمەتی زمانی کوردی بکات و ببێتە هۆکارێك بۆ دروستبونی زمانی فەرمی ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕۆڵکی نەرێنی بینیوە ، تەنانەت لە کاتی شەڕی ناوخۆدا نمونەیەکی ناشارستانی و زمانێکی زبر و نەشیاو لەلایەن ڕاگەیاندنەکانەوە بەکارهێنراوە و چەندین پێشێلکاری و سوکایەتی بەرامبەر بە ئەندام و کەسایەتییە سیاسییەکان ئەنجامدراوە) (فەرەیدون سامان ، ٢٠١٤: ١٣٠-١٣٢) ، وێڕای ئەوانەش لە دوای ڕاپەڕینەوە بە چەندین زاری جیاواز و هەردو ڕێنوسی کوردی و لاتینی ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاوکراوەتەوە (خوسرەو پیربال ، ٢٠٠٧ : ١١٥) ، ئەمەش کێشە و گرفتێکی زمانی ناوەتەوە ، نەبونی ناوەندێکی باڵا بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکانی زمان ، ئەم گێژاوەی دروستکردووە . (ئەمجەد شاکەلی ، ٢٠١١ ،١٥١)

ململانێی هەردو زاری ناوەڕست و ژورو بە ئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکانەوە هەستی پێدەکرێت ، تەنانەت دۆخەکە گەیشتۆتە ڕادەیەك کە ململانێ ئایدۆلۆجی و سیاسییەکان لە زمانی ڕاگەیاندنیشدا ڕەنگی بداتەوەو پەل بهاوێ بۆ ململانێی وشەکان ، بەوێنە کەناڵی کوردسات وشەی (ئێستا) ، کەناڵی گەلی کوردستان (نها) ، کەناڵی ( NRT ) و ڕوداو و سپێدە و پەیام (بەپەلە) ، کەناڵی کوردستان تیڤی (نوێ) بۆ هەمان واتا و مەبەست بەکاردێنن ، کەچی هەر (٢٢) وڵاتی عەرەبی سود لە وشەی (عاجل) وەردەگرن ، کەناڵە ئینگلیزییەکانی سەرجەم وڵاتانی جیهان دەستەواژەی (Breaking News) بەکاردێنن .

ڕاگەیاندن یەکێکە لەو بوارانەی کە پێویستە زمانی ستانداردی تێدا بەکاربهێنرێت ، بەڵام بەکارهێنانی دو زار (بەلایەنی کەمەوە) لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا و نەبونی ناوەندێکی چاودێری و کۆمەڵە یاسایەك تا لە ڕێگەیەوە زمانی ڕاگەیاندن لە خزمەتی زمانی فەرمی و ستانداردی کوردیدا بەکابهێنرێت ، ئەم بارودۆخەی ئێستای زمانی کوردی لێکەوتۆتەوە ، کە بە هیچ شێوەیەك لە خزمەتی یەکێتی نەتەوە و زمانی کوردیدا نییە ، بەڵکو بەردەوام بونی ئەو ڕەوشە زمانییە دەبێتە هۆی لێکجیابونەوە و دابڕانی هەردو زارەکە لەیەکتر و پاشان دابڕانی نەتەوەشی بەدوادا دێت . ئەم دیاردەیە لە زمانی فەرەنسی و عەرەبیدا ڕەتکراوەتەوە ، بە تایبەتی لە سەردەمی وریابونەوەدا (ڕێنیسانس) ، کە فەرەنسییەکان دەست بەرداری زاری ناوچەیی بون و

زمانی ئەدەبییان بەکارهێنا ، عەرەبەکانی میسریش لەسەردەمی ئەحمەد عورابیدا بانگەوازی نوسینیان بە زمانی عەرەبی (فصحی) کردو جاری ئەوەیاندا بە زمانی گشتی (عامیة) ڕۆژنامە بلاّو نەکرێتەوە تاکو گەلی عەرەب توشی لێکترازان و دابڕان نەیەن . (ڕەفیق شوانی ، ٢٠٠١ : ٧٣)

ئەو هۆکارانەی خرانە ڕو بە پێی بارودۆخی زمان و زارەکانی ولاّت و ناوچەکان کەم تازۆر کاریگەرییان دەبێت ، بەلاّم مەرج نییە هەمو ئەو هۆکارانە پێکەوە ببنە هۆی پەیدابونی ململانێی نێوان زارەکانی زمانێك ، بەڵکو لە هەر ململانێیەکدا هۆکارێك یان زیاتر ڕۆڵی تێدا دەگێڕن . لە ململانێی نێوان زارە کوردییەکاندا هەمو ئەو هۆکارانەی باسکران جگە لە(هۆکاری ئاینی) ڕۆڵی خۆیان هەبووە ، بەتایبەتی هۆکاری (سیاسی و خوێندن و ئایدۆلۆجی) .

## ٣- بەشی سێیەم: ململانێی نێوان زاری ناوەڕاست و ژورو لە هەرێمی کوردستان و ڕێگەچارەکانی

### ٣- ١- تەوەری یەکەم : جیاوازییەکانی نێوان هەردو زار

### ٣- ١- ١- ژینگەو سروشتی جوگرافی هەردو زار

هەرچەندە جیاوازی زارەکانی زمان پەیوەستن بە جیاوازی ژینگە و بارودۆخی سروشتی جوگرافییەوە ، هاوکات پەیوەستن بە دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریشەوە ، بە وێنە ژینگەی کشتوکاڵی تا ڕادەیەك زارێکی جیاواز لە ژینگەی پیشەسازی بەکاردێنن. (اسعد محمد علي ، ـــ : ٣٢)

پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان زمان و سروشتی جوگرافیدا هەیە ، بۆیە دەبینین لە دەستنیشانکردنی ژمارەی زارەکاندا پشت بە پێگەی جوگرافی و بارودۆخی سروشتی ناوچەکان دەبەسترێت . بە گۆڕان و گەشەکردنی سروشتی جوگرافی ، زمان و زارەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت (هەمان سەرچاوە : ٣٥-٣٦) .

"سەمیر شەریف" ژینگەی زمانی بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا دابەشدەکات:

١. ژینگەی مێژویی
٢. ژینگەی جوگرافی
٣. ژینگەی کۆمەڵایەتی . (سمير شريف استيتية ، ٢٠٠٥: ٥٧١- ...)

هەردو زاری ناوەڕاست و ژورو بەپێی هەرسێ جۆری ژینگە جیاوازییەکی بەرچاویان لە نێواندا هەیە ، لە ڕوی مێژوییەوە پەیوەندی و تێکەڵاوییەکی ئەوتۆ لە نێوان هەردو زاردا نەبووە ، لە ڕوی جوگرافیشەوە دو سروشت و دو ژینگەی جیاواز لە لایەکەوە ، بەربەستە سروشتییەکان لە لایەکی ترەوە وایان کردووە بواری لێك نزیکبونەوە و تێکەڵاوی نەڕەخسێت ، هەروەها دابونەریت و کولتوری ئاخێوەرانی هەردو زار تا ڕادەیەك جیاوازن ، لەپاڵ ئەوەشدا هۆزو خێڵی جیاواز لە پێکهاتی کۆمەڵایەتی هەردو زاردا ، دو ژینگەی کۆمەڵایەتی جیاوازی دروستکردووە .

دیاردە سروشتییەکان بە دو ڕێگای سەرەکی جیاوازی لە نێوان زارەکاندا دروست دەکەن :

١. ژینگەی جوگرافی : سروشتی جوگرافی و ژینگەو کەش و هەوا دەگرێتەوە ، هەروەها ڕێژەی کاریگەربون و تێکەڵاوی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر و بون و نەبونی هۆکارەکانی گەیاندن و ... هتد .
٢. جیاوازی کۆمەڵایەتی بەپێی ئەو پەیوەندییە بۆماوەییانەی ، کە پەیوەستن بە ئەندامەکانی گۆکردن و درکاندنەوە گۆڕانی فۆنۆلۆجی و دواتر مۆرفۆلۆجی دێننە ئاراوە و بەمەش هەر کۆمەڵێك لەڕوی زمانییەوە دەبن بە چەند بەشێکەوەو هەریەك لەو بەشانە زارێك پێکدێنن . (محمد عطوات ، ٢٠٠٣: ٣٧)

ئەگەر لەو سۆنگانەی باسکران لە هەردو زاری ناوەڕاست و ژورو بڕوانین بە زەقی ئەو جیاوازییانە دەبینین . سروشتی جوگرافی زاری ناوەڕاست لە زاری ژورو ئاسانترە ، واتە بەرز و نزمی کەمتر و کەشی هێمنترە ، هەروەها تۆڕی ڕێگاوبانی دەڤەرەکەش زۆرتر و باشتر و ئاسانترە بە بەراورد لەگەڵ زاری ژورودا ، ئەمەش وای کردووە کاروانی شارستانییەت زوتر و زۆرتر بگاتە ئەو ناوچانە و لە ئەنجامیشدا زاری ناوەڕاست ڕێژەی گۆڕان و کورتبونەوە (ئیکۆنۆمی)ی لە هەرسێ ئاستی (دەنگسازی ، وشەسازی ، ڕستەسازی)دا لە زاری ژورو زیاتر بووە . (عەبدوڵا حوسێن ڕەسول ، ٢٠١٥ : ٤٠١)

وەك یاسایەکی سروشتی چەسپاو هەر زمانێك لە کۆمەڵێکی فراوان و چەند ناوچەیەکی جیاوازدا بەکارهات ، ئەوا زو بێت یان درەنگ بەپێی سروشتی جوگرافی ئەو ناوچانە چەندین زار و زمانی لێ دەبێتەوە . (علي عەبدالواحد وافي، ٢٠٠٠ :١٠٤)

سروشتی جوگرافی و ژینگە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ئاراستەکردنی گۆڕینی زمان واتە کاتێك زمانی کوردی لە چەند ناوچەیەك بەکار دێت ، هەریەك لەو ناوچانە سروشتی جوگرافی و ژینگەیەکی جیاوازی هەیە ، بۆیە پاش ماوەیەك هەریەکەیان سیستەم و ڕێبازێکی گۆڕان و گەشەی جیاواز دەگرنەخۆ و چەندین زاری جوگرافی پەیدا دەبێت (وریا عومەر ئەمین ، ٢٠٠٩: ١٦٧) .

### ٣- ١-٢- جیاوازییە زمانییەکانی نێوان هەردو زار

هەمیشە لە نێوان زارەکانی زمانێکدا جیاوازی زمانی بەدی دەکرێت ، ئەو جیاوازییانە هەمو ئاستەکانی زمان (دەنگسازی ، ڕێزمان ، واتا) دەگرێتەوە ، بەڵام ئەم جیاوازییانە ڕێژەیین و ناگەنە ئەو ئاستەی ، کە هەریەك لەو زارانە وەك زمانی سەربەخۆ دەربکەون . هەرچەندە جیاوازی لە نێوان زارەکانی زمانێکدا بە ئاشکرا دەبینرێن ، بەڵام هەموویان لە چەند لایەنێکدا یەکدەگرنەوە و کۆمەڵێك دیاردەی زمانی ئاشکرا و ڕون پێکەوەیان دەبەستێتەوە و دەیانگەڕێنێتەوە سەر زمانی بنەڕەتی خۆیان ئەو لایەنانەش بریتین لە : (جێناوەکان ، ژمارە ، ئامرازی ئاماژە و ئامرازی لێکدەر ، هاوبەشی ژمارەیەکی زۆر لە واتای وشەکان لە نێوان زارەکاندا ، پێکهاتی ڕستە ... ) . (ابراهیم السامرائی ، ١٩٩٧ : ٣٧) ئەو وتەیە بەو واتایە دێت ، کە بە ڕێژەیەکی کەمتر گۆڕان بەسەر (ناو ، ژمارە ، وشەی فەرهەنگی ، ...) دا دێت ، هەروەها لە پێکهاتی ڕستەدا ئەگەرچی هەریەك لە زارەکان چەند تایبەتمەندییەکی ڕێزمانییان هەیە[1] ، بەڵام هەموویان لە ڕیزکردنی (بکەر ، بەرکار ، کردار)دا هاوشێوەی یەکترن .

"جۆن لوینز" پێیوایە جیاوازی نێوان هەردو زاراوەی (شێوەزار و زار) لەوەدایە ، کە شێوەزار زیاتر لە جیاوازی دەربڕین (دەنگسازی)دا خۆی دەبینێتەوە ، بەڵام زار جیاوازی ڕێزمانی (وشەسازی و ڕستەسازی) و وشەی فەرهەنگی دەگرێتەوە . (جون لوینز ، ٢٠٠٩ : ٢٤٨) کەواتە جیاوازی نێوان زارەکانی زمانێك هەمو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە ، هەروەك لە زاری ناوەڕاست و ژوروشدا ئەم جیاوازییانە بەدی دەکرێت .

---

[1] بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا ئەرکی ڕێزمانی (جێناوەکان) لە زاری ناوەڕاست و هەورامیدا زۆر لێکجیاوازن ، بە جۆرێك دو دەستە جێناوی لکاو لە زاری ناوەڕاستدا هەیە ، بەڵام لە زاری هەورامیدا پێنج دەستە جێناوی لکاو هەیە ، کە هەریەکەیان بۆ بارێکی ڕێزمانی دەست دەدەن . (فەرەیدون عەبدول محەمەد ، ١٩٩٨: ١٤-٢٣)

**٣- ١-٢- ١- جیاوازی لە ئاستی دەنگسازیدا**

هەریەك لە زارەکان بە ئاراستەیەکی جیاواز گەشە دەکەن ، دەکرێت گۆڕانە مێژوییەکان و ژینگەو سروشتی جوگرافی کار بکەنە سەر گۆڕانە دەنگییەکان و جیاوازی دەنگی لە نێوان زارەکانی زمانێکدا دروست بکەن . (زۆرجار دەنگێك یان چەند دەنگێك دەبێتە ناسنامەی زارێك یان شێوەزارێك و هاوزمانان بە ئاسانی ئاخێوەرانی ئەو زارە یان شێوەزارە دەناسنەوە) . (ر.ل. تراسك ، ٢٠٠٢: ٨٣-٨٦)

جیاوازی فۆنۆلۆجی نێوان زارەکان کۆمەڵێك لایەن دەگرێتەوە ، وەك : (ژمارەی فۆنیمەکان ، چۆنیەتی دابەشبونی بزوێن و نەبزوێن ، بەشداربونی فۆنیمەکان لە چوارچێوەی برگەیی وشەدا ، بون و نەبونی هێزو چۆنیەتی دەرکەوتنی لەسەر وشە و ڕستەکان ، ... هتد) . (محەمەد مەعروف ، ٢٠١١: ١٠٩)

**ا- ژمارەی فۆنیم :**

سەبارەت بە ژمارەی فۆنیمەکان لە هەردو زاردا بۆچونی جیاواز دەبینرێت ، ئەو جیاوازییانەش لە نێوان (٣٣-٤٠) فۆنیمدا خۆی دەبینێتەوە . (محەمەد گوهەرزی ، ١٩٩٩: ٦-٧) (عەبدولواحید موشیر و دانا تەحسین و دەرون عەبدولڕەحمان ، ٢٠١٣: ١١٧) هۆکاری ئەم جیاوازییانەش بۆ چەند دەنگێکی وەك ( بزرۆکە ، ئـ ، و ، ی ، وو ، ح ، ع ، غ ، دیفتۆنگ ، ...) دەگەڕێتەوە ، کە تاکو ئێستا مشتومڕیان لەسەرە ، جگە لەوەش زۆرجار لە بۆچونەکاندا (فۆن و فۆنیم) یان (دەنگ و پیت) تێکەڵ بەیەکتر کراون . (عەبدوڵا حوسێن ، ٢٠١٢ : ٨١)

ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی زانستی فۆنیمەکانی هەر زارێك دەستنیشان بکەین ، پێویستە پەنا ببەینە بەر "جوتۆکەکان" ، ئەمەش ئەو وشانە دەگرێتەوە ، کە لە هەمو دەنگەکاندا وەك یەك بن و تەنها لەیەك دەنگدا جیاوازبن ، بەجۆرێك جیاوازی ئەم تاکە دەنگە واتای وشەکان بگۆڕێت ، ئەمەش لەگەڵ پێناسەی فۆنیمدا یەکدەگرێتەوە ، بە وێنە لە وشەکانی (کەر ، کەڕ ، کەو ، کەم ، کەس ، کەی ، کەل ، کەف)دا هەمو دەنگەکان وەك یەکن ، تەنها دەنگی کۆتایی (ر- ڕ - و - م - س - ی- ل- ف) نەبێت ، کە ئەرکی گۆڕینی واتای وشەکانی بینیوەو (٨) فۆنیمی لێوە بەدەست دێت ، فۆنیمەکانی تریش بەهەمان شێوە دەستنیشان دەکرێت . بەو پێیە کۆی گشتی فۆنیمەکان دەبن بە (٣٥) فۆنیم (وریا عومەر ئەمین ، ٢٠٠٩ :١٠-١٢) . هەروەها دەنگی /ع/ کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوەو لەگەڵ چەندین ناوی تایبەتی و وشەی خوازراوەدا هاتۆتە نێو زمانی کوردییەوەو پلەی فۆنیمی وەرگرتووە[1] ، وەك وشەکانی( عومەر ، عەلی ، عامر، شیعر ، جومعە ، ...) ، کەواتە فۆنیمەکانی زاری ناوەڕاست دەبن بە (٣٦) فۆنیم، لەو ژمارەیەش (٨) یان بزوێن و (٢٨)یان نەبزوێنن.

زاری ژورو لەو لایەنانەوە تاڕادەیەك لەگەڵ زاری ناوەڕاستدا جیاوازە ، لەوانەش :

---

[1] هەرچەندە هەندێك لەو وشانەی ، کە دەنگی /ع/ یان تیدایە کوردێنراون و ئەو دەنگە فرتاوە یان گۆڕاوە بە دەنگی تری وەك(ئـ ، و) عوسمان = وەسمان ، عیشق = ئیشق ، بەڵام کۆمەڵێك وشەی تر هەن ، کە ئەم دەنگە وەك خۆی ماوەتەوەو بەگۆڕین یان فرتاندنی واتا لەدەست دەدەن ، وەك: (شیعر ، شاعیر ، جومعە ، عەرەب ، ... ) . تەنانەت ئێستا لە شێوەزاری هەولێردا دیاردەی گۆڕینی دەنگی /ح/ بە /ع/ لە ئارادایە ، وەك : محەمەد = معەمەد ، ئەمەش بەڵگە و وەڵامێکە بۆ ئەوانەی ، کە دەڵێن ئەم دەنگە لەگەڵ سازگەی ئاخێوەری کورددا ناگونجێت .

١. زۆربەی زارەکانی زمانی کوردی بە زاری ناوەڕاستیشەوە جیاوازی لە نێوان (ل) و (ڵ)دا دەکەن و بە دو فۆنیمی جیاوازی دادەنێن ، وەك وشەکانی (پەلە ، پەڵە) و (هەل ، هەڵ) ، بەلاّم لە زاری ژورودا تەنها (ل) فۆنیمە و (ڵ) بە فۆنیم دانانرێت . (محەمەد مەعروف ، ٢٠١١: ١١٠)

٢. زاری ناوەڕاست لە بەکارهێنانی دەنگی /ڤ/ دا زۆر هەژارە بە بەراورد لەگەڵ زاری ژورو (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ، ٢٠١٠: ٣٣) ، ئەمەش هەندێ جار دەکرێتە بەڵگەی ئەوەی ، کە ئەم فۆنیمە لە زاری ژورو وەرگیرابێت .

جگە لەوەش گۆکردنی هەندێك دەنگ لە زاری ناوەڕاست و ژورودا جیاوازە ، بەوێنە لە زاری ژورودا هەرسێ دەنگی /ص/ و /ط/ و /ظ/ وەك ئەلۆفۆنی (س ، ت ، ز) بەکاردێن ، بەلاّم لە زاری ناوەڕاستدا ئەو ئەلۆفۆنانە کەمتر بەکاردێن . هەروەها لە زاری ژورودا دەنگی بزوێنی بەرز /ە/ هەیە ، کە بە پێشەوەی زمان دروست دەکرێت و لێوخڕکردنەوەی لەگەڵدایە ، ئەم جۆرە بزوێنە بەرزە بەو شێوەیە لە زاری ناوەڕاستدا نییە (محەمەد معروف ، ٢٠١١ ، ١١٠) . هەروەها دەنگەکانی (پ ، ت ، ز ، ك ، چ) لە زاری ژورودا بەشێوەیەکی بەرزترو قورستر گۆدەکرێت لەچاو زاری ناوەڕاست و زارەکانی تر (عەبدولواحید موشیر ، ٢٠١١ ، ٦٥) ، بەوێنە لە ڕستەیەکی وەك (پێلاڤێ پانیا پێ من گرت)دا ، دەنگی (پ) لە هەرسێ وشەکە نە بەتەواوی وەك دەنگی /پ/ گۆدەکرێت ، نە وەك دەنگی /ب/ یش گۆدەکرێت ، زیاتر لە دەنگی /پ/ ەوە نزیکە بۆیە بە دەنگی (پ) دەنوسرێت ، هەروەها دەنگەکانی /ت/ و /چ/ و /ك/ یش بەهەمان شێوە ، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت (محەمەد تاهر گوهەرزی ، ١٩٩٩: ٤) :

- تەب تلێ تلیا تری خوار . (لە نێوان دەنگی /ت/ و /د/ دایەو لە /ت/ەوە نزیکە)
- چێلێ چەروان چەراند. (لە نێوان دەنگی /چ/ و /ج/ دایەو لە /چ/ەوە نزیکە)
- کا کلێ کەرێ نانی ب کوندی خوار . (لە نێوان دەنگی /ك/ و /گ/ دایەو لە /ك/ەوە نزیکە)

## ب- ڕۆنانی بڕگە :

هەردو زاری ناوەڕاست و ژورو بێ جیاوازی فۆنیمەکان لەناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکی[1] لێکدەدەن بۆ پێکهێنانی بڕگەی فۆنۆلۆجی[2] ، (وریا عومەر ئەمین ، ٢٠٠٩، ١٠٩ ) قاڵبەکانیش ئەمانەی خوارەوەن :

١. CV وەك : با ، شا ... هتد .
٢. CVC وەك : شار ، مار ... هتد .
٣. CCV وەك : کوا ، گیا ... هتد .
٤. CCVC وەك : خوار ، چوار ... هتد .

---

[1] بڕگەی فۆنەتیکی : لە ڕوی درکاندنەوە بەو کۆمەڵە دەنگە دەوترێت ، کە لەناو وشەدا درکاندنێکی بەرزی هەبێت و گوێگر بە ئاشکرا هەست بەو درکاندنە بەرزە بکات و بتوانێ بەو پێیە ، سنوری بڕگەکانی وشە لەیەکتر جیا بکاتەوە . بەلاّم لەڕوی فیزیکییەوە بڕگە بەپێی چڕی و درێژی لەرینەوە دەستنیشان دەکرێت . (غازی فاتح وەیس ، ١٩٨٤: ٨٣)

[2] بڕگەی فۆنۆلۆجی : بەپێی تایبەتمەندی هەر زمانێك پێناسەکەی دەگۆڕێت ، زمانەکان جیاوازی پیشان دەدەن لە چۆنێتی لێکدانی فۆنیمەکانیان ، ئەم لێکدانە تایبەتییە بڕگەی فۆنۆلۆجی دەگرێتەوە . (نەریمان خۆشناو ، ٢٠١٤ : ٤٩)

٥. CVCC وەك : ماست ، پێست ... هتد .

٦. CCVCC وەك : خوێند ، سوێند ... هتد .

ئەگەر دەنگی /ئـ/ بە فۆنیم دانەنێین ، ئەوا سێ قاڵبی تر زیاد دەبێت ، كە ئەوانیش :

٧. V وەك : ئا / رام ، ئێ / رە ... هتد .

٨. VC وەك : ئەو ، ئێش ، ئەم ... هتد .

٩. VCC وەك : ئاست ، ئارد ... هتد .

**پ. جیاوازی دەنگی :**

**یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی هەر زارێك جیاوازی دەنگییە ، بە واتایەكی تر هەر زارێك بەپێی ژینگە و ئەندامەكانی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی گرنگی زیاتر بە دەنگێك یان چەند دەنگێك دەدات و پەسەندی دەكات بەسەر دەنگێك یان چەند دەنگێكی تردا ، زارەكانی تریش بەهەمان شێوە هەریەكەیان بەپێی سروشتی خۆی دەنگێك یان چەند دەنگێك پەسەند دەكات و زیاتر بەكاری دەهێنێت ، ئەمەش دیاردەیەكی زۆر ئاساییە و لە هەمو زمانەكانی جیهاندا بونی هەیە ، بۆ نمونە لە نێوان ئینگلیزی بەریتانیی و ئینگلیزی ئەمریكیدا چەندین جیاوازی دەنگی هەیە ، دیارترینیان ئەوەیە كە لە ئینگلیزی ئەمریكیدا هەمو دەنگێكی /r/ دەخوێنرێتەوە ، بەڵام لە ئینگلیزی بەریتانیدا بە هیچ شێوەیەك /r/ی كۆتایی ناخوێنرێتەوە ، تەنانەت هەندێ جار لە ناوەڕاستیشەوە هاتبێت دەقرتێنرێت[1] ، وەك ( ... , Car, Very , Door) ، جگە لەوەش زاری ئەمریكی لە پێش پرۆسەی گۆڕانێكی دەنگی خێرادایە ، بە وێنە ئێستا هەردو وشەی (Cot) و (Caught) بە یەك شێوە گۆدەكرێن ، كە یەكەمیان بە واتای (جێگە یان نوێن) و دووەمیان بە واتای (گرتی) دێت .** (بێرنارد كەمریێ و ئەوانی تر ، ٢٠٠٧: ٤٦) **هەروەها زارەكانی زمانی عەرەبی باشترین نمونەی ئەم باسەیە ، كە هەر لە توێژینەوە كۆنەكانەوە ئەم دیاردەیە بە وردی باسكراوە و دەربڕین و گۆڕینی هەندێك دەنگ بووە بە ناسنامەی ناوچەیەكی تایبەت و بەهۆیەوە ئاخێوەرانی ناسراونەتەوە ، بۆ نمونە زاری (الشنشنة) بە ڕەهایی دەنگی (ك)یان گۆڕیوە بە (ش) ، زاری (العنعنة) دەنگی (ئـ)یان بە (ع) گۆڕیوە ، زاری (الفحفحة) دەنگی (ح)یان بە(ع) گۆڕیوە ، زاری (العجعجة) دەنگی (ي)یان بە (ج) گۆڕیوە ، ... .** ( أحمد علم الدين الجندي ، ١٩٨٣: ٣٦٢- ٣٧٤) (داود سلوم ، ١٩٧٦ : ٤٥-٦٥) (صبحي عبدالحميد ، ١٩٨٦: ٨٧-١٠٠) **، بەڵام مەرج نییە لە هەمو وشەیەكدا ئەم گۆڕانە دەنگییانە ڕوبدات ، بەڵكو گۆڕانەكان ڕێژەیین ، بەوێنە مەرج نییە هەمو دەنگێكی (و)ی زاری ناوەڕاست لە زاری ژورودا بە دەنگی (ڤ) یان (ف) بگۆڕدرێت ، ئەگەرچی ڕێژەی ئەو گۆڕانە دەنگییانە لە نێوان ئەم دو زارەدا لە ئاستێكی بەرزدایە ، وەك (ئاو - ئاڤ ، ناو - ناڤ ، چاو - چاڤ ، ... هتد) ، بەڵام دەنگی /ڤ/ لە وشەكانی (مرۆڤ ، ڤیان ، پەیڤ ، دەڤەر ، ... هتد) لە هەردو زاردا بە /ڤ/ گۆدەكرێت و لە زاری ناوەڕاستدا نەبووە بە /و/ ، هەروەها دەنگی /و/ لە وشەكانی (دو ، گورگ ، نەورۆز ، چو ، ژور ، توخم ، ... هتد) لە زاری ژورودا نەبووە بە /ڤ/ .**

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە : ( Paul S. Gruber, 2005-2007: 3-7 ) .

سەرەڕای ئەوانە چەندین جیاوازی دەنگی لە نێوان هەردو زاردا دەبینرێت ، لەوانەش :

- دەنگی /ڤ/ : /ب/ ، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست | |
|---|---|---|
| ڤەرانڤەر | بەرامبەر | |
| ڤاران | باران | |
| زڤر | زبر | |
| تەڤایی | تەبایی | |
| باڤ | باب | (جەمال نەبەز ، ١٩٧٦: ٦٠) |

- دەنگی /ی/ : /و/ ، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست | |
|---|---|---|
| پاری | پارو | |
| خانی | خانو | |
| ئارەزی | ئارەزو | |
| خاتین | خاتون | (نەریمان خۆشناو ، ٢٠١٤: ٣٤) |

- دەنگی /و/ : /ی/ ، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست | |
|---|---|---|
| توژ | تیژ | |
| شور | شیر | (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٦: ٦٤) |

- دەنگی /ە/ : (بزرۆکە) ، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست | |
|---|---|---|
| قەنج | قنج | |
| چەنگ | چنگ | |
| هلگرتن | هەڵگرتن | |
| دکەت | دەکات | (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٧٦: ٦٥) |
| ب ، ل | بە ، لە | |

- گۆڕانی دەنگی /د/ بە /ت/ ، کە لە هەندێك چاوگی زمانی کوردیدا دەبینرێت ، هەر وەکو "جەمال نەبەز" دەڵێت ئەم گۆڕانە دەستورێکی گشتی نییە و تەنها لە ژمارەیەکی زۆرکەمی چاوگەکاندا دەبینرێت . (جەمال نەبەز ، ١٩٧٦: ٦١) وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|
| ژمارتن | ژماردن |

| | |
|---|---|
| هلبژارتن | هەڵبژاردن |
| براشتن | برژاندن |
| هنارتن | ناردن |

- دەنگی /ﻫ/ : /و/ ، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|
| هشیار | وشیار (هۆشیار) |
| هشك | وشك |
| هرچ | ورچ |
| هور | ورد (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٦: ٦٦) |

- دەنگی /س/ : /ص/ و /ت/ : /ط/ ، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|
| صۆر | سور |
| طەڤر | تەور |
| طاوە | تاوە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٧٦: ٦٦) |

- دەنگی /ژ/ : /ز/ ، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|
| دلسۆژ | دڵسۆز |
| ژیرەك | زیرەك |
| ژار | زەهر (ژەهر) |
| دۆژە | دۆزەخ (جەمال نەبەز ، ١٩٧٦: ٦٢) |

- دەنگی /ژ/ : /ش/ ، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|
| كتێب - ژی | كتێب - یش |
| مەژی | ئێمەیش (جەمال نەبەز ، ١٩٧٦: ٦٢) |

- دەنگی /ف/ : /و/ ، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|
| مزگفت | مزگەوت |
| ئاخافتن | ئاخاوتن |

| | |
|---|---|
| کەفتن | کەوتن |
| حەفت | حەوت |
| شفتی | شوتی |

- دەنگی /و/ : /ۆ/ ، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|
| خو | خۆ |
| تو | تۆ |
| زاخو | زاخۆ |
| جور | جۆر |

- دەنگی /ۆ/ : /و/ ، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|
| ژۆر | ژور |
| دۆر (دویر) | دور |

- چەندین جیاوازی دەنگیی تر لە نێوان هەردو زاردا بەڕێژەی جیاواز دەبینرێت ، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست | ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|---|---|
| کی | کێ | شون | شوێن |
| زیبار | زێبار | خون | خوێن |
| کو | کە | هەژیر/هێجیر | هەنجیر |

- **ڤرتاندنی دەنگ** : ئەمەش یەکێکە لەو جیاوازییە دەنگییانەی ، کە لە چەندین وشەدا دەبینرێت ، بەوێنە /ه/ یەکێکە لەو دەنگانەی، کە زیاتر لە زاری ژورودا دەبینرێت و زۆرجار لە زاری ناوەڕاستدا دەڤرتێت، وەك :

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست | ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|---|---|
| تێگهیشتن | تێگەیشتن | گوهرین | گۆڕین |
| هەڤریشم | ئاوریشم | نەه/نە | نۆ |
| هەسپ | ئەسپ | دەه/دە | دە |
| هوستا | وەستا | پارێزگەه | پارێزگە/پارێزگا |
| دهێت | دێت | هژمارتن | ژماردن |
| هنارتن | ناردن | | |

- هەروەها بەپێچەوانەوە هەندێك جار دەنگێك یان زیاتری فۆرمەكە لە زاری ژورودا دەفرتێت ، وەك :

| ز. ناوەڕاست | ز. ژورو | ز. ناوەڕاست | ز. ژورو |
|---|---|---|---|
| خواردن | خارن | بردن | برن |
| كردن | كرن | مردن | مرن |
| چوار | چار | هێندە | هێند |
| جوامێر | جامێر | ئارد | ئار |
| زەرد | زەر | مێرد | مێر |

- جێگۆڕكێی دەنگ : هەندێك جار دەنگەكانی وشە بەپێی زارەكان پاش و پێش دەكەن (جێگۆڕكێ) ، ئەم حاڵەتەش لە نێوان زارەكانی هەمو زمانێكدا هەیە و دیاردەیەكی گشتی و ئاساییە ، وەك :

| ز. ناوەڕاست | ز. ژورو | |
|---|---|---|
| بەفر | بەرف[1] | |
| تەرزە | تەزرە | |
| پیت | تیپ | |
| زیخ | خیز | |
| جیران | جینار | (جەمال نەبەز ، ١٩٧٦: ٧٥) |

### ت- فۆنیمە ناكەرتییەكان :

فۆنیمە ناكەرتییەكان ، كە (هێز ، ئاواز ، وەستان) دەگرێتەوە ، لە هەردو زاردا بەبێ جیاوازی ڕۆڵ لە گۆڕینی واتا و مەبەستی ئاخاوتنەكان دەگێڕن . (عەبدولواحید موشیر ، ٢٠١١: ٦٩)

### ٣- ١-٢- ٢- جیاوازی لە ئاستی وشەسازیدا

بەشێوەیەكی گشتی مۆرفیمەكان دابەش دەبن بەسەر دو جۆردا[1]، كە بریتین لە :

١. مۆرفیمی ئازاد ، كە مۆرفیمی (فەرهەنگی) و (ئەركی) دەگرێتەوە.
٢. مۆرفیمی بەند ، كە مۆرفیمی وشەیی (وشەدارێژ) و (ڕێزمانی) دەگرێتەوە . (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید قادر ، ٢٠٠٦: ٢٨) (شەهاب شێخ تەیب ، ٢٠١٤: ٩٤)

---

[1] د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف پێی وایە ئەم دو فۆرمە لەڕوی ئیتیمۆلۆجییەوە بنچ و سەرچاوەكانیان جیاوازن ، (بەفر) دەچێتەوە سەر ئاڤێستا و (بەرف) دەچێتەوە سەر (پەهلەوی) . (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ٢٠٠٠: ١٥)

[1] دابەشكردنی وردترو زانستی تر هەیە ، بەڵام بۆئەوەی زۆر لە باسەكە دور نەكەوینەوەو تەنها لایەنە جیاوازەكان بخەینە ڕو ، بە پێویستمان نەزانی لەو جۆرانەی تری مۆرفیمیش بدوێین ، بۆ زانیاری لە بارەی ئەو دابەشكردنانەوە بڕوانە : (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید قادر ، ٢٠٠٦: ٢٩) و (شەهاب شێخ تەیب ، ٢٠١٤: ٩٧- ١٠٨) .

**ا- مۆرفیمی ئازاد :**

**مۆرفیمی ئازاد لە هەردو زاری ناوەڕاست و ژورودا هەیە، بەڵام هەندێك جیاوازی تێدەکەوێت ، وەك لە خوارەوە دەیخەینە ڕو :**

**- مۆرفیمی فەرهەنگی : لەم لایەنەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان هەردو زاردا بەدی دەکرێت ، وەك:**

| زاری ژورو | زاری ناوەڕاست |
|---|---|
| هەیڤ | مانگ |
| زراڤ | باریك |
| بلەز | خێرا |
| هوین | ئێوە ... هتد |

**- مۆرفیمی ئەرکی : ئەم جۆرە مۆرفیمانە سنوردارن ، لەم ڕووەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان هەردو زاردا نابینرێت بەڵام هەندێ جار هەمان فۆرم گۆڕانی دەنگی بەسەردا هاتووە ، وەك :**

| زاری ژورو | زاری ناوەڕاست |
|---|---|
| ل ، ژ ، د | لە |
| بۆ | بۆ |
| ب | بە |
| و | و |
| کو | کە |
| هەتا | هەتا/تاکو/ |

**ب- مۆرفیمی بەند :**

**مۆرفیمی بەند کە بەپێی ئەرك دەبێت بە دو جۆرەوە :**

**- بەندی وشەدارێژ: ئەو مۆرفیمانەن، کە ناتوانن بە تەنها دەربکەون، بەڵکو دەچنە سەر مۆرفیمە سەربەخۆکان و وشەی نوێی لێ پێکدێنن، واتە کەرەستەکانی پێشگرو پاشگرو ناوبەندو جوتگرەکان دەگرێتەوە، دیسان جیاوازییەکی زۆر لەم ڕوەوە لە نێوان هەردو زاردا نییە ، بە وێنە مۆرفیمەکانی (هەڵ/هەل ، وان/ڤان ، نە ، ب/بە ، بێ ، گە ، گر ، دار ، بەند ، ساز ، ین ، مەند ، دا ، ڕا ، پێ ، تێ ، لێ/ژێ ، دەر ، ی ، گا/گەه ، ستان ، ەوە ، ڤە[1] ، ... هتد) هاوبەشن لە نێوان هەردو زاردا ، (غازی عەلی خورشید ، ٢٠١١: ٢٣٨-٢٤٠) وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :**

[1] هەردو مۆرفیمی (ڤە ، ەوە) هەمان ئەرك و واتا دەگەیەنن ، بەڵام (ڤە) وەك پێشگر دەردەکەوێت (ڤەکرن ، ڤەخارن ، ڤەگرتن ، ... ) ، کەچی (ەوە) وەك پاشگر دەردەکەوێت (کردنەوە ، خواردنەوە ، گرتنەوە ، ...) ، پێویستە ئەوەش بڵێین کە هەموکات مۆرفیمی (ڤە) وەك پێشگر ڕۆڵ نابینێت ، بەڵکو لە هەندێك وشەی وەك (هاتنەڤە ، زڤریڤە ، بونەڤە ، دێنەڤە) هاوشێوەی زاری ناوەڕاست خۆی دەنوێنێت . (غازی عەلی خورشید ، ٢٠١١: ٢٤٠)

- بێ : بێ هێز
- هل/هەڵ : هلگرتن / هەڵگرتن
- گەه/گا : داگەه / دادگا
- ستان : کوردستان
- بەند: نالبەند / ناڵبەند
- پێ : پێگۆتن / پێوتن
- دا : داهات ، داگرت
- تێ : تێکەتن / تێکەوتن
- لێ : لێدان
- لێ/ژێ : ژێگرتن / لێگرتن
- دەر : دەرکەتن ، دەرکەوتن
- ڕا : ڕاهێنان
- بە/ب : بهێز / بەهێز
- نە : نەخۆش
- وان/ڤان : گاڤان / گاوان
- گەر/گر : ئاسنگر / ئاسنگەر
- ساز : دانساز
- ین : زێڕین
- مەند : هۆشمەند
- ی : ژەنگی / خۆشی
- دار : دکاندار / دوکاندار
- ەوە/ڤە : ڤەخارن / خواردنەوە .

- بەندی ڕێزمانی : هەمو ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە ، کە ئەرکی ڕێزمانی دەگرنە ئەستۆ و بارێکی ڕێزمانی پیشان دەدەن ، ئەم مۆرفیمانەش بە پێی ئەرکەکانیان بەسەر چەندین جۆردا دابەش دەبن :

١. مۆرفیمی ناساندن :

ناو بەچەند ڕێگایەك دەناسێنرێت ، لەوانەش :

ا- نیشانەی ناسراوی

ب- مۆرفیمی ئاماژە

ا. نیشانەی ناسراوی : لە زاری ناوەڕاستدا مۆرفیمی (ەکە) وەك نیشانەی ناسراوی دەچێتە سەر ناو ، بەڵام زاری ژورو هیچ مۆرفیمێکی نییە ، کە تەنها ئەرکی ناساندنی ناو ببینێت ، واتە مۆرفیمی ناسیاوی لەم زارەدا سفرە ($\varnothing$) . (عەبدولواحید موشیر ، ٢٠١١: ٧٢)

- کوڕەکە هات . (ز. ناوەڕاست) ⟵ کوڕ هات . (ز. ژورو)

ب. <u>مۆرفیمی ئاماژە</u> : ئەم مۆرفیمانە لە هەردو زاری ناوەڕاست و ژورودا تا ڕادەیەك جیاوازن ، جیاوازییەکانیش لەئەنجامی گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان و بون و نەبونی مۆرفیمی "توخم"دا دەردەکەوێت ، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕون کراوەتەوە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ٢٠١٤: ٢٦٥-٢٦٦) :

| زاری ناوەڕاست | | زاری ژورو | |
|---|---|---|---|
| تاکی نزیك | ئەم - ئەم ... ە | تاکی نزیك | ئەڤ ... ە ، ئەڤ |
| تاکی دور | ئەو ... ە | تاکی دور | ئەو ... ە ، ئەو |
| کۆی نزیك | ئەم ... + ان + ە | کۆیی نزیك | ئەڤا ... ان + ە |
| کۆی دور | ئەو ... + ان + ە | کۆی دور | ئەو ... ان + ە |

مۆرفیمی ئاماژە لە هەردو زاری ناوەڕاست و ژورودا شێوەی تاك و کۆی هەیە ، لە زاری ناوەڕاستدا توخمی نێر و مێ جیا نەکراوەتەوە ، بەلاَم لە زاری ژورودا ئەگەر کەوتبێتە دۆخەوە ئەوا توخم جیا دەکرێتەوە ، مۆرفیمی (ئەڤ ، ئەو) ئەگەر بۆ توخمی (نێر) بەکاربهێنرێت ، مۆرفیمی (ی) وەردەگرن و دەبنە (ئەڤی ، ئەوی) ، ئەگەر بۆ توخمی (مێ) بەکارهێنران ، ئەوا مۆرفیمی (ێ) یان دەچێتە سەر و دەبنە (ئەڤێ ، ئەوێ) ، زۆرجاریش دەنگی /ئە/ی سەرەتا دەتوێتەوەو فۆرمی (ڤی ، وی) بۆ نێرو (ڤێ ، وێ) بۆ مێ دەردەکەوێت ، وەك :

- ئەز وێ/ڤێ کچێ دبینم .

- ئەز وی/ڤی کوڕی دبینم . (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ٢٠١٤: ٢٦٧) (فەرەیدون عەبدول و عادل ڕەشید، ٢٠٠٢: ٩٦-٩٧)

٢. <u>مۆرفیمی کۆ :</u>

لە هەردو زاری ناوەڕاست و ژورودا (ان) وەك مۆرفیمێکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی ناو بەکاردێت . (عەبدولواحید موشیر ، ٢٠١١: ٤٨ و ٧٢) وەك :

چاڤ + ان : چاڤان

چاو + ان : چاوان

کوڕ + ان : کوڕان

برا + ان : برایان[1]

[1] زۆرجار ناو پێش ئەوەی کۆبکرێتەوە ، یان پێش ئەوەی مۆرفیمی خۆیەتی بخرێتە سەر پێویستە ناسراو بکرێت واتە دەبێت مۆرفیمی (ەکە)ی بخرێتە سەر ، وەك : پیاڵە + ەکە + ان = پیاڵەکان ، پیاڵەکانم ، پیالان* ، ئەسپەکانم ، ئەسپان* ، ... هتد . بۆ زانیاری لەبارەی ئەم بابەتەوە بڕوانە: (محەمەد مەعروف ، ٢٠١٠: ٢٩-٣٢)

له زاری ناوەڕاستدا هەندێك جار مۆرفیمەکانی (هات ، ات ، جات ، وات ، ەها ، گەل) ڕۆڵی کۆکردنەوەی ناو دەبینن ، بەڵام بواری بەکارهێنانیان سنوردارە و تەنها دەتوانن لەگەڵ چەند ناوێکی کەمدا دەربکەون و پەیوەندییەکی ئاسۆیی ناچاری لە نێوانیاندا هەیە ، وەك وشەکانی (میوەجات ، دێهات ، باخات ، خێرات ، مەڕومالأت ، جۆرەها ، ساڵەها ، کوڕگەل ، پیاوگەل) . (زەرێ یوسوپۆڤا ، ٢٠٠٥: ٤٧-٤٨)

له زاری ژوروشدا بەهەمان شێوە چەند مۆرفیمێکی تر ئەرکی کۆکردنەوەی ناو دەبینن لەوانەش :

- (ڕان) ، وەك : گا ڕان
- (کەر) ، وەك : کەرێ پەزی
- (بڕ) ، وەك : بڕا تەیران
- (ڕەڤد) ، وەك : ڕەڤدا گورگان (عەبدولواحید موشیر ، ٢٠١١ :٧٣)

## ٣. مۆرفیمەکانی توخم :

مۆرفیمی توخم لە زاری ناوەڕاستدا تەنها لە حاڵەتی بانگکردندا دەردەکەوێت ، مۆرفیمی (ە) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ دەلکێت بە کۆتایی ناوی بانگکراوەوە ، وەك :

- (ە) بۆ نێر : باپیرە ، کوڕە ، مامە ، ... هتد .
- (ێ) بۆ مێ : کچێ ، پورێ ، خوشکێ ، ... هتد .

لە زاری ژورودا مۆرفیمەکانی توخم زۆر چالاکن و لە چەند بارێکدا دەردەکەون :

ا- دۆخی خستنەسەر :

- (ێ) بۆ نێر : هەڤالێ من .
- (ا) بۆ مێ : هەڤالا نەسرینێ .

ب- ئەگەر ناوەکە دۆخی پێدرا بو ، ئەوا مۆرفیمی (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ وەردەگرێت :

- ئازادی / نەسرینێ گول ئاڤدا . (دۆخی بکەری)
- دایکا ئازادی / نەسرینێ دهێت . (دۆخی دەرخەری)
- من دەفتەرەك ژ کوری/کچێ بر.(دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ) (فەرەیدون عەبدول و عادل ڕەشید، ٢٠٠٢: ٩٦-٩٩)

پ- لە باری بانگکردندا مۆرفیمی (ۆ) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ بەکاردێت ، وەك :

- بۆ نێر : گەلۆ ، کوڕۆ ، ... هتد .
- بۆ مێ : کچێ ، دایێ ، ... هتد . (جەمال نەبەز ، ١٩٧٦: ٢٧)

**٤. مۆرفیمەکانی کات :**

**له زاری ناوەڕاستدا تەنها مۆرفیمی کاتی ڕابردو و ڕانەبردو هەیەو کاتی ئێستا و داهاتو لەم زارەدا جیا ناکرێتەوە ، بەڵام له زاری ژورودا هەریەك له (ڕابردو ، ئێستا، داهاتو) به هۆی مۆرفیمی تایبەتەوە به ئاسانی لەیەکتر جیا دەکرێنەوە .**

**ا- مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردو**

**له زاری ناوەڕاستدا مۆرفیمەکانی کات بریتین له :**

- **ا : سوتا ، کولا ، برژا ، ... هتد .**
- **و : بو ، چو ، ... هتد .**
- **ی : نوسی ، پرسی ، ناسی ، ... هتد .**
- **ت : نوست ، فرۆشت ، ... هتد .**
- **د : برد ، خوارد ، ... هتد .**

**زاری ژوروش لەم ڕوەوە هاوشێوەی زاری ناوەڕاستە ، تەنها ئەوە نەبێت ، که لەم زاردا زۆرێك لەو چاوگانەی که به (دن) کۆتاییان دێت ، دەنگی /د/ دەفرتێت و مۆرفیمی کات دەبێتە سفر (Ø) ، وەك : (خارن ، برن ، کرن ، ...) ، بەڵام له هەندێ چاوگی تردا ئەمە ڕو نادات ، وەك (خاندن ، گەهاندن ، چاندن ، ستاندن ، ... هتد) دیسان (د) وەك مۆرفیمی کات ڕۆڵ دەبینێت ، کەواته له زاری ژورودا مۆرفیمەکانی کات شەشن[١] :**

- **ا : دا ، کیلا ، هژیا ، ... هتد .**
- **و : چو ، بو ، ... هتد .**
- **ی : نڤیسی ، کەنی ، ... هتد .**
- **ت : هات ، هنارت ، ... هتد .**
- **د : خاند ، گەهاند ، ستاند ، ... هتد .**
- **Ø : خار ، بر ، مر ، ... هتد .**

**ب- مۆرفیمەکانی کاتی ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو) :**

**کاتی ڕانەبردو له زاری ناوەڕاستدا هیچ مۆرفیمێکی نییه ، مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوی کارەکان به سفر (Ø) لەقەڵەم دەدرێت ، بەوێنه ئەگەر سەیری ئەم دو ڕستەیەی خوارەوە بکەین :**

**١. نامەم دەنوسی .**

**٢. نامه دەنوسم .**

**تاکه جیاوازی نێوان ئەم دو ڕستەیه ئەوەیه ، که کاتی کرداری ڕستەی (١) له ڕابردو دایەو ڕستەی (٢) له ڕانەبردودایه ، له ئەنجامی ڕوبەڕوکردنەوەی مۆرفۆلۆجیدا (Morphological Identification)**

---

**[١] عەبدولوەهاب خالید موسا (٢٠١٠: ٥٩ ،١٠٥)و عەبدولواحید موشیر(٢٠١١: ٧٥) مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردوی زاری ژورویان به پێنج مۆرفیم داناوه (ا ، و ، ی ، ت ، Ø) و باسی مۆرفیمی (د)یان نەکردووه .**

دەردەکەوێت ئەوەی کاتی ڕستەکانی لە ڕانەبردووەوە کرد بە ڕابردو دەرکەوتنی مۆرفیمی (ی)یە ، لەگەڵ ڕەگی کاردا . (وریا عومەر ئەمین ، ٢٠٠٩: ١٢٢-١٢٣) لەم سۆنگەیەوە ڕون بویەوە ، ئەگەر ڕەگی کار بە بێ مۆرفیمەکانی ڕابردو دەرکەوت ، ئەوا کاتی ڕانەبردو پیشان دەدات ، وەك : (دەخۆØم ، دەفرۆشØم ، دەهێنØم ، ... هتد) جگە لەوەش لە هەندێك باردا (ێ) وەك مۆرفیمی کاتی ڕانەبردو دەردەکەوێت ، لەو بارانەش :

١. کاری بکەر نادیار ، کە یاسای دروستبونی بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

{م. بەردەوامی (دە) + ڕەگی کار + م. نادیاری (ر) + م. کاتی ڕانەبردو (ێ)+ جێناو }

وەك : دە + خوێن + ر+ ێ + ێت = دەخوێنرێت .

٢. چاوگی دالی تێنەپەڕ بە مەرجێ دەنگی (ا)ی لە پێشەوە هاتبێ ، لە کاتی ڕانەبردودا دەنگی (ا) دەگۆڕێت بۆ (ێ) ، وەك : گوڵەکەم چاند - گوڵەکە دەچێنم .

لە زاری ژورودا مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا و داهاتو جیاوازن ، مۆرفیمی کاتی ئێستا بەهەمان شێوەی زاری ناوەڕاست دەرناکەوێت و دەبێتە سفر ، بەڵام بۆ کاتی داهاتو مۆرفیمی (ێ) دەچێتە سەر مۆرفیمی هەمیشەیی (د) و کارەکە دەباتە کاتی داهاتووەوە ، وەك :

ئەز دØچم . (ئێستا)　　　　ئەز دێچم . (داهاتو)

هەمان مۆرفیم (ێ) دەتوانێت ئێستا بکات بە ئێستای نزیك و داهاتوش بکات بە داهاتوی نزیك ، کاتێك دەچێتە سەر بکەری ڕستە ، وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت :

ئێستا : ئەز دچم .

ئێستای نزیك : ئەزێ دچم .

داهاتو : ئەز دێچم .

داهاتوی نزیك : ئەزێ دێچم . (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ، ٢٠١٤: ـــ)

### ٥. مۆرفیمی نەناسیاوی :

مۆرفیمی نەناسیاوی لە هەردو زاری ناوەڕاست و ژورودا ، بە جیاوازییەکی فۆنۆلۆژی کەمەوە دەبینرێت ، لە زاری ناوەڕاستدا (ێك ، ێ ، یەك) و لە زاری ژورودا (ەك، ێك) وەك مۆرفیمی نەناسیاوی بەکاردێن :

- کوڕێك / کوڕێ ، پەنجەیەك / بڕگەیەك　　(زاری ناوەڕاست)
- کوڕەك / پیاوەك ، برایێك　　(زاری ژورو)

### ٦. مۆرفیمەکانی نەرێ :

جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان هەردو زاردا نییە ، مۆرفیمەکانی نەرێ لە زاری ناوەڕاستدا (نە ، نا ، مە ، نی) و لە زاری ژورودا (نە ، نا ، نین) دەگرێتەوە ، کە هەریەکەیان بەپێی کات و جۆری کردارەکە بەکاردەهێنرێت :

ا- (نا) : لەگەڵ کاری ڕانەبردوی ڕێژەی هەواڵیدا لە هەردو زار بەکاردێت ، وەك :

- دەگرم / دگرم　　- ناگرم

ب- (نه) : کرداری ڕانەبردوی دانانی و هەمو جۆرەکانی ڕابردوی هەواڵی و دانانی لە هەردو زاردا بە مۆرفیمی (نە) دەکرێن بە نەرێ :

- ڕانەبردوی دانانی : ببم - نەبم ، بفرۆشم - نەفرۆشم
- ڕابردوی هەواڵی : بوم - نەبوم ، کەتم - نەکەتم
- ڕابردوی دانانی : کەوتبوم - نەکەوتبوم ، کەتبوباما - نەکەتبوباما ، ...

پ- (مە) : ئەم مۆرفیمە لە زاری ناوەڕاستدا بۆ نەرێ کردنی کرداری داخوازی بەکاردێت ، وەك : (بفرۆشە - مەفرۆشە ، بنوسە - مەنوسە) ، لە زۆربەی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا (نە) وەك (مە) بۆ نەرێ کردنی کاری داخوازی بەکاردەهێنرێ ، بە زاری ژوروشەوە . (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ٢٠١٤: ٣١٠-٣١٢)

ت- (نی ، نین) : هەریەك لەم دو مۆرفیمە تەنها دەچنە سەر کاری (هە-بون) بۆ کاتی ڕانەبردوی ئێستا و دەیکەن بە نەرێ ، وەك :

- زاری ژورو : توی - تو نینی / تە هەیە - تە نینە .
- زاری ناوەڕاست : تۆی - تۆ نیت / تۆ هەیت - تۆ نیت . (عەبدولوەهاب خالید ، ٢٠١٠ : ١٠٦-١٠٩)

### ٧. مۆرفیمەکانی بەراورد و باڵا :

هەردو مۆرفیمی (تر ، ترین) لە تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناون ، هەردو زاری ناوەڕاست و ژورو بەبێ جیاوازی مۆرفیمی (تر) بۆ پلەی بەراورد و مۆرفیمی (ترین) بۆ پلەی باڵا بەکاردەهێنن ، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ٢٠١٤: ١٧٠-١٨٨) (محەمەد تاهر گوهەرزی ، ١٩٩٩: ٦٩-٧٠) ، بەڵام لای ئاخێوەرانی زاری ژورو بۆ (پلەی باڵا) زیاتر دەستەواژەی (ژ هەمییا ـــــ تر ) بەکاردێت ، وەك :

- بڵند - بڵندتر ، بڵندترین / ژ هەمییا بلندتر .
- باڵا - باڵاتر ، باڵاترین .

### ٣- ١-٢- ٣- جیاوازی لە ئاستی ڕستەسازیدا

هەردو زاری ناوەڕاست و ژورو لە زۆر لایەنی سەرەکی ڕستەسازیدا لەیەك دەچن یاخود هاوبەشن ، وەك : ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە ( S.O.V ) ، ستراکچەر {ف.ن + ف.ك} ، ... هتد . بە شێوەیەکی گشتی جیاوازی دیاری نێوان هەردو زار لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێت :

ا. ئەرك و شوێنی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان .
ب. جێناوە لکاوەکان (ڕێککەوتن) .
پ. پێکهاتی کاری ڕستەی بکەر نادیار .
ت. دۆخی ڕێزمانی .
ح. ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی .

هەمو ئەو جیاوازییانە جگە لە خاڵی(پ) بەهۆی ژمارەو جۆراوجۆری جێناوەکان و چۆنێتی سیستەمی کارکردنیانەوە سەرچاوەی گرتووە .

لە زاری ناوەڕاستدا یەك دەستە جێناوی سەربەخۆ هەیە ، کە هەمو ئەرکەکانی ناو دەبینێت ، بەلاّم لە ئەرکی (بکەری)دا[1] دەکرێت دەرنەکەون و تەنها ئەو جێناوە لکاوانە بەکاربهێنرێت ، کە ڕۆڵی ڕێککەوتنیان لەگەڵیاندا هەیە (فەرەیدون عەبدول محەمەد، ٢٠١٢ :٥٩) ، چونکە زاری ناوەڕاست زارێکی بکەر خراوە ، بۆیە دەتوانین بکەر بە فۆنەتیکی دەرنەبڕین . (عەبدولجەبار مستەفا ، ٢٠٠٥: ٥) سێ دەستە جێناوی لکاویش(جگە لە جێناوەکانی کاری داخوازی) بە پێی کات(ڕابردو ، ڕانەبردو) و جۆری کردار (تێپەڕ ، تێنەپەڕ) لەم زارەدا دەردەکەون ، بەلاّم لە زاری ژورودا دو دەستە جێناوی سەربەخۆ و یەك دەستە جێناوی لکاو هەیە ، کە بەپێی ئەرکیان لە ڕستە و جۆرو کاتی کارەکە بەکار دەهێنرێن . کاتێك دەستەی (ئەز - ئەم) ببێت بە بکەر یان بەرکار ئەوا بەپێی کەس و ژمارەی خۆی جێناوێکی ڕێککەوتن بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت ، بەلاّم دەستەی (من - مە) هەرگیز جێناو نابەخشێت (وریا عومەر ئەمین ، ٢٠٠٩، ٦٦) .

**دەستە جێناوەکانی زاری ژورو**

| | جێناوە سەربەخۆکان | | | | جێناوە لکاوەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەس | تاك | کۆ | تاك | کۆ | تاك | کۆ |
| ١ | ئەز | ئەم | من | مە | م | ین |
| ٢ | تو | هوین/هون | تە | وە | ی | ن |
| ٣ | ئەو | ئەو(ان) | وی/وێ | وان | Ø/ە/ت/ەت | ن[2] |

دەکرێت ئەرکەکانی دەستەی (من-مە) و (ئەز- ئەم) لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ڕون بکەینەوە (فەرەیدون عەبدول ، ٢٠١٤: ــــ) :

١. ئەگەر کارەکە ڕابردوی تێپەڕ بو ، ئەوا بکەر لە دەستەی (من - مە) و بەرکاریش لە دەستەی (ئەز - ئەم) دەبێت ، وەك :

- من ئەو دیتØ .
- مە هوین دیتن .

٢. ئەگەر کارەکە ڕانەبردوی تێپەڕ بو ، ئەوا بکەر لە دەستەی (ئەز - ئەم) و بەرکاریش لە دەستەی (من - مە) دەبێت ، وەك :

- ئەز وی دبینم .
- ئەم وە دبینین .

[1] هەروەها دەکرێت بەرکاریش بە تواوەیی لە بۆتەی فرێزی کاریدا جێگیر بکرێت ، وەك (بردمی) .

[2] ئەم خشتەیە لە (فەرەیدون عەبدول محەمەد، ٢٠١٤ ، ــــ) وەرگیراوە .

٣. دەستەی (من - مە) دەبێتە بکەری کاری هەبون (خاوەنداریێتی - تملك) چ ڕابردو بێت یان ڕانەبردو ، بەڵام دەستەی (ئەز - ئەم) دەبێتە بکەری کاری بونی (بونایەتی ، هەیی ، گۆڕان) چ ڕابردو بێت یان ڕانەبردو ، وەك :

- کاری هەبون (تملك) :

- من خانی هەبو . (ڕابردو)

- مە خانی هەیە . (ئێستا)

- وە خانی دێ هەبت . (داهاتو)

- کاری بونی (بونایەتی ، هەیی ، گۆڕان)

- ئەز خویندکارم / خویندکار بوم . (بونی بونایەتی)

- ئەز هەم ، ئەم هەین . (بونی هەیی)

- ئەز بومە/ دبمە/ دێبمە سەیدا . (بونی گۆڕان )

٤. دەستەی (من - مە) دەبێتە بکەری کاری (ڤیان) ، بەڵام دەستەی (ئەز - ئەم) دەبێتە بەرکاری کاری (ڤیان) چ کاتی ڕابردو بێت یان ڕانەبردو ، وەك :

- مە هوین ڤیان . (ڕێککەوتنی بەرکار - کردار)

- من ئەو دڤێت . (ڕێککەوتنی بەرکار - کردار)

٥. دەستەی (من - مە) دەبێتە کەرەستەی دوای دەرخەر و کەرەستەی دوای پریپۆزشن ، وەك :

- ئەز بابێ تە دبینم . (دەرخەر)

- وی نامە ژ من سەند . (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

دەستەی (ئەز - ئەم) دەبێتە بکەر لەگەڵ کاری تێنەپەڕی (ڕابردو و ڕانەبردو) ، هەروەها دەبێتە جێگری بکەر لەگەڵ کاری ڕابردو و ڕانەبردوی بکەرنادیار ، وەك :

- ئەز هاتم . (ڕابردوی تێنەپەڕ)

- ئەم دنڤین . (ڕانەبردوی تێنەپەڕ)

هەردو دەستەی (ئەز - ئەم ) و (من - مە) ناتوانن لە ڕستەدا شوێنی یەکتر بگرنەوە ، هەریەکەیان ئەرك و تایبەتمەندی خۆی هەیە .

جێی باسە دەستە جێناوی (م - مان)ی زاری ناوەڕاست هەمان ئەرکی ڕێزمانی دەستەی (من - مە)ی زاری ژورو دەبینێت ، بە واتایەکی تر لە هەر ئەرکێکدا یەکێك لە جێناوەکانی دەستەی (من - مە) لە زاری ژورودا دەربکەوێت ، ئەوا لە زاری ناوەڕاستدا هەمان کەس و ژمارەی جێناوێکی لکاوی دەستەی (م - مان)ی لەبەرامبەردا بەکاردێت ، (فەرەیدون عەبدول محەمەد، ٢٠١٢: ٦) لەخوارەوە هاوئەرکی ئەم دو دەستە جێناوە بەنمونەوە ڕون دەکەینەوە :

١. هەردو دەستەکە دەبنە بکەر ، بەمەرجێ کاری ڕستەکە ڕابردوی تێپەڕ بێت :

- نەوزادمان گرت . مە نەوزاد گرت .

٢. هەردو دەستەکە دەبنە بەرکار بەمەرجێ کارەکە ڕانەبردو بێت و دەستەی (م - مان) لەباری مۆرفۆسینتاکسدا بێت ، وەك :

| | |
|---|---|
| - دەمگرێت . | ئەو من دگرە . |
| - دەتانگرێت . | ئەو وە دگرە . |

٣. هەردو دەستەکە لەگەڵ کاری هەبونی (خاوەنێتی / تملك) و کاری (ویستن - ڤیان) دا دەبن بە بکەر ، چ کاتی ڕابردو بێت یان ڕانەبردو ، وەك :

| | |
|---|---|
| - پەرتوکم هەبو . | من پەرتوك هەبو . |
| - پەرتوکت هەیە . | تە پەرتوك هەیە . |
| - پەرتوکیان دەبێت . | وان پەرتوك دێ هەبت . |
| - پەرتوکم ویست . | من پەرتوك ڤیا . |
| - پەرتوکم دەوێت . | من پەرتوك دڤێت / دیڤێت . |

٤. هەردو دەستەکە وەك کەرەستەی دوای پریپۆزشن دەردەکەون وەك :

| | |
|---|---|
| - نامەم بۆت نارد . | من نامە بۆ تە هنارت . |

٥. هەردو دەستەکە ئەرکی دەرخەر دەبینن ، گەر فرێزەکە بە جێناوە کەسییەکان دەرخرابێت ، وەك :

| | |
|---|---|
| - کوڕم . | کوڕێ من . |
| - کچم . | کچا من . |
| - باوکت | بابێ تە . (فەرەیدون عەبدول محەمەد ، ٢٠١٢: ٦٠-٦٣) |

لە زاری ناوەڕاستدا شوێنی جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم و سێیەم بێ کێشەن و هەمیشە دەکەونە کۆتایی کارەوە ، دەستەی دووەم لەگەڵ کاری ڕابردوی تێنەپەڕ و دەستەی سێیەم لەگەڵ کاری ڕانەبردوی تێپەڕ و تێنەپەڕدا دێت و ڕۆڵی بکەری ڕستەکە دەبینن . ( Waria Omar Amin , 2011 , 64) بەڵام جێناوە لکاوەکانی دەستەی (م - مان) لە ئەرکی بکەریدا لەگەڵ کاری ڕابردوی تێپەڕو چەند کارێکی ڕابردوی تێنەپەڕدا دێن ، لە ڕستە تێپەڕەکاندا دەچنە سەر بەرکارو لە ڕستە تێنەپەڕەکانیشدا هەمیشە دەلکێن بە کۆتایی کارەوە ، (ئومێد بەرزان ، ٢٠١١: ١٢١-١٢٢) وەك :

- من منداڵەکەم بینی . (تێپەڕ)
- منداڵەکە ڤیژاندی .  (تێنەپەڕ)

دەستە جێناوی (م - مان) بەوە ناسراوە ، کە لە ڕستەدا جێگۆڕکێیەکی زۆر دەکات ، بەتایبەتی لە ڕۆڵی بکەریدا ، بەم کارەش جێ بە پاشگری خۆیەتی لەق دەکات و ناچاری دەکات لە دەرخراوەکەی دورکەوێتەوە و بلکێت بە کرداری ڕستەکەوە ، ئەم جێگۆڕکێیانەش بە تایبەتمەندییەکی زاری ناوەڕاست (شێوەزاری سلێمانی بە تایبەتی) دادەنرێت ، کە لەهەمو زارەکانی تری زمانی کوردی جیای دەکاتەوە (محەمەد مەعروف ، ٢٠١٠: ٣٦) ، وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

- دەستت شکاندم .

- ماڵتان وێران کردم .

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەم جێگۆڕکێیەی دەستەی (م - مان) ، ڕستەیەکی تەواو دەهێنینەوە ، کە هەمو کەرەستە بە خورتی و لاوەکییەکانی وەك (بکەر ، بەرکار ، تەواوکەر ، کردار)ی تێدابێت :

١. ئەگەر بەرکار لە ڕستەکەدا هەبو ئەوا جێناوەکان دەلکێن بە بەرکارەکەوە :

- ئەوان نامەیەکیان بۆ ئازاد نارد .

٢. ئەگەر بەرکار لابرا جێناوەکان دەلکێن بە تەواوکەری بەیاریدەوە :

- ئەوان بۆ ئازادیان نارد .

٣. ئەگەر تەواوکەری بەیاریدەش لە ڕستەکە لابرا ، جێناوە لکاوەکان دەچنە دوای پریپۆزشنەوە :

- ئەوان بۆیان نارد .

٤. ئەگەر پریپۆزشنیش لە ڕستەکەدا لابرا ، ئەوا جێناوەکان دەچنە سەر کۆتایی کارەکە :

- ئەوان ناردیان .

5. گەر کارەکە داڕێژراو یان لێکدراو (ناسادە) بو ، ئەوا جێناوەکان دەچنە سەر بەشی یەکەمی کارەکە :

- ئەوان هەڵیان گرت .

- ئەوان تەواویان کرد . ( Waria Omar Amin , 2011 , 66-68 )

**- دۆخی ڕێزمانی :**

ئەم حاڵەتە تەنها لە زاری ژورودا بەهۆی مۆرفیمەکانی (نێر و مێ و کۆ) لە چەند بارێکدا دەردەکەوێت . ئەو ئەرکە ڕێزمانییانەی کە دۆخی تێدا دەردەکەوێت ، هەمان ئەو ئەرکانەیە کە دەستەی (من - مە)ی تێدا بەکاردێت ، نیشانەکانی دۆخیش بۆ تاکی نێر (ی) و بۆ تاکی مێ (ێ) ، بۆ کۆی نێر و مێ (ان) وەردەگرێت . (فەرەیدون عەبدول و عادل ڕەشید ، ٢٠٠٢ :٩٧-١٠٢)

- جێناوی سەربەخۆ : من/ مە/ تە/وە /وی/وێ/ وان گول ئاڤدا .

- ناو : کوڕی/کچێ/کوڕان/کچان گول ئاڤدا .

- مۆرفیمی نیشانە : ئەز ڤی/ڤێ/وی/وێ/ڤان/وان دبینم .

**- مۆرفۆسینتاکس :**

مۆرفۆسینتاکس لە زاری ژورودا بونی نییە ، چونکە دەستەی (من-مە) هەمیشە دۆخی ڕێزمانی وەرگرتووەو جێناوی لکاویش نابەخشێت ، (بەڵام مۆدێلی ڕێزمانی زاری ناوەڕاست پێڕەوی مۆرفۆسینتاکسی کرداری ئاڵۆزی هەیە) (محەمەدی مەحوی ، ٢٠٠٨ : ١١١) ، واتە دەکرێت هەریەك لە (بکەر ، بەرکار ، دەرخەر ، تەواوکەری بەیاریدە) بکرێن بە جێناوی لکاو و بلکێنرێن بە کردارەوە و ڕستەی مۆرفۆسینتاکس دروست بکرێت ، وەك :

- بکەر - من هاتم ⟵ هاتم .

- بکەر و بەرکار - من سێوەکە دەخۆم ⟵ دەیخۆم .

- دەرخەر - کتێبەکەی من ⟵ کتێبەکەم ، کتێبەکەی منی برد ⟵ کتێبەکەی بردم .

- تەواوکەری بەیاریدە - کتێبەکەی بۆ من هێنا ⟵ کتێبەکەی بۆ هێنام .

- **پێکهاتی کاری بکەرنادیار :**

کاری بکەرنادیار لە هەردو زاردا بە شێوازی جیاواز ڕۆدەنرێت ، لە زاری ناوەڕاستدا بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوەیە :

- کاری ڕابردو

{ڕەگی کار + م. نادیاری (ر) + م. کات (ا) + ج. دەستەی (م - ین)}

وەك : خوران ، هێنرام ، فرۆشرا ، ...

- کاری ڕانەبردو

{م. بەردەوامی (دە) + ڕەگی کار + م. نادیاری(ر) + م. کات(ێ) + ج. دەستەی (م - ین) }

وەك : دەخورێت ، دەهێنرێت ، دەفرۆشرێت ، ...

زاری ژورو بە تەواوی لە زاری ناوەڕاست جیاوازە :

- کاری ڕابردو

{قەدی (هاتن) + ج. ڕێککەوتن + م. پەیوەندی (ە) + چاوگی کار}

وەك : هاتیە خارن ، هاتنە فرۆتن ، ...

- کاری ڕانەبردو

{م. بەردەوامی (د) + م. کات ($\varnothing$ - بۆ ئێستا / ێ- بۆ داهاتو) + ڕەگی هاتن (هێ) + ج. ڕێککەوتن + م. پەیوەندی (ە) + چاوگی کار}

وەك : دهێتە خارن ، دهێنە فرۆتن ، ... . (وریا عومەر ئەمین ، ٢٠٠٩ : ١٧٣-١٧٥)

## ٣- ١-٢- ٤- جیاوازی لێکسیکی (فەرهەنگی)

هەریەك لە زارەکانی زمان چەندین وشەی جیاواز و جۆراوجۆر بۆ گوزارشتکردن لە دیاردە فیزیکی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەر بەکاردێنن ، بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر هاوواتا لە زماندا پەیدادەبێت . هەندێك جار هەمان فۆرم بە واتای جیاواز لە زارەکاندا بەکاردێت ، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی هەردو دیاردەی فرەواتایی و هاوبێژی لە زماندا . ئەم دو جۆرە جیاوازییە لە زارەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێن . (محەمەد مەعروف ، ٢٠١١: ١١٤)

**ا. بەکارهێنانی دو فۆرم بۆ یەك واتا (هاوواتا) :**

ئەگەر دو وشە یان زیاتر لە زمانێکدا توانای ئەوەیان هەبو جێگەی یەکتربگرنەوە بەبێ ئەوەی واتای دەربڕین و ڕستەکە تێکبچێت ، ئەوا بە هاوواتای تەواو هەژماردەکرێن . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٠: ٤٦) لە زمانەوانی نوێدا یەکێك لە مەرجەکانی بونی وشەی هاوواتا ئەوەیە ، کە وشە هاوواتاکان لە ژینگەیەکی زمانیدا سەریان هەڵدابێت واتە دەبێت وشە هاوواتاکان بگەڕێنەوە بۆ زارێك یان چەند شێوەزارێکی یەکگرتو ، (تالیب حوسێن عەلی ، ٢٠١٤: ٤٥) بەپێی ئەم مەرجە وشە هاوواتاکانی زمانی کوردی زۆر کەم دەبنەوە ، بەڵام ئەم بۆچونە ئەگەر ڕاستیش بێت بۆ زمانی کوردی دەست نادات ، چونکە زمانی کوردی تائێستا خاوەنی زمانێکی

**یەکگرتو و فەرهەنگێکی نەتەوەیی نییە ، بۆیە هەرکات باس لە کێشەکانی زاراوەسازی کوردی بکرێت ، ئاماژە بە کێشەی فرەزاریش دەکرێت .** (بڕوانە : ڕۆژان نوری عەبدوڵا ، ٢٠١٣: ٢٣١-٢٣٢) (محەمەد وەسمان ، ٢٠١٢: ٢٥٢-٢٥٣) (شەهاب شێخ تەیب ، ٢٠١٢: ١٨٦-١٨٨) **هاوواتایی تەواو لە زمانی کوردیدا بەپلەی یەکەم و بە شێوەیەکی سەرەکی لە زارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت ، واتە جیاوازی نێوان زارەکان لە ناونانی دیاردە و شتەکانی دەوروبەردا لەلایەك و هەمەجۆری ناوەکان و بەکارهێنانیان لە زمانی ئەدەبی هاوبەشدا لەلایەکی ترەوە هۆکاری پەیدابونی هاوواتایین .** (تالیب حوسێن عەلی ، ٢٠١٤: ٦٣)

**بەهۆی زاری ناوەڕاست و ژوروەوە چەندین وشەی هاوواتای تەواو لە زمانی کوردیدا سەریهەڵداوە ، لەوانە :**

| ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|
| مەت | پور |
| زارۆك | منداڵ |
| پسمام - دۆتمام | ئامۆزا |
| پاقژ | پاکژ - خاوێن |
| کەرەمکە | فەرمو |
| جڤاك | کۆمەڵ |
| پەیڤ | وشە |
| بەرسڤ | وەڵام |
| سەیدا | مامۆستا |
| چێل | مانگا |
| کەسك | سەوز |

**ب. هەمان فۆرم بە واتای جیاواز (هاوبێژی ، فرەواتایی) :**

**زۆربەی وشەکانی زمان لە بەکارهێناندا زیاتر لەیەك واتا دەبەخشن ، ئەو وشانەی کە تاکە واتایەك دەبەخشن زۆر دەگمەنن ،** (کلود جرمان و ریمون لوبلون ، ١٩٩٧ :٤٦) **بە وێنە وشەی (العین) لە زمانی عەرەبیدا وشەیەکی هاوبێژو فرەواتایەو نزیکەی(٢٣) واتای جیاواز دەگەیەنێت .** (هادی نهر ، ٢٠٠٧: ٥٠٨-٥٠٩) **گەشەی زمان پێویستە هاوتەریب بێت لەگەڵ گەشەی ژیان و بیری کۆمەڵدا ، بۆیە گەشە و گۆڕانی ژیانی مرۆڤایەتی لەلایەك و کەمی فۆرم و وشەکان لەلایەکی ترەوە ، ناچارمان دەکەن لە ڕێگەی گواستنەوە و فراوانکردنەوەی وشە کۆنەکان بۆ واتای نوێ بەکاربهێنین ،** (ستتکیفتش ، ٢٠١٢: ١٢٦-١٢٧) **ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی فرەواتایی و هاوبێژی لە زماندا .**

**لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك وشە هەن بەپێی زارەکان واتایان دەگۆڕێت ، بەڵام هەمان فۆرمیان هەیە و زیاتر دەچنە ناو خانەی هاوبێژییەوە ، وەك :**

| هاوبێژ | ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|---|
| دین | شێت | ئاین |

| | | |
|---|---|---|
| ئاخ[1] | خاك | وتەیەکە بۆ دەربڕینی خەم و پەژارە |
| دەم | كات | دەمی مرۆڤ |
| كۆن | چادر | دێرین (عەبدولواحید موشیر ، ٢٠١١: ٨٠) |
| زیخ | ئازا/زیرەك | حصو- ی عەرەبی (عزەدین مستەفا ، ٢٠٠٥: ١٥٢) |
| زۆر | گەورە/مەزن | گەلێك ، فرە (هەمان سەرچاوە و لاپەڕە) |
| تیپ | پیت | تیپی وەرزشی ، تێپ |
| جێ | جۆ | شوێن ، جێگە |
| ئەم | ئێمە | مۆرفیمی نیشانەیە بۆ تاکی نزیك |
| شان | مل | شان |

هەروەها هەندێك وشەی تر هەن دەچنە ناو خانەی فرەواتاییەوە ، وەك :

| فرەواتا | ز. ژورو | ز. ناوەڕاست |
|---|---|---|
| خزم | خزمی ژن | خزمی ژن و پیاو |
| لاو(جوان) | بۆکوڕ و شت | گەنج |
| تازە | جوان | نوێ (عەبدولواحید موشیر ، ٢٠١١: ٨٠) |

سنوری هاوبێژی تەنها وشەی فەرهەنگی ناگرێتەوە ، بەڵکو وشەی ئەرکی و هەمو مۆرفیمە (ڕێزمانی و وشەدارێژ)ەکانی ناو ڕستەش دەگرێتەوە ، (ف. ر. بالمر ، ١٩٩٥: ١١٠) بە وێنە مۆرفیمی ڕێزمانی (ێ) لە زاری ژورودا چەندین ئەرك و واتای جیاواز دەگەیەنێت :

- دەبێتە مۆرفیمی خستنەسەر بۆ تاکی نێر : کوڕێ ئازادی
- دەبێتە مۆرفیمی دۆخ بۆ تاکی مێ : کوڕێ نەسرینێ
- دەبێتە مۆرفیمی بانگکردن بۆ تاکی مێ : کچێ ، دایێ ، ...

هەمان مۆرفیم (ێ) لە زاری ناوەڕاستدا کۆمەڵێك ئەرکی ڕێزمانی تر وەردەگرێت ، لەوانە :

- لە بری مۆرفیمی نەناسیاوی بەکاردێت ، وەك : کوڕێ هات ، کچێ ڕۆیشت ، ...
- دەبێتە جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك ، وەك : دەنوسێ ، دەخوێنێ ، ....
- دەبێتە مۆرفیمی کاتی ڕانەبردو لە بکەرنادیاردا ، وەك : دەخورێ ، دەهێنرێ ، ...
- دەبێتە مۆرفیمی بانگکردن بۆ تاکی مێ ، وەك : کچێ ، خوشکێ ، پورێ ، ... (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید ، ٢٠٠٦: ٦٩) .

هەندێك جار گۆڕانی واتا یان فراوانبونی واتا لە نێون زارەکاندا دەبینرێت . خواستنی وشەی بێگانە زۆرجار بۆ مەبەستی جیا جگە لە واتای بنەڕەتی وشەکەش بەکاردێت و واتاکەی فراوان دەبێت ، وەك وشەی

[1] د. هۆگر مەحمود پێی وایە وشەی (ئاخ) ڕەسەنترە ، نەك خاك ، بە بەڵگەی ئەوەی وشەی (بناغە)ش هەر لە (بن + ئاخ)ەوە پێکهاتووە . (هۆگر مەحمود ، ٢٠١٢: ١٣٢) لەڕاستیدا تاکە بەڵگەیەك ناتوانێ بنەڕەت و مێژوی وشەیەك ساغ بکاتەوە .

(فەقیر) کە بە واتای هەژار و دەستکورت دێت ، بەڵام لە زاری ناوەڕاستدا واتەکەی فراوان بووە و بە واتای (هێمن و ژیر و لەسەرخۆ)یش بەکاردێت ، وەك :

- منداڵێکی فەقیرە . (واتە ژیر و هێمنە) . (دارا حەمید محەمەد ، ٢٠١٠: ٣٦)

هەروەها وشەی (بازاڕ) لە زاری ژورودا هەندێك گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەردا هاتووەو بووە بە (باژێڕ)، بەڵام لە ڕوی واتاوە جیاوازییەکی تەواو لە نێوان ئەو دو فۆرمەدا هەیە ، چونکە لە زاری ژورودا (باژێڕ) بە واتای (شار) دێت (ئەورەحمانی حاجی مارف ، ٢٠٠٠ : ٧) (جەمال نەبەز ، ١٩٧٦: ٦٢) . دەکرێت هەندێك وشە چ بێگانە بێت یان خۆماڵی لە زارێکدا هێزی واتایی زیاتر بێت وەك لە زارێکی تر ، بەوێنە وشەی (عەیبە) لە زاری ژورودا کاریگەرییەکی زۆری هەیە ، بەڵام لە زاری ناوەڕستدا ئەو کاریگەرییەی نییە. (ئازاد ئەمین باخەوان ، ٢٠١٢: ١٨٥)

### ٣- ١-٣- ئاستی جیاوازییە زمانییەکانی نێوان هەردو زار و هۆکارەکانی

جیاوازی نێوان زارەکانی هەر زمانێك بە پلەی یەکەم لە ئاستی دەنگدا دەردەکەوێت ، دواتر ئاستی واتا دەگرێتەوە ، بەڵام ئاستی ڕێزمان (وشەسازی بێت یان ڕستەسازی) گۆڕانێکی زۆری تێدا ڕو نادات . (علی عبدالواحد وافي ، ٢٠٠٧: ١٩٦)

ئەگەرچی زارەکانی زمانی کوردی لە ڕوی ڕێزمان و پێکهاتەی زمانییەوە زۆر لێك دور نەکەوتونەتەوە ، بەڵام دوژمنانی کوردو کوردستان هەر لە کۆنەوە باسی خاڵە لاوازەکانی زمانی کوردییان کردووەو تا بۆیان لواوە کێشەی زارە کوردییەکانیان گەورە پیشانداوەو جیاوازییەکانی نێوانیان زەقکردۆتەوە ، بە گشتی هەوڵیان داوە گومان بخەنە سەر ڕاستییەکان ، بەڵام بەهۆی ئەوەی نوسین و توێژینەوەکانیان لە سەر بنەمایەکی نازانستی و هەندێك جاریش ڕەگەزپەرەستی بو ، بۆیە زۆری نەبرد پێچەوانەکانیان سەلمێنران . "مێجەر نۆئێل" لەو بارەیەوە دەڵێت : ((ڕاستە لە باشوری خۆرهەڵاتی کوردستانەوە (بابانی) تا دیالێکتێکی کرمانجی **کەمێك** جیاوازی هەیە ، وەلی ئەوە ڕاست نییە کە ئەو جیاوازییە کەمە بە جیاوازییەکی تانوپۆ دابنرێت و بە جیاوازییەکی گیانی لەقەڵەم بدرێت ... ئەو جیاوازییانەش کە هەیە لە گۆڕینی دەنگی پیتە نەرمەکانەوە پەیدا بووە ، ئەمە لە زمانی تریشدا هەیە .... بۆیە هەر کەسێك دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی ناوچەیەکی کوردستان بە چاکی فێر ببێت ، دەتوانێت زوبەزو بە ئاسانی لە دیالێکتەکانی تری بگات ...)) (فوئاد حەمەخورشید ، ١٩٨٥: ٣٦-٣٧) ، هەروەها ( Soane, Edmonds, Minorsky ) یش پێیان وایە جیاوازییەکی کەم لە نێوان زارە ناوچەییەکانی کوردستاندا هەیە و لە هەمان کاتدا سیماو ئەدگارەکانی زمانی کوردی بە هەمویانەوە دیارەو سەرجەمیانی گرتۆتەوە . (هەمان سەرچاوە : ٣٧)

ئەگەر لە ڕوی هەردو ئاستی دەنگ و واتاوە بڕوانینە هەردو زار ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جیاوازییەکان ڕوکەشین و بنەڕەتی نیین . هەروەها ئەگەر لە ڕوی پێکهاتی ڕێزمانیشەوە لێی بڕوانین ، دیارە بونیادی وشەسازی و ڕستەسازی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە ، کە ببێتە بەربەست لە نێوان تێکەڵاوی هەردو زار یان لێکترازانی شیرازەی زمانی کوردی . (ئازاد ئەمین باخەوان ، ٢٠١٢: ١٨٥) کەواتە

جیاوازییەکە لە بناغە و ناخی وشە و ڕستەکاندا نییە ، بەڵکو لە فۆرمەکەدایە ، ڕۆنان و دروستکردنی ڕستە وەك یەکن ، بۆ نمونە (مردن) لە هەمو زارەکاندا کارێکی تێنەپەڕە .

سروشتی جوگرافی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ هۆکارێکی کاریگەری ئافراندنی جیاوازی زمانی نێوان هەردو زارە بە هەمو ئاستەکانییەوە ، چونکە ئەم هۆکارە دەبێتە هۆی کاڵبونەوەی کۆدە گشتییەکانی زمان و لاوازی بەکارهێنانیان ، لە هەندێك باردا کۆدی نوێ جێگەیان دەگرێتەوە ، لە ئەنجامیشدا کۆدەکان دەگۆڕێن و کۆدی تایبەتی پەیدا دەبێت ، (ئاڤێستا کەمال مەحمود ، ٢٠١٣: ١٥) ئەمەش جیاوازی لە ئاستی واتادا دێنێتە ئاراوە ، هاوکات جیاوازی فەرهەنگیش زیاتر دەکات .

هۆکاری جیاوازییە دەنگییەکانیش زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کارکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن و چۆنێتی گۆکردنی دەنگەکان لە لایەك و ، کاریگەربونی زارەکان بە زمانە هاوسنورو باڵادەستەکانی دەوروبەر لە لایەکی ترەوە . لەو سۆنگەیەوە دەبینین زاری ژورو زیاتر کاریگەری زمانی عەربی کەوتۆتە سەر ، بۆیە دەنگەکانی (ط ، ظ ، ص) لەو زارەدا زیاتر بەکاردێن بە بەراورد لەگەڵ زاری ناوەڕاستدا . لەگەڵ ئەوەشدا هەردو زار سیستەم و تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە قرتاندن و گۆڕینی دەنگەکاندا بەوێنە گۆڕینی دەنگی /و/ بە /ڤ/ ، و قرتاندنی دەنگی /د/ ی زۆرێك لە چاوگە دالییەکان تایبەتمەندی و ئارەزویەکی زاری ژوروە و لە زاری ناوەڕاستدا نییە .

پێویستە ئەوەش بڵێین کە ڕێژەی خێرایی گۆڕانەکان لە هەر دەڤەرێکدا بەپێی کارتێکەرەکانی جیاوازە لە دەڤەرێکی تر ، بەو پێودەنگە دەکرێت بڵێین زاری ژورو زیاتر پاراوی خۆی پاراستووەو کەمتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، بە بەڵگەی ئەوەی تا ئێستا دو دەستە جێناوی سەربەخۆ و مۆرفیمەکانی توخم و دۆخ لە ڕێزمانی زاری ژورودا بە چالاکی بەکاردێن ، بەڵام لە زاری ناوەڕاستدا ئەو حاڵەتانە زۆر کەمن یان هەر نین .

پێکهاتی کۆمەڵایەتی هەردو زاری ناوەڕست و ژورو لێك جیاوازن ، واتە هەریەکەیان لە چەندین هۆز و خێڵی جیاواز پێکهاتون ، شێوە ئاخاوتنی هۆزو خێڵەکانیش تا ڕادەیەك لەیەکتر جیاوازن ، بێگومان (جیاوازی ڕەگەز و بنچینەش لەهەر ناوچەیەکدا جیاوازی دەخاتە نێوان ئاخاوتنی دانیشتوانەوە) . (علي عبدالواحد وافي ، ٢٠٠٠ : ١٠٦) . وێرای ئەوانەش دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی هۆکاری سەرەکی جیاوازییە زمانییەکانی هەردو زار بۆ گۆڕان و گەشەی زمان بگەڕێنینەوە .

## ٣ - ٢ - تەوەری دووەم : سیاسەت و پلانی زمان وەك چارەسەری سەرەکی ململانێی هەردو زار لە هەرێمی کوردستان

### ٣- ٢- ١- چەمك و پێناسەی سیاسەتی زمان و پلانی زمان

بەشێوەیەکی گشتی پلاندانان پەیوەندییەکی پتەوی بە هەمو کارو چالاکییەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە ، بە هەمو ئاست و کێشە و لایەنە جیاوازەکانەوە ، کار و چالاکی سەرکەوتو لەوەدا دەردەکەوێت کە لەسەر بنەمای پلانێکی ڕێکخراوی بە ئامانج دامەزرابێت . (شلوف حسین ، ٢٠١٢: ٤٥)

بەو پێیە پلانی زمان دۆزینەوە و دانانی ڕێبازی کارکردنە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە کۆششی بۆ دەکرێت . (سوهیلة دریوش ، ٢٠١٢: ١٠١) هەروەها لەو کێشە و گرفتانە دەکۆڵێتەوە کە ڕوبەڕوی زمان دەبنەوە ، لە گرنگترین ئامانجەکانی پلانی زمان لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا دەرخستنی ڕۆڵی زمانە لە بنیاتنانی وڵاتدا دوای ڕزگاربون لە دەسەڵاتی داگیرکەران ، هەروەها نەهێشتن و سڕینەوەی هەمو جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵ ، بەتایبەتی لە ئاستی زماندا . (رادیة مرجان ، ٢٠١٢: ١٤٢)

زەقترینی ئەو دیاردانەی کە لە ئەنجامی توێژینەوە زمانەوانییەکانەوە دەرکەوتووە هەمەجۆری زمانییە ، واتە جیاوازی زمانی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر . ئەگەر دەسەڵات سیاسەتی پلاندانان و توانای بڕیاردانی نەبێت ، ئەوا لە کۆمەڵی فرەزمان و فرەزاردا وڵات دەکەوێتە مەترسییەوە و ئەگەری دروستبونی جەنگ و لێکترازانی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات ، چونکە پێگە و پایەی زمانەکان تێکەڵ دەبن و زمانی دایك بەشێوازی جیاواز لەلایەن تاکەکانەوە دەنرخێنرێت . ئەم ململانێیانەش بە درێژایی مێژو هەبووە و تائێستاش بەردەوامە . (ملیکة بوخاری ، ٢٠١٢: ٢٢٢)

زمانەوانی ئەمریکی ئینار هۆگن (E. Haugne) بۆ یەکەم جار زاراوەی پلانی زمانی ( Language Planning) لە ساڵی (١٩٥٩) بەکارهێنا ، لە میانی وتارێکدا کە تایبەتبو بە بارودۆخی زمانی وڵاتی نەرویج (بلال دربال ، ٢٠١٤: ٣٢٨) . کەواتە ئەم زاراوەیە مێژوییەکی کۆنی نییە ، پێویستییەکانی وڵات بۆ چارەسەرکردنی کێشە زمانییەکان هێناویەتیە ئاراوە ، کاتێك زمانی دایك لە ئاستی گۆڕانکارییەکانی ژیان و شۆڕشی عەولەمە و دیاردەکانی فرەزمانی و هەمەجۆری زماندا مەترسی دەکەوێتە سەر و کێشە و ململانێ زمانییەکان هەڵدەکشێن ، خێرا زمانەوانان هەست بەو مەترسییە دەکەن و بەچەندین ڕێگە و پلانی جیاواز هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن ، یەکێك لەو ڕێگەچارانەش سیاسەتی زمانە کە لە ڕێگەی پلانێکی تۆکمەوە پیادە دەکرێت .

چەندین پێناسەی جیاواز بۆ زاراوەی پلانی زمان خراونەتە ڕو ، لەوانەش ( پلانی زمان ئەو چالاکییەیە کە ڕێنوس و ڕێزمان و فەرهەنگی نمونەیی سازدەکات ، بۆ ئاراستەکردنی نوسین و ئاخاوتنێکی یەکگرتو لە کۆمەڵێکی زمانی یەکنەگرتودا . (میشال زکریا ، ١٩٩٣: ١٠) (ملیکة بوخاري ، ٢٠١٢: ٢٠٧)

هەردو زاراوەی "سیاسەتی زمان" و "پلانی زمان" زۆرجار تێکەڵ بەیەك دەکرێن و سنوری کارکردنی هەریەکەیان جیاناکرێتەوە ، بۆیە هەندێك جار وەك دو زاراوەی هاوواتا دەردەکەون ، بەڵام لە ڕاستیدا دو زاراوە و دو چەمکی جیاوازن ، سیاسەتی زمان(Politique Linguistique) کۆمەڵە یاساو دەستورێکی فەرمییە کە پلان بۆ ئامادەکردنی زمانێکی دیاریکراو لە کۆمەڵی فرەزمانیدا دادەڕێژێت ، ئەو زمانە هەڵبژێردراوە بە هێزی یاسا دەکرێت بە زمانی فەرمی وڵات . (احمد عزوز و محمد خاین، ٢٠١٤: ٦٣) یاخود

بریتییە لە سەراپای ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنەبەر لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی ، بەتایبەتیش لە نێوان زمان و ژیان لەوڵاتدا ، بەڵام پلانی زمان بریتییە لە گەڕان بەدوای هۆکاری پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمان و چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو هۆکارانە . (لویس جان کالفی ، ٢٠٠٨: ٢٢١)

چەند جۆرێك پلانی زمانی هەیە ، لەوانەش :

١. پلانی پایە (Status Planning) :

ئەم جۆرە پلانە پلە (اعتبار)ی زمانێك یان زارێك لە کۆمەڵدا دەردەخات و لە هەڵبژاردنی بەرایی زمانێك دەکۆڵێتەوە . ئەم پرۆسەیە چەند ئەرکێکی هەیە ، وەك گۆڕینی ئەرکی زمانێك یان زارێك ، هەروەها دیاریکردنی مافی خەڵك لە بەکارهێنانی ئەو زمانە یان ئەو زارەدا .

پلانی پایە چەند بیرۆکەیەك دەوروژێنێ ، کە مەبەست لە هەریەکەیان دروستکردنی پایەی زمانە :

ـ ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ ، کە قەدەغەکردنی زمان لە بواری پەروەردەو فێرکردندا ، دەبێتە هۆی مردنی زمان .

ـ هەبونی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ چوارچێوەیەکی سیاسیە بۆ دروستکردنی پلەوپایەی زمان . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٠: ٥٢)

٢. پلانی بەکۆمەڵ (Corpus Planning) :

ئەم جۆرە پلانە پەیوەستە بە هەڵبژاردن و کۆدکردنی بنەماکان لە نوسینی ڕێزمان و بەستانداردکردنی ڕێنوسی زمان . لە ڕێگەی ئەم پلانەوە پەرە بە زارێکی زمان دەدرێت ، یان هەوڵی بەستاندارد کردنی زمانێك دەدرێت ، وڵاتانی وەك ئیسرائیل ، ئەندەنوسیا ، هیند ، پاکستان ، فنلەندا سودیان لەو پلانە بینیوە لە هەڵبژاردنی زمانی فەرمی وڵات و بەستانداردکردنی زمانی پەروەردە و فێرکردن . (سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٠: ٥٢)

سەرەڕای بونی ئەو جۆرانەی پلانی زمان ، بنەما و فاکتەر و ئامانجی دانانی پلانی زمان لە کۆمەڵێکی زمانییەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازە و بەپێی هەمو ئەو بارودۆخانەی ، کە کار لە کۆمەڵ و زمان و زارەکان دەکەن ، پلانێکی گونجاو دادەنرێت ، واتە پێویستە پێشتر کێشە و قەیرانە زمانییەکانی کۆمەڵ بزانرێت ، پاشان بەپێی ئەو بارودۆخە ڕێگەچارە و پلانی زمانی شیاو بخرێتە ڕو ، لەم سۆنگەیەوە حکومەتی هەرێم لەم چەند ساڵەی دواییدا تەنها جارێك بەهۆی وەزارەتی پەروەردەوە هەوڵی لێکنزیك کردنەوەی زاری ناوەڕاست و ژوروی داوە ، ئەویش لە ڕێگەی تێکەڵکردنی هەردو زار لە پرۆگرامی خوێندندا ، بەڵام ئەم هەوڵە سەری نەگرت و ناڕەزایی لێکەوتەوە ، دوای ئەم هەوڵە دۆخەکە ئاڵۆزتر بو ، بەجۆرێك زمانی خوێندنی پارێزگای دهۆك کرا بە بادینی و لە پارێزگاکانی تری هەرێمیشدا تەنها بە زاری ناوەڕاست پرۆگرامەکان نوسرانەوە (جگە لەهەندێ لایەنی ڕێزمانی ژورو کە تائێستاش لە پرۆگرامی هەندێ قۆناغدا دەخوێنرێت) .

ڕۆشنبیران و زمانەوانانی کورد لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ چەندین هەوڵیان داوە بۆ چەسپاندنی زمان و ڕێنوسی کوردی و بەستاندارد کردنی ، ئەگەرچی هەوڵەکانیان لە ئاستێکی بەرزدا دەنرخێنرێن ، بەڵام تائێستاش کێشەی بەستاندارد کردنی زمان و ڕێنوس بەردەوامی هەیە و چارەسەر نەکراوە .

لەم سۆنگەیەوە پێویستبو حکومەتی هەرێم گرنگی بە پلانی زمان بدات و کەسانی شارەزا لە هەمو ناوچەکان و سەر بەهەمو زارەکانی زمانی کوردی لە دەزگایەکی تایبەتدا دابمەزرێنێت و بەهەمو شێوەیەك هاوکاری مادی و مەعنەوییان بکات ، بەلأم ئەم پرۆسەیە تائێستا پشتگوێ خراوە .

سەبارەت بە سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستان ، تاکو ئێستا نە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، نە هیچ پارتێکی سیاسی لە هەرێم بەرنامەیەکی تایبەتیان بە سیاسەتی زمان دانەناوە (ئازاد عەزیز سلێمان ، ٢٠١٤ : ١٩) .

### ٣- ٢-٢- ئەزمونی ولأتان و پلانی چارەسەرکردنی ململانێی زمان و زارەکان

زۆرێك لە ولأتانی جیهان زیاتر لە زمانێك و چەند زارێکیان تێدایە ، دیاردەی فرەزمانی و فرەزاری هەمیشە لە ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانیدا تاوتوێ دەکرێت و بووە بە دیفاکتۆ ، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا ، کە هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی جیهانگری(عەولەمە) بە شێوازێکی نوێ . هەندێك پێیان وایە ئەم دۆخە هەڕەشەیە بۆ سەر ناسنامەو زمانی نەتەوەیی و نیشتمانی ولأتان ، بەتایبەتی ولأتە لاوازەکان . (ملیکة بوخاري ، ٢٠١٢: ٢١٠)

لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە ناهەموارانەوە رێژەی زمانەکانی جیهان بەردەوام لە کەمبونەوەدایە و لە ئێستادا گەیشتۆتە نزیکەی(٤٠ ٪) ، هەروەها چەندین ولأت دوای سەربەخۆبونیان جارێکی تر و بە شێوازێکی تر دەسەلأتی داگیرکار دەگەڕێننەوە ، واتە زمانی داگیرکار دەکەنەوە زمانی فەرمی ولأت و واز لە زمانی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان دێنن . لە ئێستاشدا زمانی ئینگلیزی پایەیەکی بەرزی لە هەمو ولأتانی جیهاندا پەیدا کردووە و ململانێی هەمو زمانەکان دەکات بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا . هەندێك لە رۆشنبیران پێشبینی ئەوە دەکەن تا ساڵی (٢٢٠٠) هیچ زمانێك ناتوانێت ڕوبەروی زمانی ئینگلیزی ببێتەوە ، جگە لە زمانی "چینی" و "عەرەبی" چونکە ئەو دو زمانە تایبەتمەندی شارستانی خۆیان هەیە و بە درێژایی مێژوی دروستبونیان بەرامبەر بارودۆخ و ڕوداوەکانی جیهان وەستاون و ئاخێوەرانیشیان ئینتیمایەکی زۆریان بۆ هەیە (فاطمة حجاري، ٢٠١٢: ٢٤٣)

هەمو ئەو دۆخە ئالۆزانە وای لە ولأتان کردووە کە گرنگی زیاتر بە زمانەکەیان بدەن و بە چەندین ڕێگەی جیاواز هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە زمانییەکانیان بدەن و زمانی نەتەوەیی بە هۆی پلان و سیاسەتی زمانەوە بپارێزن ، لەو ولأتانەش :

#### ٣- ٢- ٢- ١- چین

چین ولأتێکی فرە زمان و فرەزارە ، خاوەنی زۆرترین ژمارەی دانیشتوانە ، ئەمەش وای لە زمانی چینی کردووە ، کە ببێت بە یەکەمین زمانی جیهان لەڕوی ڕێژەی ئاخێوەرانەوە ، کە دەگاتە زیاتر لە (١,٢) ملیار ئاخێوەر . (ویکیبیدیا ، اللغة الصینیة)

زمانی چینی ئەمڕۆ لە گەشە و بلأوبونەوەدا پێشبڕکێی کات دەکات ، واتە یەکێکە لە زمانە پێشکەوتو و سەرکەوتووەکانی جیهان ، ئەم سەرکەوتنەش ڕێککەوت نەبووە ، چین وەك هەر ولأتێکی تر بەچەندین بارودۆخی مێژویی و سیاسی و ڕۆشنبیری و شارستانیدا تێپەڕیوە ، تەنانەت مێژوی شارستانییەتی چین

دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (٣٥٠٠) ساڵ پێش ئێستا ، واتە بەیەکێك لە کۆنترین شارستانییەتەکانی جیهان دادەنرێت ، هەمو ئەو بوار و لایەنانە کاریگەریی خۆیان هەبووە لەسەر چۆنیەتی ڕەفتارکردنی چین لەگەڵ زمانەکەیاندا ، بۆیە چینییەکان بەتوندی دەستیان بە ژیارو شارستانییەتی خۆیانەوە گرتووە و شانازی پێوە دەکەن . (فاطمة حجاري ، ٢٠١٢: ٢٤٣)

کۆماری میلی چین بەوە جیادەکرێتەوە کە بە ڕێژەیەکی بەرز هەمەجۆری زمانی تێدا بلاّو بۆتەوەو زیاتر لە (١٢٠) زمان و زار بەکاردێنن (Martin J.Ball , 2010 , 67) ، کە سنوری هەریەکەیان بەهۆی ناوچەو دەڤەرە جوگرافییەکانەوە بە ئاسانی جیا دەکرێنەوە . (عزەدین مستەفا ڕەسول، ٢٠٠٥: ٧٠)

بۆ ڕونکردنەوەی ژمارەی زارو زمانەکان ، دەکرێت بیانکەین بە دو بەشەوە ، زارەکانی (هان) و زمانە کەمینەکان . وشەی (هان) واتای ئەتنی چینی دەگەیەنێ ، چونکە چینییەکان جیاوازی دەکەن لە نێوان (هان زی رن) واتە ئەو خەڵکەی ئەتنی چینن یان چینیین ، لەگەڵ (زنگ رن) واتە ئەو خەڵکەی لە ناوەڕاستی ولاّتدا دەژین یان هاولاّتی چینین ، کۆمەڵەی هان زۆربەی زمانەکانی چین لەخۆ دەگرێت ، کە بەیەك زمانی فەرمی لە قەڵەم دەدرێن ، زارەکانیش بریتین لە :

١. زاری باکور کە ٧٠٪ی دانیشتوان پێی دەدوێن لە ڕۆژئاوا ناسراوە بە ماندەران (Mandarin) .
٢. وو (Wu) .
٣. کزیان (Xian) .
٤. گەن (Gan) .
٥. مین لە باکور (Min) .
٦. مین لە باشور (Min) .
٧. یویە (Yue) .
٨. هاکا و کجیا (Hakka , Kejia) .

ئەم زارانە بەسەر دو ناوچەدا دابەشدەبن :

١. ناوچەی یەکەم :

باکوری ڕۆژهەلاّتی چین زارەکانی (کانتۆن (Kanton) ، کان هاکا (Kan Hakka) ، ئامۆی سواتۆ (Amoy Swatou) ، فوجیان (Fujian) ، وو (Wu) ، کسیانگ (Xiang) لەخۆ دەگرێت .

٢. ناوچەی دووەم :

ماندەرانی دەگرێتەوە کە پێکهاتووە لە :

- پەکین ، مەنشۆریا ، حەوزی هوانگێە (Huanghe) .
- هانکۆ (Hankou) ، نانکین (Nankin) .
- باشوری ڕۆژهەلاّت ، سیشوان (Sichian) ، یۆنان (Yunnan) ، گویزهو (Guizhou) ، گوانگی (Guangxi) ، هوبای (Hubei) . (لویس جان کالفی ، ٢٠٠٨: ٢٢٩-٢٣١)

زارەکانی ناوچەی یەکەم و دووەم بەهیچ شێوەیەك لەیەك ناگەن ، وەك هەردو زمانی فەرەنسی و ئیسپانی ، هەروەها شێوەزارەکانی ناوچەی یەکەم بە ئەستەم لێك دەگەن ، کەواتە بە پێی بنەمای (لێکگەیشتن) بە زمانی جیاواز دادەنرێن نەك زارەکانی یەك زمان . (هەمان سەرچاوە ، ٢٣١)

زمانە کەمینەکانیش بەسەر چوار خێزانی جیاوازدا دابەشبون :

- کۆمەڵەی ئەلتیك (مەنگۆل ، ویگۆر ، کازاك ... تاد)

- کۆمەڵەی بیرمانی (تیبێ ، یی)

- کۆمەڵەی تای (زوانگ ، بویی)

- یاومیاو (لویس جان کالفی ، ٢٠٠٨: ٢٣٢)

ڕێژەی ئاخێوەرانی هەریەك لەم زار و زمانانەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

- زمانەکانی کۆمەڵەی هان ٩٥٪ کۆی ژمارەی دانیشتوانن ، ٧٠٪ی ئاخێوەران زمانی فەرمی ماندەرانی بەکاردێنن ، ٢٥٪یش بە زارەکانی دیکە دەدوێن .

- ٥٪ی دانیشتوان بە زمانە کەمینەکان دەدوێن ، ئەم ڕێژەیەش کەم نییە ، چونکە بە قەد ژمارەی دانیشتوانی فەرەنسا دەبێت .(هەمان سەرچاوە ، ٢٣١)

هەندێك لە وڵاتان بۆ ڕاگرتنی هەستی دانیشتوان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوە و زمان دانییان بەهەمو زمانە نەتەوەیی و کەمینەکاندا ناوە ، لە هەمو بوارەکانی خوێندن و ڕاگەیاندن و ... ، لەو وڵاتانەش (پۆڵەندا ، مەجەر ، دانیمارك ، سوید ، نەرویج ، بولگاریا ...) (فاطمة حجاري ، ٢٠١٢: ٢٤٤) ، بەڵام چین بۆ چارەسەرکردنی کێشە زمانییەکان و یەکخستنی زارەکان و هەڵبژاردنی زمانی ستاندارد ، چەندین ڕێگەی گرتۆتەبەر و بەدانایییەوە ڕەفتاری لەگەڵ ئەو دۆخە ئاڵۆزەدا کردووە .

پێش ئەوەی باسی پلان و سیاسەتی زمان لە چین بکەین ، پێویستە بزانین کە زمانی فەرمی چین (پو تۆنگ هوا) (Pu tong hua)یەو ناسراوە بە (ماندەرانی) ، یەکێکە لەو زمانانەی تاکو ئێستا لەسەر شێوازی نوسینی هێمایی ماوەتەوە ، کە نزیکەی (٤٠٠٠)ساڵ پێش ئێستا داهێنراوە و بە (هاندز) ناسراوە . (ویکیبیدیا ، اللغة الصينية) ئەو هێمایانە گوزارشت لە بیر دەکەن پێش ئەوەی دەنگەکان بنوێنن ، بەمەدا دەردەکەوێت کە پێویستە دەیان هەزار هێما هەبێت ، بۆ گوزارشتکردن . (فاطمة حجاري ، ٢٠١٢: ٢٥٠) ژمارەی هێماکان دەگاتە نزیکەی (٦٠,٠٠٠) هێما ، خوێندکار پێویستە نزیکەی (٤٠٠٠-٦٠٠٠) هێما بزانێت بۆ ئەوەی ڕۆژنامەیەکی ئاسایی بخوێنێتەوە ، کەواتە نوسینی زمانی چینی فۆنیمی نییە ، بەڵکو وێنەییەو هێمایەك واتای وشەیەکی تەواو دەگەیەنێت (ویکیبیدیا ، اللغة الصينية)

چینییەکان لە ئاخاوتندا زمانێکی هاوبەشیان نییە ، بەواتایەکی تر ئەو هێمایانەی بەکاردێن هەمو چین لێی تێدەگەن ، بەڵام هەر زارێك بەپێی تایبەتمەندی دەنگسازی خۆی دەیخوێنێتەوە و دەری دەبڕێت ، دەربڕینەکان هێندە جیاوازن دەگەنە ڕادەی لێك نەگەیشتن ، کەواتە چین زمانی نوسینی هاوبەشیان هەیە نەك زمانی ئاخاوتن . (فاطمة حجاري ، ٢٠١٢: ٢٤٩) (قەیس کاکل تۆفیق ، ٢٠٠٧: ٦٦)

حزبی کۆمۆنیستی (شیوعی)چینی هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە ساڵی (١٩٢١) ، بڕوای بە پرەنسیپی مافی کەمینەکان لە ئۆتۆنۆمیدا هەبو ، هەر کەمینەیەك مافی ئەوەی هەبو بە زمانی خۆی بخوێنێ ، لەدوای ساڵی (١٩٤٩) لە پێشەکی دەستوردا بڵاوکرایەوە کە ((چین وڵاتێکی یەکگرتوی فرە نەتەوەیە)) ، هەروەها لە یاسای بنەڕەتی لە مادەی (٣٩)دا دەڵێت : ((پێویستە ئیدارەی ناوچەکان ئۆتۆنۆمی یەك زمانی ناوچەیی یان زیاتری هەبێت)) هەروەها لە مادەی (٤٠)دا هاتووە : (( پێویستە یارمەتی کەمەنەتەوەییەکان بدرێت لە پەرەپێدانی ژیار و ڕۆشنبیرییان ... ئەمانەن پرانسیپەکان)) . (لویس جان کالفی ، ٢٠٠٨: ٢٣٢-٢٣٣)

پلانی و سیاسەتی زمانی دەسەڵاتی چین هەمیشە بەپێی باری سیاسی گۆڕانی بەسەردا دەهات ، لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری میلی چین (PRC) ساڵی (١٩٤٩)دا گۆڕانکارییەکی زۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دوای خۆیدا هێنا . لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردودا کۆزمانەوانەکان چەند پرسیارێکیان وروژاند لەوانەش ، زمانی ستاندارد چییە؟ چۆن گەشە دەکات ؟ پەیوەندی نێوان پێکهێنانی زمانی ستاندارد و هەمەجۆری زمانی یاخود فرەزاری چییە؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە و چارەسەری کێشە زمانییەکان و لادانی بەربەستەکانی پێش زمانی ستاندارد چەندین پرۆژە خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە .(Martin J . Ball, 2010 , 67)

لە نێوان ساڵانی (١٩٤٩-١٩٥٦)دا دو تەوەرەی پلاندنان بەیاسا ڕێکخرا :

- تەوەرەی یەکەم : لەلایەن لیژنەی چاکسازی زمانەوانییەوە سەرپەرشتی دەکرا ، کە لە ساڵی (١٩٥١)ەوە دامەزرابو بۆ ئامارکردنی زمانە کەمینەکان و نوسینەوەیان ، ... هتد .

- تەوەرەی دووەم : لەلایەن کۆمەڵەی چاککردنی زمانەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا ، بۆ کارکردن و ئەنجامدانی چاکسازی لە زمانی چینیدا . لە مانگی تشرینی یەکەمی (١٩٥٥)دا دو کۆنگرە بەستران ، یەکەمیان تایبەتبو بە (چاکسازی لە زمانی نوسراو) ، دووەمیان شێواز بەندکردنی زمانی نوێی چینی لەخۆ گرتبو ، کە دواتر بو بە زمانی هاوبەشی پوتۆنگ هوا . (فاطمة حجاری ، ٢٠١٢: ٢٤٦- ٢٤٧) لەو ماوەیەدا هەندێك لەو کەمینانە توانییان زمانی خوێندنیان پێش بخەن و ئەلفوبێش بۆ ئەو زمانانە دابینکرا ، کە نەنوسرابونەوە و زۆربەیان لە ئەلفوبێی لاتینییەوە وەرگیرابون ، لەم ڕێگەیەوە توانرا پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەڕێوە ببرێت ، ئەو ناوچانەش کە سەر بە کۆمەڵەی (هان)بون هەریەك بە زاری ناوچەیی خۆی دەیان خوێند ، بەلام لە کۆنگرەی دووەمدا کە لە ساڵی (١٩٥٥)دا بەسترا هەندێك گۆڕانکاری بەسەر بەرنامەکاندا هات . (لویس جان کالفی ، ٢٠٠٨: ٢٣٣)

### ١٩٥٦ - ١٩٦٥ بەرنامەی پوتۆنگ هوا (Pu tong hua)

زمانی نیشتیمانی بەوە ناسرابو ، کە لەسەر زاری پەکین بنیات دەنرێت ، لەگەڵ هەندێك لە زارەکانی باکور و چەند دەستەواژەیەکی زمانی و ئەدەبی (بای هوا) ، دواتر ئەو زمانە هاوبەشە بکرێتە زمانی خوێندن لە هەمو ناوچەکانی (هان)دا ، پێشخستنی زمانەکەش بە ئەرکێکی نیشتیمانی لە قەڵەم درا . لە ساڵی (١٩٥٦)دا بڕیاردرا هەر لە سەرەتای ساڵی خوێندنی هەمان ساڵەوە زمان و ئەدەب بە زمانی هاوبەشی (پوتۆنگ هوا) بخوێنرێت ، بەڵام بابەتەکانی تر بواری دو ساڵ درابو بۆ ئەوەی خوێندن بکرێت بە زمانی هاوبەش . بۆ پشتیوانی کردن لەم پرۆسەیەش سەنتەرێك بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان لە پەکین دامەزرا . (لویس جان کالفی ، ٢٠١٢: ١٦٢-١٦٣) ئەمەش هەنگاوی یەکەمی ئەو بەرنامەیە بو کە کۆماری میلی چین پێشتر بەرنامەی بۆ دایڕشتبو ، تێیدا بڕیاریدا سیاسەتی زمانی بۆ چەسپاندنی تاکزمانی بەکاربهێنێت ، دواتر زمانی پوتۆنگ هوا نەك هەر جێگەی زارە ناوچەییەکانی گرتەوە بەڵکو بوبە زمانی ئاخێوەرانی کەمینەکانیش . (Martin J . Ball , 2010 , 68)

### ١٩٦٦ - ١٩٦٧ شۆڕشی ڕۆشنبیری

لەم ماوەیەشدا بەرنامەی زمانی هاوبەش بەردەوامی هەبو ، قوتابخانە و زانکۆکان چەند گۆڕانکارییەکیان بەخۆوە بینی ، بەڵام سیاسەتی پەیڕەوکراو بەتایبەتی لەگەڵ کەمینەکاندا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات ،

واتە ئـەركی ڕاسـتەوخۆی زمـان و زارەكـانی چـین بلاّوكردنـەوەی زمـانی هاوبـەش بـو لەسـەر ئاسـتێكی میلـی فراواندا ، بەوێنە پەیمانگای ناوەنـدی نیشـتیمانی كـار بـۆ چارەسـەركردنی كێشـەی كەمینـەكان دەكـات ، ئـەم پەیمانگایە وەرگێڕی ڕاستەوخۆ و نوسەری بەتوانای زمانی كەمینەكان پێدەگەیەنێ ، وەرگێڕەكان ئـاخێوەری سەر بە كەمینەكان بون و فێری زمانی هاوبەش دەكران ، واتە مەبەستیان بلاّوكردنـەوەی زمـانی فـەرمی بـو زیاتر لەوەی مەبەستیان پێگەیاندنی قسەكەران بێت بە زمانی كەمینەكان . (لويس جان كالفي، ٢٠١٢ : ١٦٤-١٦٥)

بەگەڕانەوەی (تبینگ هسیاو بینگ) ساڵی (١٩٧٦) جارێكی تر بۆ سەر كورسی دەسـەلاّت ، گۆڕانكـاری زۆری لە بواری زماندا هێنایە ئاراوە ، لـە بوارەكـانی دیكەشـدا ڕەوشـەكە گـۆڕانی بەسـەردا هـات ، بەرنامـەی زمـانی هاوبەش بەردەوامی هەبو ، هاوكات بەدەركەوتنی تەلەفزیۆن زیاتر بەرەو پێشـەوە چـو . لـە ئێسـتادا نـەهیچ زارێكی هان ، نە هیچ زمانێكی كەمینە ناتوانێت بەربەرەكانێی زمانی هاوبەش بكات . (هەمان سەرچاوە ، ١٦٥)

ئەو مامەڵەكردنەی دەسەلاّت لەگەڵ زمانی هاوبەشدا وای كرد كە زمانی چینی پێگەیەكی دیاری هەبێت لە نێو زمانە جیهانییەكاندا ، هۆكاری ئەمەش جگە لـەو شۆڕشـە ڕۆشـنبیرییەی كـە بـەرپاكراو زمـانی هاوبەشـی تێدا بلاّوكرایەوە ، شۆڕشێكی تری زانستی و تەكنەلۆجی بەڕێوە چو ، چونكە بارودۆخی چین لە سەرەتاكانی سـەدەی ڕابـردودا جیاوازییـەكی ئـەوتۆی لەگـەڵ ولاّتـانی گەشـەكردوی ئـەمڕۆدا نـەبو ، بـەڵكو بـەهۆی پلانـە ستراتیجییە سەركەوتۆكانییەوە گەیشتە ئەو پلەیەی ئێستای . (فاطمة حجاري ، ٢٠١٢ : ٢٥٢)

چینییەكان گرنگییەكی زۆر بە زمان و شارستانییەتی خۆیان دەدەن ، بـەلاّم زمـانی ئینگلیـزی بـە زمـانی داگیركار دەزانن و هەوڵدەدەن خۆیانی لێ بپارێزن . دوای گۆڕانی بارودۆخی چین و كۆتایی هاتنی سیسـتەمی شۆڕشی ڕۆشنبیری ، لە ڕێگەی پێكهێنـانی سیاسـەتی زمانییـەوە خوێنـدكارانی بەشـی زمانییـان بـە ئاراسـتەی فێربونی زمانی ئینگلیزیدا برد ، بە ئامانجی پێگەیاندنی وەرگێڕی ئینگلیـزی - چینـی ، بـۆ ئـەوەی نوسـین و كتێبی هەمو بوارە زانستی و تەكنەلۆژی و مرۆییەكان وەربگێڕنە سـەر زمـانی چینـی . بـۆ ئـەو مەبەسـتەش بەرنامەی نوێی فێركردنی زمانی ئینگلیزی لـە سـاڵی (١٩٨٠- ١٩٨٥) بـۆ قۆنـاغی ئامـادەیی دابینـكرا ، هـەروەها بەرنامـەی پێگەیانـدنی مامۆسـتایان لـە بـواری وەرگێڕانـدا بلاّوكرایـەوە ، پاشـان شـەپۆلی وەرگێرانـی كتێبـە ئینگلیزییەكان دەستی پێكرد ، بەجۆرێك كە هەر بوارێك لێژنەی وەرگێرانی تایبەتی بۆ دابینكرا . پێویسـتە ئەوەش بگوترێ ، كە ئەگەر پێویستییەكی ڕۆشنبیری و شارستانی سەردەم نەبوایە ، چین هەرگیز بەوشێوەیە گرنگی بە زمانی ئینگلیزی نەدەدا . (فاطمة حجاري ، ٢٠١٢ : ٢٥٥- ٢٥٦)

سەبارەت بە چاكسازی لە ڕێنوسی چینیدا ، وەك پێشتر باسمانكرد چەندین هەزار هێما لە نوسینی چینیدا بـەكاردێت ، ئەمـەش پێویسـتی بـە یـادێكی (ذاكـرة) بـەهێزو توانایـەكی هـزری زۆر هەیـە بـۆ لەبـەركردن و وەرگرتنی ئـەو هێمایانـە ، جگـە لـەوەش چـینی زمـانێكی ئـاوازدارە و هێـز و ئـاوازە و تـۆن ڕۆڵێكـی سـەرەكی دەبینن لە گۆڕینی واتای وشە و هێماكـان ، هـەمو ئەوانـە وەك بەهانـە بـەكارهێنران بـۆ ئـەوەی ئاسـانكاری و چاكسازی لە سیستەمی نوسیندا بكرێت ، بۆ ئەم مەبەستەش وەك قۆناغێكی سەرەتایی پەنا برایە بەر پیتـی لاتینی ، بەلاّم ئەم كـارە ململانێـی لێكەوتـەوە و گەیشـت بـەوەی كـە لایەنـە سیاسـییەكانیش تێوەبگلێن ، لـە ئەنجامدا ئەم پرۆژیە بەهۆی جیاوازی بۆچونە سیاسییەكانەوە لە كاركەوت و وەستا . (هەمان سەرچاوە ، ٢٥٠)

هەوڵەکان بۆ سوککردنی نوسینی هێمایی هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە بەگەڕخراوە ، تا لە ساڵی (١٩٥١)دا حکومەتی چینی لێژنەیەکی بە مەبەستی چاککردنی نوسینی چینی پێکهێنا ، لێژنەکە لە ژمارەیەك زمانەوانی چینی پێکهاتبو ، ئامانجی لێژنەکەش بریتیبو لە :

- ئاسانکاری لە نوسینی کلاسیکی چینیدا .
- سیستەمێکی فۆنەتیکی نویٚ دابنرێت و بواری بەکارهێنانیشی دیاری بکرێت .(میشال زکریا،١٩٩٣ :٣٢)

لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر هێما لادراو چاکسازی لە چەندین هێمای تریشدا کرا . سوککرنەوەی هێماکان بەپلەی یەکەم لە ڕێگەی خوێندنگاکانەوە هاتە نێو دابونەریتی خەڵکەوە ، ئەگەرچی ناوبەناو لە نوسینی گشتی و ڕۆژنامەکاندا گەڕانەوە بۆ هێما کۆنەکان هەبو ، بەلاٌم هیچ گرفتێکی نەوروژاندووە ، هاوکات هیچ ئەنجامێکی سیاسی لیٚ نەکەوتەوە وەك ئەوەی کە لە هەموارکردنی ئەلفوبێی سۆڤیەتدا دەرکەوت . (لویس جان کالفی ، ٢٠١٢: ٢٢١-٢٢٤)

تا ئێستا زیاتر لە (١٠٠) پرۆژەی چاکسازی لەبارەی نوسینەوە خراوەتە ڕو و کاری تێدا کراوە ، (عزەدین مستەفا ڕەسول ، ٢٠٠٥: ٧٠) نوسینی چینی بەپێی ڕێنوسی زمانە ڕۆمانییەکان لە کۆنەوە هەوڵی بۆ دەدرێت ، دواترین هەوڵی سەرکەوتو ڕێنوسی پین یینە (Pin Yin) کە لە ساڵی (١٩٥٨) چەسپێنرا ، واتە دوای سیٚ ساڵ لە بڕیاری حکومەت بەگشتاندنی فێربونی زمانی هاوبەش ، پەیوەندی لە نێوان ئەم دو بڕیارەدا هەیە . چەندین بەڵگەی فەرمی کراوە بە بەهانە بۆ بەکارهێنانی نوسین بە سیستەمی (پین یین) ، لەوانە :

- یارمەتی فێربونی هێماکان دەدات .
- یارمەتی دەری بییانییەکانە بۆ فێربونی زمانی چینی .
- گرفتی ناوی شوێن و کەسەکان چارەسەر دەکات .
- یارمەتی گشتاندنی زمانی هاوبەش (پوتۆنگ هوا) دەدات .
- بەهۆیەوە دەتوانرێت بروسکەکان ، ... هتد بنوسرێت . (لویس جان کالفی ، ٢٠١٢: ٢٤-٢٥)

گرنگی ئەم سیاسەت و پلانەی گۆڕینی ئەلفوبیٚ لەوەدا دەردەکەوێت ، کە فێربونی نوسینی (پین یین) ئاسانە و ژمارەی پیتەکانی زۆر نییە ، بە پێچەوانەی ئەلفوبێی کۆن ، بەمەش گرفتێکی گەورەی زمانەوانی چارەسەرکرا ، هاوکات هەوڵێکی سەرکەوتوش بو بۆ چەسپاندنی زمانی هاوبەش ، چونکە پێشتر هەمو زارەکانی هان لە ڕێگەی نوسینەوە پەیوەندییان پێکەوە هەبو ، ئەگەرچی لە ئاخاوتندا لێکنەدەگەیشتن ، بەلاٌم لەبەر ئەوەی نوسینی (پین یین) بریتییە لە ئەلفوبێی ڕۆمانی بە زمانی (پوتۆنگ هوا) بۆیە سەپاندنی ئەم نوسینە بووە هۆی دابەزینی ئاست و پایەی هەمو زمانە نەنوسراوەکان بۆ زار ، هەروەها زارەکانی (هان)یش ڕۆژ بە ڕۆژ ئەرکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری خۆیان لەدەست دەدا و لە ئەنجامدا تەنها دەبن بە زاری ئاخاوتن و قسەی ڕۆژانە نەك نوسین (لویس جان کالفی ، ٢٠١٢: ٢٢٧) .

### ٣- ٢- ٢-٢- هيندستان

هيندستان وڵاتێكی كۆماری فیدراڵییە ، لە ڕوی فراوانی ڕوبەری جوگرافییەوە حەوتەمین وڵاتی جیهانە ، بەڵام لە ڕوی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە بە دووەمین وڵاتی جیهان دادەنرێت (ویكیبیدیا ، الهند ، الموسوعة الحرة) ، بە پێی ئاماری ساڵی (٢٠١٥) ژمارەی دانیشتوانی هیندستان (١,٢٨٠,٩١٠,٠٠٠) كەس بووە ، كە دەگاتە (١٧,٥٪) دانیشتوانی هەمو جیهان (ویكیبیدیا ، قائمه الدول و التبعیات حسب عدد السكان)

هیند وڵاتێكی فرەنەژاد و فرەئاین و فرەزمانە ، سەدان هۆز و تیرەی جیاواز لە هیندستان بونی هەیە ، كە لە ڕوی كۆمەڵایەتییەوە بە شێوەی كۆمەڵی داخراو دەردەكەون ، جگەلەوەش ئاین ڕۆڵێكی سەرەكی و تەوەرەیی دەبینێ لە ژیانی گەلی هیندا ، ژمارەیەكی زۆر ئاین و ئاینزا پەیڕەو دەكرێت ، لەوانە ( هیندۆسی ، ئیسلام ، بوزی ، مەسیحی ، سیخی ، ... هتد ) (ویكیبیدیا ، الهند ، الموسوعة الحرة)

دۆخی مێژویی وڵاتی هیندستان و پێكهاتی كۆمەڵاتی ئاڵۆز و كولتوری جیاواز و فرەنەژادی ، كارێكی زۆری كردۆتە سەر هەمەجۆری زمانی ، ژمارەی زمانە فەرمییەكانی هیندستان گەیشتۆتە (٢٣) زمان ، بەڵام هەردو زمانی هیندی و ئینگلیزی بە زمانی سەرەكی و فەرمی وڵات دادەنرێت ، زار و زمانەكانی تر كە زیاتر لە (١٠٠٠) زمان و زار دەبن لە ناوچە و هەرێم و ویلایەتەكانی تر بە شێوەیەكی ڕێژەیی بەكاردێن . (ویكیبیدیا ، الهند ، الموسوعة الحرة)

یەكێك لە گەورەترین ئەو ڕوداوە مێژوییانەی كە بەسەر وڵاتی هیندستاندا هاتووە ، داگیركردنی بو لەلایەن بریتانیاوە بۆ ماوەی (٧٢) ساڵ (١٨٧٥-١٩٤٧) ، هەروەها ساڵێك دوای سەربەخۆبونی پاكستانی لێ جیابویەوە ، (میشال زكریا ، ١٩٩٣: ١٧) لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی (١٩٤٩)دا ڕەشنوسی دەستور پەسەند كرا و تا ئێستاش چەندین جار هەمواركراوەتەوە (دستور الهند لعام ١٩٤٩ مع التعدیلات لغایة عام ٢٠١٢: مقدمة)

دەسەڵات بۆ چارەسەركردنی فرەزمانی و پێدانی مافی هەمو كەمینە و نەژادە جیاوازەكان هەر لە نوسینی یەكەم دەستوری وڵاتەدا لە "نۆ" مادەی دەستوردا (٣٤٣ تا ٣٥١) باسی ڕێكخستنی زمانەكان و یاسابەندكردنی بواری بەكارهێنانی هەر زمانێكی بەتەواوی دەستنیشان كردووە ، لەگەڵ ئەوەشدا زمانی هیندی و ئینگلیزی لە زۆربەی مادەكاندا وەك زمانی ستاندارد و فەرمی وڵات باسكراوە . (دستور الهند لعام ١٩٤٩ مع التعدیلات لغایە عام ٢٠١٢: ١٦٧-١٧١) دەستوری هیندستان بە (دەستوری زمانەكان) ناسراوە ، چونكە هێندە گرنگی بە مافی زمانەكان داوە تەنانەت یەكەمین سیستەم كە دانرا بۆ زمانەكان بو ، هەروەها سنوری ویلایەتەكان بەپێی زمانی ئاخێوەران گەورە یان بچوك دەكرانەوە ، (تاریق جامباز ، ٢٠١٤ : ٦٣)

هەڵبژاردنی زمانی هیندی و ئینگلیزی وەك زمانی ستاندارد و فەرمی دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاكتەرێك لەوانە :

- دەسەڵات بیری لەوە كردۆتەوە كە ڕێژەی (٤٠٪)ی دانیشتوان بە زمانی هیندی دەدوێن (الغة الهندیة : ویكیبیدیا) واتە ئەو زمانە زۆرترین ئاخێوەری هەیە ، بۆیە شیاوترین زمانە بۆ پێدانی ئەو پایەیە .
- سەبارەت بە زمانی ئینگلیزیش وەك چارەسەرێكی شیاوی فرەزمانی پێشنیازكرا و هەڵبژێردرا ، بۆ ئەوەی یەكسانی نێوان زمانەكان بپارێزرێت و هیچ زمانێك ستەمی لێنەكرێت ، پێویستە ئەوەش بوترێت كە (٧٠٪) دانیشتوانی هیند دەتوانن بە زمانی ئینگلیزی بدوێن (فاطمة حجاری ، ٢٠١٢: ٢٢٧) .

- هەمیشە دەسەڵات دەیەوێت کەمترین زمانی فەرمی هەبێت ، بەڵام لە هیندستاندا بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئاینی و نەژادی و زمانییەوە ، زمانی ئینگلیزیش کرا بە زمانی فەرمی ، چونکە زمانی ئینگلیزی زمانی زانست و تەکنەلۆجیایە و هاوکات زمانێکی جیهانی هەڵبژاردەیە ، جگەلەوەش ئەگەر دەسەڵات تەنها زمانی هیندی وەك زمانی ستاندارد و نیشتمانی هیندستان هەڵبژێرێت ، مەترسی ئەوە دەکرێت ئەنجامی باشی لێنەکەوێتەوەو هەمو ویلایەت و هەرێم و ناوچەکانی تر داوای مافی زمانی خۆیان بکەن ، یان خۆیان بە ستەملێکراو بزانن و داوای جیابونەوە بکەن (فاطمة حجاری، ٢٠١٢ : ٢٢٨) .

زمان لە هیندستاندا بۆتە قوربانی ململانێ سیاسی و ئاینی و نەژادە جیاوازەکان ، نەك زمان سەرچاوەی کێشەکان بێت ، جگە لەوەش وڵات بەسەر (٢٨) ویلایەت و حەوت هەرێم و چەندین ناوچەی جیاوازدا دابەش بووە . (الهند ، ویکیبیدیا ، الموسوعة الحرة) کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پەرت بون و پچڕانی پەیوەندی نێوان ئاخێوەراندا هەبووە .

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین حکومەتی هیندستان بە پەرۆشەوە کاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زمان کردووە ، دەقەکانی دەستور بەڵگەی ئەو ڕاستییەن ، بەوێنە لە مادەی (٣٤٣)دا زمانی ئینگلیزی و هیندی و ئەلفوبێی (دیڤانەگاری) دەچەسپێنرێت :

١. زمانی فەرمی وڵات زمانی هیندییە بە ئەلفوبێی دیڤانەگاری . هەروەها شێوازی (ژمارە)ی بەکارهێنرا و لە کاروباری فەرمیدا پێویستە شێوازی ژمارە هیندییە جیهانییەکان بێت .
٢. زمانی ئینگلیزی بۆ ماوەی پازدە ساڵ لە دوای بڵاوبونەوەی ئەم دەستورەوە لە هەمو کاروبارو پێویستییە فەرمییەکانی وڵات بەکاردێت . (دستور الهند لعام ١٩٤٩ مع التعدیلات لغایه عام ٢٠١٢: ١٦٧)

هەروەها لە مادەی (٣٤٤)دا باس لەوە دەکات کە پێویستە لێژنەیەکی پەرلەمانی تایبەت بە زمانی فەرمی پێکبهێنرێت ((دوای دە ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەی دەستوردا ، بڕیاری پێکهێنانی لێژنەیەك دەدرێت ، کە پێکهاتووە لە سەرۆك و کۆمەڵێك ئەندام کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی زمانێکی فەرمی جیاواز دەکەن ، کە لە خشتەی هەشتەمی ئەم دەستورەدا دیاری کراوە[1] ، بڕیارەکانی سیستەمی بەجێهێنان لەلایەن لێژنەکەوە بەدواداچونی بۆ دەکرێت ... لە ئەرکەکانی تری لێژنەکە پێشکەش کردنی ڕێنمایی و پێشنیازەکانە بۆ سەرۆکی وڵات ... )) . (دستور الهند لعام ١٩٤٩ مع التعدیلات لغایه عام ٢٠١٢: ١٦٨)

سەبارەت بە زمانی هەرێم و ویلایەتەکان ، هەر ویلایەتێك لە ڕێگەی دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەتوانێت پشت بە زمانێك یان زیاتری ویلایەتەکەی ببەستێت بەپێی دۆخی ویلایەتەکەی و ڕێژەی ئاخێوەرانی زمانەکە تێیدا ، یان دەتوانێت زمانی هیندی یاخود ئینگلیزی لە کاروباری فەرمی ویلایەتەکەیدا بەکاربهێنێت ، وەك لە مادەی (٣٤٥)ی دەستوردا هاتووە (هەمان سەرچاوە : ١٦٨-١٦٩) . لە مادەی (٣٤٧)یشدا باس لەوە دەکات هەرکاتێك بەشێکی ئاخێوەرانی ویلایەتێك یان هەمو ویلایەتەکە داوای بەکارهێنانی زمانێکیان کرد ، ئەوا سەرۆك دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێت ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوان ئارەزوی بەکارهێنانی زمانێکی دیاریکراو دەکەن ، دەتوانێت دان بەو زمانەشدا بنێت وەك زمانێکی فەرمی بەکارهێنراو لە هەمو ویلایەتەکە

---

[1] لە خشتەی هەشتەمی دەستوردا بە ڕیزبەندی ئەم زمانانە دەستنیشان کراوە ( ئەسامی ، بەنگالی ، بۆدۆی ، دوگری ، گۆجاراتی ، هندی ، کانادی ، کشمیری ، کۆنکانی ، مەیسیلی ، مالایالامی ، مانیبوری ، ماراسی ، نیبالی ، ئەودی ، پەنجابی ، سەنسکریتی ، سەنسالی ، سەندی ، تامیلی ، تیلۆکوی ، ئۆردو) . (دستورالهند لعام ١٩٤٩ مع التعدیلات لغایه عام ٢٠١٢ : ٢٥٥)

یان بەشێکی ویلایەتەکە یان بۆ بوارێکی تایبەت بەپێی داواکاری و پێویستی دیاری دەکرێت . (دستور الهند لعام ١٩٤٩ مع التعدیلات لغایە عام ٢٠١٢: ١٦٩)

بەهۆی هەستیاری و ناسکی بارودۆخی زمانی و کۆمەڵایەتی هیندستانەوە چەندین مافی تری زمانە کەمینەکان پارێزراوە ، بەوێنە لە مادەی (١/٣٥٠)دا هاتووە ((لەسەر هەمو ویلایەتێك یان دەسەڵاتێکی ناوخۆیی پێویستە ئاسانکاری پێویست بکات بۆ منداڵانی زمانە کەمینەکان ، بەمەبەستی فێرکردنی زمانی دایك لە قۆناغی سەرەتایی پەروەردەدا ، سەرۆك کۆماریش پێویستە ڕاسپاردەی گونجاو و پێویست بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئاسانکارییانە دەربکات)) ، هەروەها لە مادەی (٣٥٠/ب)دا باس لە دامەزراندن و دانانی فەرمانبەری تایبەت بە کەمینەکان دەکات . (هەمان سەرچاوە : ١٧١) هەمو ئەو مافانە لە پێناو ڕاگرتنی هەستی هاوڵاتیان و کەمینەکاندا بەیاسا چەسپێنراوە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا سیاسەتێکی ژیرانەی دەسەڵاتە بۆ کپکردنەوەی کێشە و ململانێ جیاوازەکان ، وێرای ئەوە لەلایەکی ترەوە دەسەڵات هەوڵی بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی زمانی هیندی دەدات و دەیەوێت بە شێوازی پلە پلە (تدریجي) سیاسەتی چەسپاندنی زمانی هیندی پەیڕەو بکات ، لە مادەی (٣٥١)ی دەستوردا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەوە خراوەتە ڕو ، کە پەرەپێدانی زمانی هیندی لە پێویستییەکانی وڵاتە ((ڕاسپاردەکانی پەرەپێدانی زمانی هیندی : لە پێویستییەکانی وڵات ، بەهێزکردنی زمانی هیندی و بڵاوکردنەوەیەتی ، هەروەها پەرەپێدان و پێشخستنی هیندی بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەری گوزارشت کردن و دەربڕین لەلایەن هەمو چینە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکانەوە ، لە ڕێگەی بەکارهێنان و وەرگرتنەوە زمانەکە دەوڵەمەند بکرێت ...)) . (دستور الهند لعام ١٩٤٩ مع التعدیلات لغایە عام ٢٠١٢: ١٧١)

بە بڕوای " Karl Erland Gadelii " (١٩٩٩: ١٩) سیاسەتی زمانی حکومەتی هیندی سیاسەتێکی سەرکەوتو بو ، چونکە توانی هاوسەنگی نێوان ئەو هەمو زمانانەی وڵاتدا ڕاگرێت (کە نزیکەی (٤٠٠) زمان دەبن) و تەنها دو زمان بە ستاندارد بناسێنێت ، هاوکات مافی زمانەکانی تریشی پێشێل نەکردووە ، "میشال زەکەریا"ش هەمان بۆچونی دوبارە کردۆتەوە (میشال زکریا، ١٩٩٣: ٢٠) .

### ٣- ٢- ٢- ٣- جەزائیر

جەزائیر وڵاتێکی کۆماریی دیموکراتییە ، ژمارەی دانیشتوانی بە پێی ئاماری ساڵی(٢٠١٤) دەگاتە نزیکەی (٣٩,٧) ملیۆن ، لە ڕوی ڕوبەریشەوە گەورەترین وڵاتی ئەفریقی و عەرەبییە . پێکهاتی کۆمەڵایەتی جەزائیر ئاڵۆزەو ناتوانرێت لە ڕێگەی زمانەوە نەژادەکان جیابکرێتەوە ، واتە مەرج نییە ئەوانەی بە عەرەبی دەدوێن عەرەب بن ، یاخود ئەوانەی بە ئەمازیغی دەدوێن مەرج نییە نەژادیان ئەمازیغ بێت ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی حکومەت و گەلی جەزائیری "زمانی عەرەبی" و "ئاینی ئیسلام" بە دو پایەی سەرەکی وڵات و نیشتمان لە قەڵەم دەدەن ، (الجزائر، ویکیبیدیا ، الموسوعة الحرة) هەر لە دەستوری (١٩٦٣)وە هەردو مادەی (٤ و ٥)ی بۆ تەرخان کراوەو تا ئێستاش بەردەوامە (دستور الجزائرية الديموقراطية الشعبية، ١٩٦٣) .

لە جەزائیردا چوار زمانی سەرەکی بەپێی پایە و ئەرکیان بە ڕێژەی جیاواز بەکاردەهێنرێن :

١- زمانی عەرەبی : کە زمانی ئاینی و نیشتیمانی و فەرمی ولأتە ، لە بواری پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندندا بەکاردێت (یاسین بوراس ، ٢٠١٢ : ٣٣٢) . لەڕوی مێژوییەوە بە زمانی بنەڕەتی گەلی جەزائیر دانانرێت ، بەلأم لە سەردەمی فتوحاتدا بە موسوڵمان بونی خەڵکی جەزائیر و وەرگرتنی ئیسلام زمانی عەرەبیش پێشوازی لێکرا و چەندین کەسایەتی و زانای ئاینییان تێدا هەڵکەوت ، (سوهیلة دريوش ، ٢٠١٢ : ١٢٦) هەروەك توێژەری ناوداری جەزائیری "سالەح بەلعید" دەڵێت : (( ئێمەی ئەمازیغ ئەو گەلەین کە لەوەتەی لەسەر زەویدا دەژین هەمیشە سرودی ئازادی دەڵێینەوە ، لە چەندین قەیرانی جیاوازدا شۆڕشمان دژی داگیرکەرانی ڕۆمانی و وندالی و فینیقی و بیزەنێنییەکان کردووە ، بەرگریشمان لە عەرەب کرد ، دواتر بە ئیسلام قایل بوین و زمانی عەرەبیشمان وەك زمانی خۆمان وەرگرت ...)) . (فاطمة حجاري ، ٢٠١٢ : ٢٤٨)

٢- زمانی ئەمازیغی : زمانی بنەڕەتی و نیشیمانی جەزائیرە ، لە بواری پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندندا بەکاردێت ، بەلأم بواری بەکارهێنانی سنورداره و لە هەمو ناوچە و شارەکانی ولأتدا بەکارنایەت ، لە چەندین زانکۆ و خوێندنگەشدا زمانی خوێندن نییە . (یاسین بوراس ، ٢٠١٢: ٣٣٢) ئەمازیغی بە زمانێکی بنەڕەتی هەمو دانیشتوانی باکوری ئەفریقیا دادەنرێت ، لە ئێستادا چەندین ناوچەی جیاواز پێی دەدوێن و بە زمانی یەکەمی خۆیانی دادەنێن ، بەهۆی بلأوبونەوەی ئاخێوەرانەوە چەندین زاری جیاوازی لێبۆتەوە ، کە ئاخێوەرانییان لێکناگەن . (يمينة تومي ستيواح ، ٢٠١٢: ١٨٢)

٣- زمانی فەرەنسی : زمانی پەروەردە و فێرکردن و کارگێڕییە لە دامودەزگاکانی ولأتدا ، پاشماوەی دەسەلأتی ئیمپریالییە لە جەزائیر ، ئەگەرچی بە عەرەبی کردنی بواری پەروەردە لە قۆناغی سەرەتاییدا تا ساڵانی (١٩٦٥-١٩٧١) بەردەوامی هەبو ، بەلأم تا ئێستا زمانی فەرەنسی لە ژیانی ڕۆژانە و پرۆگرامەکانی خوێندندا بەکاردێت . (مليكة النوي ، ٢٠١٢ : ١١) لەڕوی کۆمەلأیەتیشەوە زمانی فەرەنسی بەرزترین پایەی لەنێو گەلی جەزائیردا هەیە . (احمد بناني ، ٢٠١٢ :٣٣)

٤- زمانی ئینگلیزی : پێویستی جیهانگیری و پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجییەکان سەپاندویەتی بەسەر ولأتدا ، لە بواری پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی بالأدا بە شێوەیەکی سنوردار بەکاردێت . (یاسین بوراس ، ٢٠١٢: ٣٣٢)

تا پێش داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فەرەنساوە ، زمانی عەرەبی بەبێ گرفت و هاوکات بەبێ ڕکابەر زمانی ئاین و زانست و ئەدەب و ڕۆشنبیری گەلی جەزائیر بووە ، بەلأم بە داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فەرەنساوە ساڵی(١٨٣٠) هاوکێشەکان گۆڕانی بەسەردا هات ، فەرەنسییەکان هەر لەسەرەتاوە پلانی بلأوکردنەوە و چەسپاندنی زمانی فەرەنسییان داڕشت ، وەك لە ڕاپۆرتێکی ساڵی (١٨٤٧)دا هاتووە : (جەزائیر نابێت بە گەلێکی فەرەنسی تاکو زمانەکەمان نەکەین بە زمانی نیشتیمانی جەزائیر ... ، پێویستە هەوڵبدەین بۆ ئەوەی زمانی فەرەنسی بگاتە ئاستی پایەی زمانی عەرەبی ...) ، بۆ بەجێهێنانی ئەم ئامانجەش هەر لەیەکەم ڕۆژی داگیرکردنی جەزائیرەوە زیاتر لە (١٠٠٠) خوێندنگە داخران . (شلوف حسين، ٢٠١٢ : ٤٩) ئامانجی سیاسەتی زمانی فەرەنسا سڕینەوەی زمانی عەرەبی و ناسنامەی نەتەوەیی گەلی جەزائیر بو ، تا لە ڕێگەیەوە شارستانیەت و ڕۆشنبیری فەرەنسی جێگەی بگرێتەوە ، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدرا زمانی فەرەنسی بکرێت

به فاكتەری سەرەكی جێبەجێ كردنی پلانەكە ، لەیەكەم هەنگاویشدا خوێندنگە و دامودەزگا فێركاری و سەربازی و ئابوری و پەروەردەییەكان بە زمانی فەرەنسی دامەزران ، كە ئەنجامی ئەم كارەش ڕونە ، دوای چەند ساڵێك خوێندكاران و فەرمانبەران و مامۆستایانی دامودەزگا حكومییەكان فێری زمانی فەرەنسی دەبن و بەكاری دێنن ، بەمەش پلانی فەرەنسییەكان ئامانجی پێكا . (عبداللطيف حني ، ٢٠١٢ ، ٧٨-٨٠) بەوشێوەیە فەرەنسییەكان توانییان زمانی فەرەنسی بكەن بە خاوەنی پێگەیەكی بەهێز لەناو گەلی جەزائیردا .

دوای سەربەخۆبونی جەزائیر چەندین هەوڵی جدی دراوە بۆ ئەوەی زمانی پەروەردە و دامودەزگا حكومییەكان بكرێت بە عەرەبی ، تەنانەت بەپێی دەستوری جەزائیر زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی وڵات دانراوە ، بەڵام لە كەتواری كۆمەڵدا پێچەوانەی ئەوە دەبینرێت ، واتە تا ئێستاش زمانی فەرەنسی ئەو پایە كۆمەڵایەتی و زانستییەی هەیبووە بەتەواوی لە دەستی نەداوە و بەشێوەیەكی گشتی زاڵە بەسەر ڕۆشنبیری جەزائیرییەكاندا و لە هەمو بوارەكاندا بەكاردێت ، تەنانەت لە باخچەی ساوایاندا زۆرجار زمانی عەرەبی هەر بەكارنایەت ، تەنها زمانی فەرەنسی و ئەمازیغی بەكاردێت . (سوهيله درويش ، ٢٠١٢ : ١٢٢- ١٢٣) سەرەڕای ئەوانەش زارەكانی ئەمازیغی و عەرەبی لەلایەكی ترەوە كێشەكانیان قوڵتر كردۆتەوە ، بەڕادەیەك هەمە جۆرییەكی سەرنجڕاكێش لە ئاخاوتنی جەزائیرییەكانەوە دەبینرێت ، هەندێك جار لە ڕستەیەكدا سێ زمان تێكەڵ دەكەن . (يمينة تومي ستيواح ، ٢٠١٢: ١٨٥)

ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی جەزائیر وای لە ڕۆشنبیران و زمانەوانان و سیاستمەدارانی وڵاتەكە كردووە پەنا ببەنە بەر سیاسەت و پلانی زمان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی پێویست و دانانی پایە و پێگەی هەر زمانێك لە شوێنی خۆیدا .

هەر لەیەكەم ساڵی سەربەخۆیی جەزائیرەوە (١٩٦٢) چەندین سیاسەت و پلانی زمانی داڕێژرا ، یەكەم هەنگاوی حكومەت بریتیبو لە بڵاوكردنەوەی زمانی عەرەبی و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری[1] ، كە لەوكاتەدا ڕێژەی نەخوێندەواری گەیشتبووە (٨٠٪) ، بۆیە هەر لەو ساڵەدا (٣٠٥,٠٠٠) خوێندكار خرایە بەر خوێندنی قۆناغی سەرەتایی ، هەر لە هەمان ساڵدا وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا زمانی عەرەبی لە سەرجەم دامودەزگاكانی فێركردن بەڕێژەی (٧) كاتژمێر لە هەفتەیەكدا بخوێنرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا (٣٤٥٢) مامۆستا ڕاهێنران بۆ وتنەوەی وانەی زمانی عەرەبی وەك زمانی نیشتیمانی . (شلوف حسين ، ٢٠١٢ : ٥٤- ٥٦)

پشتگیری كردنی حكومەتی جەزائیر بۆ زمانی عەرەبی و بڵاوكردنەوەی لە خوێندنگا و دامودەزگا حكومییەكاندا بە مەبەستی گەڕانەوەی شكۆمەندی زمانی نیشتیمانی بو ، وەك لە بەرنامەی تەرابلوسی ساڵی (١٩٦٢)دا هاتووە : (گەلی جەزائیر هەمیشە و هەر لە پێش شۆڕشی نۆڤەمبەری (١٩٥٤)ەوە هەستی بەوە كردبو كە پەیوەستە بەو بەها نیشتیمانییەی ، كە لە چوارچێوەی شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامیدا داڕێژراوە ، ئەم پەیوەستبونەش لە دامەزراندنی خوێندنگەی ئازاد و پاراستنیدا دەردەكەوێت) ، هەروەها چەند ڕێنماییەكی پێویست لە بەرنامەكەدا خرانە ڕو ، لەوانەش :

١. بە عەرەبی كردنی هەمو بوارەكان بە شێوازی پلە پلە و بە شێنەیی (تدريجي) .
٢. فراوانكردنی سیستەمی خوێندن لە هەمو ئاستەكانی خوێندن و فێركردن .

---

[1] كاتێك جەزائیر لە لایەن فەرەنساوە داگیركرا (١٨٣٠) ڕێژەی نەخوێندەواری لە جەزائیردا (٥٪)بو ، بەڵام بەهۆی سیاسەتەكانی فەرەنساوە تا ساڵی (١٩٠١) ڕێژەكە گەیشتە نزیكەی (٩٢,٢٪) .(الجزائر ، ويكيبيديا الموسوعة الحرة)

٣. ڕێکخستن و چۆنێتی دانانی بەرنامەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ کەتواری (واقع) ولأتـدا بگونجێـت . (شلوف حسین ، ٢٠١٢ : ٥٦)

ئەو سیاسەتە زمانییەی لە بواری خوێندندا پـەیڕەوکرا بـووە هـۆی بوژاندنـەوەی زمـانی عـەرەبی و جـۆرە زیندوکردنەوە و پەرەپێدانێکی پێبەخشی .

دوابەدوای بە عەرەبی کردنی سەرجەم بابەتەکانی پۆلی یەکەم و دووەمـی سـەرەتایی ، سـاڵی (١٩٧١) کـۆڕی سـالأنەی بـواری پـەروەردە بـە ئامـادەبونی لێپرسـراوان بەسـترا ، بـە مەبەسـتی دیـاریکردنی بەرژەوەندییـە ناوەندییـەکانی وەزارەتـی پـەروەردە . یـەکێك لـە دیـارترین خاڵـەکانی خشـتەی کـارکردنی کـۆڕ بابـەتی "بەعەرەبی کردن" بو ، دوای گفتوگۆیەکی فـراوان و گۆڕینـەوەی بیروڕاکـان ، پلانـی بـەجێهێنانی سـێ خـاڵی گرنگی پەیوەست بە (بەعەرەبی کردن) دانرا :

١. تێکڕای بابەتەکانی پۆلی سێیەم و چوارەمیش تەنها بە زمانی عەرەبی بخوێنرێـت ، جگـە لـە بابـەتی (زمانی فەرەنسی) کە وەك تاکە بابەتێکی بیانی دەخوێنرێت .
٢. سەرجەم بابەتەکانی ساڵی یەکەمی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لە هـەمو دامودەزگـا گشـتییەکانی فێرکردن بە عەرەبی بخوێنرێت ، جگە لە زمانی فەرەنسی وەك بابەتێکی بیانی دەخوێنرێت .
٣. سێیەکی بەشە زانستییەکانی ساڵی یەکەمی ئامادەیی بە تەواوی بکرێت بە عەرەبی .

دوای بـەجێهێنانی ئـەم خاڵأنـە گـۆڕینی هـەمو بابەتـە وێژەییـەکانیش بـۆ زمـانی عـەرەبی پیـادەکرا و چەسپێنرا . (شلوف حسین ، ٢٠١٢ : ٥٨-٥٩)

چەنـدین مادەی دەستوری و یاسای فەرمی ئاماژە بەوە دەکەن کە عەرەبی زمانی فـەرمی و نیشـتیمانییە و پێویسـتە گەشـەی پێبـدرێت و لـە دامودەزگـا حکومی و کارگێڕییەکانـدا بـەکاربهێنرێت ، بەوێنـە لـە مـادەی پێنجەمی دەستوری جەزائیری (١٩٦٣) ، کە تا ئێستاش کاری پێدەکرێت و هەڵنەوەشاوەتەوە ، دەڵێت : ((زمـانی عەرەبی زمانی نیشتیمانی و فەرمییـە لـە ولأتـدا)) . (دستور الجزائریة الدیموقراطیة الشعبیة، ١٩٦٣) هـەروەها لـە دەستوری ساڵی (١٩٩٦) - مادەی (١٧٨)دا باسی ئەو مادانـە دەکـات ، کـە بـەهیچ شـێوەیەك ناکرێـت گۆڕانکاریـان بەسەردا بێت ، خاڵی (٤)ی ئەو مادەیە جەخت لە زمانی عەرەبی دەکاتەوە وەك زمانی نیشتمانی و فـەرمی . (دستور الجزائری ، ١٩٩٦ و ٢٠٠٨)

جگە لەوەش چەندین یاسا لەو بارەیەوە دەرکراوە ، لەوانە :

- یاسای ژمارە (٦٨-٨٩) و یاسـای ژمـارە (٦٨-٩٢) کـە لـە بـەرواری (١٩٦٨/٤/٢٦)دا دەرچـوێندراوە ، یەکـەمیان ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە هاولأتییان زمانی عـەرەبی فێـرببن ، دووەمیـان ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە پێویستە فەرمانبەران خۆیان فێری زمانی عەرەبی بکەن .
- یاسای ژمارە (٧٠-٢٠) لە بەرواری (١٩٧٠/٢/١٩)دا دەرچوێنـراوە ، ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە پێویسـتە زمـانی عەرەبی لە نوسینەوەی هەمو بەڵگەنامەکانی بـاری شارسـتانیدا بـەکاربهێنرێت . بـەپێی ئـەو فەرمانـەی سـەرۆکایەتی بڕیـارێکی وەزاری دەرچـێنرا و تێیـدا ئاسـتەکانی فێربـونی زمـانی عـەرەبی لـە دامـەزراوە کارگێڕییەکان و کۆمەڵە ناوخۆییەکان و دەستە گشتییەکانی ولأتدا دیاری کرا .
- یاسای ژمارە (٧٣- ٥٥) لە بەرواری (١٩٧٣/١٠/١)دا دەرچوێنـراوە ، بەعـەرەبی کردنـی مـۆرە نیشـتمانییەکان لەخۆ دەگرێت .

- ياسای ژماره (٩١-٥) لە بەرواری (١/١٦/ ١٩٩١)دا دەرچوێنراوە ، باس لە چۆنییەتی گشتاندنی زمانی عەرەبی دەکات . هەروەها تێیدا هاتووە ڕاستەوخۆ دوای دەرچونی ئەم یاسایە گشتاندنەکە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە ، دوا کاتی بەجێهێنانی پرۆسەکەش بەرواری (١٩٩٢/٧/٥) دەبێت . (مسعودة خلاف ، ٢٠١١: ٢٥٧) .

ئەو بڕیار و یاسا فەرمییانە گرنگی و بەهای تایبەتی خۆیان هەیە لە ڕێکخستنی زمانەکان و گەڕاندنەوەی پایەی زمانی عەرەبی پاش لاوازبونی ، هاوکات جەختکردنەوەی یاساکان لەوەی کە زمانی خوێندن و پەروەردە لە هەمو ناوەندەکان و بەهەمو ئاستە جیاوازەکانییەوە بکرێت بە عەرەبی ، ئەمەش بەو واتایە نییە کە نابێت بە زمانی بیانی بخوێندرێت ! بەڵکو لە مادەی (١٥)ی دەستوردا هاتووە : ((پێویستە چۆنیەتی خوێندن و فێرکردنی زمانە بیانییەکانیش ڕەچاو بکرێت)) . (مسعودة خلاف ، ٢٠١١ : ٢٨٣)

هەروەها لە دەستوری (١٩٩١)دا ، دو دەستە دەستنیشان کراون وەك لە مادەی (٢٣) و (٢٧)ی هاتووە ، یەکەمیان "دەستەی نیشتیمانی جێبەجێکار" لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی حکومەت و ئەرکی چاودێریکردنی پیادەکردن و بەجێهێنانی ئەو بڕگانەی دەستوری پێ سپێردراوە ، دووەمیان "دەستەی زانستی" کە خۆی لە ناوەندی نیشتیمانیدا دەبینێتەوەو ئەرکی گشتاندنی زمانی عەرەبی پێ سپێردراوە ، لەم بارەیەوە پێویستە هەمو ئامراز و فاکتەرە سەردەمییەکان بەپێی پێویست بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێت ، هەروەها سەرچاوە و توێژینەوە زانستی و تەکنەلۆجییەکان لە زمانی بیانییەوە وەربگێڕدرێت بۆ سەر زمانی عەرەبی و بڵاوبکرێتەوە ، لەگەڵ وەرگێڕانی بەڵگەنامە فەرمییەکان و ... هتد . (مسعودة خلاف ، ٢٠١١: ٢٨٣)

لەگەڵ هەمو ئەو بڕیار و یاسایانە و چەسپاندنی زمانی عەرەبی لە دەستوردا هێشتا زمانی فەرەنسی پێشبڕکێی زمانی فەرمی عەرەبی دەکات و لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و کارگێڕیدا بەکاردەهێنرێت ، بەهۆی ئەو پێشینەیەی زمانی فەرەنسی هەیبووە ، کە نزیکەی سەدە و نیوێکە بە هەمو شێوەیەك بڵاوبۆتەوە و باڵی بەسەر چینی ڕۆشنبیراندا کێشاوە ، بۆتە هۆی پەیدابونی ململانێی نێوان هەردو زمانی عەرەبی و فەرەنسی بەتایبەتی لە ناوەندەکانی خوێندن و بواری پەروەردەدا .

سەرەڕای ئەو هەوڵانەش زمانی عەرەبی هێشتا نەیتوانیوە بە تەواوی جێگەی خۆی لەنێو هەمو لایەن و چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بکاتەوە ، چونکە ئەو پرۆسەیە کارێکی ئاسان نییە و کاتێکی زۆری پێویستە . دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە نزیکەی نیو سەدەیە کار لەسەر زمانی عەرەبی کراوە و هەوڵی بوژانەوەی دراوە ، ئەنجام و بەرهەمی چاکیشی هەبووە . جگە لەوانەش زمانی عەرەبی لە چەندین لایەنەوە بەربەرەکانێ دەکرێت و کەوتۆتە نێو ململانێیەکی چەند لایەنەوە :

- ململانێ لە پێناو گەڕاندنەوەی ئەو پایەو شکۆمەندییەی کە پێش داگیرکاری هەیبووە .
- ململانێ لەگەڵ هەردو زمانی فەرەنسی و ئەمازیغی . دوای ئەوەی ئەمازیغ پیتی فەرەنسییان پەسەندکردو وازیان لە پیتی عەرەبی هێنا ململانێکان قوڵتر بونەوە .
- ململانێ لەگەڵ زارە عەرەبییە جەزائیرییەکان ، کە بە زمانی دایك ناو دەبرێن .
- ململانێ لەگەڵ ئەو ئایدۆلۆجیا و بیرو بۆچونە جیاوازانەی ، کە بە زمانی عەرەبی قایل نابن و دژایەتی دەکەن . (مسعودة خلاف ، ٢٠١١ : ٢٨٠-٢٨١)

دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی جەزائیر لە هەوڵی چەسپاندنی زمانی عەرەبیدا جۆرێك لە سەرپێیی و پەلەکردن لە بڕیارەکانیانەوە دیار بو ، هەروەها زیاتر پشتی بەرێگەچارەی ئایدۆلۆجی سیاسی بەستبو نەك سیاسەت و پلانی زمان و وەرگرتنی بۆچونی زمانەوانان ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە پێگە و پایەی زمانی فەرەنسی لەناو گەلی جەزائیردا بەگشتی چەسپابو ، ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان زمانی فەرەنسییان وەك زمانی یەکەمی خۆیان بەکاردەهێنا و فەرەنساش پشتگیرییەکی زۆری زمانی فەرەنسی دەکرد ، تەنانەت دوای نوسینەوەی دەستورو دیاریکردنی پێگەی زمانی عەرەبی ، ڕاستەوخۆ چەندین ڕاگەیاندنی فەرەنسی ڕەخنەی توندیان لە دەسەڵاتدارانی جەزائیر گرت و ئەو کارەیان بە کارەساتێکی مەزن ناو برد ، بە وێنە لە ڕۆژنامەی (لیبراسیۆن)دا هاتووە ((بەهێز زمانی عەرەبی لە جەزائیردا دەسەپێنرێت )) هەروەها دەڵێت : ((زمانی عەرەبی یەکگرتو لەسەر حسابی زمانی عەرەبی جەزائیری و ئەمازیغی و فەرەنسی دەگشتێنرێت)) . (مسعودة خلاف ، ٢٠١١: ٢٦٠-٢٦٩)

هەمو ئەوانە بەربەستی سەخت بون لە پێش گشتاندنی زمانی عەرەبیدا ، بۆیە دەسەڵاتی جەزائیریش ناچاربو لە ساڵی (١٩٩٢) فەرمانێکی یاسایی دەربکات و تێیدا فەرمانی جێبەجێکردنی گشتاندنی زمانی عەرەبی بۆ کاتێکی نادیار دوابخات ، بەمەش پرۆسەی گشتاندنەکە وەستا و زمانی فەرەنسیش دیسان دەرگای بۆ والاّ کرا تا لە گفتوگۆ و بواری فەرمی و کۆمەڵایەتیدا بەکاربهێنرێتەوە . (مسعودة خلاف ، ٢٠١١ : ٢٥٧)

جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پلانی زمان هەرچەندە سەرکەوتو بێت ، هەر دەبێت کۆسپ و کاردانەوەی کۆمەڵایەتی بێتەڕێ ، بۆیە پرۆسەکە چەند ئامانجی گەورە بێت کارەکانی سەختتر دەبێت و کاتێکی زیاتریشی دەوێت . ئەگەر بەراوردێك لە نێوان جەزائیر و مالیدا بکەین کە هەردوکیان کەوتبونە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمەوە و لە هەمان ساڵدا (١٩٦٢) سەربەخۆییان وەرگرت ، دەبینین پێش سەربەخۆییان زمانی فەرەنسی تاکە زمانی فەرمی هەردو وڵات بو ، بەڵام دوای سەربەخۆبونیان یەکسەر گۆڕانییان بەسەردا هات ، لە مالیدا گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر پایەی زمانی فەرەنسیدا نەهات ، بەپێچەوانەوە لە جەزائیر پێگەی زمانی فەرەنسی لاواز بو ، زمانی عەرەبی لە زۆربەی ئەرکە فەرمییەکاندا جێگەی گرتەوە ، هۆکاری ئەو جیاوازییەی نێوان جەزائیر و مالی لە پەرەپێدانی زماندا چەندین لێکدانەوەی جیاوازی بۆکراوە ، لەوانەش باسی ئەو ڕێبازانەی سیاسەتی زمانی دەکرێت کە حکومەتی هەردو وڵات پەیڕەویان کردووە ، جگە لەوەش زمانی عەرەبی زمانێکی جیهانییە و لە مێژە زمانی نوسین بووە لە جەزائیردا . (لویس جان کالفی ، ٢٠١٢: ٦٣)

### ٣-٢-٣- سیاسەت و پلانی زمان لە هەرێمی کوردستان

### ٣-٢-٣-١- چۆنێتی سود وەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتان

ئەگەر بەخێرایی ئاوڕێك لە مێژوی زمانی کوردی لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی مادەوە تا ئێستا بدەینەوە ، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە زمانی کوردی بەهەمان ئاراستەی نەتەوەی کورددا ڕۆیشتووە ، پەرتەوازەیی و نەبونی کیانێکی سەربەخۆ لە سایەی دەوڵەتێکی کوردیدا وای کردووە هەر زارێك بەجیا گەشەبکات و ببێتە زمانی ئەدەبی ، هاوکات بە درێژایی ئەو مێژووە کورد زمانێکی یەکگرتوی نەبووە ، کە هەمو تاکەکانی نەتەوەکەی بەو زمانە بنوسن و بخوێنن یان پێی بدوێن ، بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستییە مێژووییەی ، کە

زمانی کوردی وەك هیچ زمانێکی تر نییە و مێژوەکەشی بە مێژوی هیچ زمانێك ناچێت . بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەو وتەیە ، دەکرێت بڵێین هەر لەمێژە زمانەکانی جیهان یان زمانی سەردەست و زاڵ بون یان بندەست بون و وەك زارێکی زمانە باڵادەستەکان یان زمانی ڕۆژانە سەیردەکران . زمانی ئیتالی و فەرەنسی و ئیسپانی لە سایەی فەرمانڕەوایی زمانی لاتینیدا وەك زارێکی زمانی لاتینی ناسێنرابون ، بەڵام دواتر هەریەکەیان لە ڕێگەی زارێکی نەتەوەییەوە بون بە زمانی پێوانەیی دەوڵەتێکی نەتەوەیی .

لەو سۆنگەیەوە زمانی کوردی نە بووە بە زمانێکی پێوانەیی دەوڵەتێکی نەتەوەیی نە وەك ئەو زمان و زارانەشی لێهاتووە ، کە وەك زمانی ئاخاوتن یان وەك زمانی کەلەپوری ماونەتەوەو دەوڵەت وەك بەشێك لە کەلەپوری نەتەوەیی خۆی لێیان بڕوانێت و بیانپارێزێت ، هەروەها دەسەڵاتی سیاسی ئەو دەوڵەتانەش کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە ، نەیانتوانیوە زمانی کوردی بگۆڕن بۆ زمانی ئاخاوتن یاخود بیکەن بە زارێکی زمانەکەی خۆیان (عرفان مستەفا حەمەڕەحیم ، ٢٠٠٩ : ٨٢) ، جگە لەوەش زمانی کوردی لە بۆتەی هیچ زمانێکدا نەتواوەتەوە ، هەرچەندە زمانی عەرەبی زمانی ئاینی گەلی کورد بووەو چەندین سەدە کورد لەژێر دەسەڵاتی وڵاتانی عەرەبی ئیسلامیدا بووە، بەڵام زمانەکەی وەك زمانەکانی قیبتی و ئەمازیغی و... لە ڕوبەڕوبونەوەی زمانی عەرەبیدا توشی شکست نەهاتووە، بەڵکو هەر لەڕێگەی کەسایەتییە ئاینییە کوردەکانەوە برەو بە زمان و فەرهەنگی کوردی دراوە و پارێزراوە .

هەمو ئەو ڕوداوانەی کە لە قۆناغە مێژووییەکاندا بەسەر ڕەوتی زمانی کوردیدا هاتووە ، وەك چۆن نەیتوانیوە زمانی کوردی بسڕێتەوە ، هاوکات نەبۆتە هۆکاری دروستبونی زمانێکی نەتەوەیی هاوبەش ، بەڵکو دوای سەربەخۆبونی باشوری کوردستان و دروستبونی دەسەڵاتی کوردی ، هێشتا زمانی کوردی وەك قۆناغەکانی پێشو بریتییە لە چەند زارێك !! کە ئەمەش ئەنجامێکی نەرێنی ناوازەیە کە زمانی کوردی پێی گەیشتووە ، تەنانەت ناتوانرێت لە ڕێگەی کۆمەڵێك لە تێڕوانین و تیۆرییە فەلسەفییەکانی "بونی زمان و جیاوازی زمانەکان"ەوە ڕاڤەو لێکدانەوە بۆ دۆخی زمانی کوردی بکرێت ، بەوێنە زمانی کوردی ناتوانێت سود لە تیۆری دروستەیی وەربگرێت ، چونکە ئەو تیۆرییە تەنها باسی زمانی فەرمی دەوڵەت و ئەو زمانانە دەکات ، کە بونە بە کەلەپور و دەوڵەت وەك کەلەپورێکی مردو و بێ مەترسی دەیانبینێت . هەروەها ناتوانێت سود لە تیۆری سروشتییش وەربگرێت ، چونکە بەهەمان شێوە ئەو تیۆرەش باس لە زمانی فەرمی دەوڵەت و ئەو جۆرە زمانانە دەکات ، کە جەستە زمانییەکەی خۆیان لەدەستداوە و لەناو جەستەی زمانی پێوانەیی دەوڵەتدا کاری خۆیان دەکەن ، زمانی کوردی زمانی فەرمی وڵاتێك نییە ، بەڵکو دو زاری فەرمی یان زیاتری هەرێمێکە ، هاوکات وەك ئەو زمانانەش نییە کە جەستە زمانییەکەی خۆیان لەدەست دابێت و لە جەستەی زمانێکی تردا خەریکی ململانێ بن . (هەمان سەرچاوە و لاپەڕە) ، کەواتە کورد مێژو و ئەزمونێکی تایبەت و دۆخێکی زمانی تایبەت بە خۆی هەیەو پێویستە بە وریاییەوە ڕەفتاری لەگەڵ بکرێت .

دوای خستنەڕوی ئەزمونی وڵاتانی (هیندستان و چین و جەزائیر) و چۆنێتی چارەسەرکردنی گرفت و کێشەو ململانێی نێوان زمان و زارەکانیان ، پێویستە باس لەوەش بکەین ، کە چۆن سود لەو ئەزمونانە وەربگرین و زمانی کوردی لە کێشەی فرەزاری و ململانێکان ڕزگار بکەین . دەبێت ئەوە بزانین کە هەر وڵاتێك بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئاینی وڵات پلانی زمان دادەڕێژێت ، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت پلان و ئەزمونی ئەو وڵاتانە دەقاودەق بەسەر زمانی کوردیدا جێبەجێبکرێت ،

وەك ئـەوەی هەنـدێك بانگەشـەی بـۆ دەكـەن و دەیانـەوێت ئـەزمونی هیندسـتان تـاقی بكرێتـەوە و زمـانی ئینگلیزی بۆ چارەسەركردنی كێشە و ململانێی نێوان زارەكان بكرێت بە زمـانی سـتاندارد ، یـاخود ئـەزمونی نەرویج تاقی بكرێتەوە و زمانی كوردی بكرێت بە دو ستاندارد ... هتد .

بەڵكو كەڵك وەرگرتن لە ئەزمونی گەلان بـە تایبـەتی گـەلانی پێشكەوتو ، بـەوە دەبێـت كـە وەك ئـەوان میكانیزم و پرۆگرامی گونجاو بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی زمان و پێكهاتی كۆمەڵایـەتی وڵات بـەكاربهێنرێت ، واتە بەرژەوەندی گەل و زمان هاوتا بكرێت . ئەم كارە یەكەمین هەنگاوی هـەمو پلانێكـی سـەركەوتووە ، كـە لەلایەن هەر دەسەڵاتێكی دادگەر و فیدراڵەوە پیادە دەكرێـت . دواتـر چـەندین هـەنگاوی زانسـتی لـە سـایەی بەرچاوڕونی پسپۆڕانەوە دەخرێتە بواری جێبەجێكردنەوە .

سـەبارەت بـە چۆنییەتی سـود وەرگـرتن لـە پـلان و میكـانیزمی بـەڕێوەبردنی فـرەزاری وڵاتـانی خـاوەن ئەزمون ، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی زمانی ئەو وڵاتانـەی كـە پێشـتر باسـكران (چـین ، هیندسـتان ، جەزائیر) ، هەوڵ دەدەین چەند خاڵێك بخەینە ڕو :

- **یەكەم** : پێویستە حكومەتی هەرێم وەك هەر حكومەت و دەسەڵاتێكی تری ڕزگاربوی دەستی داگیركـەران ، ڕاستەوخۆ پەنا بباتە بەر ئـەو خاڵـە هاوبەشـانەی یـەكێتی نەتـەوەیی و نیشـتیمانی دەپارێزێـت و بـەهێزی دەكـات (كـە بـۆ ئێمـە"زمان" گرنگترینیانـە) ، چـونكە هـەر كاتێـك هاوڵاتییـان بـون بـە هاوزمـان ، ئـەوا كاریگەرییـەكی ئـەرێنی زۆری دەبێـت لەسـەر سـەقامگیربونی ئاسایشـی كۆمەڵایـەتی و نەتـەوەیی وڵات و لاوازبونی ئەگەری پەرتبون . گومان لەوەدا نییە هـەمو دەسـەڵات و حكومـەتێك ئـارەزوی ئـەوە دەكات تـەنها یەك زمانی فەرمی و ستانداردی هەبێت ، حكومەتی هەرێمیش بەهەمان شێوە ، بەڵام جیاوازی نێوان وڵاتانی وەك (هیندسـتان ، چـین ، جـەزائیر ، ...) لەگـەڵ هەرێمـدا لەوەدایـە ، كـە ئـەو وڵاتانـە چـەندین پـلان و میكانیزمی جۆراوجۆریان بەگەڕ خستووەو كاریان بۆ ئەو مەبەستە كردووە ، بەڵام هـەرێم هـیچ هـەنگاوێكی جدی لەو بوارەدا نەناوە ، تەنانەت ئەگەر كێشە و ململانێی نێوان زارەكان و پرسی زمانی ستاندارد لـە پـێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینەوە بەراورد بكەین ، دەبینین هیچ گۆڕانكارییەكی بەخۆوە نەبینیوە ، بـەڵكو ڕۆژ بـە ڕۆژ دۆخەكە ئاڵۆزتر دەبێت .

- **دووەم** : زۆرێك لە وڵاتـان بـۆ چەسـپاندن و سـەقامگیركردنی بـارودۆخی زمـان و یاسـابەندكردنی بـواری كاركردنی زمان و زارەكانیان یاساو دەستوری فەرمی دەردەكـەن ، بەوێنـە لـە هەرسێ وڵاتـی نـاوبراو (چـین ، هیندستان ، جەزائیر) لەسەرەتای پیادەكردنی سیاسەتی زمانەوە بەتەواوی پشتیان بە دەستوری فـەرمی وڵات بەستووە ، هەر لە ڕێگەی هەمواركردنەوەی دەستوریشەوە هەنگاوەكانی تریـان بـەجێهێناوە . بۆیـە پێویسـتە لە هەرێمیش چەند مادە و بڕگەیەكی دەستور بەمەبەستی چارەسەركردنی ململانێی زارەكـان و هەڵبـژاردنی زمانی ستانداردی كوردی و پەرەپێدان و پێشخستنی تەرخان بكرێت .

- **سێیەم** : پێویستە لە دەستوردا دان بە فرەزاری زمانی كوردیدا بنرێت ، ئەم خاڵەش لە دەستوری وڵاتانی ناوبراو و چەندین وڵاتی تردا ئاماژەی پێكراوە ، كە زیاتر بۆ ڕاگرتنـی هەسـتی ئـاخێوەران و ئارامكردنـەوەی بارودۆخی كۆمەڵایەتی و ڕەوشی زمانە لە وڵاتدا .

- **چوارەم** : بواری پەروەردە و فێركردن لە گرنگترین ئەو بوارانەیە ، كە پلانی زمانی تێدا بەگەڕ دەخرێت ، هەربۆیە بە پلانی زمان دەوترێت "پلانـی فێركـاری" (التخطـيط التعليمـی) ، چـونكە پـەروەردە یەكـەمین

دەروازەی وەرگرتنی زمانە لەلایەن منداڵەوە (عبداللطيف حني ، ٢٠١٢: ٨٣) . بایەخدان بە بواری پەروەردە و فێرکردن و دانانی پلانی تەندروست و دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکان بۆ ئەو مەبەستە ، لە گرنگترین هۆکارەکانی پێشخستنی وڵاتە لە هەمو بوارەکاندا ، بەپێی توێژینەوەیەکی "یونسکۆ" کە ساڵی (١٩٨٢) ئەنجام دراوە دەرکەوتووە ، کە هۆکاری گەشەکردن و پەرەسەندنی بواری ئابوری و تەکنەلۆجی وڵاتانی پێشکەوتو دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردن . (مليكة النوي ، ٢٠١٢: ١٦) هەر لەو سۆنگەیەوە ئەگەر سەیری پلان و سیاسەتی زمانی فەرەنسا بکەین لە جەزائیر ، دەبینین یەکەم هەنگاو بۆ بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی زمانەکەیان سودیان لە ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردن وەرگرتووە ، بە هەمان شێوە کاتێك جەزائیر سەربەخۆیی وەرگرت ، حکومەتی جەزائیری دیسان لەڕێگەی خوێندنەوە شکۆمەندی زمانی عەرەبی گەڕاندەوە . هەروەها وڵاتانی تری وەك چین و هیندستان و ئیسپانیا و ... هتد بە پلەی یەکەم لە پرۆسەی خوێندندا پلان و سیاسەتەکانیان پەیڕەوکردووە و پایەی زمانەکەیان بەرزکردۆتەوە .

سەبارەت بە زمانی کوردیش ئەگەرچی پرۆسەی خوێندن و وانە و پرۆگرامەکان بێ پلان داڕێژراوە ، بەڵام بەهۆیەوە ئاخێوەرانی هەمو زارەکان بە زاری ژوروشەوە دەتوانن بە زاری ناوەڕاست بنوسن و بخوێنن و بدوێن ، کە ئەمە هەنگاوێکی باش بو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی "لێکنەگەیشتن" و چەسپاندنی زمانی ستاندارد و ... ، بەڵام بە گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن لە پارێزگای دهۆك ئەو هەلە لە دەست چو ، گەڕانەوەی ئەو دۆخەش لە ئێستادا زۆر سەختە بەڵام ئەستەم نییە ، چونکە دەکرێت لە ڕێگەی سیاسەتێکی پتەوی زمانەوە کەشەکە ئارام بکرێتەوەو گرفتەکان چارەسەر بکرێن .

پێویستە ئەکادیمیای کوردی بەسود وەرگرتن لە شارەزایان و زمانەوانانی کورد و بەستنی کۆڕو کۆنگرە و وەرگرتنی پێشنیاز و بۆچونە جیاوازەکان پلانێکی تۆکمە دابڕێژرێت و بەشێوازێکی تەندروست هەوڵی دوبارە داڕشتنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن بدات ، هەروەها پێویستە حکومەتیش بە هەمو شێوەیەك هاوکاری پرۆژەکە بکات .

- **پێنجەم** : هەر پەیوەست بە بواری پەروەردە ، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و ڕاگرتنی هەستی ئاخێوەرانی زارەکانی تر ، وا چاکترە لە قۆناغی سەرەتاییدا خوێندکاران بە زاری خۆیان بخوێنن ، ئەم لایەنەش لە دەستوری هیندستان و چیندا وەك سەرەتایەك پێڕەو کراوە ، هاوکات پسپۆڕانی بواری پەروەردەش ئەو پرۆسەیە بە تەندروست دەزانن و (هەندێکیان ڕایان وایە ، کە تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی و هەندێکی تریان تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی بە گونجاو دادەنێن) . (ڕەفیق سابیر ، ٢٠١٤: ١٥١)

- **شەشەم** : چارەسەرکردنی گرفتی لێکنەگەیشتنی نێوان زارەکان لە ڕێگەی پرۆسەی خوێندنەوە دەبێت ، هاوکات پێویستە سیاسەتێکی زمانی شیاو لە بواری پەروەردەدا جێبەجێبکرێت ، بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و توانای زمانی ستاندارد و لاوازکردنی زارەکانی تر لە بواری نوسین و ئەدەبییوندا ، ئەمەش هۆکاری سەرەکی چەسپاندنی زمانی ستاندارد و نەهێشتنی ململانێی زارەکانە . ئەم سیاسەتەش بە سەرکەوتویی لە چیندا پەیڕەوکرا و ئێستاش هەمو چین خاوەنی یەك زمانی ستانداردن ، بەڵام پێویستە ئەوەش بگوترێت کە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە ، جگە لەوەش پێویستە لەسەرخۆ و پلە بە پلە (تدریجی) هەنگاوەکانی پلانەکە بەجێبهێنرێت .

- **حەوتەم** : پێویستە هەمو هەوڵێك بۆ بەهێزکردن و پێشخستنی زمانی ستاندارد بدرێت و لە ڕێگەی (وەرگێڕان ، دانان و ڕێکخستنی زاراوە ، بەکارهێنانی لە بواری خوێندن و ڕاگەیاندن و نوسینی کتێب و ... هتد) پەرەی پێ بدرێت و بڵاو بکرێتەوە ، هەروەها زمانە جیهانییەکانیش هەر بە هەمان ڕێگا برەویان پێدەدرێت و خزمەت دەکرێن . ئەگەر ئێمەش بتوانین لە داهاتودا زمانەکەمان بەو شێوەیە پەرە پێبدەین ، ئەوا ئاخێوەرانی هەمو زارەکان بەوە ڕازی دەبن کە واز لە زارەکەی خۆیان بهێنن و بەم زارە پایەدارە بخوێنن و بنوسن و هەوڵی فێربونی بدەن ، تەنانەت لە ڕابردو و ئێستاشدا زۆرێك لە کوردزمانان وازیان لە خوێندنی زمانی کوردی هێناوەو هەوڵ دەدەن خۆیان فێری زمانە باڵاکانی وەك ( ئینگلیزی ، فەڕەنسی ، عەرەبی ، ... ) بکەن .

- **هەشتەم** : هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری . ئێستا لە هەندێك وڵاتدا خوێندنی سەرەتایی بەخورتییە[1](إلزامی) ، ئەمەش پلانێکی سەرکەوتووە لە بڵاوکردنەوەی زمانی ستاندارد بەناو هەمو ئەندامانی کۆمەڵدا، هاوکات ئەزمونێکی سەرکەوتوی چین و جەزائیرەو ئێمەش دەتوانین سودی لێوەربگرین .

## ٣-٢-٣-٢- بڕیاری سیاسی بۆ بەستانداردکردنی زمانی کوردی وەك چارەسەری ململانێی هەردو زار

سەرەتا پێمان باشە بە وەڵامی ئەو پرسیارە دەست پێبکەین کە (ئایا لە ئێستادا بڕیاری سیاسی بەستانداردکردنی زمان دەتوانێت چارەسەری ململانێی زارەکان بکات؟)

ڕۆشنبیران و شارەزایان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بۆچونی جیاواز دەخەنەڕو ، کۆمەڵێکیان لەو بڕوایەدان کە زاری ناوەڕاست تەنها پێویستی بە بڕیارێکی سیاسیە بۆ ئەوەی بە تەواوی بچەسپێت ، بەڵام لە ڕاستیدا گرفتەکە ئەوەندە ئاسان نییە ، ئەگەر بە وردی لە دۆخی ئێستای هەرێم لە ڕوی زمانەوە بڕوانین ، بۆمان دەردەکەوێت کە بڕیاری سیاسی لە هەر کۆمەڵ و وڵاتێکدا بۆ چارەسەرکردنی ململانێی زمان و زارەکان گونجاو بێت ، ئەوا بۆ هەرێم کێشەکان زیاتر دەکات ، چونکە هەر بە خستنەڕوی پرسی زمانی ستاندارد ململانێی نێوان هەردو زاری ناوەڕاست و ژورو ئاڵۆزتر بو .

بمانەوێ و نەمانەوێ لە ئێستای هەرێمدا دو زمانی فەرمی لە دو دەڤەری جیاوازدا هەن و لە هەمو کاروبارە فەرمییەکانی دامودەزگا حکومییەکان و ناوەندەکانی خوێندندا بەکاردێن ، کەواتە بەهیچ شێوەیەك بارودۆخی هەرێم لەگەڵ ئەوەدا ناگونجێت کە زارێك وەك زمانی ستاندارد هەڵبژێردرێت ، بەڵکو پرسی جوتستانداردی و فرەستانداردی تاوتوێ دەکرێت .

ئەو هۆکارانەی کە بونەتە هۆی دروستبونی ململانێکان هەمان ئەو هۆکارانەن ، کە ناهێڵن یەك زمانی یەکگرتوی کوردی دروست ببێت . سەبارەت بە نەبونی بڕیارێکی سیاسیش بۆ ستانداردکردنی زاری ناوەڕاست ، زۆرجار باسی ئەوە دەکرێت کە حکومەتی هەرێم لەم بارەیەوە کەمتەرخەم بووە !

ئەم بۆچونە ئەگەرچی ڕویەکی ڕاستی تێدایە ، بەڵام هەمو ڕاستییەکانی نەپێکاوە ، چونکە هەمو دەزانین کە دەڤەری بادینان بەهیچ شێوەیەك بە زاری ناوەڕاست قایل نابن و بە زمانی ستانداردی خۆیانی

[1] بەوێنە لە جەزائیر لە تەمەنی (٦ تا ١٦) ساڵان خوێندن بەخۆڕایی و بەخورتییە .(الجزائر، ويكيبيديا الموسوعه الحره)

دانانێن ، بەڵكو هەر لەو كاتەی پرسی زمانی ستانداردی كوردی سەریهەڵداوە (نزیكەی سەدەیەكە) هەوڵی ئەوەیان داوە زاری ژورو وەك زمانی ستانداردی كوردی بناسێنن و لە پاڵ زاری ناوەڕاستدا لە ڕۆژنامە و نوسیندا بەكاریان هێناوە ، ئەم ڕەوشە زمانییە وایكردووە دەسەلآت و سیاسەتمەداران بێدەنگی هەڵبـژێرن و چیتر ئەو بابەتە نەوروژێنن . پێویستە ئەوەش بزانین كە ئەگەر دەسەلآت بەبڕیارێكی سیاسیش زمانی ستاندارد بچەسپێنێت ، ئەوا نەك كێشەكانی چارەسەر نەكردووە بەڵكو قوڵتری كردۆتەوە ، چونكە یەكێك لە قۆناغەكانی ستانداردكردنی زمان ئەوەیە كە لەلایەن خەڵك و جەماوەرەوە پەسەند بكرێت ، ئەگینا ناتوانێت ببێتە زمانی ستاندارد ، لەلایەكی تریشەوە بەگشتی تاكی كورد هەستی ناوچەگەری و زارگەری لە هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی بەهێزترە ، بۆیە دەكرێت بڵێین چارەسەركردنی ململانێی نێوان زارەكان و هەڵبژاردنی زمانی ستاندارد پێویستی بە **پلانی زمانی درێژخایەن** هەیە ، بەسود وەرگرتن لە ئەزمونی گەلانی تر و ڕەچاوكرنی بارودۆخی زمانی هەرێم و دیاریكردنی پایەی هەمو زارەكان و بواری بەكارهێنانیان ، هاوكات ئەم پلانە زمانییە لە سایەی سیاسەتێكی زمانی تۆكمە و تەندروستەوە پراكتیك دەبێت .

تا ئێستا ڕۆشنبیران و شارەزایانی زمانی كوردی چەند پێشنیازو پلانێكیان بۆ چارەسەركردنی كێشەی زارەكانی زمانی كوردی و چەسپاندنی زمانی ستاندارد خستۆتە ڕو ، دیارترینیان :

- دەستنیشانكردنی زارێك و موتوربە كردنی بە وشەو زاراوەو یاسا دەنگی و ڕێزمانییەكانی زارەكانی تر . بیگومان ئەم پێشنیازە نازانستییە و لەگەڵ سروشتی زماندا ناگونجێت[1] .
- دو زمانی ستانداردی كوردی ، كە هەندێك لە ڕۆشنبیران بە كارێكی سروشتی دادەنێن و نمونەی ئەو وڵاتانە دێننەوە كە چەند زمانێكی فەرمی و ستانداردیان هەیە ، ئەم پێشنیازە گەر دروست بێت یان نادروست لە واقعی ئەمڕۆی هەرێمی كوردستاندا چەسپێنراوە و تەنها پێویستی بەوەیە كە بە یاسا جەختی لەسەر بكرێتەوە . لایەنگرانی ئەم بۆچونە پێیان وایە باشترین چارەسەری ئەم بارودۆخە زمانییە بونی دو ستانداردی كوردییە ، بەلآم ئەم پێشنیاز و پلانەش چەندین كەموكورتی تێدایە (بڕوانە: قەیس كاكل تۆفیق ، ٢٠٠٧: ٥٥-٦٠) ، گرنگترینیان ئەو دەرئەنجامەیە ، كە لە داهاتودا لە سایەی ئەم پلانەوە ڕوبەڕوی زمان و نەتەوەی كورد دەبێتەوە ، چونكە پەرتبون و جیابونەوەی نەتەوەی كورد لەسەر بنەمای زمان و زار دەبێتە هەڕەشە و مەترسییەكی هەمیشەیی ، مێژوش چەندین نمونەی لەو جۆرەی بۆ تۆماركردوین .
- بەستانداردكردنی زاری ناوەڕاست ، كە زۆر لە ڕۆشنبیران پشتگیری دەكەن و چەندین هەوڵی تاكەكەسی و كۆمەڵیش بۆ چەسپاندنی ئەو زارە و سود وەرگرتن لە وشەو زاراوەكانی زارەكانی تر دراوە .

دەسەلآتی هەرێم هیچ یەك لەو پلان و پێشنیازانەی پەسەند نەكردووە ، تەنانەت تا ئێستا هیچ پلانێكی ئەوتۆی بۆ خزمەتكردنی زمانی كوردی نەخستۆتە بواری جێبەجێ كردنەوە . (دارا حەمید محەمەد ، ٢٠١٥: ـــ) لە كاتێكدا زمانی كوردی هەنوكە لە هەمو كاتێكی تر پێویستی پێیەتی . سەبارەت بە (یاسای زمان)یش دوای (٢٤) ساڵ لە سەربەخۆبونی هەرێمی كوردستان و بە فەرمی ناساندنی زمانی كوردی لە دەستوری عێراقیدا ،

[1] یەكێك لە پێشڕەوانی ئەم بۆچونە (د. جەمال نەبەز) بو ، كە لە كتێبی (زمانی یەكگرتوی كوردی)دا بەدرێژی باسی ئەم پێشنیازەی كردووە ، بۆ بینینی هەندێك لە كەموكوڕییەكانی ئەم بۆچونەش بڕوانە (قەیس كاكل ، ٢٠٠٧: ٥٢-٥٣) .

پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٩) لە بەرواری (٢٠١٤/١٠/٢٩) بە بڕیاری ژمارە (١٦)ی (٢٠١٤) یاسای ژمارە(٦) - (یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق)ی دەرکرد ، دواتر لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٣) سەرۆکی هەرێم یاساکەی پەسەندکرد[١] .

ئەگەرچی ئەو بڕیارە بەها و گرنگی خۆی هەیە بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە ڕوبەڕوبونەوەی زمانی عەرەبی و زمانەکانی تر ، هەروەها تێیدا سزا دانراوە بۆ ئەو کەسانەی پێچەوانەی بڕگەکانی ئەو یاسایە دەکەن ، بەڵام یاساکە ئاڵۆزە و تەنها ئاماژەی بە زمانی کوردی کردووە و باسی هیچ زارێکی نەکردووە ، بۆیە کێشە و ململانێی نێوان زارەکان وەك خۆی ماوەتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو هەڵکشان دەچێت . هاوکات ئەم کێشانە چەمکی "زمانی کوردی"یش دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، ئایا مەبەست لە زمانی کوردی زاری ناوەڕستە یان ژورو ؟ یان هەردوکیان ؟!

### ٣-٢-٣-٣- داڕشتنی سیاسەت و پلانی زمان

پلاندانان و بەدواداچونی جێبەجێکردنی پلانەکە و چاودێری کردن و پاراستنی لە هەمو کەموکوڕییەك بە ئەرکی (ئەکادیمیای زمان) دادەنرێت . (تاریق جامباز ، ٢٠١٤: ١٦٩) پێویستە لە داڕشتنی پلانی زماندا کردەی ئەزمونی و ناساندنی هەریەك لەو قۆناغانەی پێیدا تێپەڕ دەبێت بخرێتە ڕو ، هەروەها ماوە و کاتی جێبەجێ کردنی پلانەکە و فاکتەرەکانی و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان دەستنیشان بکرێت ( Joseph Poth, 1997: 22 ) بە وێنە لە ئیرلەندا پارتی سەوز کارنامەی بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ (٢٠٠٩ - ٢٠٢٩) داڕشتووە ، ئەمەش بۆ پاراستن و بەرز ڕاگرتنی زمانەو هاوکات توانای ڕوبەڕوبونەوەی لە هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی بەهێز دەکات . (تاریق جامباز ، ٢٠١٤: ١٧١)

زۆربەی نەتەوە داگیرکراوەکان دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی زمانی نەتەوەییان وەك دروشمی سەربەخۆیی نەتەوەیی کردووە بە زمانی فەرمی وڵاتە تازەکەیان[٢] ، بەڵام باشوری کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا خاوەنی هەرێمێکی سەربەخۆیە ، کەچی زمانێکی نەتەوەیی هاوبەشی نییە .

لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی هەمویان لەسەر ئەوە هاوڕان ، کە دروستبونی زمانە نەتەوەییەکان و بونیان بە زمانی فەرمی نەتەوەیەکی سەربەخۆ ، بۆ دو هۆکاری بنچینەیی دەگەڕێتەوە :

- یەکەم : خوێندنی فەرمی ، واتە لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەوە زارێکی نەتەوە دەچەسپێنرێت و دەبێت بە زمانی فەرمی نەتەوە و دەسەڵات ، کە "گلێنەر" تیۆرییەکەی خۆی لەسەر ئەم تێڕوانینە دامەزراندووە .

---

[١] بۆ بینینی تەواوی بڕیارەکەو سەرجەم مادەکانی ، بڕوانە : پاشکۆی ژمارە (٢) .

[٢] بە وێنە ئەندۆنیزیا دوای ڕزگاربونی لە ژێر دەسەڵاتی هۆڵەندی و ژاپۆنی زمانی (ئەندۆنیزی) کرد بە زمانی فەرمی وڵاتەکەی ، بە هەمانشێوە لە مالیزیا زمانی (مالیائی) جێی زمانی ئینگلیزی گرتەوەو ، لە فلیپین زمانی (تاگالۆگ) جێی زمانی ئینگلیزی و ئیسپانی گرتەوە ، .... (حوسێن یەعقوبی ،٢٠٠٧: ١٥٩) .

- دووەم : دەرکەوتن و بڵاوبونەوەی چاپەمەنی ، کە بەهۆیەوە ڕۆشنبیران و نوسەران کتێب و نوسینەکانیان بە زارێکی نەتەوەیی دەگەیەنن بە تاکەکانی نەتەوەکەیان (عیرفان مستەفا حەمەڕەحیم ، ٢٠٠٩ : ١٩٠-١٩٦) .

زمانی نەتەوەیی کوردی لەو ڕوانەی باسکران (بواری پەروەردە و چاپەمەنی) بەبێ گرفت بەکاردێت و هیچ بەربەستێکی لەپێشدا نییە ، تەنها ئەوە نەبێت کە بە بێ پلان قۆناغەکانی تێپەڕاندووە ، ماوەی (٢٥) ساڵە زمانی کوردی لە هەمو بوارەکاندا بەکار دەهێنرێت ، تا ئێستاش زارێکی ستاندارد بە فەرمی نەناسێنراوە !! داڕشتنی سیاسەت و پلانی زمانییش هەر لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە ، کە لە ڕێگەی ناوەند و دامەزراوە فەرمییەکانەوە دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە .

ڕوبین ( Rubin ) لە کردەی پلاندانانی زمانیدا چوار قۆناغی سەرەکی دەستنیشان کردووە :

- کۆکردنەوەی زانیارییەکی فراوان لەسەر هەمو ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە پلانی زمانەوە هەیە .
- پلاندانان : دیاریکردنی ئامانجەکان و هەڵبژاردنی ئامرازو فاکتەری پێویست و پێشنیازکردنی ئەنجامەکان لەخۆ دەگرێت .
- جێبەجێ کردنی هەنگاو و بڕیارەکانی پلانەکە .
- هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکان : ئاستی سەرکەوتنی جێبەجێ کردنی پلانەکە هەڵدەسەنگێنرێت . (Gibson Ferguson, 2006, 16) (مصطفى عوض بني ذياب، ٢٠١٢: ١١٥)

سەرەڕای ئەوەی زمانی کوردی هیچ یەك لەو قۆناغانەی تێنەپەڕاندووە ، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی کوردی بڕیاری دامەزراندنی ناوەندێك بۆ ئەو مەبەستە بدات ، ئەوا شارەزایان و پسپۆڕانی بوارەکە لە هەرێمدا دەتوانن پرۆسەکە بەڕێوە بەرن و لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەرهەمی باشیان هەبێت ، بەڵام سەرەتا پێویستە چەند هەنگاوێکی جدی بۆ پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و مەعریفی زمانی کوردی بەپێی سیاسەتێکی پلان بۆ داڕێژراو پەیڕەو بکرێت ، لەوانەش :

١. هەنوکە زمانی کوردی پێویستیەکی زۆری هەمەلایەنەی بە پێشخستن و گەشەپێدانە ، ئەوەتا گۆڕانە خێراکانی زانست و تەکنەلۆجیا پێگەی زمانەکانی وەك فەڕەنسی و چینی و عەرەبی لاواز کردووە ، کە بێگومان زمانی کوردی لەچاویاندا زۆر لاوازەو پێویستی بە خزمەتی زیاترە .
٢. کورداندنی زانستەکان ، پێویستە هەمو ئەو بەشە زانستی و مرۆییانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکاندا بە زمانی بیانی دەخوێنن ، بەپێی پلانی گونجاو هەوڵی کوردانەدنیان بدرێت ، تەنانەت پێویستە خوێندکارانی خوێندنگە و زانکۆ تایبەتەکانیش ناچاربکرێن چەند وانەیەك بە زمانی کوردی بخوێنن[1] ، چونکە لە ڕاستیدا ئەمرۆ دەبینین هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە

[1] شایەنی باسە بە فەرمانی "د.یوسف گۆران" وەزیری خوێندنی باڵا لیژنەیەك بە ناوی "لیژنەی دانانی وانەی خوێندنی زمانی کوردی بۆ زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان" پێکهێنرا ، کە لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ، بەرواری (١٢/٢٢/ ٢٠١٥) ئاکام و کاری لیژنەکە خرانەڕو ، تێیدا "فوئاد عەلی" سەرۆکی لیژنەکە ڕایگەیاند: (ئەو وانەیە تایبەت کراوە بە فێرکردنی زمانی کوردی بۆ ئەو خوێندکارانەی ، کە زمانی کوردی زمانی دایکیان نییەو لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان دەخوێنن ، ئەو وانەیە لە قۆناغی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦)ەوە بە شێوەیەکی ناچارەکی(اجباری) لە زانکۆ تایبەتەکان دەخوێنرێت) قۆناغی دووەمی پرۆژەکەش تایبەتە بەو مامۆستایانەی کە زمانی دایکیان کوردی نییە ، پێویستە خۆیان فێری زمانی کوردی بکەن ، پێچەوانەوە گرێبەستیان لەگەڵ ناکرێت ... (کەناڵی گەلی کوردستان ، ٢٠١٥/١٢/٢٢ ، کات:

زانكۆ و پەیمانگاكان بە زمانی بیانی (ئینگلیزی ، فەرەنسی ...) دەخوێنرێت ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندكارانی دەرچوی ئەو ناوەندە ئەهلیانە ئینتیما و خۆشەویستییان بۆ زمانی كوردی كەم ببێتەوە یان هەر نەمێنێ ، جگەلەوەش زمانی خوێندن كاریگەری لەسەر ئایدۆلۆجیا هەیە و خوێندكار بە چ زمانێك بخوێنێت ئەو زمانە بە زمانی بەرز و پیرۆز دەزانێت .

٣. وەرگێڕان : كاری وەرگێڕان زۆر لە مێژە جێی بایەخی گەلانی خاوەن شارستانی بووە ، بەڵام لەسەدەی بیستەمەوە گرنگییەكی تایبەتی پێدرا ، بەجۆرێك ئەو سەدەیە بەسەدەی وەرگێڕان ناودەبرێت (حوسێن یەعقوبی ، ٢٠٠٧: ٢٥) . وەرگێڕان بوارێكی زیندوی بەدەستهێنانی زانست زانیارییە لە نەتەوە و وڵاتانی ترەوە ، هەروەها فاكتەری دەوڵەمەندكردنی زمان و گەشەپێدان و نوێكردنەوەیەتی ، بۆیە دەبینین وڵاتانی پێشكەوتو هەمیشە لە رێگەی لێژنەی تایبەت و بە پێی پلانی تایبەت بەرهەمە زانستی و مرۆییەكانی زمانانی تر وەردەگێڕنە سەر زمانی نەتەوەیی خۆیان ، بەوێنە عەرەبەكان تا ئێستا نزیكەی (١,٠٠٠,٠٠٠) كتێبیان لە هەمو بوارەكاندا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی ، ساڵانەش نزیكەی (٣٣٠) كتێب وەردەگێڕن ، هەروەها چەندین ناوەند و دەزگای تایبەت بە وەرگێڕنیان هەیە ، ژاپۆن ناچار دەبێت ساڵانە نزیكەی (١٧٠٠) كتێبی زانستی وەربگێڕێتە سەر زمانەكەی ، جگە لەوانەش بازاڕی ئەوروپی ساڵانە رێژەیەكی بەرچاوی بودجەكەیان لە بواری وەرگێڕاندا تەرخان دەكەن ... . (فاطمة حجاری، ٢٠١٢: ٢٥٧)

هەرچەندە ئاماری كتێبە وەرگێڕاوەكان بۆ سەر زمانی كوردی لە بەردەستدا نییە ، بەڵام ڕونە كە رێژەیەكی زۆركەم كتێبی وەرگێڕاومان هەیە ، ئەمە جگە لەوەی كە هیچ دەزگایەكی چاودێری پێداچونەوە بە دەقە وەرگێڕاوەكاندا ناكەن ، هاوكات زۆربەی ئەو كەسانەش كە كاری وەرگێڕان دەكەن مەرجەكانی وەرگێڕیان تێدا نییە و شارەزای بواری وەرگێڕان نین ، بەڵكو تەنها دڵسۆزی زمانی كوردین ، ئەمەش وای كردووە بابەتە وەرگێڕدراوەكان بێ سەروبەری و كرچ و كاڵییەكی زۆری پێوە دیاربێت . بۆیە پێویستە لە هەرێمیشدا ناوەند و دەزگای تایبەت بە وەرگێڕان دابمەزرێت و تەنها كەسانی خاوەن بڕوانامە و وەرگێڕی پسپۆڕ بۆیان هەبێت كاری وەرگێڕان بكەن ، هەروەها بەشی وەرگێڕان لە زانكۆكاندا بكرێتەوە بۆ پێگەیاندنی وەرگێڕی پسپۆڕ و لێهاتو .

٤. راگەیاندن : كە لە ئێستادا بە دەسەڵاتی چوارەم ناودەبرێت ، بوارێكی هەستیارە لە بەرجەستەكردنی كەتواری زمانی و رۆشنبیری هەر وڵاتێك ، بۆیە پێویستە دەسەڵات لە رێگەی پلانێكی گونجاوەوە میدیاكان كۆنترۆڵ بكات و لە بەرژەوەندی چەسپاندنی زمانی ستاندارددا بەكاریان بهێنێت ، هەروەها پێویستە وردبین (مدقق)ی زمانەوانی لەسەر هەریەك لەو راگەیاندنانە دابنێت ، بۆ ئەوەی زمان بە دروستی و بێ هەڵە بەكاربهێنن . (موراد عمیروش و دلیلة صاحبي ، ٢٠١٢ : ٢٨٨) . پەخشكردن بە دو زار یان زیاتر دەبێتە هۆی لێكدوركەوتنەوەی زارەكان و وا لە ئاخێوەران دەكات فێری زارەكانی تر نەبن و زارەكەی خۆیان لاپیرۆز و گرنگ بێت ، بۆیە پەخشكردنی بەرنامەكان

---

٧:١٣) . بۆ زانیاری تەواو لەسەر بابەتەكە ، بڕوانە پاشكۆی ژمارە(٣) ، كە لە سایتی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی(٢٠١٥/١٢/٣٠) وەرگیراوە .

تـەنها بـە زاری سـتاندارد کاریگەرییـەکی زۆری لەسـەر بلاّوکردنـەوە و چەسـپاندنی زارەکـە هەیـە ، تەنانەت زۆرکەس لە میدیاکانەوە فێری زمانی دووەم دەبن . (قەیس کاکل تۆفیق ، ٢٠٠٧: ٤٥)

ئێستا کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەهـەردو زاری ناوەڕاسـت و ژورو بەرنامـەکان پەخش دەکەن ، هەندێك لە کەناڵەکان ماوەی پەخش بە هەردو زارەکە لەیەك ئاستدایە یـان نـزیکن لەیەکەوە ، بەلاّم بەگشتی ماوەی پەخش بە زاری ناوەڕاست زیاترە ، بەوێنـە ئەگـەر مـاوەی پەخشـی هەواڵـەکان لـە هەرسـێ کـەناڵی (کوردسـات نیـوز ، ئـێن ئـاڕتی ، گـەلی کوردسـتان) وەربگـرین ئـەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت (بێستون ئەبوبەکر عەلی ، ٢٠١٥: ٤٣-٤٤) :

| کەناڵی ئاسمانی | سەرچاوەی زانیاری | ماوەی پەخشی هەواڵ | ز. ناوەڕاست | ز. ژورو |
|---|---|---|---|---|
| کوردسات نیوز (٢٠١٤/٩/٢٣) | هاوڕێ جلال احمد | (٤١٠) خولەك | (٣٠٥) خ. | (١٠٥) خ. |
| ئێن ئاڕ تی (٢٠١٤/٩/٧) | کارزان عوسمان | (٥٨٠) خولەك | (٣٩٠) خ. | (١٩٠) خ. |
| گەلی کوردستان(٢٠١٤/٩/٢٣) | توانا عەلی کەمال | (٤٨٠) خولەك | (٣٣٥) خ. | (١٤٥) خ. |

بـەکارهێنانی زیـاتری زاری ناوەڕاسـت لـە بـواری ڕاگەیانـدن و هـەمو بوارەکـانی تـر بـەپێی پلانـی زمانی پێشوەختە ڕێکنەخراوە ، بـەڵکو هـەژمونی زارەکـە ئـەو پایەیـەی پێبەخشـیوە ، بەڵگـەی ئـەو بێپلانییەش سەرنجدانە لە دۆخی بەکارهێنانی زمان لە کەناڵەکانـدا ، جگـە لـە بـەکارهێنانی چـەند زارێك لە پەخشکردندا ، چـەندین هەڵـەی زمانـەوانی و ڕێنوسـیی تـر بەرچـاو دەکـەوێت ، هـەروەها جگـە لـە ئـەلفوبێی کـوردی ئـەلفوبێی لاتینـیش لـە هـەر کەناڵێکدا بەشـێوازێك بـەکاردەهێنرێت ، بـەپێی توێژینەوەیـەکی مەیـدانی کـە (٤٥٥) خوێنـدکاری زانسـتە مرۆڤایـەتی و پزیشـکییەکان بەشـدارییان تێـداکردووە ، لـە وەلاّمـی پرسـی (هاوشـێوەیی لـە شـێوازی ڕێنوسـی لاتینـی لـە کەناڵـە کوردییەکان)دا ڕێژەی (٩٠,١١٪)ی خوێنکاران بە "نەخێر" وەلاّمیان داوەتەوە . (بڕوانـە : ئیبتسام ، ٢٠١٢ : ١٠٦-١٠٧) ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ ، کـە کەناڵـەکان هـیچ چاودێرییەکیان بەسـەرەوە نییـەو ئـازادن لەوەی چۆن و بە چ شێوازێك زمان و ئەلفوبێ و ڕێنوس بەکاردێنن .

٥. دانانی لێژنەی تایبەت لە بواری زاراوەسازیدا ، بـۆ ڕێکخسـتن و چاکسازی لـەو زاراوانـەی کـە هەیـە ، هەروەها دانـان و داڕشـتنی زاراوەی گونجاو بەرامبـەر بـەو چـەمك و زاراوە نوێیانـەی لـە ئـەنجامی گۆڕانکـاریی و پێشـکەوتنە خێراکـانی زانسـت و عەولەمـەوە دێنـە نـاو زمانـەوە . جگـە لەوانـەش واچاکترە زانستی زاراوەسـازی لـە سـەرجەم بەشـە زانسـتی و مرۆییـەکانی زانکـۆ و پـەیمانگاکان وەك وانەیەکی سەربەخۆ بخوێنرێت ، بۆ ئەوەی خوێندکاران وەك هەنگاوێکی سـەرەتایی فێـری یاساکانی داڕشتنی زاراوەی زمانی کوردی بـبن (بڕوانـە: ولیـد أحمـد العنـاتی ، ـــ : ٣٤) ، ئـەم کـارەش دەبێتـە هـۆی پێگەیاندنی پسپۆڕی بواری زاراوەسازی کـە لـە ئێسـتادا ژمارەیـان زۆرکەمـە ، هـەر لـەو ڕێگەیەشـەوە دەتوانرێت هەوڵی کوردانـدنی زانستەکان بدرێت و کێشەی ڕێکخستن و دانـانی زاراوەش بەڕێژەیـەکی بەرچاو چارەسەربکرێت .

٦. دانـانی فەرهـەنگی نەتـەوەیی (گشـتی) (کـوردی - کـوردی) ، کـە هۆکـاری ئاشـنایەتی و لێکنزیـك کردنـەوەی زارەکانـە ، هاوکـات فەرهـەنگی زمـانی کـوردی دەوڵەمەنـد دەکـات و وشـەو زاراوە ڕەسـەن

وخۆماڵییەکان زیندو دەکاتەوە ، هەمو ئەوانەش ئەگەر بەپلانێکی گونجاو ڕێکبخرێن ، دەکرێت ببن بە فاکتەری دروستبون و چەسپاندنی زمانی ستانداردی کوردی . هەروەها پێویستە فەرهەنگی تایبەتی لە هەمو زانست و بوارەکاندا دابنرێت ، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە کورداندنی زانستەکانیش فەراهەم بێت ، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندکارانی ئەو بوارانە و باشتر تێگەیشتنیان لەو وانە زانستییانەی کە دەیخوێنن ، لە ئایندەشدا دەستکەوت و بەرهەمی باشیان لێوە بەدەست دێت ، "کی زربۆ" دەڵێت : ((ڕونە کە هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت بگەشێتەوە و شکۆفە بکات ، مەگەر ئەوەی لە چوارچێوەی زمانی دایکی خۆدا بکەوێتە فێرکاری)) (ڕەوف مەحمودپور، ٢٠١١ :٣٦) . تا ئێستا هیچ فەرهەنگێکی گشتی لەبەردەستدا نییە ، کە وشە و زاراوەی هەمو زارە کوردییەکانی لەخۆ گرتبێت ، سەبارەت بە فەرهەنگی تایبەتییش ، ئەوا ژمارەیەکی زۆرکەم لە بەردەستدایە ، کە لەم ساڵانەی دواییدا چەند هەوڵێکی تاکەکەسی بۆ دراوە .

٧. کردنەوەی خولی فێربونی زمانی ستاندارد بۆ سەرجەم ئەو مامۆستایانەی ، کە ناتوانن بە تەواوی بەو زارە بنوسن و بخوێننەوە یان بدوێن[١] . بەداخەوە ئێستا لە هەمو خوێندنگە بنەڕەتی و ئامادەیی و سەرجەم پەیمانگا و زانکۆکانیش چەندین مامۆستای تێدایە کە زمانی کوردی نازانن ، ئەمەش کێشەیەکی زۆر بۆ خوێندکاران دروستدەکات و وا دەکات تێگەیشتنیان بۆ بابەتەکە لاواز بێت ، هاوکات پێچەوانەی مادەی (١٣)ی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانە کە دەڵێت "زمانی کوردی زمانی خوێندن و پەروەردە و فێرکردنە لە هەرێمدا" ، لەم سۆنگەیەوە پێویستە ئەو مامۆستایانە لە تەواوی هەرێمدا بە شێوازێکی تەندروست فێری زمانی ستاندارد بکرێن .

٨. دانانی لێژنەی پسپۆڕ بۆ چاودێری کردنی بەکارهێنانی زمان ، کە ئەرکی چاودێریکردنی هەمو ئەو ناوەندو دەزگایانەی زمانی تێدا بەکاردێت بگرێتە ئەستۆ ، ئەم پلانەش هۆکارێکە بۆ پاراستن و پاراوکردنی زمان و بەکارهێنانی بە شێوازێکی تەندروست . ئەوەندەی ئاگاداربین تا ئێستا هیچ لێژنەیەکی لەو جۆرە لە هەرێمدا بونی نییە ، دەرئەنجامی نەبونی ئەو لێژنانەش بە ڕونی بە زمانی کوردییەوە دیارە .

٩. چارەسەرکردنی گرفتەکانی "ڕێنوس" و "ئەلفوبێ" و "ڕێزمان" ی زمانی ستاندارد . دیارترینی ئەو گرفتانەش بونی دو ئەلفوبێی (کوردی) و (لاتینی)یە لە نوسیندا ، ئەمەش گرفتێکی گەورەی زمانەوانی هێناوەتە ئاراوە ، کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران و شارەزایان پێیان وایە ئەلفوبێی کوردی بەسروشت بووە بە موڵکی کوردو دەست تێوەردانی نەشیاو و قەدەغەیە ، هەروەها یەکێکە لەو توخمە کولتورییانەی کە کورد لە تورك جیا دەکاتەوە[*] . لە بەرامبەریشدا هەندێکی تر پێیان وایە ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی گونجاوترەو دەتوانێت گرفتەکانی ڕێنوس چارەسەر بکات ، هەروەها ڕێگەیەکیشە بۆ نزیکبونەوە لە کوردەکانی باکور و زمانە جیهانییەکانی وەك ئینگلیزی .

---

[١] ئەم خاڵە زۆرینەی ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە زمانی دایکیان کوردی نییە ، هەروەها ئەو مامۆستایانەی کە ئاخێوەری زارەکانی ترن و زمانی ستاندارد بە تەواوی نازانن ، یاخود خوێندنیان بە زمانێکی بیانی تەواو کردووە .

[*] بۆ زانیاری لە بارەی ئەو بۆچونانەوە بڕوانە: (ڕەوشت محەمەد : ٢٠٠٨: ١٠-٢٢٨) .

له ڕاستیدا زمانی کوردی هیچ پێویستی به گۆڕینی ئەلفوبێ نییە ، ئەو گرفتانەی کە ڕێنوسی کوردی هەیەتی لە چاو زمانەکانی وەك ئینگلیزی و فەڕەنسی و عەرەبی و فارسیدا زۆر کەمن ، هەروەها بەگۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ لاتینی کێشەی ڕێنوس زیاتر دەبێت نەك کەمتر !! .... . سەرباری ئەوانەش هەردو گروپەکە کۆکن لەسەر ئەوەی کە کورد تەنها یەك ئەلفوبێی هەبێت چاکترە ، هاوکات هەمو دەزانن پرسی گۆڕینی ئەلفوبێ بابەتێکی هەستیارو چارەنوسسازە ، بەڵام تا ئێستا نە ئەکادیمیا نە هیچ یاسایەکی فەرمی پشت بەست بە بۆچونی پسپۆڕان ئەم کێشەیەی یەکلایی نەکردۆتەوە . بۆیە پێویستە هەرچی زووە هەوڵی جدی لەو بارەیەوە بدرێت ، پایەی زمانی کوردی بەرز بکرێتەوەو شکۆی بۆ بگەڕێنرێتەوە .

١٠. پێویستە زمانی کوردی لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا گرنگی و بایەخی پێبدرێت ، بەجۆرێك کە نەتەوەکانی تر بەچاوی ڕێزەوە تێی بڕوانن و هەوڵی فێربونی بدەن ، بەداخەوە ئێستا پایەی زمانی کوردی وەك زمانی نەتەوەیی لای گەلانی تر نەچەسپاوە ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی زمانێکی فەرمی ستاندارد و ململانێی زارەکان لە دەرەوەی سنوری کوردستان بەتایبەتی لە بواری خوێندن و وەرگێڕاندا ، بەوێنە لە خوێندنگاکانی سویددا هەردو زاری ناوەڕاست و ژورو لێك جیاکراونەتەوە ، کاتێك کارگێڕی خوێندن داوای مامۆستا دەکات دەنوسێت پێویستی بەمامۆستای سۆرانی یان کرمانجییە ، هەروەها کارگێڕی وەرگێڕانیش کاتێك داوای وەرگێڕ دەکەن دەنوسن "پێویستمان بە وەرگێڕی سۆرانی/عەرەبی" یان "کرمانجی/عەرەبی" هەیە ، هەروەها هەمان وڵات لە کتێبخانەکانیشدا بەشی سۆرانی و کرمانجی و زازایی جیاکراوەتەوە ، لە ڕوی بڵاوکراوەشەوە گۆڤاری هیوا کە ئەنیستیتوی کوردی لە پاریس دەری دەکات بە هەردو ئەلفوبێی کوردی و لاتینی و سێ زاری ناوەڕاست و ژورو و زازا بڵاودەکرێتەوە ، هەروەها گۆڤاری هاڤیبون لە ئەڵمانیا بەپیتی کوردی و لاتینی و هەردو زاری ناوەڕاست و ژورو دەردەچێت (ئەمجەد شاکەلی ، ٢٠١١ : ٦٠-٦٣) !! ... هتد .

هەمو ئەو بێ سەرو بەری و پەرتەوازەییە تا ئێستا بەردەوامەو هەوڵی چارەسەرکردنی نەدراوە ، ئەمەش پێگەی زمانی کوردی لە دەرەوە لاواز کردووە ، بۆ چارەسەرکردنیشی پێویستە ناوەندی تایبەت بە زمانی نەتەوەیی پێکبهێنرێت و تێیدا تاوتوێی گرفتەکان بکرێت و پرسەکان لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەییدا یەکلایی بکرێتەوە . هەروەها ئاسانکاری و پرۆگرامی گونجاو ئامادە بکرێت، بۆ ئەوانەی دەیانەوێ فێری زمانی کوردی ببن .

١١. کورداندنی بەرنامەو پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت ، چونکە ئێستا کۆمپیوتەر لە چەندین بواری زانستی و مرۆیی وەك فێرکردن و ژمێریاری و پزیشکی و ئەندازەو .... بە شێوەیەکی چالاك بەکاردێت ، هاوکات دەکرێت زمانی کوردییش وەك هەمو زمانەکانی تر خزمەتی هاوزمانانی پێبکرێت ، هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانرێت ئەو هەستە نەرێنییەی تاکی کورد بەرامبەر زمانەکەی هەیەتی بڕەوێنرێتەوە .

**ئەنجامەکان :**

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا چڕ دەکەینەوە :

١. زمان و زار لە ڕوی پەیدابون و گۆڕان و گەشەو مردن و گەیاندنی مەبەست و... وەك یەکترن ، هەرچەند گومان لەوەدا نییە کە دو چەمکی جیاوازن ، بەڵام بەهۆی زۆری خاڵە هاوبەشەکان و کەمی جیاوازییەکانی نێوانیانەوە ، تا ئێستا هیچ بنەما و پێوەر و تیۆرییەك نەیتوانیوە بە شێوەیەکی زانستی و بێ کەموکورتی سنوری نێوان زمان و زار دەستنیشان بکات .

٢. زاراوەی "ململانێی زار" لەلایەن شارەزایان و پسپۆڕانی کۆزمانەوانییەوە زۆر بەکەمی توێژینەوەی لەسەر کراوە ، بەڵکو زیاتر باسی ململانێی زمان لە کۆمەڵی جوتزمانی و فرەزمانیدا کراوە ، لەم توێژینەوەیەدا ئەوە سەلمێنراوە کە ململانێی نێوان زارەکان بونی هەیە و بگرە لە هەندێك باردا ململانێی نێوان زارە ناوچەییەکان لەگەڵ زمانی ستانداردددا هێندە ئاڵۆز دەبێت ، دەگاتە ئاستی ململانێ قوڵەکانی نێوان دو زمانی لێکنزیك و گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیش بە دوای خۆیدا دەهێنێت .

٣. دایگلۆسیا لە هەردو زاری ناوەڕاست و ژورودا هەیە ، بەڵام جیاوازییەکی کەم لە نێوان هەردو شێوەی باڵا و نزمدا دەبینرێت ، بەپێی ئەم توێژینەوەیە هۆکارەکەی بۆ درەنگ تۆمارکردنی زمانی نوسین دەگەڕێتەوە ، بۆیە شێوەی باڵا زۆر لە شێوەی ئاسایی دور نەکەوتۆتەوە ، تەنانەت ڕێژەی جیاوازییەکە لە زاری ژورودا کەمترە لە زاری ناوەڕاست .

٤. ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی سەرکەوتنی زارێك بەسەر زارەکانی تردا ، بە پلەی یەکەم بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەدەبییە ، دواتر هێز و دەسەڵاتی سیاسی ، پاشان ڕێژەی ئاخێوەران . هەرچەندە زاری ناوەڕاست لەڕوی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە لە زاری ژورو دەوڵەمەندترە ، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی گرنگی پێدان و هاندانی زاری ژورو بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و ڕاگەیاندن و پشتگیریکردنی دەسەڵاتی سیاسییەوە هەردو زار یەکسان کراون ، ئەمەش وای کردووە لێکترازان و پەرتبونی زمان و نەتەوەی کورد پێشبینیکراو بێت ، چونکە بەپێی ئەنجامەکانی ململانێ ، دو زاری لەو جۆرە مەحاڵە بتوانن لە سنوری هەرێمێك یان وڵاتێکدا پێکەوە بژین ، بەڵکو زو بێت یان درەنگ لێك جیا دەبنەوەو دەبن بە دو زمان و دو نەتەوە ، چەندین نمونەی مێژوییش لەم بارەیەوە تۆمار کراون .

٥. هۆکاری ململانێی زارەکان زۆرن و بەپێی بارودۆخی زمانی و کۆمەڵایەتی وڵات دەگۆڕێن ، لەم توێژینەوەیەدا گرنگترین ئەو فاکتەرانە دەستنیشان کراوە ، تێیدا دەرکەوتووە هەمو هۆکارەکان (جگە لە هۆی ئاینی) ڕۆڵیان لە ململانێی نێوان زاری ناوەڕاست و ژورودا هەیە ، بەتایبەتی هۆکاری سیاسی و ئەدەبی و ئایدۆلۆجی .

٦. جیاوازییە زمانییەکانی نێوان هەردو زار لە هەمو ئاستەکاندا دەبینرێت ، بە تایبەتی هەردو ئاستی (دەنگ و وشەی فەرهەنگی) ، بەڵام بەگشتی جیاوازییەکان زۆرنین ، بە بەراورد لەگەڵ ئەو بارودۆخە مێژووییەی کە زمانی کوردی پێدا تێپەڕیوە .

٧. ململانێی زارەکان لە هەرێمدا گرفتێکی ئاڵۆزە ، بەڵام حکومەت لە هەوڵی چارەسەرکردنیدا کەمتەرخەمی نواندووە ، هاوکات نە لە دەستورو نە لە هیچ یاساو بڕیارێکی فەرمیدا سیاسەت و

پلانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ململانێی نێوان زارەکان نەخستۆتەڕو ، بە پێچەوانەوە چەندین وڵاتی وەك چین و هیندستان و جەزائیرو ... بە پەرۆشەوە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکانیان داوە ، بۆ ئەو مەبەستەش بە چەندین یاساو مادەی دەستوری و داڕشتنی پلان و سیاسەتی زمانی ڕوبەڕوی ململانێی زارو زمانەکانی ناوخۆی وڵات بونەتەوە .

٨. بەپێی ئەم توێژینەوەیە هەڵبژاردنی زمانی ستانداردد بە بڕیاری سیاسی لەگەڵ دۆخی ئێستای هەرێمدا ناگونجێت ، بەڵکو پێویستە پلانی درێژخایەن دابڕێژرێت و تێیدا سود لە ئەزمونی گەلانی پێشکەوتو وەربگیرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی هەرێم .

٩. پەرەپێدان و خزمەتکردنی زمانی ستانداردد بایەخ نەدان بە زارەکانی تر لە بواری فەرمیدا ، هۆی سەرەکی سەرکەوتنی پرۆسەی ستانداردکردنە ، هاوکات وا دەکات زارەکانی تر توانای بەربەرەکانێ و ململانێی زمانی ستاندارددیان نەبێت ، ئەم ئەزمونەش بەسەرکەوتویی بەسەر زمانی ستانداردی ( Pu tong hua )ی چینیدا جێبەجێ کرا .

## سەرچاوەکان

### یەکەم : بە زمانی کوردی

ا- کتێب


١. ئەمجەد شاکەلی (٢٠١١) ، زمانی کوردی ناسنامەو نیشتیمانی کوردە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان .

٢. ئـەمین موتابچـی (د) (٢٠١٢) ، لـە پێنـاو زمـانێکی کـوردی یـەکگرتوی پوختــە ، توێژینــەوەکانی کۆنفرانسـی زانسـتیی زمـانی کـوردی ١٩-٢٢ /ئـەیلولی ٢٠١١/ هـەولێر ، چـاپی یەکـەم ، چـاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر.

٣. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د) (١٩٧٦) ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد .

٤. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د) (٢٠٠٠) ، بنج و بناوانی هەندێ وشە ، بەشی یەکەم ، بەغداد .

٥. ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف (د) (٢٠١٤) ، فەرهـەنگی زاراوەی زمانناسـی ، چـاپی دووەم ، چـاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر .

٦. ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف (د) (٢٠١٤) ، ڕێزمـانی کـوردی / بـەرگی یەکـەم / وشەسـازی / بەشـی پێنجەم/ کردار ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر .

٧. ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف (د) (٢٠١٤) ، ، ڕێزمـانی کـوردی / بـەرگی یەکـەم / وشەسـازی / بەشـی پێنجەم / جێناو ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر .

٨. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د) (٢٠١٤) ، ڕێزمانی کوردی/ بەرگی یەکەم/ وشەسازی / بەشی پێنجـەم/ هاوەڵناو ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر .

٩. ئازاد ئەمین باخەوان (٢٠١٢) ، چارەسەرکردنی ئاریشەکانی زاراوە و لێکنزیککردنـەوەی دیالێکتـەکانی زمانی کوردی ، توێژینـەوەکانی کۆنفرانسـی زانسـتیی زمـانی کوردی ١٩-٢٢ /ئـەیلولی ٢٠١١/ هـەولێر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر .

١٠. ئاسۆ عەبدولڕەحمان کەریم (٢٠١٤) ، ڕۆنانی ڕستە لە شێوەزاری فەیلیدا ، چـاپی یەکـەم ، چـاپخانەی موکریان ، هەولێر .

١١. ئاڤێسـتا کـەمال مـەحمود (د) (٢٠١٣) ، خوێنـدن بـە زمـانی کـوردی لـە خوێندنگاکانـدا و کاریگـەری لەسـەر دروسـتکردنی جۆراوجـۆری زمـانی و ناسـنامەی نەتەوایـەتی ، کۆنفرانسـی زانسـتی سـالانەی زمانی کوردی (پەروەردە - میدیا) ٢٠١٢ .

١٢. ئومێـد بـەرزان بـرزۆ (د) (٢٠١١) ، دروسـتـەی فرێـز و ڕسـتە لـە زمـانی کوردیـدا ، چـاپی یەکـەم ، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی .

١٣. ئیبتسام (٢٠١٣) ، ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لـە گەشـەکردنی ڕێنوسـی لاتینـی ، کۆنفرانسـی زانستی سالانەی زمانی کوردی (پەروەردە - میدیا) ٢٠١٢.

١٤. ئیحسان عەلی عەبدولکەریم (٢٠٠٩) ، فەرهەنگی جاف ئینگلیزی - کوردی ، چاپی چوارەم ، چـاپخانە ـــــ .

١٥. بـەكر عومـەر عـەلی (د) (٢٠١٤) ، چـەند لایـەنێکی زمانـەوانی ، چـاپی یەکـەم ، چـاپخانەی هێڤـی ، هەولێر .

١٦. بەکر عومـەر عـەلی (د) و شـێرکۆ حەمەئـەمین (٢٠٠٦) ، زار و شـێوەزار ، چـاپی یەکـەم ، چـاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی .

١٧. بـەکر عومـەر عـەلی (د) و کـاروان عومـەر (د) و ئاڤێسـتا کـەمال (٢٠١٢) ، فێربـون و فێرکـردن لـە ڕوانگەی زانستی زمانی پەروەردەییـەوە ، توێژینـەوەکانی کۆنفرانسـی زانسـتیی زمـانی کـوردی ١٩-٢٢ /ئەیلولی ٢٠١١/ هەولێر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر

١٨. بابـان سـەقزی (٢٠١٢) ، ئـاوڕێکی کـورت لـە هەلومـەرجی زمـانی کـوردی لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان ، توێژینـەوەکانی کۆنفرانسـی زانسـتیی زمـانی کـوردی ١٩-٢٢ /ئـەیلولی ٢٠١١/ هـەولێر ، چـاپی یەکـەم ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر.

١٩. بێرنـارد کـەمرێ و جێریـد دایەمەنـد و دەوگ واڵـن و ك.دەڤیـد هاریسـن (٢٠٠٧) ، زمـان ، و: کامـل محەمەد قەرەداخی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی .

٢٠. بێهزاد خۆشحاڵی (٢٠٠٨) ، فیلۆلۆژیای زمانی کوردی و مێژوی کوردستان ، چـاپی یەکـەم ، چـابخانەی خانی ، دهۆك .

٢١. پەخشـان سـابیر (د) (٢٠١٣) ، زمـانی دایـك لـە نێـوان ئـایین و ئـەدەب و بایـەخی نێونەتەوەییـدا ، یادکردنـەوەی ڕۆژی جیهـانی زمـانی زگمـاك ، لـە بلاّوکراوەکـانی ئـەکادیمیایی کـوردی ، چـاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .

٢٢. تـاریق جامبـاز (٢٠١٢) ، یاسـای زمـان ناسـنامەی نەتـەوە دەپـارێزێ ، توێژینـەوەکانی کۆنفرانسـی زانستیی زمانی کوردی ١٩-٢٢ /ئەیلولی ٢٠١١/ هەولێر، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر .

٢٣. تاریق جامباز (٢٠١٣) ، خوێندن بە زمانی دایك سەرچاوەی ناسنامەی نەتەوەیە (هەرێمی کوردسـتان بـە نمونـە) ، یادکردنـەوەی ڕۆژی جیهـانی زمـانی زگمـاك ، لـە بلاّوکراوەکـانی ئـەکادیمیای کـورد ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .

٢٤. تاریق جامباز (٢٠١٤) ، بونی نەتەوە و سیاسەتی زمان ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .

٢٥. تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٤) ، زانستی زمان و زمـانی کـوردی ، چـاپی یەکـەم ، چـاپخانەی ڕۆژهـەڵات ، هەولێر .

٢٦. جەمال نەبەز (١٩٧٦) ، زمانی یەکگرتوی کوردی ، لە بلاّوکراوەکانی یەکێتی نەتەوەیی خوێنـدکارانی کورد لە ئەوروپا ، بامبێرگ - ئەڵمانییای ڕۆژئاوا .

٢٧. حوسێن محەمەد عەزیز (٢٠٠٥) ، سەلیقەی زمانـەوانی و گرفتـەکانی زمـانی کـوردی ، چـاپی دووەم ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی .

٢٨. حوسێن یەعقوبی (٢٠٠٧) ، زمان و وەرگێڕان و پەیوەندیی کولتورەکان ، و: ئیسماعیل زارعی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، هەولێر .

٢٩. خەسرەو پیربالْ (٢٠٠٧) ، بەرەو زمانی یەکگرتوی کوردی ، زمانەوان- زانستی - لێکۆڵینەوەیی ، کۆڕی زانستی زمانی کوردی - ئێران ، خولی نویٚ ، ساڵی یەکەم ، ژمارە (٢) بەهاری ١٣٨٥ ، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر .

٣٠. دارا حەمید محەمەد (٢٠١٠) ، واتاسازی ، چاپی یەکەم ، چاپەمەنی ژیر ، سلێمانی .

٣١. دارا حەمید محەمەد و فاروق محەمەد ڕەزا (٢٠١٣) ، زمانی دایك و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماك ، چاپخانەی حاجی شەهاب ، هەولێر .

٣٢. ڕەحیم قادر سورخی (د) (٢٠١٣) ، مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی وەك زمانی زگماك ، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماك ، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمییای کوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .

٣٣. ڕەفیق سابیر (٢٠١٤) ، بەستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی تاران ، ناوەندی بڵاوکردنەوەی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە .

٣٤. ڕەفیق شوانی (٢٠٠١) ، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر .

٣٥. ڕەفیق شوانی (٢٠٠٩) ، زمانەوانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆك .

٣٦. ڕەوشت محەمەد (٢٠٠٨) ، ئەلفبێی لاتینی ... زمانی ستاندارد ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا ، بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشك زنجیرە (٤٠) ، سلێمانی .

٣٧. ڕزگار کەریم (٢٠١١) ، فەرهەنگی ژیر عەرەبی - کوردی ، پرۆژەی ١٠٠ کتێبی کوردی (٥٢) ، ناوەندی ڕۆشنبیر .

٣٨. ڕۆژان نوری عەبدولا (٢٠١٣) ، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی .

٣٩. ڕەوف مەحمودپور (٢٠١١) ، بنەماکانی بزاڤی نەتەوەیی و ڕەهەندی ڕۆشنبیریی ، چاپخانەی لەریا ، سلێمانی .

